



Scanned by CamScanner

رۆمان

# دێوانەیەك لەم شارەیە

نەبەز گۆران

Scanned by CamScanner

# ١

# شار، ئارەزووەکان درووستی دەکەن

Scanned by CamScanner

# شارەکەی میر هودار

شارەکە لە چاو شارانی تر بچووک بوو... لە دوورەوە سەیرت بکردایە، هێندەی چەمۆڵەیەکی دەردەکەوت... لە بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دوو دەروازەی گەورەی تێدا بوو، دەروازەکان دەیانبەستەوە بە شارانی تری دونیاوە، لە هیچ لایەکەوە قوڵە و قەڵای تێدا درووست نەکرابوو، بەشی خوارەوەی باوەشی کردبووەوە بۆ دەشتێکی بەرین و، بەشی سەرەوەیشی پاڵی دابوو بە زنجیرە شاخێکەوە. ڕێگای دەروازەکان تا چاو بڕی دەکرد، خۆڵ بوو، جگە لەو دوو ڕێگایە، ڕێگای تری نەبوو. زنجیرە شاخەکانی پشتی شارەکە، وایان لێ کردبوو، هەندێ جار کە سەیریت دەکرد، لە ژنێک دەچوو لە سەر کۆمەڵێک سەرین پاڵی دابێتەوە.

لە بەردەم هەر یەک لەو دەروازانە، چەند سیلکەدارێک وەستابوون، بەشێکی کارەکەیان وەرگرتنی باج و خەراج بوو لەو کاروان و ڕێبوارانەی دەهاتنە ناو شارەکەوە. لە ڕۆژهەڵاتەوە بهاتیتایە، یان لە ڕۆژئاواوە، هەر شتێکت پێ بوایە، بە پێی حوکمی میرنشینەکە، باجی خۆیان لێت وەردەگرت. ئیشی سیلکەدارەکان، تەنها باج وەرگرتن نەبوو... بەشێکیان بە هۆی فێڵ و تەڵەکەوە، لەگەڵ قافڵەی بازرگانە گەورەکان دا، بۆ خۆیان بووبن بە خاوەنی زۆر شت. من بۆ خۆم چەندین جار، سەردەستەی سیلکەدارەکانم لەگەڵ بازرگانەکان بینوە، لە بازاڕ دیارییان بۆ دەکڕی، دیارییەکان ڕەشوەیەک بوون بۆ قوتاربوونی شتومەکی قاچاخ. فێڵێکی تری سەردەستەی سیلکەدارەکان لەگەڵ بازرگانەکان،

چاوپۆشـیکردن بوو لـە باجی زۆر، بەو مەرجەی شـتێکی باجەکە بۆ خۆی بێت. ڕەشوەوەرگرتن و چاوپۆشیکردنیان لە پێش چاوی خەڵک و میرنشـینەکە، کرابوە عادەت. کەس لێی نەدەپرسـین و دەسـتە و تاقمەکەی کۆشکیش، بۆ خۆیان خەریکی ماڵکۆکردنەوە بوون.

بەشـی باشـووری ڕۆژهەڵاتی شـارەکە، دەیکردە نزیـک دەروازەی یەکـەم، کاروانسـەراکانی شـار کەوتبوونە ئەو بەشـەوە. دەبوایە ئەو کاروانانـەی لێـرەوە تێدەپـەڕن، یان بۆ ئەم شـارە هاتـوون، بە پێی حوکمی میرنشـینەکە، هەموویان لەو کاروانسـەرایانە بارەکانی خۆیان بخەن و، ڕێگایان پێ نەدرێت بێنە ناو شارەوە بازاڕەکە بشێوێنن.

بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان، یەکێک لە کاروانچییەکان دەهاتە سەر سەکۆکەی چوارڕێیانەکەی شار و جاڕی دەدا: کاروانێک لە فڵانە شوێنەوە هاتوە، بارەکانی چی و چین... با دووکاندار و بازرگانانی شار بێن بۆ کاروانسـەرا مامەڵەی خۆیان بکەن... ئیتـر ڕووی دەدا، ڕۆژی چەندیـن جار، جاڕ بدرێت و ڕوویشـی دەدا، بـە هەفتەیەک کاروانێک نەیەت بەم ناوە و جاڕ نەدرێ.

دوای جاڕدانـەکان، مامەڵەچییـان دەچوونـە لای کاروانسـەراکە و چییـان پێویسـت بوایە دەیانکـڕی و دەیانهێنا، لە ناو بازاڕ بە سـەر مشـتەرییەکانی خۆیان دا، ساغیان دەکردەوە. هەر کاروانسەرایەکیش کاروانێک لە لای، لای بدابایە، دەبوایە باجێکی تایبەت بۆ میرنشینەکە دابنێت. ئەم باجەیان جیاواز بوو لە باجی سـاڵانەی خۆیان، خاوەنانی کاروانسـەراکان بە هۆی دەستکەوتی زۆریانەوە، گازەندەیان لەم باجە زیادەیـە نەدەکـرد، بازاڕیان خراپ نەبوو، هێندەیان دەسـت دەکەوت، باجەکەی سەریان پەرێشانیان نەکات. شارەکە کەوتبوە نێوان تەبرێز و بەغداوە، شا ڕێگای کاروانەکانی ئەم دوو شارە گەورەیە بوو. ئیدی کەم جار ڕووی دەدا کاروانەکان لێرەوە تێ نەپەڕن. حوکمی میرنشینەکەیش بـە جۆرێک بـوو، بازرگانەکانی بێـزار نەدەکرد، تا ڕێگایەکی باشـتر

بدۆزنەوە و لەو باجە زۆرەی بە سەریان دانراوە هەڵبێن. باجەکان لەو ئاستە دا بوون، بازرگانەکانی نەدەڕووتاندەوە و جاریەجار لەگەڵ خۆیان دا، دیاریی گرانبەهایان بۆ میر هودار دەهێنا.

بەشی باشووری شارەکە، گەڕەکی جوولەکەکان بوو. زۆربەی بازاڕی قەیسەری و دووکانی وشکەفرۆشی و زێڕ و عەتارەکان، بە دەست ئەو جوولەکانەوە بوون، کە لە باشووری شار دادەنیشتن. لە هەموویشیان بە ناوبانگتر و سەنگینتر، سۆنەی جوولەکە بوو. دووکانی عەتارەکەی سـۆنەی جوولەکە، ڕێک دیواری بە دیـواری دووکانی پینەچێتییەکەی باوکمەوە بوو. دەتوانم بڵێم: زۆربەی ڕۆژەکان، بە چاوی خۆم سۆنەی جوولەکـەم دەبینی. پیاوێکی باڵابەرزی ئەسـمەر... کڵاوێکی بچووکی ڕەشی خڕی دەخستە سەر تەوقەسەری... لە تەنیشت کڵاوەکەیشەوە، دوو پەلکەی لوولکراوی بە ڕۆن چەورکراو هاتبوونە خوارەوە... ڕیشێکی ڕەشی قەترانیی درێژی هەبوو، دەهاتە سەر سینەی... عابایەکی ڕەش و کراسـێکی بێ ئێخەی مەخمەڵیی لە بـەر دەکرد... لەگەڵ جووتێک پێڵاوی پێستەی قاوەیی، زۆربەی کات بەم جۆرە دەهاتە دەرەوە و لە دوورەوە دەتناسییەوە... ئەنگوستیلەیەکی ئاڵتوونیش لە پەنجەتووتەی دەسـتی بوو، لە سەر ئەنگوسـتیلەکە بە یاقووتی ڕەش ئەستێرەکەی داود کێشرابوو.

پێـش نیوەڕوان خۆی دەهـات بۆ دووکانەکەی. کـە دەهات، زۆری نەدەبـرد، یەکیـەک و دوودوو بازرگانـە جوولەکەکانی شـار و ئەهلی ناسـراو لێـی کـۆ دەبوونـەوە. هێندە خۆشمەشـرەب بـوو، کاتێکت دەزانـی قاقـای میوانەکان، تا دووکانەکەی ئەو سـەر قەیسـەرییەکە دەڕۆیشـت. هەگبەکەی پڕ لە قسـەی نەسـتەق و پەندی پێشـینان و چیرۆکی گاڵتەئامێزی کاروانەکان بوو. لە بەشی باکووری شار هەموو، جوتیارەکانـی دەوروبـەری شـاری لێ کـۆ بوونـەوە. لای باکوورەوە دوو کانـی و ڕووبارێکـی لێ بوو، بەڵام ڕووبارەکـە ئاوەکەی کەم بوو.

Scanned by CamScanner

هێندە نەبوو بتوانێت شـــنەبایەکیش بۆ شارەکە درووست بکات. تەنها کۆمەڵێک زەویـــوزاری ئەو جوتیارانەی تەڕ دەکرد، ســـەوزەیان دەکرد و بەیانییان زوو دەیانهێنا لە تەرە فرۆشـــەکانی تەنیشت کاروانسەراکە بە ســـەر دووکانی سەوزەفرۆشەکان ساغیان دەکردەوە. لای ڕۆژهەڵاتی تێکەڵەیـــەک بـــوو لە خەڵکی جۆراوجـــۆر و لای ڕۆژئاوا، خزمانی میر و سـیلکەدارەکان بوو. ئەوانەی ســـەر بە میرنشینەکە بوون، لەو بەشەی شـــار کۆ بووبوونەوە و دونیایەکی تایبەت بە خۆیان درووست کردبوو. ماڵەکانیان، گەڕەکەکانیان، شـــێوەی ژیانیان، لە بەشـــەکانی تری شار جیاواز بوو. ئەو کات پێیان دەگوتن: گەڕەکی بخۆرەکانی شار. ئێستا نازانم چییان پێ دەڵێن. گەرچی کۆشـــکەکەی میر لەو بەشـــەی شـــار نەبوو، کەوتبوە ناوەڕاستی شار و بەرامبەر خانەقا گەورەکە بوو، بەڵام بۆ خۆیشی لایەکی شارەکەی لە دەستە و تاقمەکەی خۆی پڕ کردبوو. پیاوێکی خراپ نەبوو، تا خراپتر نەبینرا، نەزانرا باشە. خزمانی حەزیان بە فرەخۆری و کەمئیشی دەکرد. لە پاڵ سێبەرەکەی میر دا، دەستیان دابوە ماشینەوەی سەروەت و سامان.

دوو شا ڕێگا بە ئاراستەی یەکتربڕین بە ناو شارەکە، لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا و، لە باکوورەوە بۆ باشوور شارەکەیان کردبوو بە چوار بەشی سەرەکییەوە. لە ناو یەکتربڕینی شا ڕێگاکان دا، فولکەیەکی گەورە و مەیدانێکی گەورە بە شێوەی بازنەیی پڕ لە گوڵ نەخشێنرابوو. بەشی پیشەگەرەکان کەوتبوە سەر یەکێک لەو دوو شا ڕێگایە، کە دەچوەوە بەردەم ماڵی میر و خانەقا گەورەکە.

ماڵی ئێمە لە پشت حەمامە سپییەکەوە بوو. حەمامی سپی، یەکێک بوو لە حەمامە گەورە و بەناوبانگەکانی شـــار. کاتی خۆی بە قشـــڵی سـپی، بە دەستی وەستاکانی تەبرێز و سنە درووست کرابوو. خاوەنی حەمامەکە شارۆی کوتاڵفرۆش بوو... هەم دووکانی کوتاڵی هەبوو، هەم حەمامەکەیش هی ئەو بوو... کۆمەڵێک کەس ئیشیان لە سەر دەکرد و

ژیانی خۆیان لە سەری بەڕێوە دەبرد. ئەو خانوەی ئێمەی تێدا بووین، هی باپیرم بوو. کاتی خۆی کە میر هودار شارەکەی درووست کردبوو، داوای کردبوو کۆمەڵێک پیشەگەر بێنە ئەم شارەوە، کە باپیرم هاتبوو، ئەم پارچە زەوییەی پێدا بوو، ئەویش بۆ خۆی کردبووی بە خانوو و وەک میراسێک بۆ باوکم جێما.

دوای مردنی باپیرم، نەنە پوونە لە ماڵی ئێمە دەژیا. تا ئەو کاتەی کۆچی کرد، یەکێک بوو لە هاودەم و خۆشەویستەکانی من. من هەتا دەمرم، نیانی و میهرەبانیی نەنەم بیر ناچێت. باوکم هەمیشە دەیگوت: "تۆ کوڕی نەنە پوونەیت. مادام نەنە گەورەی کردوویت، شتێکی گەورەبشت لێ دەردەچێت." باوکم لەم خەیاڵانە دەستی هەڵنەدەگرت. بەردەوام پێی وابوو، هەر کەسێک ژنە دەسترەنگین و میهرەبانەکان گەورەی بکەن، شتێکی گەورەی لێ دەردەچێت! تا ئێستایش لەوە تێ نەگەیشتم، گەورەییی مرۆڤ پەیوەندیی بە چییەوە هەیە! هەندێک پێیان وایە، گەورەییی مرۆڤ لە ژیرێتییەکەی دایە، هەندێکی تر پێیان وایە، لە دەسەڵات و هێزەکەی، هەندێکی تریش بە داراییەکەی. ئیتر هەر یەکە و لە جێی خۆیەوە گەورەییی، بە شتێکەوە دەبەستێتەوە. باوکیشم گەورەییی بەوە دەبەستەوە، کە من ببمە خوێندەوارێک و دەست لە پیشەی پینەچێتییش هەڵنەگرم، تا میراسەکەی باپیرم کۆتاییی نەیەت. میراسێک باپیرم بۆ ئێمەی جێ هێشتبوو، پینەچێتی و خانوێکی پشت حەمامە سپییەکەیە.

خەڵکی دەرەوە ڕوویان لە شارەکە دەکرد، لە چاو جارانی کەمێک گەورەتر دەینواند. هەر کەسێک بیویستایە، بێتە ئەم شارە و تێی دا نیشتەجێ بێت، دەبوایە سەرەتا باجی چوار ساڵ بەروبوومی خۆی بداتە میرنشینەکە و لەو پارچە زەوییەی پێی دەدرا لە لایەن دیوانی میرەوە، خانوێک درووست بکات. کەسی هاتوو پیشەگەر بوایە، هەر کارێکی بکردایە، باجی ساڵانەی خۆی لێ وەردەگیرا. لە هەقی ئەوەی

بوەتە شارنشین، باجی دەدا و لە هەقی ئەوەی باجیشی داوە، لە لایەن میرنشینەکەوە ڕێـزی کارەکەی و ئارامیی ژیانـی دەپارێزرا. بۆ کەس نەبوو سەرانە لە شارنشینەکان وەربگرێت و تەشقەڵەیان پێ بکات. ئەو پیاو خراپانەی لە شارەکە بوون، یان لە ڕێگای کاروانەکانەوە دەهاتن، یا شـاری بوون، چەندین جۆرییان تێدا بوو، کە بە سـەر خراپەیەکەوە دەگیران، بۆ تەمێکردن، دوو ڕۆژ بە داری مەیدانەکەوە دەبەسترانەوە. داری مەیدانەکەی ناوەڕاستی شاریان ناو نابوو، داری پاکبوونەوە. هەر کەسێک بەو دارەوە ببەسترایەتەوە، لە پشت سەرییەوە بە نووسراوێکی مۆرکراویـی میـر، تاوانەکـەی و کارەکەی و سـزاکەی دەنووسـرا. کە خەڵکـی بەو نـاوەدا گووزەریان دەکرد، دەیانزانی کابرای هەڵواسـراو، بۆچی لەوێیە. سـزای هەڵواسـینەکە، تەنها بۆ پیشـاندانی کەسـەکە بوو، دوای ناسـاندنی خۆی و گوناهەکەی، هەڵواسـراو دەبرایە بەشـی زیندانی سیلکەدارەکان. زیندانەکە بەشێکی گەورە بوو لە گەڕەکی دار و دەستەی میر. لەوێ وا باسیان لە کۆشکە قاوەییە گەورەکە دەکرد، بەشـی خوارەوە ژێرزەمینێکی تاریکی هۆدەی بچووک بچووکە... حەق و حسابی گوناهکاران و گیراوەکان لەو زیندانەدایە و سەرۆکی زیندانەکە بانخانە.

لـە ناو شـار دا چەند تەکـێ و خانەقایەکی لێ بـوو. لە هەموویان گەورەتر، خانەقا گەورەکەی لای خوارەوەی بەرامبەر کۆشکەکەی میری گەورەیە. ئەو خانەقایە، کاتی خۆی لە لایەن سۆفییەکی ڕاگووزەرەوە درووسـت کـراوە... چـی زانا و دەروێش و سـوختە و فەقێ هەبوون، دەهاتن لەو خانەقایە، خەریکی خوێندن و زیکر و تەهلیەلە دەبوون... لە ناوەڕاسـتی خانەقاکەیش، گۆڕی ئەسـحابەیەکی تێدا بوو... مەلای گەورەی شار، هەر لە تەنیشت گۆڕەکەوە دوو ژووری قیت کردبوەوە... خـۆی و مەلا ژن و کچە عازەبەکـەی لەوێ دەژیان... بەیانییان وانەی بە فەقێیەکان دەگوتەوە و ئێوارانیش لە سـەر حەوزەکە دادەنیشـت و

Scanned by CamScanner

لەگەڵ کۆمەڵێک مەلا و زانا و شاعیری ئەو سەردەمە بۆ خۆی خەریکی دەردەشـە بوو. ئەو کاتەی سوختە بووم و پاشان بووم بە فەقێ، ئەگەر کەسم لەم شارە ناسی... لە سوختەخانە چەندین کەسم ناسی... لە فەقێیەتی دا چەندین کەسم ناسی... ئێوارانیش کە دەچوومە دووکانی باوکم، لەوێش چەندین کەسم ناسی. شارەکەیش ئەوەندە گەورە نەبوو، بە یەکتر غەریب بین. دوو ئەمسەر و ئەوسەرت بکردایە، هەموو دەیانزانی تۆ کێیت. خەڵکەکەی زۆر سەیر بوون... دونیا برووخایە خەڵکی شار لە پێکەنینی خۆی نەدەکەوت. نازانم ئەو خەڵکە لە چ ئەستێرەیەکەوە هات بوون. ڕۆژ تا ئێوارە دەم بە پێکەنین و خۆشـمەجلیس... چییان پەیدا دەکرد، ئێواران دەیانخوارد و دەسـتیان دەخسـتە سەر سنگیان و دەیانگوت:

خوا گەورەیە بۆ بەیانی!

کەسم لەم شارە نەدی، بیر لە بەیانی بکاتەوە... هەموویان بیریان لەو ساتە دەکردەوە، کە تێی دا دەژیان. کاتێک بۆ خوێندن بە شارەکانی تردا گەڕام، ئەو کات زانیم، هیچ شارێک لەم شارەی من ناچێت. ژیان لێرە هەر ئەو ساتەیە، کە تێی دا دەژیت. لە شارانی دیکە، ژیان ئێستا و ئاییندەیە. لێرە کەس ئاییندەی نەدەویست. تەنها جوولەکەکان بوون، بیریـان لە ڕۆژێکی تر دەکردەوە، باقی خەڵکەکەی جۆرێکی تر بوون. بە هۆی شـوێنەکەم و ویقاری شـوێنەکەمەوە، لە زۆر شـت مەحرووم بووم. وەلێ لەوە مەحرووم نەبووم، بەشـێک بم لەو جۆشوخرۆشـەی لـەم شـارەدا هەن. ئەگەرچی لـە نیوەی ڕێگاکە دا، نـەم دەزانی بەو دوو شا ڕێگایەی، کە لە دوو شـا ڕێگای شـارەکە دەچوون، کامیان بگرمە بەر. تێگەییشـتم، مرۆڤ نابێت هەمیشە بە ڕێگایەک دا بڕوات، باشترە لە سەر دووڕێیانێک بوەستێت و باش بڕوانێت، جا ڕێگای خۆی بگرێتە بەر... ئەگەر وا نەکات، دیسان دەگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی. بیرکردنەوە لە ڕێگاکان، باشـترە لە تاقیکردنەوەیان. قورسـە بتەوێت

Scanned by CamScanner

بـەو ئەمەنە کەمەی بەشـت دراوە، چەندین ڕێـگا تاقی بکەیتەوە. لە باتی تاقیکردنەوە بیر بکەوە، دوای هەنگاو بەرەو ڕاسـتەکەیان بهاوێ. کەمێک لە سـەردەمی میری گەورەم لە بیرە. ناتوانم بڵێم هەموویم لە بیرە، ئەمما هێندەم لە بیرە، وێنەی شارەکە و جووڵەکانی وەک خۆی بکێشم. سەردەمەکەی میری گەورە سەردەمێک بوو، هەم خۆش هەم سـەخت... سەردەمێک بوو، ئەو کاتە شـارەکە بەس هی ئەو خەڵکە بوو تێی دا دەژیان. کەسـی تری غەریبە بۆی نەبوو بێتە شار و ببێتە بکوژ و ببڕی شار. هەر چەند باج و خەراجەکانی قورس بوون و دەستە و تاقمەکەی لە تەنتەنەی خۆیان دا دەژیان و دەسـتیان بە سـەر زۆر شت دا دەڕۆیشت. ئەمما هەر بەشی ئەوە خۆشیی هەبوو، خەڵکەکەی هەسـت بە ئارامی بکەن. خراپم نەوتبێت، خەڵکی ئەم شارە بیانخەیە نـاو دۆزەخەوە، هەر سـووچێک دەدۆزنەوە، تا بـۆ خۆیان تێی دا پێ بکەنن. بەس بۆ منێکی ناو خانەقاکان، هێشـتا خۆشـییەک مابوو لە دڵم دا. دوای ئاژاوە گەورەکە، ئەوەیش نەما و ئیتر شار بوو بە شاری غەریبان.

شتەکان سەیرن! مرۆڤ هەندێک جار وای لێ دێت هەموو ڕابردوویەک لای جوان بێت. من ئەوەتا گەورە بووم و زۆر شتم دیوە، بەڵام چی ئەو شـتانەی ئێستا دەیانبینم، هێندەی یەک چرکەساتی ڕابردوو لام جوان نین. ئەم کەسـەرە چییە لە ناخی مرۆڤ دا، دەبێت هەمیشـە خەم بۆ ڕابردووی بخوات. دەبێت چ سـیحرێک لە ڕابردوو دا هەبێت، وا مرۆڤ بەم جۆرە سەیری دەکات. خۆ هەموو شتەکانی ئێستایش ناشیرین نین، ئیتر بۆ دەبێت دایم ڕابردوو جوان بێت. جارێک نەبوە نە لە باوکم، نە لە نەنکم، نە لە دایک، تەنانەت نە لە مەلا شـەش پەنجەیش ببیسـتم، کەسەر بۆ ڕابردوو نەخۆن. خۆیشم وا بووم. هەمیشە دەمگوت: "خۆزگـەم بـە ڕابردوو! خۆزگەم بەو کەسـەی لە ئێسـتا دا ناژیت، ئێستا دەردێکی سەختە. دەردێکە تا دەچینە گۆڕەوە لەگەڵمانە. مرۆڤ

لەتلـەت کراوە، لەتێکی لە ڕابـردوو دا جێ ماوە و لەتێکی بە برینەوە لە ئێستایە و لەتێکیشی خەون بە ئاییندەوە دەبینێت. جگە لە ئێستا، نـە ئاییندەی لێـوە دیارە، نە ڕابـردووی بۆ دەگەڕێتـەوە. کەی ئەوە حاڵە مرۆڤ بە دەسـت ژیانەوە دەیکێشێت. بەردەوام لە ئێستایەک دا چەقیوە، گۆشـەیەکی تر شک نابات، پێی خۆی تێ بخات و پێیەکانی لە ناو ئێستا دا جووڵەیان لێ براوە!"

خۆزگەم بەو سەردەمانەی تێپەڕین و نایەنەوە. سەردەمانی تێپەڕیو، شـتەکان جۆرێکی تر بوون، تەنانەت مرۆڤەکانیش جۆرێکی تر بوون. بۆنی شـتەکان وەک ئێسـتا ناخـۆش نەبوون. بڕوام پـێ دەکەن یان نـا، نانـی جاران بۆنی خۆشـتر بوو لە نانی ئێسـتا. خانوە بچووک و تاریکەکان، زۆر خۆشتر بوون لەو خانوە گەورانەی لە سەر شان خۆیان داداوە. کۆڵانەکانیش هەر خۆشتر بوون. تۆ لەوە بگەڕێ، میری گەورە، وەک شارنشینێکی ئەم شارە، خۆی دوور نەدەخستەوە لە خەڵکەکەی و دایم دەرگای ماڵەکەی کراوە بوە. تەنانەت چاوی پیاوانی کۆن، وەک چاوی پیاوانی ئێسـتا پیس نەبوو. چاوی پیاوانی کۆن، بۆ سرووشتی دەروانی، چاوی پیاوانی ئێستا بۆ درزێکی بچووک دەڕوانێت و ژیان لەو درزەوە دەبینێت.

هاوینان لەگەڵ فەقێیەکان دا دەچووین بۆ چەمەکەی لای باشووری شار، لە تەنیشت کانی کچانەوە، خۆمان ڕووت ڕووت دەکردەوە مەلەمان دەکرد، نە ئێمە ئارەزووی کچەکانمان دەکرد، نە ئەوان ئارەزووی بینینی ئێمەیان دەکرد. جاربەجاریش بە دزییەوە دەهاتن تێکەڵمان دەبوون و کاتێک بە خۆمان دەزانی، پێکەوە مەلە دەکەین! وەلێ بۆ مامۆستامان نەدەگێڕایەوە، نەکا پێمان بڵێت: کوفرە و دەچنە جەهەندەم.

کەچی ئێسـتا کچێک ناوێرێت پارچەیەکی گیانی دەربکەوێت، سەد چاو تێی دەچەقن. ئەمە چ سەردەمێکە ئێمەی تێداین؟ باشە ئەم شارە بۆچی وا زوو پیس بوو؟ بۆچی وا زوو گۆڕا و ڕۆحی خۆی لە دەست دا و

ئیتر سەرتاپای گیانی بوو بە ئارەزوو؟ بۆ خۆم هەمیشە ئەم پرسیارانە لە خۆم دەکەم و هیچیشیان تێ ناگەم. تێ ناگەم بۆچی دەبێت شتەکان وایان لێ هاتبێت. کوا شارە سادە و پڕ ڕۆح و جوانەکەی میر هودار؟ کوا چاوە گەش و پاکەکان و زمانە شیرینەکانی جاران؟ ئێمە بۆ کوێ دەچین؟ خودایە یارمەتیم بدە. تا شتێک لەم گۆڕینەی مرۆڤ تێ بگەم. بزانم بۆچی دەستی لە هەموو شتێک هەڵگرتوو ڕووی کردە ئارەزووەکانی و شارەکەیشی بەرەو ئارەزووەکانی خۆی برد. قسەکانی مەلا شەش پەنجەم بیر ناچن، کە دەیگوت:

"کوڕەکانم:

شار خۆی ئارەزووە. ئەوەی یەکەم جار شاری دروست کردوە ڕۆحی داوای لێ نەکردوە بیکات. ئارەزووەکانی داوایان لێ کردوە بیکات. جا هەر کاتێک ویستتان لە ئارەزووەکانتان دوور بکەونەوە، کەمێک لە شار دوور بکەونەوە."

ئەم قسانە نەدەچوون بە مێشکم دا. شتێکی تر هەبوو نە من لێی تێ دەگەییشتم، نە مەلا شەش پەنجە. شتێک کە شارەکەی گۆڕی بوو، شارەکەی جاران نەبوو. دەبوایە بە شوێن ئەو شتە بکەوم تا بزانم، بۆچی وای لێ هاتوە. دەکرێت لە شار بیت و لە پاکییەوە نزیک بیت و دەیشکرێت لە دەرەوەی شار بیت و لە پاکییەوە دوور بیت. پاکی و پیسی لای مرۆڤ خۆیەتی، نەک لای شارەکان. ناحەقی ناگرم مامۆستا شار و مرۆڤ و ئاسمان و زەمین، چی لەم سەر زەمینەیە بە ڕەشوسپی دەبینێت، یا باش، یا خراپ.

# کوڕی پینەچییەکە

دەورویەری نیوەڕۆ، لە بەردەم هەیوانەکە دانیشتبووم، کاتێکم زانی دەرگای حەوشە کرایەوە و باوکم هاتە حەوشەوە. بیرم نایەت لەم کاتانە دا، باوکم گەڕابێتەوە ماڵ، هەمیشە درەنگ دەگەڕێتەوە و کاتەکانی دیارن... کەی دەڕوات و کەی دێتەوە. هاتنەوەکەی کتوپڕ بوو! کە چاوی پێم کەوت، هەموو گیانی پێدەکەنی، بە دەنگە نەرمەکەی خۆی، لە حەوشەکەوە بانگی دایکمی کرد. دایکم لە قەراغ حەوزە شینەکە، لە سەر کۆتەرەدارێک دانیشتبوو، لە ناو تەشتە مسەکە دا یەک دوو جاجمی خووساندبوو، خەریک بوو بەو سابوونە ڕەقییە دەیشووشتن، کە بە زەیتوون درووست دەکران. سەرێکی بەرز کردەوە بۆ باوکم و گوتی:

- خێرە؟

- شوکور خێرە. کوڕەکەمان گەورە بوە، لە خوا بە زیاد بێت، مەلا ڕازی بوو، بیبەم بۆ حوجرە ببێت بە سوختە. دایکم کە ئەمەی بیست، زۆر بە قووڵی ئۆخەیەکی کرد. بەس من هەستم بە هیچ شتێکی خۆش نەکرد. تۆزێکیش ترس نیشتە گیانم و دڵم خێراتر لێی دەدا، وەک بڵێی بۆ شوێنێکم دەبەن، شوێنی من نییە. کە شوێنەکەم بە دڵ نەبێت خۆشترین شوێنیش بێت، هەستم بۆی نابێ. خۆشی و ئۆخەیەکەی دایک و باوکم، منی نەجووڵاند. هەر چۆن قاچم شۆڕ کردبوەوە بە سەر سەکۆکەی بەر هەیوان، هەر وا لە جێی خۆم وەستابووم. بە دەست و بە چاو و بە ڕووخسارێکی گەشی پڕ لۆچەوە باوکم بانگی کردم،

Scanned by CamScanner

بازێکم دا و بە قوونەقوون خۆم گەیاندە لای. دەستی گرتم و بردمییە لای حەوزەکە، دەستی کرد بە حەوزەکە دا تەڕی کرد و هێنای بە ڕووخسار و سەرم دا. ئینجا چەمییەوە و دەستێکی هێنا بە کەوا و سەڵتەکەم دا و کڵاوە قیت و گوڵگوڵاوییەکەی کردە سەرم و دەستی گرتم، لە حەوشە وەدەر کەوتین. ئاگام لێ بوو کاتی وەدەر کەوتن، دایکم لە دوورەوە فووی کرد بە دەورمان دا و لێوی جووڵاند. لەو کاتە دا باوکم بە دەستە زبر و بریندارەکانی زوو زوو، یەخەکەم، کەواکەم، قژە خاو و شێواوەکانم، شوێنێکمی چاک دەکرد و پێی دەگوت: تۆ گەورە بوویت، دەتبەم لای مامۆستا فێری زۆر شتت بکات. سبەی ڕۆژێ وەک من کوێر نابیت و هەموو شت دەبینیت. ڕۆڵە ئەوەی خوێندەواری نەبێت، ئەو شتانە دەبینێت، نیشانی دەدەن. ئەگەر کاتی خۆی باوکم بیخستامەیەتە حوجرەیەک و نەی کردمایە بە شوانی بزنە کلکبڕاوەکان، ئێستا بۆ خۆم شتێکم پێکەوە نابوو. ناهێڵم تۆ وا بیت و وەک خۆم کوێر دەرچیت. وەرە لەگەڵ بابە، با بتبەم بۆ شوێنێکی زۆر خۆش. ئەو شوێنە دڵت ڕووناک دەکاتەوە، ئەوەندە دڵت ڕووناک دەبێتەوە، چاوەکانیشت دابخەیت دەتوانی ببینیت. ئاخر کوڕم خوێندەواری وایە، بە تاریکییش دەتوانی ببینیت. خوێندەواری چاوت پاک ناکاتەوە، مێشکت دەکاتەوە. منیش هەموو شت دەبینم، نەخوێندەوارەکان بە چاو کوێر نین، بە مێشک کوێرن. دەمەوێت تۆ وا نەبیت. ئەو ڕێگایەی خۆم پێی دا ڕۆیشتم، ڕێگایەکی تاریک و ناخۆش بوو، نابێت تۆیش بەو ڕێگایە دا بڕۆیت. تۆ جیا دەکەمەوە لە خۆم. ڕۆژێک دێت قسەکانمت بیر دەکەوێتەوە، ئەوسا دەزانی ڕێگا جیاکردنەوە، چی بە تۆ کرد.

وەگەڵی کەوتم، قەت بە خۆمەوە نەم دیبوو لە گەڕەکەکەی خۆمان دوور بکەومەوە. لەو دیو گەڕەکی خۆمانەوە، ماڵی نۆری لێ بوو. بازاڕێکی گەورە تا خواری خوارەوە درێژ بووبووەوە. تەقەتەقی قاچی ئەسپ و عەرەبانەکان کە بە ناوەڕاستی بازاڕەکە دا دەڕۆیشتن، دەنگی

خاوەن دووکانەکانی دەشاردەوە، کە خەریکی مامەڵەکردن بوون لەگەڵ کڕیارانیان. شتانێکم دی، پێشتر هەرگیز نەم بینیبوون. باوکم توند دەستی گرتبووم. ئاگام لێ نەبوو باوکم سڵاو لە کێ دەکات و چی بەو کەسانە دەڵێت لە ڕێگا تووشی دەبوون. هەر ساتە و چاوم لە سەر شتێک بوو. یەکێک سەوزەی پاک دەکرد و یەکێک چەقۆیەکی گەورەی بە دەستەوە بوو، لە ڕانی حەیوانێکی هەڵواسراوی دەدا، یەکێکیش بە مەقاشێک لە ناو کوورەیەک دا پارچە ئاسنێکی دەردەهێنا. هەر یەکە و شتێکی دەکرد! بینینی دووکانە زۆرەکان و قەرەباڵغی و دەنگە دەنگەکان، بۆ من تازە بوون. خێرا خێرا چاوم لەم دووکانەوە بۆ ئەو دووکان دەگواستەوە. چاوم تێر نەدەبوو بە بینینیان، بە ئێستایشەوە، خۆشترین ڕۆژم ڕۆژی چوونە بازاڕ بوو. نەیشم دەزانی هەر یەک لەوانە زەحمەتێکی زۆریان دەوێت.

بەدەم سەیرکردنی دووکانەکان و خەڵکەکەوە، کاتێکم زانی باوکم گوتی: ئەوە گەیشتین. لە بەردەم دەروازەیەکی گەورەدا وەستاین. دەروازەکە بە خەتی خواروخێچ و بە گەورەیی شتی لە سەر نووسرابوو. دەروازەکە لە سەرەوە سوچێکی گەورەی هەبوو، پاشان وەک نووساندنی پەنجەکانی دەست لە سەرەوە بۆ خوارەوە، شۆڕ بووبوەوە بە سەر خۆی دا، بانێژەی سەرەوەی لە چەترێک دەچوو. هەر دوو دەروازەکە بە گەورەیی کرابوونەوە، حەوشەیەکی گەورە و حەوزێک و چەند کەسێک لە ژێر دارێکی گەورە دانیشتبوون کتێبیان بە دەستەوە بوو دەیانخوێندەوە. لای سەرەوەی حەوشەکە، منارەیەکی بەرز بەرز بە پێوە وەستابوو، هێندە بەرز بوو لە ژێرەوە سەیرت دەکرد، کڵاوەکەی سەرت دەکەوتە خوارەوە. لە تەنیشت منارەکە تۆپەڵەیەکی خڕی گەورە، کە لە کڵاوەکەی من دەچوو بە سەر دیوارەکانەوە خۆی شۆڕ کردبوەوە. کاتێک وەژوور کەوتین، پیاوێکی باڵا بەرزی عەبا لە شان، بەخێرهاتنی باوکمی کرد. یەکسەر باوکیشم بە منی گوت: دەستی

ماچ بکە، دەی خێرا.
منیش دەستە پان و درێژەکانیم ماچ کرد، ئەویش دەستێکی هێنا بە سەرما و بەخێرهاتنی کردم.
مامۆستا گیان ئەمە کوڕەکەمە، خزمەتکاری تۆ و خانەقا پیرۆزەکەیە. شوکر بۆ خوا کوڕێکی زیرەک و عاقڵە. شیعری زۆریشی لە بەر کردەوە، هەر چەند من و دایکی خوێندەواریمان نییە، بەلام بە بۆنەی ڕەفیقەکانییەوە شیعرگەلێکی لە بەر کردوە، بەوە دا دەزانم ئاخری ئەم کوڕەم شتێکی لێ دەردەچێت. ئینجا ڕووی کردە من، کوڕم ئەمە مامۆستایە. هەر چی گوت تۆ وا دەکەیت. هاروهاجی ناکەیت و چ خزمەتێکی هەبوو بۆی بکە. ئیتر تۆ کوڕی ئێمەیت و خزمەتکاری مامۆستا و حەوشەی ئەم خانەقایەیت. زۆر باش لەم شتانە تێ نەدەگەییشتم، ئەوەندە دەزانم منداڵانی گەڕەک باسیان لەوە دەکرد، مامۆستاکان تا سوختەکان فێری زانستی خوێندن بکەن، دار بەکار دەهێنن. هەر چی بکەیت هیچ باوکێک نایەت بە پیرتەوە پشتت بگرێت، هەمیشە پشتی مامۆستاکان دەگرن. کاتێک باوکم خۆی ڕۆیشت و خۆم بە تەنیا لە ناو حەوشەیەکی گەورەی پڕ لە کەسانی غەریب بینییەوە، دڵم تەنگ بوو. ئەوەندە دڵم تەنگ بوو، هەر کەسێک قسەیەکی لەگەڵم بکردایە، دەمدایە پرمەی گریان. بۆ شاردنەوەی چاوە تەڕەکان و لێوە نیشتوەکانم، چوومە کەنار حەوزەکە، دەستم کرد بە شووشتنی ڕووخسارم. جاریەجار سەیرێکی ئەم لا و ئەو لام دەکرد، نەبادا کەسێک هەستی بەوە کردبێت چاوە تەڕەکانم هی دڵ پڕیمە، نەک هی شووشتن. ڕووخساری خۆیشم لە حەوزەکە دەبینی، کە چۆن خەم نیشتوەتە سەری.
ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژم بوو، چوومە شوێنێک خەڵکی نەناسراوی لێ بوو و شێوەی لە ماڵی خۆمان نەدەچوو. هەر چەندە شارەکەمان زۆر گەورە نەبوو، کەچی من زۆربەی ئەو شوێنانەم نەبینیبوو، کە کوڕانی

Scanned by CamScanner

گەڕەک دەیانبینی، خەتاکەیش لە من نەبوو، هی ئەوە بوو تاقانەی ماڵەوە بووم، کەمێک لە دایکم دوور بوومایە، کون و قوژبنی ماڵ و گەڕەک دەگەڕا بە شوێنم دا، نەکا شتێکم لێ بە سەر هاتبێت. قەت ئەو قسانەیم بیر ناچێت، دایکم بە کەسەرەوە لە سەر بەرماڵەکەی دەیگوت: خودا ویستی یەکێک نازدار بکات، بە تاقانەیی دروستی دەکات، خودا ویستی یەکێک تەنیا و غەمگین بکات، بە تاقانەیی دروستی دەکات. تاقانەیی بەس بۆ خوا باشە. مرۆڤ پێویستی بە هاودەمێک هەیە، تا لە کاتی پێویست دا، هاودەمیی خۆی بۆ دەربخات. وەی بە حاڵی ئەوانەی بێ هاودەمن. من زۆر لەوانە دەترسم خۆیان دوور لە مرۆڤ دەگرن و تەنیان. خوا بکات کوڕەکەم وا نەبێت و خێو بچێتە گیانییەوە. خێو خۆی دەکات بە هەموو شت، بۆ ئەوەی تاقانەکان بۆ خۆیان ببات. خوایە گیان، من دڵی خۆمت دەدەمێ، تۆیش ئاگات لەو دڵە تاقانەیەی من بێت.

من هەر دووکیان بووم. هەستەکەی دایکم وەختێک دەرکم پێ کرد، کە گەورە بووم. با ئێستا باسی نەکەم، تا گەورە نەبیت، ئەو شتانەی لە منداڵی بیستووتن، لە سەر گیانت برین درووست ناکەن. گەورەیی تەنیا ئەوە نییە ئازاری زۆرتر بێت، گەورەی لەگەڵ خۆی برینەکانی منالّییشت بۆ گەورە دەکات.

یەکەم ڕۆژی خانەقا، هەموو شتێک، تەنانەت دەنگی مرۆڤەکانیش بۆ من تازە بوون. خانەقاکەمان دوو بەش بوو. بەشی ئەو بەری حەوز کۆمەڵێک فەقێی تێدا بوو، ماوەیەکی زۆر بوو لێرە دەیانخوێند، بەشی ئەم بەرەوە، هی ئێمە بوو، کە تازە ڕۆیشتبووین و پێیان دەگوتین، سوختە.

ئێمەی سوختە، یەکی کڵاوێکی بچووک بە سەرمانەوە بوو، لەبەر پاک و خاوێنی، دەبا سەرمان پاک پاک بتاشین و بیکەین بە گوێز. ملێکی باریک و سەرێکی زل، لەگەڵ کەوا و سەڵتەیەک، ناونیشانی

Scanned by CamScanner

ســوختانەکانی ناو خانەقا بوو. لە دوورەوە ســەیرت بکردایە، دەتزانی کێ ســوختەیە. دووعایەکی کەســکی ســێ گۆشــە بە یەخەی کەوای ســوختەکانەوە، بە دەرزییەکــی زل هەڵواســرابوو. دووعاکە، دووعای مەرقەدەکەی شــێخ بوو. مەرقەدەکەی شێخ لە ناوەڕاستی خانەقاکە، بە بێشــکەیەکی مســینی ڕەنگکراوی ســەوز ڕازێنرابوەوە . چواردەوری بێشکەکە، من دەڵێم هەزار، تۆ بڵێ دوو هەزار پەڕۆی سپی و سەوزی پێــوە هەڵواســرابوو. نازانم پەڕۆ ســەوزەکان بۆچی دڵــی مرۆڤی ناو دەدا؟! کە دەســتت بە یەکێک لەو پەڕۆیانە ببەســتایە، یان دەســتت پێیــان دا بهێنایە، وەک ئاوێک بە ئاگرێکی کڵپەکراو دا بکەیت، ئاخت ئارام دەبوەوە! کاتی سوختەیی و کاتی فەقێیەتییش، چەندین جار بە خۆمەوە دیوە، دڵەڕاوکێکی زۆرم هەبوە، چوومەتە ناو مەرقەدەکە، نەرم نەرم، ئارامییەک هاتوە بە دەروونم دا. هێشــتا تێ ناگەم بۆچی وایە؟ دەبێت مردوێک کە وەک ســوڵتانێک لە بێشــکەیەکی کپی بێدەنگ دا ڕاکشابێت، چ ڕۆحێکی هەبێت، تا ئاوا ئەوانەی تر ئارام بکاتەوە؟ پەڕۆ سەوز و سپییەکانی سەر گۆڕەکە، لە بازاڕ لە دووکانی کوتاڵفرۆشەکان کەوتبــوون، هیچ ئارامییەکیــان تێدا نابینیت، کەچی کاتێک دەیانکەی بە بێشــکەی مەرقەدەکەی شێخەوە، لە ڕۆحتەوە نزیک دەبن و ئارامت دەکەنەوە! دەبێ گۆڕینی شوێن چی بێت وا مرۆڤ دەبات بۆ خەیاڵێک، بە گۆڕینی پەڕۆیەک لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر ئارامی دەکاتەوە. بەخوا هێشتا سەرم لەو شتانە دەر ناچێت بە چاوی خۆم بینیومن!

چواردەوری و ناوەوەی خانەقاکە بە خشتی سوور دروست کرابوون، لێــرە و لــەوێ لــە ناو خشــتەکان دا بە شــێوەی هەڵکۆڵیــن، یان بە شــێوەی ڕەنگی ئاویی تۆخ، کۆمەڵێک ئایــەت و ناوی خەلیفەکانی لە سەر نووسرابوو. حەوشەکەیشی بە بەردی خڕی ناو چۆمەکان، یەک لە تەنیشــت یەک دانرابوون، دایم لە ماڵێکی پاکی ســواقدراو دەچوو. کە پەقرەجێک ئاوت دەرشت بە سەریان دا هەزار ڕەنگی سپی و شیریی و

ڕەش و زەردیان دەنواند. لە دەروازەکەوە دەهاتیتە ژوورەوە، بە تایبەت لەو کاتانەی سوختەکان حەوشەکەیان شۆردبووەوە، لە دوورەوە وات دەزانی تۆپەڵە ڕەنگی جیاجیایە لە تەنیشت یەک دا ڕژاون. گومەزییە زلەکە کەوتبوە ناوەڕاستی هۆڵی نوێژخوێنانەوە. بە دەوری منارەکە دا تا سەری سەرەوە، پڕپڕ بوو لە ئایەتی نووسراو بە ڕەنگێکی سەوزی کاڵ. لە سەر لووتکەی گومەزییەکە، نیشانەی مانگێک و ئەستێرەیەک، بە مسی بریسکەدار هەڵواسرابوون. پەنجەرەکان بە تەختە درووست کرابوون و ڕەنگێکی شینی تۆخیان پێوە بوو. کتێبخانەیەکی گەورەی پڕ لە کتێب، لای دەستی چەپی میحرابەکەوە، تا بنمیچی سەرەوە بە کتێب هەڵچنرابوو.

لە ژێر دار سوورەچنارەکە، حەوزێکی پاکی پڕ ئاو و ماسی هەبوو، نیوەڕۆیان و ئێواران فەقێیەکان لە دەوری حەوزەکە دادەنیشین، سەریان دەخستە سەر کتێبە زەردەکان و خەریکی ورتەورت بوون. هەر کەسە و بە شێوەی خۆی وانەکانی حوجرەی لە بەر دەکرد. دیمەنێکی زۆر جوان دەهاتە پێش چاو، لەو پۆلە چۆلەکەیە دەچوون، کاتێک زۆر تینوویانە و، لە دەوری گۆماوێک کۆ دەبنەوە. سوورەچناری قەراغ حەوزەکە، بە شێوەی هەڵکۆڵین، چەندین وشە و ئایەت و ناوی خودای لە سەری هەڵکەنرابوو. هەر کەسە و ناوێک، یان ئایەتێکی هەڵکۆڵی بوو لە ژێریشی دا بۆ یادگاری، ناوی خۆی لە سەر نووسیبوو. کاتێک مامۆستا، کە بە مەلا شەش پەنجە بانگیان دەکرد، دەردەکەوت فەقێکان لە جێی خۆیان ڕاست دەبوونەوە و بە ڕێزەوە سڵاویان لێ دەکرد. مەلا شەش پەنجە، مامۆستای فەقێ و سوختەکانی ناو حوجرەکە بوو. بەیانییان زوو تا دەمەو نیوەڕۆیان، لەو بەر وانەی بە فەقێیەکان دەدا و پاش نیوەڕۆیانیش تا کاتی بانگ، وانەی بە ئێمە دەگوت. لەگەڵ بانگی عەسر دەدرا، نوێژێکی دەکرد و تا نزیکەی مەغریب دیسانەوە وانەی پێ دەگوتینەوە. ڕۆژی یەکەم تا دەمەو عەسران، بە کون و

Scanned by CamScanner

قوژبنی خانەقاکە دا گەڕام. تەنها یەک جار مامۆستا بانگی کردمە لای فەقێیەک، بە فەقێیەکەی گوت، هەندێک شتی فێرکە. فەقێیەکە وەک ئەرکێکی زۆر باشی بە سەر دا درابێت، تێی گەیاندم کە نابێت هەندێک شت هەیە بیکەم، بۆ نموونە، نابێت بچمە ژووری مامۆستا... نابێت شەڕەشەق و دەنگەدەنگ بکەم. دەبێت وانەکانم باش بخوێنم و لە کاتی خۆی دا لێرە بم، فێری دەستنوێژگرتنی کردم و ئاگاداری کردمەوە بە بێ دەستنوێژ دەستدان لە کتێبەکان، خودا کوێرم دەکات! تەواو ترسام، لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەرگیز ئەم وێراوە بە بێ دەستنوێژ دەست لە هیچ کتێبێک بدەم، تا لەو دوایەی تەمەنمەوە، تێگەییشتم ئەمە جگە لە ترسێک مانایەکی کەی نییە. وانەکانی ڕۆژی یەکەمم تەنها ئەوانە بوون، فەقێیەکە پێی گوتم. کاتی نوێژی عەسر هات و بانگیان دا، خانەقاکە پڕ بوو لە خەڵک. منیش وەک خەڵکەکە چوومە ناو ڕیزەکانەوە، چاوم تێ بڕین، چییان کرد بە شوێنیان دا دەم کردەوە. دوای تەواوبوونی نوێژکردن، کاتێکم زانی باوکم دەستی خستە سەر شانم و بە ڕوویەکی گەشەوە شانازیی پێوە دەکرد، کە منیش سەرم چوەتە ناو سەران. ئینجا پێی گوتم: با بڕۆین، ئەمڕۆ تەواو بوو. منیش گوتم: باشە با ئیجازە لە مامۆستا وەربگرم. کە ئەمەی بیست زۆری پێ خۆشبوو. چوومە لای مامۆستا و داوای ئیجازەم لێ کرد، زۆر بە ساردییەوە ئیجازەی دام و دای بە گوێم دا کە سبەی دوا نەکەوم کاتی وانەکانە. بەڵێکم بۆ کرد و گەڕامەوە لای باوکم. چۆن هاتبووین، ئاوا بە هەمان بازاڕ و شوێنەوە چووینەوە ماڵ. هەموو ئەو شتانەی لە دەستی ئەو بەرەوە بینی بوونم، ئەم جارە لە دەستی ئەم بەرەوە شتی ترم بینی. بە فەردەی گەورە خووری هەڵدرابووەوە و پیاوێکی پیری مشکی بە سەر، لە پشت کۆمەڵێک تەختە و بەنی درێژ دانیشتبوو، تەقەتەقی لێ دەهات. لە باوکم پرسی ئەوە چییە؟

ـ هەلاجە. خورییەکان شی و شیتاڵ دەکاتەوە، ژنێک دەیڕێسێت و

دەیکات بە بەن. دوای ئەوە لە سەربانێک پێکەوەیان دەبەستن، لە نێوان چەند کۆڵەکەیەکی بچووک و ڕەنگیان دەکەن و لەبەر هەتاو دا جێیان دەهێڵن، تا بەنەکە بە ڕەنگەکەوە وشک دەبێتەوە. پاشان دەیهێنن بۆ لای هەلاج، ئەو بەرماڵ و جاجمانەی پێ درووست دەکات، کە لە ماڵی خۆمان هەیە. لە تەنیشت هەلاجەکەوە، ناڵکەرێک و نانەواخانەیەک لە ئیشکردن دا گرمە و زرمەیان دەهات. لەم سەر و ئەو سەری بازاڕەکەوە دوو منارەی بەرز دەردەکەوتن، یەکیان هی خانەقاکەی ئێمە بوو، ئەوی تریان قوڵەی سەربانەکەی کۆشکەکەی ماڵی میر بوو.

کاتێک گەییشتینە ماڵ، بۆنی چێشتەکەی دایکم تا لای دەرگای حەوشە دەهات، زۆریشم برسی بوو، لەو کاتەوە چووبووم نانم نەخواردبوو. یەکسەر داوای نانم کرد و دایکم لە سینییە مسە بریسکەدارەکە دا، نان و ماستێکی بۆ هێنام، بەرقوڵێک بکەم تا چێشتەکە پێ دەگات. لە بەر خۆوە هەر قسەی دەکرد، دەک دایکت بمرێت، ڕەنگە ئەمڕۆ لە برسا مردبێت، توورەکەیەکی چنراومان هەبوو، ئامادەی کردبوو، بۆ ئەوەی لەمەو دوا، کە ڕۆیشتم بۆ حوجرە، یەک دوو قەباڵە شتی تێ بکات و بیکەمە ملم و لەگەڵ خۆم بیبەم. دیار بوو دڵیشی خۆش بوو، بوومەتە سوختە و دەبێت ڕۆژانە بچم بۆ وانەوتنەوە. زوو زوو، بە دەورما دەهات و بە دەنگێکی زۆر نەرمەوە، وەک شنەبایەک بە دەورت بێت گوێم لە "بەساقەی بم، دەبێت بە مامۆستا. خوا شوکور، کە کوڕەکەم گەورە بوە، خوایە دەست بە باڵییەوە بگریت و شتێکی باشی لێ دەربچێت." لەو جۆرە قسانەی، کە دایکەکان بۆ منداڵەکانیان دەکەن، ئەویش هەندێک قسەی بۆ من کرد، هاری نەکەم و شت نەشکێنم و وانەکانم باش بخوێنم. باوکم لە سەر قادرمەی بەردەم هەیوانەکە دانیشتبوو، هێواش هێواش سیغاری دەپێچایەوە. سەیرێکی کردم و هەر بە دەم پێچاوەنەوە سیغارەکەی:

- یەک دوو ڕۆژ خۆم لەگەڵت دێم و دەتهێنمەوە، تا خۆت ڕێگاکە

فێر بیت، کە خۆت فێری ڕێگاکە بوویت، ئیتر خۆت هاتوچۆ بکە و دوای وانەکانت مەیەرەوە بۆ ماڵ، وەرە بۆ دووکان سەرێکی من بدە، با لەوێ فێری ئیشەکەی باوکت ببیت و دوای خۆم ئۆجاخم کوێر نەبێت.

عادەت وا بوو، هەر کەسێک باوکی ئیشێکی بکردایە، بۆ هێشتنەوەی ئیشەکە و دەسترەنگینیی دوای خۆی بۆ یەکێک لە نەوەکانی جێ بهێڵێت. دەمێک حەزیان دەکرد، ببمە مەلایەک و لە مەجلیسی میرەکان دانیشم و باسی ئەسحابە و ئایین بکەم، دەمێکیش حەزیان دەکرد، ئیشەکەم بۆ جێ بمێنێت و دەستی پێوە بگرم. هەیان بوو نەیان بوو، تەنها منی تاقانەیان بوو، دەبوایە هەموو ئەو شتانە بکەم، ئەوان دەیانوویست بۆمی جێ بهێڵن. خوێندنێک بە دڵی وان و فێربوونی پینەچێتی، تا پیشەکە بۆ خۆمان بمێنێتەوە و نەکەوێتە دەست کەسی تر. پیشەگەری لە کۆنەوە، لە بنەماڵەیەک بۆ بنەماڵەیەک جیا بوو. بنەماڵەی خەیاتەکان کاری تریان نەدەکرد، جگە لە خەیاتی. بنەماڵەی ئێمەیش بەس پینەچێتییان دەکرد و شارەکە دەیناسین پیشەکەمان چییە.

# باپیرم ئەلیاسەی کوفر

باوکم بۆی گێڕاومەتەوە، بە ئەسڵ خەڵکی یەکێک لە شارە کۆنەکانی ئەو دیوو سنووڕین. کاتی خۆی، کە ئەم شارە درووست کراوە، میری گەورە نامەی بۆ دۆستەکانی خۆی لە شار و دەوروبەر ناردوە، هەندێک خەڵکیان بۆ بنێرن بێن بۆ شارەکە و میرنشینەکەی ئاوەدان ببێتەوە و شارە نوێیەکەی گەورە بێت. تاقمێک لە میرەکان گەڕاون، چی پیاو خراپی لای خۆیان هەیە کۆیان کردوەتەوە و ناردوویانە بۆ ئەم شارە، تاقمێکی تریان لە بەر ئاشنایەتی و دۆستایەتییان لەگەڵ میر دا، وەک دیارییەک کۆمەڵێک پیشەگەریان ناردوە، تا لە شارەکە دا کاری پیشەگەری بکەن. ئەوانەیان کە خراپ بوون، بە زوویی دەرکەوتوە خراپەکارن، بە فەرمانی میر لەگەڵ کاروانێک گەڕێنراونەتەوە بۆ شوێنی خۆیان و خەڵک گوتەنی، میر لە سەر تەختەیەکی گەورە لە پێش کاروانەکەوە، بۆ ئەو میرانەی خەڵکی خراپیان بۆ ناردوە، نووسیویەتی:

مالی قەڵب سەر بە ساحێبیەتی.

بە کاروانێک کەسە بێ کەڵکەکانی ناردوەتەوە بۆ ئەو مەملەکەتانەی لێیەوە هاتوون. باقی پیشەگەرەکانی تری لای خۆی هێشتوەتەوە و شوێنیشی پێ داون، تا لێرە دەست بە ژیانێکی تر بکەن و وا بکات، حەز بە گەڕانەوە، بۆ مەملەکەتی خۆیان نەکەن. باوکی باوکم، یەکێک بوە لە پینەچییە بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی. بە بڕیاری میر کۆچ دەکات بۆ میرنشینە نوێیەکە و کاتێک دێتە ناو شار، نامەیەک بە مۆری میری لای خۆیان وەگەل خۆی دەهێنێت و دەیداتە سیلکەدارەکەی

دەروازەی شار. سیلکەدارەکە نامەکە دەباتە لای سەردەستەی دەروازە و تەماشایەکی دەکات، نامەی ڕەسمیی میرێکە، یەکسەر لەگەڵ خۆی، باپیرم دەباتە لای میری گەورە. کاتێک میر نامەکە دەخوێنێتەوە، ڕێزێکی زۆری دەگرێت و لەو دیو فولکە گەورەکەی ناوەڕاستی شارەوە، پارچە زەوییەکی دەداتێ بۆ دروستکردنی خانوێک و لە ناو قەیسەرەیش لە ڕیزی پیشەگەرەکان، دووکانێکی وەقفی خانەقایشی دەداتێ، تا لەوێ سەرقاڵی پیشەگەرییەکەی خۆی بێت. وەک چۆن من تاقانە بووم، باوکیشم تاقانەی باوکی بوە. ئێستا ئەو خانوو و دووکانەی هەمانە، دیاریی دەستی میرە بۆ باپیرم و لەوەوە ماوەتەوە بۆ ئێمە. سەردەمی باپیرم، باپیرم وەک باوکم باسی دەکات، زۆر گوێی بە خانەقا و خوێندن نەداوە. نەک هەر گوێی پێ نەداوە، دەڵێن تا ئەو ڕۆژەی مرد، ڕووی نەکردە خانەقا. تەنها ڕۆژی مردنەکەی بۆ شووشتنی بردوویانەتە خانەقا، ئەویش گەر بە خەبەر بهاتایە، نەی دەهێشت لەوێ بیشۆن. خوا تۆبە، وا باسی دەکەن، بڕوای بەم ئایینە تازەیەی خۆمان نەبوە. شەوان ئامۆژگاریی باوکمی کردوە، خۆت چاک بکە و چاکە لەگەڵ خۆت و دەوروبەر بکە، ئیتر پێویست ناکات لەم ئایینە نزیک بیتەوە. نەسەبی باپیرم سەر بە مەملەکەتێکن، بە زۆر ئایینی بیابانیان بە سەر دا سەپێنراوە، لەو ڕۆژەیشەوە بە سەریان دا سەپێنراوە تا پشتاوپشتیان، زۆر لەگەڵی نەبوون. باپیریم لە ڕیشسپیەکانی پێش خۆی بۆی ماوەتەوە ئایینی خۆیان هەبوە و پێویست ناکات بکەونە شوێن ئایینی عەرەبەکان. بەو نەخوێندەوارییەوە بیری لە شتی زۆر سەیر کردوەتەوە. جارێک مەلای گەورە چوەتە لای پێڵاوەکانی بۆ پینە بکات، بە مەلای گەورەی گوتوە: لەباتیی چاککردنی پێڵاوەکانت، بۆچی ناخت چاک ناکەیت. خەڵک بۆ فریو دەدەیت و قسەی ناخۆش بە مەیخۆران دەڵێیت. مەیخواردنەوە باشە، یا فریودانی خەڵک؟ مەیخواردنەوە چەند ساتێک مرۆڤ مەست دەکات، بەس لە مەیخانەکەی تۆ مرۆڤ بۆ

هەتاهەتایە مەست دەبێت. مەلای گەورەیش قسەکانی زۆر لە دڵ گران بوە، بە تووڕەییەوە هەڵساوە و پێڵاوەکانی لا چاک نەکردوە و شەوێ لە دیوەخانی میر بە خراپ و لە خوا دوور باسی باپیرمی کردوە. میر خۆی کەسێکی تێگەیشتوو بوە و کەمێک لە مەلاکان خۆی بە دوور گرتوە. گوێی لێ گرتوون و ڕێزی گرتوون، ئەمما بە قسەی نەکردوون. بەڵام لە بەر خاتری مەلای گەورە، باپیرمی بانگ کردوە و کەمێک ئامۆژگاریی کردوە، تا ئەوەندە لە ناو خەڵک دا دوور لە ئیمانی خۆی باس نەکات، چونکە خەڵک وا دەزانن ڕێگای خودا، تەنها لە ڕێگای ئایینەکانە، نازانن ڕێگای خودا لە دڵانە، نەک ئایینەکان. باپیریشم لە بەر خاتری قسەکانی میر و لە ترسی ئەوەی غەریبەیەکە و شاریەدەری نەکەن و میری گەورەی لای خۆیان لە خۆی نەڕەنجێنێت، لای دەوروبەر و نزیکەکانی خۆی باسی بڕواکانی خۆی کردوە. لە بارەی بڕواکانییەوە، باوکم زۆر بە کەمی باسی دەکرد و لە هەندێک شوێن دا پێی خۆش نەبوو باوکی وا بکات، کەچی جاریەجار شتێکی ناڕاستی دەبینی، یەکسەر دەیگوت: ئەک ڕەحمەت لەو گۆڕەت باوکە، بە خوا هەر تۆ باش لێیان تێگەیشتبووی.

نەنە پوونە، کاتی خۆی بە جوانی، لەگەڵ باپیرم کۆچیان کردبوو بۆ ئەم شارە و هەر دووکیان خزمی یەک بوون. چیرۆکەکانی ژیانی بەسترابوون بە چیرۆکەکانی ژیانی باپیرمەوە. بە دەم پێچانەوەی سەرپۆشە سپییەکەی سەرییەوە و حیکایەتەکانی باپیرمی باس دەکرد. قەت نەم دی ڕۆژێک باسی خۆی بکات، ساتبەساتی ژیانی خۆی بەستبوو بە باپیرمەوە، وات دەزانی بە منداڵی تا پیری پێکەوە بوون.

خوا عەفووی بکات، تا مردیش ڕۆژێک دڵی نەئێشانم. هەر چیم دەگوت، نەی دەگوت نا. کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕووی نەکردە قیبلە. دەیگوت، ئاخر مرۆڤ ئەگەر ژیر بێت، ڕوو ناکاتە دەوڵەتی عەرەبان. پیرۆزی ئەو خاکە لە چی دایە، مرۆڤی تێدا سەر دەبڕێت و ژنانی تێدا

ئەتک دەکرێت. بەم هەموو قسانەیشــەوە، بە منی نەگوتوە ژنەکە تۆ بۆ نوێژ دەکەیت. دەیزانی هەر کەسە و بە قاچی خۆی هەڵی دەواسن. تاقەکەی ســەرەوە، کە هی تۆیە، کاتی خۆی هی شــەراب و مەیەکانی ئەو بوو، تا باوکت گەورە بوو، چوە شــوێنەکەی ئێســتای تۆ. هەموو شــەوێک کــە دەهاتەوە ماڵەوە، خەیاری بــاش باش ئەجنی و تێکەڵی ماست و سیری دەکرد و دەچوو لە تاقەکە، گۆزەیەک شەرابی دەهێنا، لەو هەیوانە بۆ خۆی دادەنیشت، هەتا تەواوی نەکردایە هەڵ نەدەستا. دوای بانگی عیشا تۆزێک خۆش دەبوو، بە دەنگە پڕ خەمەکەی خۆی دەستی دەکرد بە گوتنی ئەو گۆرانییانەی لە دڵییەوە دەهاتن. هەندێ جار تەواو نارەحەت دەبووم بۆ حاڵی و هەندێ جاریش دەمگوت خوایە: لە گوناهەکانی خۆش بە، پیاوێکی دڵ کراوە و دڵ پاکە. هەر کەسە و ڕێگای خۆی هەیە. من لێی ڕازیم تۆیش لێ ڕازی بە. نە ڕۆژێک شەڕی دەکرد، نە دڵی کەسی دەئێشاند. بەس عەیبەکەی ئەوە بوو، دەیگوت ئەم ئایینە عەرەبییە هی ئێمە نییە. من شــتێکم دەوێت لە خۆمان دا بێت. خودا گەر ئێمەی خۆش دەوێت و ئێمەی بەدەستی خۆی درووست کردوە، نابێت زۆرمان لێ بکات بچینە سەر بڕوای عەرەبەکان. بۆ چی لە ناو خۆمان دا بڕوا و ئایینی خۆمان نەبێت. هەتا ئاهورەمزادە مابێت، کەســی ترم ناوێت. نازانم ئەم هەموو شــتانە لە کێوە فێر بووبوو. خۆ ناشــوکری نەبێت، خوێندەواریشــی نەبوو، کەچی دەکەوتە سەر باسی ئایین ڕابردووی خۆمان، ئەوەندەی لێ دەزانی مەلاکانی ئەو کاتەی بۆڕ دەدا. کاتێک زۆر مەســت دەبوو، کووپە شــەرابەکەی بەرز دەکردەوە و بە چاوە قورســەکانی ســەیرێکی دەکردم و بانگی دەکردم، پوونە، پوونــەی جوان. لەم دونیایە دا دوو شــوێن مــرۆڤ بێ هۆش دەکەن، مەیخانەکان و مزگەوتەکان. بەس مەیخانەکان باشــترن پوونە. قەسەم بە چاوی تۆ مەیخانەکان باشترن، چونکە بۆ چەند ساتێک بێ هۆشت دەکەن، بەلام مزگەوتەکان بۆ هەتاهەتایە بێ هۆشت دەکەن. ئەها گوێ

بگره پوونه خان... مەلێ مەستە. مەستیش بم ڕاستی دەڵێم. بۆ چەند ساتێک بێ هۆش دەبم، چونکە ئەهلی مەیخانەم، بەڵام تۆ بۆ هەمیشە بێ هۆشی، چونکە ئەهلی مزگەوتی. ئەستەغفیروڵڵا، کە دەستی دەکرد بەو قسانە، هەموو شتی تارومار دەکرد. وەی قسەکانیش هێندە لە دڵەوە دەردەبڕی، جاری وا هەبوو خەریک بوو باوەڕی پێ بکەم و ئیمانم زەعیف بێت.

خوا بیبەخشێت. خوا بیبەخشێت گوناهکار نەبوو، بێ بڕوا بوو. هەندێک جاریش لە بەردەم هەیوانەکە دەوەستا و باڵەکانی خۆی دەکردەوە و بە دەنگە تایبەتییەکەی خۆی گۆرانیی مەچن بۆ ئەو خوارەی دەگوت. مەبەستی ئەو حاجییانە بوو، بۆ نزیکبوونەوە لە خودا ڕێگا دوورەیان دەبڕی و کەسیان بیری لەوە نەدەکردەوە خودا لەگەڵیانە. کە ئەم قسانەی دەکرد، لە مەستێک نەدەچوو، لە ئیماندارێکی پاک دەچوو. جاریەجاریش سەیرێکی منی دەکرد.

ئاخ، پوونە تۆ ژنێکی چەند دڵپاکی... تۆ نازانیت خودا دەستی لە سەر شانی ڕاستی منە. بەس من دەزانم خودا هەموو شتەکان لە تۆ قبووڵ دەکات، چونکە بە دڵپاکییەوە دەیانکەیت. شوانێکی نەخوێندەوار خۆشەویستترە لە لای خودا، لە میرێکی دەسەڵاتدار. شوانەکە هەڵە بکات بە پاکییەوە دەیکات، چاکەیش بکات، بە پاکییەوە دەیکات، وەلێ میرەکان و بازرگانەکان و پیاوانی شار، چ شتێک بکەن، بە پاکییەوە نایکەن... تۆ لە شوانەکان دەچی پوونە گیان... تۆ لە دڵپاکەکان دەچیت. لە ئایینە کۆنەکەی خۆمان دا بۆمان ماوەتەوە، زەوی لەبەر دڵپاکەکان ماوەتەوە.

ئەک بە ڕەحمەت بیت، ئەلیاس... بەس من دەزانم تۆ چی بوویت... دەمی ئەوانە لار بێت ناویان نابوویت، ئەلیاسەی کوفر. بە خوا ڕۆڵە کافر نەبوو، بەس بڕوای بە مانە نەبوو، بڕوای بە ئایینەکەیش نەبوو، بەس بڕوای بە خوا بوو. ئاخر کێ دەتوانێت بەوی تر بڵێت تۆ کافریت،

Scanned by CamScanner

خوا خۆی دەزانێت. دایم دووعای بۆ دەکەم، خودا ئاگای لێی بێت. لەو ڕۆژەوەی ئەو جێی هێشتووم، بە جارێک ڕووخاوم. دڵم ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەڕزێت... هاودەمم بوو... پیاو بوو بۆ من... سێبەر بوو بۆ من... کەس و هەموو شت بوو بۆم. ساڵانێکی درێژ پێکەوە بووین، ڕۆژێک نەم دی زەڕڕەیەک خۆشەویستییەکەی کەم بکات. ئەوەندەیش پاک بوو، لەوانەیە جگە لە من، لە ژیانی دا سەیری ژنێکی تری نەکردبێت. شانازیی پێوە بکە کوڕم... باپیرێکی باشت هەبوو، باپیرێک کەس نایناسێت، جگە لە من.

لە ناومان دا، کەسمان نەچوو بوەوە سەر باپیرم. کاتی خۆیشی، کە نەی هێشتبوو باوکم بخوێنێت، لەبەر ئەوە نەبوو، حەزی نەکردبێت باوکم خوێندەواربێت، لەبەر ئەوە بوو، گوتبووی عاقیبەتی باش نابێت. دوو سێ بزنی کڕیبوو بۆ باوکم و پێی گوتبوو:

کوڕم لەگەڵ ئەو بزنانە بە، باشتر شتت فێر دەکەن، تا ئەو مەلایانە.

ئیدی لە داخی مەلاکان و ئایینەکەیان، کە خۆی حەزی پێیان نەبوو. باوکمی کردبوو بە شوان. دوو سێ جاریش مەلای گەورەی شار، لای میر داوای کردبوو لە شار دەری بکات، بە بیانووی کەس نییە لەم شارە پیشەی پینەچێتی بزانێت، میر داواکەی مەلای گەورەی ڕەت کردبووەوە. وا باسی دەکەن، جوولەکەکان زۆریان خۆش ویستوە... میریش خۆشی ویستوە. جارێک لە مەجلیسی ئەولیاکان دا، گەورەی جوولەکەکان هەڵدەستێت، لە بەردەم مەلای گەورەی شار دا، کۆمەڵێک گلەیی دەکات، بە مەلای گەورە دەڵێت:

لەبەر ئەوەی ئێمە لە سەر ئایینی ئێوە نین، ناهێڵن خانوەکانمان لە خانووی ئێوە بەرزتر بن. میر لە ترسی ئێوە لە خوارووی شارەوە، ڕێگای بۆ کردووینەتەوە خانوو بکەین، چونکە ئێوەی ئەولیای موسوڵمانان، بە گوناهی دەزانن خانووی جوولەکەیەک لە منارەی مزگەوتێک و خانەقایەک بەرزتر بێت. قەسەم بەو خوایەی هی هەر دووکمانە و ئێوە

وا دەزانن بەس هی ئێوەیە، ئەگەر ئیمانداری وەک ئەوە بێت ئێوە دەیکەن، من نامەوێت هیچ ئیمانێکم هەبێت، من زیاتر لە دڵی بابای پینەچی، زۆرتر خوا دەبینم، تا لە دڵی مەلای مزگەوتەکان دا. لەوانەیە خراپ لێم تێ بگەیت، بە ئەستێرەکەی داود، دڵی مەستێک لە دڵی سەد ئیماندار پاکترە.

دوای قسەکانی، مەجلیس شڵەژابوو، مەلاکان تۆقرەیان لێ برابوو، دەستیان کردبوو بە تۆبە و ئەستەغفیروڵڵا. مەلای گەورەیش لە شەرمی میر نەی وێرابوو هیچ بڵێت. دوایی لە ژێرەوە زۆر هەوڵی دابوو، جوولەکەکان دوور بخەنەوە لە شار و، یەک دوو کەسیشی ڕاسپاردبوو لە ناو شار دا، منداڵان فێر بکەن بەردیان تێ بگرن و نەفرەتیان لێ بکەن و شتیان لا نەکڕن، لە خوتبەیەک دا باسی گڵاویی دەستی بێ ئیمانەکانی شاری کردبوو. میر بەم حاڵەی زانیبوو، بۆیە زۆر بە خوێنساردییەوە، گوێی بە مەلاکان نەدابوو بانگی بابای جوولەکەی کردبوو بێت لە تەنیشتەوە دابنیشێت و هاوخەمیی خۆی بۆ دەربڕیبوو و بە دەنگێکی بەرز بۆ ئەوەی هەموان گوێیان لێی بێت. گوتبووی:

"ئەم شارە هی هەموانە. من شارم بۆیە درووست کردوە، مرۆڤی تێدا بژێت، نەک ئایین. هەتا من میری میرنشینەکە بم... شار چەند هی منە، ئەوەندەیش هی سۆنەی جوولەکە و ئەلیاسی پینەچی و مەلای گەورەیە... شار وەک باران وایە، موڵکی باوکی کەس نییە. هەر کەسێک پێی خۆشە لەم شارە بژێت، دەبێت ڕێزی هاوشارییەکەی خۆی بگرێت، نابێت بۆی گرینگ بێت هاوشارییەکەی کێیە، گرینگ ئەوەیە هاوشاری بێت. هاوشارییەکەی هەر کەسێک و هەر دیانەتێک بێت، هاوشارییە. کەس لە کەس گەورەتر نییە لای خودا، ئەوانەیشی خۆشەویستی خودان، ئەوانەن دڵیان ڕووناک و پاکە، نەک ئەوانەی دڵیان پڕە لە ڕق. من وەک خۆم، هێشتا کەسێکم نەدیوە، وەک مەستەکانی ئەم شارە دڵیان پاک بێت. مەرج نییە هەر کەسێک ڕووی

پیس بێت. مەرجیش نییە هەر کەسێک لە شوێنە پیرۆزەکان نەکرد، پاک بێت. پیس و پاکی لە خۆی بە شوێنە پیرۆزەکانەوە هەڵواسی، خودا باشتر لە مرۆڤەکان دڵەکان دایە، نەک لە گۆڕینی شوێنەکان دا. شار هی هەموومانە." تێ دەگات. بە کورتی و بە پوختی بزانن، مەلای گەورە و ئەحبابەکانی، دەڵێن: کاتێک میر لە قسەکانی بوەوە، ڕەنگیان گۆڕاوە و چاویان سوور بوەتەوە و نەیشیان وێراوە هیچ بکەن. هەر خەریکی ئەم دیو ئەو دیو کردنی چاکەکانیان بوون. دوای تەواوبوونی مەجلیسەکە، سۆنەی جوولەکە، کە گەورەی جوولەکەکانی شار بوە، لە پێش چاوی هەموان، دەستی میری ماچ کردوە، میریش دەستی سۆنەی ماچ کردوە. لەو ڕۆژە بە دواوە، مەلاکان کەوتوونەتە بوختان دروستکردن، گەوایە میر لە دیین وەرگەڕاوە و دەستی جوولەکەیەکی ماچ کردوە و پشتی ئایین و پیاوچاکانی بەرداوە و ڕووی کردوەتە گاورێک.

بوختانەکان دژی میر لە ناو خەڵک بڵاو دەبنەوە و دەگەنەوە دیوانی میر، میر بە تەواوی تووڕە دەبێت و لە حەوشەکەی خۆیان نەڕەیەک دەکات، هەر چی خزمەتکاری دیوان هەیە، گوێیان لەو نەڕەیە دەبێت کاتێک دەڵێت:

"وا دیارە ئەم مەلایانە مێزەرەکەی سەریان سپییە و ناخیان ڕەشە." شەرت بێت لە بەردەم خەڵکی شار دا وانەیەکتان بدەمێ، هەتا ماون، بیرتان نەچێت. بە خێرایی داوا دەکات، چی پیاوماقووڵ و خەڵکی شارە بۆ سبەی لە عەسرەکەی، لە حەوشەی خانەقای گەورە کۆ ببنەوە و قسەی هەیە. خەڵکیش لەوە تێدەگەن میر بە نیازی شتێکە. بۆ سبەی حەشاماتێکی زۆر لە حەوشەی گەورەی خانەقاکە کۆ دەبێتەوە، ژنانیش لە بەردەم بەر هەیوانی کۆشکی میر دا، کە بەرامبەر خانەقای گەورە بوو، لە سەر پاسارەکان وەک چۆلەکە بە ڕیز دەوەستن. میر لە سەر سەکۆ بەرزەکەی حەوشەکە دادەنیشێت، دەورووبەریشی پڕ دەبێت

له خانەدانی شار. بە تووڕەبوونێکەوە، کە سمێڵەکانی خۆی گوشیوە، قسەی کردوە:

"ئاگام لێیە لەم شارە چ باسە. خودا بیزانیبایە جوولەکەیەک زەوی پیس دەکات، بە جوولەکەیی درووستی نەدەکرد، بیشی زانیبایە زەوی بە مەلاکان پاک دەبێتەوە، هەمووماتی بە مەلا درووست دەکرد. مرۆڤ لای خودا، تەنها مرۆڤە. ئەوەی مرۆڤ ناشیرین و خراپ دەکات، مرۆڤ خۆی نییە، ئەو بڕوایانەیە بە سەری دا دەیسەپێنن. بیستوومە منتان بە لادەر تەماشا کردوە، لەبەر ماچکردنی دەستی سۆنەی جوولەکە. قەسەم بە خودای تاک و تەنیا، تا ئێوە و خودایش لە خۆم ڕازی نەکەم، لەم حەوشەیە ناچمە دەرەوە، دەبێت چی مەلای ئەم شارەیە، لە پێش دا مەلای گەورە، دەستی سۆنەی جوولەکە ماچ بکات. کام مەلا پێی وایە بە ماچکردنی دەستی سۆنە، ئیمان لە دەست دەدات و دەچێتە دۆزەخ، با بەرگری لە ئیمانەکەی بکات. ئەوەیشی پێی وایە بە ماچکردنی دەستی سۆنەی جوولەکە، هیچ شتێک لەم دونیا و ئیمانە ناگۆڕێت، با ماچی بکات."

دەگێڕنەوە، قسەکانی بە تەواوی لە دەمی نەکەوتبوونە خوارەوە، چی مەلا لەوێ بوون، بە مەلای گەورەیشەوە، هەڵساون بە ڕیز دەستی سۆنەیان ماچ کردوە. کاتێ خەڵکەکە بە چاوی خۆیان دەیبینن، هەموان دەستی سۆنە ماچ دەکەن، تێدەگەن دەستەکانی گڵاو نین و پێشتر چییان لە سەری گوتوە، ڕاست نەبوە. میر گوتەنی ئەگەر لە ئیمانی خۆیان دەترسان، بۆ پشتیان لە ئیمانیان کرد و دەستی سۆنەی جوولەکەیان ماچ کرد، یان بوختانێکە و کردوویانە و دەبێت باجەکەیشی بدەن، باجێک لە پێش چاوی خەڵک بێت، با چیتر دەمیان دابخەن. فێرین باسی ئایینێکی تر نەکەن و سووکایەتیی پێ نەکەن. ڕاستیان گوتوە، مەلاکان دۆستت بن، بە شەرع نانەکەت دەخۆن، دوژمنت بن، بە شەرع خوێنەکەت دەخۆن.

نەنە پوونە، هەمیشە کەسەری بۆ ئەوە دەخوارد، مەلای گەورە دوو جار دەستی سۆنەی ماچ کردوە، تا دڵی میر لە خۆی ڕازی بکات. بۆ ئێوارەکەی باپیرم ئەلیاسی پینەچی، هاتوەتەوە بۆ ماڵ، ڕووی کردوەتە نەنە پوونە و گوتوویەتی:

بینت؟ خۆ بینیت؟ بە چاوی خۆت بینیت پوونە گیان؟ دەمێکە دەڵێم ئەمانە وان، تۆ بڕوا ناکەیت، خۆ باش سەیرت کردن وا نییە؟ من ئەم گوت ئەمانە هی ئەوە نین، لە پشتیانەوە بوەستیت، خۆ بە چاوی خۆت بینیت؟ ژنەکە لە هەر شوێنێک نان هەبێت، ئەم کەوا شینانەیش لەوێن. بڕوایان پێ مەکە، دەسەڵاتیان هەبێت، سەرت لە لاشەت دەکەنەوە، دەسەڵاتیشیان نەبێت، سەد جار دەستەکانت ماچ دەکەن. لە زووەوە وا هێناویانە. تۆ بڕۆ بپرسە، بزانە کاتی خۆی چییان کردوە. خوا بۆچی عەقڵی پێ داوین؟ بۆ ئەوەیە شتە باش و خراپەکان جیا بکەینەوە. بەو خوایەی گیانی منی بە دەستە، بمزانیبایە ئەو ڕێگایە، ڕێگای ڕاستە، ئێستا ڕووم دەکردە حیجاز. بەس خودا دەزانێ، هۆشێک لە سەرمایە و پێم بە خشراوە، پێم دەڵێت: ژیر بە، مەچۆ بۆ هیچ شوێنێک. خودا لە ڕۆح دا نەبێت، لە هیچ شوێنێکی تر نییە. پێشتر چییان گوتبوو لە کووچە و کۆڵان و ناو مزگەوتەکان، ڕاست نەبوو! لە بەر چاوی خەڵک خۆیان بە درۆ خستەوە. دەی بۆ نایەن بڵێن: دەستی جوولەکەکان گڵاون؟ گڵاو بوونایە دەم و لووتیان پڕ دەبوو لە برین. بەدەم قسەکانیشەوە پێدەکەنی. خۆ بینیت پوونە خانم. بینت ژنەکە؟ بە چاوی خۆت بینیت، چۆن کەوا شینەکان لە بەردەم سۆنەی جوولەکە دا، یەکیەک و دوودوو دەچەمانەوە بۆ دەستە بۆرەکانی؟

ئەمەندە گوتییەوە ماوەیەک بێزاری کردبووم. دڵیشم نەدەهات پێی بڵێم، پیاوەکە بیبرەوە. قسەکانیشی ڕاست بوون، دەست و دەمم بەسترابوو. خوا هەڵناگرێت پیاوێکی زۆر جوان بوو. چی لە دڵی دا بوو لە سەر زاریشی بوو.

ڕۆژێکی زۆر خۆش بوو.

بۆ نەگبەتی، ڕۆژی دەست ماچکردنەکە، ئاسمان دەدرەوشایەوە. ئاسمان شینێکی کاڵی هەتاو لە ناوەڕاستی پاک. تا چاو بڕی دەکرد، شینایی بوو. هێشتا نازانم بۆچی ئاسمان لە هەر لایەکەوە سەیری دەکەیت، شینە. گوایە بۆیە شینە، چونکە قووڵە، بەڵام خۆ هەموو قووڵییەک شین نییە... قووڵی هەیە هەر نابینرێت و تاریکە، هەیشە هیچ ڕەنگێکی نییە. ڕۆژی دەست ماچکردنەکە خۆشترین و پاکترین ڕۆژەکانی ئەو ساڵە بوو. خودا ویستی زۆرترین کەس بیانبینێت، پێچەوانەی قسەکانی خۆیان بن، بۆیە ڕۆژەکەی بە پاکی هێشتەوە. بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو ڕۆژە بوە ڕۆژژمێری زۆر کەس. هەندێک کە منداڵیان دەبوو دەیانگوت: هەفتەیەک پێش دەست ماچکردنەکە و هەندێکی تر دەیانگوت: ساڵی دەست ماچکردنەکە. ڕووداوێکی گەورە بوو لە ناو خەڵک دا. میریش ماڵی ئاوا بێت، ترومنەتێکی دەکرد بە سەر خەڵک دا، هەر چی بە دڵی نەبوایە، دەیشکاند.

# ماڵی میر هودار

میری گەورە، دوو برای هەبوو. هەر یەک لەو برایانەی لە میرنشینەکە دا سەڵتەنەتێکی تایبەتیی پێ بەخشرابوو. برا بچووکەکەی چی باج و خەراجی شار بوو، لە ژێر دەستی وی دا بوو. چ سلیکەداری دەروازەکانیش بوون، بە بڕیاری ئەو، لە بەردەم دەرەوازەکان دادەنیشتن. ئەم برایەی لە ناو خەڵک بەوە ناسرابوو، کە یارمەتیی هەژار و لێقەوماوان دەدات. هەر چەند لە هەموویان منداڵتر بوو، بەڵام لە هەموویان خۆشەویستتر بوو لە ناو خەڵک.

برای دووهەمی میر، کە ساڵێک لە خۆی بچووکتر بوو. کەسێکی ناحەز و خۆبەشتزان و بێچاوڕوو دەناسرا. چ ئەو کات و چ ئێستایش، یەکێکم نەدی دانی خێر بە چاکەی دا بنێت. دیار بوو ئەوەندە خۆبەشتزان بوو، ڕێزی گەورە و بچووکی نەدەگرت. خەڵکی و پیاوە بەڕێزەکان، دەستدەستە بۆ شکاتکردن لێی، دەچوونە لای میر. چاوی بۆ ژنان دەگێڕا و تەشقەڵەی بە بازرگانەکان و پیاوماقووڵانی شار دەکرد. میریش لە جوابی خەڵکدا هەمیشە دەیگوت:

"تفی سەر بەرەو ژوورە.

نازانم چی لێ بکەم! شەرمەزاری کردووم. نە بە قسە، نە بە کوتەک چاک نابێت. لە ناویشی ببەم، پێم دەڵێن، لە ترسی سەڵتەنەتەکەی لە ناوی برد. چۆن دڵنیام سبەی هەتاو لە پشت شاخەکانەوە دەردێت. ڕۆژێک دێت ئەم ناحەزە هەموو شتمان لێ تێک دەدات. کەس لێی ڕازی نییە و خۆشی لە خۆی ڕازی نییە. ئاخ، لەبەر جەرگی دایکم نەبایە،

شەرت بێت بە شەرتی خودا، بە دەستی خۆم دەمکوشت. وەلێ ئێستا ناتوانم جەرگی دایکم بسووتێنم."

داد و ناڵەی خەڵک و میری گەورە لە دەست برا ناوەنجییەکەی، بوو بوو بە حیکایەتی ناو خەڵک. کەسیش نەی دەوێرا، لە سوچێک دا خەنجەرێک بکا بە وەرگی دا و، میر و شارەکەیش ڕزگار بکات.

ژنان لە حەمامی گەورەی شار بیستبوویان، خاتوونی گەورە، باسی چاوحیزیی برا ناوەنجییەکەی کردوە. گوایە ڕۆژێک خاتوون لە ژوورەکەی خۆی خەریکی خۆگۆڕینە، گوێی لە چرپەیەک دەبێت لە پشت دەرگاکەوە. تاوێ خۆی بێدەنگ دەکا، تا بزانێت چرپەکە چییە، گوێ ڕادەدێرێت، هەست دەکات یەکێک لە پشت دەرگاکەیە، هیچ خۆی تێک نادات و یەواشێک لە کوونی کیلۆنی دەرگاکە دوور دەکەوێتەوە و بە قەراخ دیوارەکە دێت، کتوپڕ دەرگاکە دەکاتەوە، دەبینێت برا ناوەنجییەکە لە پشت دەرگاکەوەیە، سەیری دەکات. دەمی پڕ دەکات لە تف و یەک تفی گەورە دەکاتە نێو چاوانی. بۆ ئێوارەکەی میر بەم حاڵە دەزانێت و بانگی دەکات و دەیخاتە ناو حەوزە گەورەکەی حەوشەکەوە، باش بە کوتەک دەیکوتێت. بێچاوڕووییەکەی دەگاتە شوێنێک، هیچی پێ عەیب نەبێت. بۆ بەیانییەکەی، وەک نەبای دیبێت نە بۆران، دێتە سەر سفرەکە و لەگەڵیان دادەنیشێت، نان دەخوات.

میر خاتوون زۆر ڕقی لێی بوە. بە کەسێکی بەدکردار لێی ڕوانیوە، دایمە کچە نازدارەکەی خۆی لێی پاراستوە. نەی هێشتوە لە شازادە نزیک بێتەوە. زۆری لە بارەیەوە باس کردبوو، وەلێ چیرۆکی خۆپاراستنی شازادە و سەیرکردنی لە کوونی دەرگاکەوە، بۆ ژنی دوو بازرگانی شاری باس کردبوو. ئەوانیش دەماودەم گێڕابوویانەوە تا لای نەنە پوونە. نەنەیش بۆ منی گێڕایەوە.

کۆشکەکەی ماڵی میر، دیوارەکانی بە بەردە ڕەشە چوارگۆشەکان دروست کرابوون. بۆ دروستکردنی چەندین وەستای دەسترەنگینی

Scanned by CamScanner

شاری سنه، ئیشیان تێدا کردبوو. ژێرزەمینەکەی هۆڵێکی گەورەی پڕ لـە دانەوێڵە... نهۆمی یەکی هەیوانێکـی گەورە، بە دوو کۆڵەکە داری نەخشکێشراو خۆی ڕاگرتبوو. دیوەخانەکەیش کەوتبوە لای ڕاستەوە و لە پەنجەرەیەکی شینی گەورەوە، دەیڕوانیە سەر ڕێگاکەی نێوان خانەقا و کۆشـکەکە. میری گەورە بۆ خۆی لەسـەری سـەرەوە دادەنیشیت و ئەشرافەکانی شاریش بەڕیز وەک کۆتری سەرما بردە لە ژێر پاسار دا، لە تەنیشـت دیواری ژوورەکە دادەنیشـتن. یەک جار بە منداڵی لەگەڵ باوکم ڕۆیشـتم. باوکم نەی دەویست هاتوچۆی کۆشک بکەم، دەیگوت با خووت شەڕ نەبێت. دوای ئەو جارە، خۆیشی نەڕۆیشتەوە. لە پێش چاومە چوونە ژوورەوە، هەر یەک دوو پیاو دانیشتبوون و سینییەکی مسـی پڕ لە چەرەسـات، لە بەردەمیـان بوو. سـەماوەرێکی گەورەی ستیلی بریسکەدار جیزەجیزی لێوە دەهات، لای خوارەوە بوو. یەکێک چای تێ دەکرد و بە مەجلیسەکە دا دەیگێڕا. پیاوانی گەورەی شاریش بە دەم چا خواردن و چەرەسات خواردنەوە، باسی وەزعی ناو شارەیان دەکرد.

کاتێک کە میر قسـەی دەکرد، هەموو دەم و زمانی دیوەخانییەکان دەبوو بە گوێ. کاتێکیش یەکێک لە ئەوان قسـەی دەکرد، هەر یەکە و لای خۆیەوە خەریکی قسە و چپەچپ بوو لەگەڵ یەکێکی تر. کەس گوێی لە کەس نەدەگرت، جگە لە قسەی میر لە دیوەخانەکە دا، قسەی کەسێکە سەنگی نەبوو.

بەرامبەر دیوەخانەکە دوو هۆدەی گەورە بۆ میوانەکان ڕازێنرابوەوە. نهۆمی سەرەوە، کە بە ژێر زەمینەکەوە دەیکرد بە سێ نهۆم. ماڵی میر خۆی بوو. شەوان لە دیوەخان بێزار دەبوو، بە هێمنی هەڵدەستا و بە پلیکانە بە بەرد تاشراوەکان دەچوە سەرەوە. دایم عابایەکی زەردباویی، کە لاکانی نەخش کرابوون، دەخستە سەرشانی و خەنجەرێکی دەبانی دەکـرد بە بەر پشـتێنەکەی دا. سـەری خەنجەرەکە بـە تەزبیحێکی

قەزوانسی دنک ورد دەپێچرا. جار جار تەزبیحەکەی لێ دەکردەوە و بۆ خۆی وەک پیاوەکانی تر، دانە دانە تەزبیحی لە دەستەکانی دەهێنا و دەبرد. حەوشـەی ماڵەکە زۆر گەورە بوو. حەوزێکی گەورە و لایەکی چیمەن. چەندین داری ژاڵە و پرتەقاڵ و هەنگی دونیا لە حەوشەکەیان دا بوو. دیواری حەوشـەکە هێندە بەرز بوو، تا لە دەروازە گەورەکەوە نەچووبایتایە ژوورەوە، نەت دەزانی چی لە حەوشەکەیان دا هەیە.

دوو سـلیکەداری ڕووخـۆش، لـە بـەردەم دەروازەی حەوشـەکە دەوەسـتان و لە تەنیشـت دەروازەکە، دوو هۆدەی بچووکی بە حەسیر ڕایەخ کراو بۆیان درووست کرابوو.

تەنها کەسـێکی ناو ماڵەکە، خەڵکی شـاری ماڵێکی هێمن بوون... تەنها کەسـێکی ناو ماڵەکە، خەڵکی شـاری نیگەران کردبوو، برا ناوەنجییەکەی میر بوو. لە کەسم نەبیستوە، ڕازی نەبێت لە میر خـۆی. خزمانی خاتوون، لەبەر وەی خەڵکی دەڤەرەکە نەبوون و کەسیان لێرە نەبوو، نەبووبوون بە بار بە سەر میری گەورەوە.

خاتوونـی گـەورە، خـۆی خەڵکی گوندێک بوو لە سـەر سـنووری میرنیشـینەکە. کاتـی خۆی بـە گەنجی، میر چاوی پێـی دەکەوێت و یەکەمین دیداریان دەبێتە هەوێنی یەکتر ناسـین و خۆشەویسـتی. وا باس دەکەن میر چوە بۆ ڕاو، کتوپڕ لای دەوارنشـینێک لا دەدات، تا ئیسـراحەتێک بکات. کچێکی باریکەلەی سـپی ڕەنگ، جامێ دۆی بۆ دێنێت. لە کچە دەپرسێت، پیاوتان لە ماڵ نییە؟

- نـا باوکم چوە بۆ سـەفەر و براکانم لای مەڕەکانن. دایکیشـم بۆ مەردۆشین ئێستا لە پەچەیە.

ئەو کچە باریکەلەیە، خاتوونی گەورەیە. ئەم دیدارە وا لە میر دەکات بـە بیانووی ڕاوکردنـەوە، زوو زوو بچێتە دەوروبەری دەوارنشـینەکان و تـەواو ئاشـنایەتی لەگەڵ ماڵی خاتوونی گـەورە پەیدا بکات. دوای ئاشـنایەتی و تێکەڵبـوون لەگەڵیـان، خـۆی دەگەیەنێتـە خاتـوون و حیکایەتـی دڵی خۆی بـۆ باس دەکات. بناغەی خۆشەویسـتییەک

دادەمەزرێنن و ئاخری داوای دەکات. لەگەڵ داواکردنی و گواستنەوەی، خاتـوون ناوچـەی خۆیان جێ دەهێڵن و دێن بۆ مەملەکەتەکەی میر و پاشان لەگەڵ دروستکردنی شارەکە دا، دەگوازنەوە بۆ ئێرە. خاتوونی گەورە لە خزمانی دوور دەکەوێتەوە و ساڵی جارێکیش نایانبینێت.

تاقـە کچەکەیـان، زۆرتر لە خاتوونی گـەورە دەچێت، بەڵام تۆزێک چاوەکانی ڕەشترن.

دایکـی میری گـەورە لەم دواییەوە لە خەفەتان مرد، نەخۆشـی و پیرییەکەی وای بە سـەر هێنابوو، یەک تۆزی مابوو. وا باس دەکەن، لەوەتـەی هاتوونەتـە ناو شـار، دایکی میر بێ مێرد بـوە. یانی پێش هاتنیـان، باوکـی میری گـەورە مردوە. دایکیشـی خەریکـی تەقوا و پاڕانەوە بوو. سەرپۆشێکی سپیی بە سەر سەرە بچووکەکەی دا دەدا، وەک ژنـە بـە تەمەنەکانی سـەردەمی خۆی، کراسـی ڕەش و مەیلە و مۆری لە بەر دەکرد. لە دوورەوە دوو چاوی بچووک و لووتێکی باریک دیار بوو. دەستە باریک و پەنجە خواربوەکانی دایمی خوا، تەزبیحێکیان پێـوە بوو بۆ تەسـبیحات و پاڕانەوە. کراسـە مۆرەکانـی زۆربەیان لە یەک دەچوون. لە سـەر کورسـییەکی تەختە لە ناوەڕاستی حەوشەکە لە بن دار پرتەقاڵەکە دادەنیشـت، تا خۆیـان نەیان بردایەتە ژوورەوە هەڵنەدەستا. ڕۆژانی بارانبارین لە هەیوانەکە دادەنیشت. ژنێکی بێ قرە و بێ کێشە بوو. ماڵەکەت سەرەوخوار بکردایەتەوە، لای نەدەکردەوە. خەیاڵی لە شوێنێک بوو، پەیوەندیی بە ماڵەکەوە نەبوو. کێشەی نێوان کوڕە ناوەنجییەکە و خەڵکی و میر، نیگەرانی کردبوو.

# مەلای گەورە

نەنــە پوونــە بە تەواوی چیرۆکەکەی بیر مابوو. من خۆم بە باشــی دیمەنەکانم نەدەهاتنەوە بەرچاو، بەڵام کە نەنەم دەیگێڕایەوە، کەمێک لە دیمەنەکان کەوتنەوە بەر چاوم. ئەو کات لە باوەشــی دایکم بووم، مەبەســتم ڕۆژی دەســت ماچکردنەکەیە. وەک نەنە باســی کرد، دوای دەســت ماچکردنەکــەی ناو خانەقاکە هەفتەیەکی پــێ نەچوو، کتوپڕ مەلای گەورە ون بوو. نە کەس زانی بۆ کوێ چوە، نە کەســیش زانی چی بە ســەر هاتوە. هەر کەســە و بە جۆرێک باسی دەکرد. مجێوری خانەقاکە لای یەک دوو کەس گێڕابووەوە، بەیانییەکی زوو پێش بانگدان، مەلای بینوە توێشەبەرێکی پێ بوە و لە دەرگای خانەقاوە چوەتە دەر و نەی زانیوە بۆ کوێ دەچێت. ماوەیەکی پاشــتر کاروانێک هاتبوو لە کاروانسەراکەی خواری شار، باسی ڕێبوارێکیان کردبوو، ناونیشانەکانی ڕێبوارەکە هی مەلای گەورەی شار بوون. گوایە بەرەو وڵاتی تورکەکان ڕۆیشــتوە. ڕاستیی شەرمەزارییەکەی قبووڵ نەکرد، کە میری گەورەی پێــی کرد، بۆیە ســەری خــۆی هەڵگــرت و چیتر نەگەڕایــەوە. دوای ڕۆیشــتنەکە، چی دەستنووســی هەبوو، لە تاقێکی گەورەی خانەقاکە دانران و بۆ کەس نەبوو دەســتکارییان بــکات. فەقێیەکان دەیانگوت: دەستنووســەکانی مەلای گەورە، لێکدانەوەی خەونەکان و تەفســیری قورئان و شیعریشیان تێدایە. لە ناو خانەقا وا باسیان دەکرد، مێژووی شارەکەیشــی بە ئەشرافەکانەوە نووســیوەتەوە. خۆ کەس بە تەواوی نەی خوێندبوونەوە، تا بزانن چی و چی نووســیوە، بەڵام چەند بەیتێ

شیعری، کە زۆرتر لاساییکردنەوەی شـاعیرە گەورەکانی سەردەمەکە بوون، دەماودەم لە سوختە و فەقێیەکانەوە دەگوترانەوە. شیعرەکانی مەتح و سـەنای کۆمەڵێک ئەولیا بوون. تام و چێژەکەیان نەگەییشـتە تام و چێژی شـیعرەکانی شـاعیری سـەردەمی خۆی، کەچی زۆربەی شاعیرە گەورەکانیش لای مەلای گەورە خوێندبوویان و لەویش جوانتر دەیان نووسی!

لەوە تێ نەگەییشـتم بۆچی دەبێت شـاعیرەکان جوانتر بنووسن و ئەمیش مامۆستایان بوە، نەتوانێت وەک ئەوان بنووسێت. پاش چەند ساڵێک کە فەقێیەتیم تەواو کرد، ئەو کات زانیم خۆ نابێت هەموومان ئەوەندە زانستی کەلام و تێگەییشتن لە ڕۆح فێر بین، کە لە وانەکان دا فێر دەبین. خۆپێگەیاندن لە دەرەوەی وانەکانە. گۆشەگیریی شاعیرەکان بیرکردنەوەیانـی فراوان کردوە و وای کردوە، لە مامۆسـتاکەی خۆیان جوانتر بنووسن.

جێهێشـتنەکەی خانەقاکـەی بێکەس کرد. خۆیشـی هیچێکی وای نەگوتبـوو لـە بەردەم خەڵکی دا، یان لای دۆسـت و ناسـراوەکانی تا هۆی جێهێشـتنەکەی بزانن، چی دەگوترا و دەبیسترا، قسەی خەڵکی بـوو، خەڵکەکە گوومانیان بۆ دەسـت ماچکردنەکە دەبرد و شـتێکی تریان شـک نەدەبرد، بیبەستن بە ڕۆیشـتنەکەیەوە. دوای ئەو یەکێک لەو مەلایانە بوە شـوێنگرەوەی، کە زۆرتر لە میرەوە نزیک بوو، تا لە خوداوە. قسە و هەڵسوکەوتەکانی و خوتبەکانی ڕۆژانی هەینیی، باسی کەرامەتی میری دەکرد. وای لێ هاتبوو خانەقا وردەوردە چۆڵ دەبوو، کەس نەدەچوە پشتییەوە نوێژ بکات. خۆم بەم گوێیانەی خۆم دەیان جار بیسـتوومە، لە بڵندگۆکەوە هاواریان دەکـرد، ڕەحمەتان لێ بێت وەرن بۆ نوێژ، تا ڕیزەکان پڕ ببنەوە و بتوانین جەماعەت بکەین. هێندە کەم بوون، جەماعەتیان پێ نەدەکرا. مەلاکە مرد و ئیتر شـوێنی مەلا شەش پەنجە گەرم بوو. ڕاستەوخۆ بوە شوێنگرەوەی.

سەردەمەکە وای لێ هاتبوو، خەڵک وردەوردە لە میر دوود دەکەوتنەوە. میر، میرەکەی جاران نەبوو تا دەهات دەسەڵاتەکانی لاواز دەبوون. تاقمەکەی دەوروبەری خەریکی خۆشگوزەرانی و تەخشان و پەخشانکردنی باج و خەراجی میرنشینەکە بوون، بە هۆی ترسی براکەیشییەوە، میرنشینەکەی پڕ کردبوو لە عەجەم. قولەی کۆشکەکەی میر پڕ بوو لەو سیلکەداری عەجەمانەی کڵاوی سووری درێژیان لە سەر دەکرد. هەر ماڵە و یەک دوو عەجەمیشی تێ خستبوو، تا خزمەتیان بکەن و وانیش میرنشینەکە لە هەڕەشەی لەشکرەکان بپارێزن.

کاتی هاتنی عەجەمەکان، میر و براکانی ناکۆک بوون. یەکێک لە براکانی میر کە لە ناو خەڵک خۆشەویست نەبوو، ڕووی کردە وڵاتی تورکان. دەنگوباس بڵاو بوەوە، چوە سوپای تورکان بهێنێتە سەر دەسەڵاتەکەی براکی و تاروماری بکات. لە ترسی دەنگۆی لەشکرکێشییەکان میری گەورە، پەنای بردە بەر عەجەمەکان و هێنانی بۆ میرنشینەکەی خۆی. لەو کاتەوەی بێگانەکان هاتنە ناو شار، خۆشی لە شارەکە باری کرد. شەڕەکان و کێشەکانی دیوانی میر بە جۆرێک بوون، خەڵک هەموو شتێکی دەزانی، تەنانەت وای لێ هاتبوو لەو دیو حەوشەی دیوانی میرەوە چ شتێک بکرایە، بۆ سبەی لە بازاڕ خەڵک باسی دەکرد. خراپ شیرازەکە پچڕابوو. ئەو عەجەمانەی کۆشک و تەلاری میریان دەپاراستن، چییان بدیبایە، لە ناو خەڵک باسیان دەکرد.

بۆ بەخێوکردنی سوپاکەیان، باج و خەراجیان زیاد کردبوو، باجەکان لە سەر جوتیارەکان گەیشتبوە ئاستێک، خەڵکیان هەپرون کردبوو. جوتیارەکان لە شوێنی خۆیانەوە هاواریان لێ هەسابوو و دووعایان دەکرد، میرنشینەکە سەروخوار ببێتەوە. با ئەوەیش بوەستێت دوو سێ ڕۆژ جارێک جوتیارێک، خاوەن موڵکێکیان لە ناوەڕاستی شار دەبەستەوە و بە گوناهی لادەر لە میر، فەلاقەیەکی باشیان دەکرد، تا ببێت بە پەند بۆ باقیی جوتیارانی تر. میر لە کۆشەکەکەی خۆیەوە بە

سەرێکی چەماوە و کز و بێ دەسەڵاتەوە سەیری ئەو سووکایەتییانەی دەکرد، کە عەجەمەکان و دەستە و تاقمەکەی بە خەڵکە فەقیرەکەی دەکرد. بۆیشی گرینگ نەبوو میرنشینەکەی لە چ دۆخێک دایە، تەنها بۆ گرینگ بوو لەشکرە وێرانکەرەکەی تورکان لەگەڵ بانخانی برای نەگەڕێتەوە کۆتایی بە میرنشینەکە بهێنێت و شارەکە بسووتێت! کۆمەڵێک پیاوی بانگ کرد بوو، داوای لێ کردبوون، سەبریان هەبێت. ئاگای لە باجەکان و فشاری جوتیارەکانە، باج و فشارەکان باشترن تا لە دەستدانی میرنشینەکە. پیاوەکان قسەکانی میریان بردبوو بۆ جوتیارەکان، لە وەڵام دا تەماتەباران کرابوون.

چی گوتاری مزگەوت و خانەقاکان بوو، کرابوون بە پێداهەڵدان بە شان و باڵی میرنشینەکە و عەجەمەکان، چونکە مەملەکەتەکە دەپارێزن لە ئاژاوە. نەنە پوونە، هەمیشە باسی دەکرد، دوای سووکایەتییەکە بەو پیاوە گەورەیەی خانەقا، ئیتر ئەم شارە ڕۆژبەڕۆژ خوا غەزەبی لێ دەگرت. باوکم دەیزانی قسەکەی نەنەم، وا نییە. زۆر جار کە لە دووکان دادەنیشتم لەگەڵ دراوسێ دووکانەکانی باسی ڕۆژی دەست ماچکردنەکەیان دەکرد و دەیانبەستەوە بە سەردەمەکەوە. گوایە، گوناهەکە لە هەڵەی میر نەبوە. چاوچنۆکیی براکانی مەملەکەتەکەیان کردبوو بە شوێنی شەڕ. دەسەڵاتەکە پیر بوە... تاقمەکەی ناو کۆشک، سوود لە ئاژاوەی براکان دەبینن و لە جێی خۆیانەوە دەیانەوێت میر بن. گەر میر بیتوانیبایە کۆشەکەکەی خۆی ئارام بکاتەوە، دەیتوانی شارەکە و مەملەکەتەکەیش ئارام بکاتەوە. هەر میرێک مەملەکەتەکەی نائارام بوو، ناو کۆشکەکەیشی نا ئارامە.

سەردەمێک برای دووهەمی میر بە خۆی و لەشکرێکی زمان خواری تورکمانەوە دەوری شاری دا... شار بە تەواوی تێک چوو... شەڕێکی گەورە لە دەروازەی شار ڕووی دا... شەڕەکە بوە هۆی تێکشاندنی عەجەمەکان و هاتنە ناوەوەی تورکمانەکان. میری گەورە هەڵهات

ڕووی کردە شـاخەکان. لەوێیشـەوە ڕۆیشـت بۆ ناو عەجەمەکان. بە هاتنی لەشکری سوپای تورکەکان، نیوەی شار تاڵان کرا و میری نوێ چوە ناو کۆشـکی میری گەورەوە. دەسـتە و دائیـرەی میرە کۆنەکە، یان هەڵهاتن یان لە ناوەڕاسـتی شـار سـەریان لە لاشـەیان کرایەوە. لـە ناو بازاڕەکە دا دووکانێک نەما، تـاڵان نەکرێت. دوای ماوەیەک لە نیشـتنەوەی شەڕ، دەسـەڵاتێکی تازە خۆی سەپاند و باج و خەراجی دانا و شاری ڕێکخستەوە. سەردەمەکەی پێشوو چی کرابوو، سەردەمی برای ناوەنجی بە پێچەوانەوە دەکرا. لەگەڵ هاتنی عەجەمەکان، میری گەورە بە تەواوی دەسەڵاتەکەی لە دەست دا. بۆ کەس ڕوونی نەکردەوە بۆ وا دەکات. وەلێ لە کۆتایی دا، تێگەییشتم ترسی لە چی هەبوە.

# برابچووکی میر

لەگەڵ تێکشکانی عەجەمەکان و داگیرکردنی شارەکە لە لایەن سوپای تورکەوە. برا بچووکەکەی میر، لە ترسی برا ناوەنجییەکەی خۆی دەشارێتەوە. لە ناو شار جاڕ دەدرا، هەر کەسێک شوێنی دەلال بزانێت، توورەکەیەک لیرە وەردەگرێت. لە خۆشیی خەڵاتەکە چەندین کەس لە شوێنی خۆیانەوە ماخۆلانیان بوو، چۆن جێپێکانی بدۆزرێتەوە. پیاوماقووڵانی شار بە گوێی خۆیان، لە زمانی میری نوێوە بیستبوویان: "لە پێناو ڕزگارکردنی کێڵگەکە دا، دەبێت هەموو جانەوەرەکان بکوژیت. هیچ میرێک میرێکی سەرکەوتوو نابێت، تولە مار بەخێو بکات" مەبەستی بوو بڵێت: میری پێشوو، هەر چەندە برای بووین، وەلێ توولەمار بووین بۆی، من نامەوێت ئەزموونەکەی دووبارە بکەمەوە و توولەمار بەخێو بکەم. حەشەراتەکان لە ناو دەبەم، تا کێڵگەکەم پاک ببێتەوە و بێخەم چیم پێ خۆش بوو بیچێنم. چ سەردەمێک بوو، برا برای دەکوشت، خوشک ئابڕووی خوشکی دەبرد. خۆپەرستی و چاوچنۆکی گەیشتبوە شوێنێک، مرۆڤەکان پشتیان لە خۆیان کردبوو بە شوێن ئارەزوەکانی خۆیان دا دەگەڕان. هەڵکوتانە سەر یەکتری، یەکەم بناغەی تێکچوونی خێزانەکان بوو لەم مەملەکەتە. ئاوەکە، گەورەکان ڕشتیان و بچووکەکان پێیان تێخست و ئاژاوە کەوتە ناو شار و لە شاریشەوە بۆ ناو خێزانەکان.

ئاخر دەلالی ڕوومەت ئاڵی باڵابەرزی ناسک، کە هەموو ژیانی چاکە بوو لەگەڵ هەژاران، گوناهی چی بوو توورەکە زەڕ بدرێت بۆ

Scanned by CamScanner

سەرەکەی؟! گوناهەکەی تەنها ئەوە بوو لە نێوان دوو برا دا، هیچ کامی هەڵنەبژارد و بە نیگەرانییەوە سەیری کردن. لە بەر ناوەندگیریی ژیانی لێ تاڵ کرا و بوە باڵندەی ناو قەفەزەکان.

هەندێک جار مرۆڤ وای لێ دێت، تەنانەت لە نێوان خۆی و خۆی دا ناتوانێت، هیچیان هەڵبژێرێت، کاتێک براکان دەبێتە شەڕیان، دەبێ لێگەڕێی شەڕەکە لە نێوان خۆیان دا بێت. دەلالی ناسکۆڵە ویستی وا بکات و خۆی نەبێتە تەرەفگیریی لایەکیان. چاوچنۆکیی خەڵک و میرنشینەک ژیانی تاڵ کردبوو. تا ئەو کاتەی من لە شار بووم، تەنها من و سۆنەی جوولەکە دەمزانی لە کوێیە. تەنها ئێمە. خوانەکردە یەکێکی تر بیزانیبایە، سەری لێ دەکردەوە و دەیبرد بۆ کۆشک و لەو سەرەوە بە توورەکەیەک زەڕەوە دەگەڕایەوە.

ماوەیەکی زۆر دوای خۆشاردنەوەکەی کتوپڕ لە شەوێکی ئەنگوستەچاو دا بینم. شەوێکە بیرم ناچێتەوە. لە ماڵی سۆنەی جوولەکە نەبوایە، دەمێک بوو دۆزرابوەوە. یەکێک لە باشییەکانی جوولەکەکان، پاراستنی نهێنیی خۆیانە، چونکە دەربەدەر و ماڵوێران کراون، نهێنییەک لە ناخیان دایە، نهێنییەکەیان بە کەس ناڵێن. نازانم ڕاستم یان نا، مانەوەی جوولەکەکان لە سەر زەوی، پەیوەندیی بە بڕوا و پاراستنی نهێنییەکانی خۆیانەوەیە. کە سۆنەی جوولەکەم ناسی، کتێبی زۆرم لە بارەیانەوە خوێندەوە. چۆن ڕاو نراون و چۆن لە ناو براون. دوای ئایینەکەی خۆیان، لە ڕۆژهەڵات دا چەند ئایینی کە هاتوون، یەکەم ئیشی ئایینە تازەکان، لەناوبردنی جوەکان بوە. بڕواکەیان بە ئایین و هەڵگرتنی نهێنییەکانیان، سیحرێک بوو، هێشتبوونییەوە.

چەندین شار و گوندیان بڕی بوو تا شوێنێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. خۆشاردنەوە و بەرگریکردن لە ژیان فێری کردبوون، چۆن خۆیان بشارنەوە، ئاوایش نهێنییەک لە ناخیان بشارنەوە. کاتی بینینەکە، لە ناو کتێبخانەی هۆدەکەی سەرەوە، بە شوێن بەشێک لە قسەکانی دێوانە

دا دەگەرا□م، لە پشـت کتێبخانەکەوە پەردەیەکم بینی، پەردەکەم لا دایەوە. ژوورێکی بچکۆلە فانۆسێک تێی دا دەسووتا و دەلالی میرزادە لە بەردەمی دانیشتبوو خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی کۆن بوو. کاتێ بینیم چاوم چەقییە سەر دەموچاوە لاوازەکەی، تاوێک بە حەپەساوی سـەیری کردم. دوای تاوێک زەردەخەنەیەکی پڕ ترسی بۆ کردم. وەک بڵێیت دەیەوێت پێم بڵێ تازە کۆتاییم هات. خۆم تێک نەدا و بە سەر ڕاوەشاندنەوە سڵاوێکم لێ کرد، لەو کاتە دا هەستم بە دەستێکی قورس کرد لە سـەر شـانم دانرا، لام کردەوە سۆنەی جوولەکە بوو. زانی کار لە کار ترازاوە، ویستی شتێک بڵێت، یان ویستی لێم بپاڕێتەوە. پێش ئەوەی هیچ بڵێت بە زەردەخەنەوە پێم گوت:

من چاوم زۆر شت دەبینێت، ئەمما زمانم بەم بینینە نازانێت.

کـە قسـەکەم تەواو کـرد، پێدەچوو دڵی خۆش بێـت و بڕوای پێ کردبـم. پـڕی دامێ و خسـتمییە باوەشـی. زۆر دڵنیا بـوو لەوەی بە کەس ناڵێم. قسەکانی دێوانەم لەو وەردەگرت، نووسینەوەی قسەکانی دێوانە و نهێنییەکانی، ترسـەکەیان جیاوازی نەبوو لەگەڵ شاردنەوەی میرزادەیـەک. دوای یەکتربینینەکـە، یەکێـک لـە هاوخەمەکانی من و هاوخەمەکانی دەلالی میرزادە ژوورە بچووکەی پشـت کتێبخانەکە بوو. پێکەوە دادەنیشتین و باسی دونیا و بنیامان دەکرد. ئەوەی لە دەلال فێـر دەبووم، کەمتر نەبوو لـەوەی لە دێوانە فێر بووم. هەموو جارێک دەستنووسـەکانم پیشان دەدا، شەوان خۆم دەمنووسینەوە و بووبوون بە بەشێک لە ژیانم. وشەیەک، قسەیەک، کە بە دەست دەنووسرێتەوە، سـیحری زیاترە لە قسـەیەک لە زار دێتـە دەرەوە. بۆنی مەرەکەب و پـەڕە زەردەکان، بۆنێکـن لە خەیاڵی مرۆڤ ناچنە دەرەوە. تەنیایی و دڵتەنگی، دوو شـنەبان ڕوو لە مرۆڤ دەکەن. تەنها بۆنێک تەنیایی و دڵتەنگی کاڵ دەکاتەوە، بۆنی مەرەکەب و پەڕە زەردەکانە، نەک بۆنی مرۆڤ. ماندوو بوومایە، یاخود سەرقاڵ بوومایە بە کاری فەقێیەتییەوە،

بۆ وەی دەستنووسەکانم فەرامۆش نەکەم، بەشێکیانم دەبردن بۆ لای دەلالی میرزادە و بۆی دەنووسیمەوە. خووی نووسینەوەی شتەکان، یەکێک بوو لەو خوانەی، شەڕێکی لە ناخی من دا هەڵگیرساندبوو. شەڕێک تەنها بەو ئاوە ئاگرەکە دادەمرکایەوە، ناوی وشە بوو. وشە دیوی زۆرە، دیوێکی ئاگرە و کڵپە لە ناخت هەڵدەستێنیت و دیوەکەی کەی، ئاوە و ئاگرەکەی ناخت خامۆش دەکات.

نە من و نە هیچ کەسی شار و نە میری نوێیش بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو، میرزادە لەم شارە مابێت و لە ماڵی پیاوێکی خانەدان و نزیک لە میری نوێ درێژە بە ژیان دەدات.

دەلال بۆی گێڕامەوە:

کاتێک کاکم عەجەمەکانی هێنا بۆ پاڵپشتیکردنی خۆی، وەک خواردنەوەی ژەهرێک بوو لای. نەی دەویست چارەنووسی میرنشینەکەی بەم جۆرە بێت. دەیشی زانی وانەکات میرنشینەکەی بە تەواوی تەمەنی کورت بووتەوە و بە سەر یەک دادەڕمێت. هەوڵی زۆری دا، تا بانخانی برامان ڕازی بکات، کەچی دابووی لە کەللەی و بە هیچ ڕازی نەدەبوو. نەیشی دەویست لەبەر دایکم و لۆمەی خەڵکی دەستی بچێتە خوێنی براکەی و سبەی ببێتە حیکایەتی خەڵک و وا باسی بکەن لەبەر ئەوە برایەکی خۆی کوشتوە، تا کورسییەکەی خۆی بپارێزێت. مەراقێک ڕووی تێ کردبوو لەم ئاخیرییەوە بەتەواوی گۆڕیبووی. وای لێ هاتبوو، تەنانەت بە قسەی کەسی نەدەکرد و خۆی دابوە دەست سەردەستەی عەجەمان. خۆیشت دەزانی لەشکرە شەقوشڕەکەیان، تەنها بۆ کەیف و سەفا و تێکدانی میرنشینەکە هاتبوون و کاتێکیش میرنشینەکە ڕووبەڕووی شەڕ بوەوە، جێیان هێشتوو و ڕوویان کردەوە مەملەکەتی خۆیان.

بانخان دەیەویست خۆی چی بووێت وا بکات. ئازاری زۆری خەڵکی دەدا. ئازاری میری گەورەیشی دەدا. ئازاری هەموومانی دا. هەموو

Scanned by CamScanner

شتێکی وێران کرد لەبەر خاتری خۆی. ئێستا چی بکەوێتە بەر دەستی تارۆماری دەکات. دڵێکی هەیە وەک بەرد. ئەو لاسووتاوەی بە سەر ڕووخسارییەوە ڕەش دەکاتەوە، لە دڵی دەچێت. کاتی خۆی میری گەورە داخی کرد، داخکردنەکەی بوە داخێک و تا میرنشینەکەی داخ نەکرد وازی نەهێنا. هەقی خۆی بوو داخ بکرێت. پەلاماری ئەو ژنانی دەدا لە ناو کۆشکی میر خەریکی خزمەتکردنی میوان بوو. زۆر جار باسیان کردبوو، میری گەورە باوەڕی نەکردبوو تا خۆی کتوپڕ ئێوارەیەک لە نانەکە بینیبووی لە دواوە باوەش دەکات بە نانکەرەکە دا، ئیتر چاوی چووبوە پشت سەری. بەو مەقاشەی نانەکەیان لە تەنوورەکە پێ دەردەهێنا ڕووخساری داخ کرد. ئەویش ئەوەی هەڵگرت بۆ ئەم دواییە و حەقی خۆی لە هەموو لایەک کردەوە.

شێتییەک لە ناخی دا بوو. شێتییەک نەت دەزانی چییە. هەستی بۆ دەوروبەری نەبوو. چی بویستایە دەبوایە بۆی بکرایە. باکی بەوە نەبوو ئەو شتەی دەیەوێت لە کێی دەوێت. من نەم دەویست لای هیچ لایان نەگرم، دەمزانی ڕێگا ڕاستەکە میری گەورەیە، بەڵام وەک برایەک ناکرێت هەموو جارێک ڕێگای ڕاست هەڵبژێریت، بەڵام تۆ سەیرکە ئەوەندە بێ ڕەحمە، کیسە زەڕ دەکاتە خەڵاتی ئەم سەرە باریک و لاوازەی من.

یەک دوو جار میری گەورە پڕ بە دڵ پێی خۆش بوو بیکوژێت. کاتێکیش دەمبینی لە ناو ئەو کۆشکە دا هەست بە تەنیایی دەکات و دەستیش لە هەڵسوکەوتەکانی هەڵناگرێت، بەزەییم پێدا دەهاتەوە. چەندین جار لە بەر چاوی خزمەتکاران و نانەکان دا دەدرایە بەر شەللاق و شکۆی دەشکا. شکۆشکاندنەی هاری کردبوو. وای لێ ما، نە شەللاق ما، نە ئامۆژگاری ما، هیچ نەما لەگەڵی نەکرێت وازی نەهێنا. کاتێکیش کۆشکی جێ هێشت و هەڕەشەی کرد، من بۆ خۆم

هەڕەشەکانم بە گاڵتە وەرگرت. کەچی میری گەورە پێی گوتم:
"پیاوە بێ باکەکان، هەموو شتێکیان لە دەست دێت، جگە لە کاری مەردانە.
لە کەسێک مەترسە مەرد بێت. کەسی مەرد دوژمنیشت بێت، کاری نامەردانە ناکات، وەلێ کەسێک نامەرد بوو، برایشت بێت وەک ئەم برایەی ئێمە لێی بترسە، چونکە کاری نامەردانەت بەرامبەر دەکات"
قسەکانیم بە هەند وەرنەگرت، وام دەزانی ڕقی لێیەتی بۆیە وا دەڵێت. لەم دواییەوە تێگەیشتم قسەکانی ڕاست بوون. کە ئەو چوو، دوای ئەو یەکسەر لە ڕێگەی نامەیەکەوە، کە یەکێک لە بازرگانەکانی شارەکە گەیاندی، داوەتی عەجەمەکانی کرد و خۆی و میرنشینەکەی تەسلیم کردن. ئەو شەوەی نامەکەی نارد، تا بەیانی نەخەوت و لە قەراخ حەوزی حەوشەکە دانیشتبوو، تووتنی دەپێچایەوە و جگەرە لە سەر جگەرە دەیکێشا. وات هەست دەکرد نامەی مردنی ناردوە. هێندە لە دڵی گران بوو، شێوەی قسەکردنیشی گۆڕابوو. تا دەهات توورەبوونەکانی زیاتر دەبوون. ژیانی ناو کۆشک تەواو ئاڵۆز بووبوو. لە لایەک هەستی بە شکست دەکرد و لە لایەک هەستی دەکرد، هەڵەی زۆر گەورەی کردوە. کە زەردەخەنەیەک دەکەوتە سەر لێوانی، بە دەنگێکی پڕ لە خەمەوە دەیگوت:
"دەلال
چیمان لە خۆمان کرد؟
نەدەبوو ڕێگای بدەم بڕوا. نەدەبوو بهێڵم هەناسە بدات. کەسانێک هەن، تا زووتر بیانێری بۆ گۆڕستان، ژیان ئارامترە. نەدەبوو نامە بۆ عەجەمان بنێرم، دەبوایە چاوەڕێ بکەم، وا بمێنینەوە تا بێتەوە چی پێ خۆشە بیکات. کێ دەڵێت دێتەوە؟ نازانم. کەسیش ئەوە نازانێت. من هەڵەم کرد... من هەڵەی زۆرم کرد... نەدەبوو وا بکەم"
بەم گلەییانە ئاگرەکەی ناخی خۆی دا دەمرکاندەوە و وەک

Scanned by CamScanner

تۆپەکارێـک لە بەردەم قەشـەیەک دا بێت، ئازار و بیمارییەکەی ناخی بە خۆسەرکۆنەکردنەوە هەڵدەڕشت. خەمی بوو میرنشینەکە بە دەست عەجەمانەوە هیلاک دەبێت. هێزێکی وایشمان نەبوو، دوای هاتنەکەیان دەریان بکەینەوە، تازە هاتن و ناڕۆنەوە. لە بەر خۆوە دەیگوت:

چـۆن دەزانـم ئـەو خودایە گیانی منی بەدەسـتـە، ئاوایـش دەزانم رووبەڕووی شەڕ بووینەوە جێمان دەهێڵن و بێ کەس لێرە دەمێنینەوە. قسـەکانی ڕاست دەرچوون. چی گوت، هاتە دی، مەڵێ برای خۆیەتی ستاییشـی دەکات، قسـەکانی وەک بـەردی تاشـراو بـوون. زەریـف بیری دەکردەوە. نازانم بۆچی ئەو هەموو شـتانەی دەزانی، پێشـووتر نەخشەیەکی نەبوو، تا ڕێگری لەم کارە بکات؟ نازانم بۆ وای کرد؟ بۆ بڕیاری تەسـلیمکردنی شـارێکی بە بێگانەکان بە لاوە ئاسانتر بوو، لە لەناوبردنی کەسێکی نزیکی خۆی.

من لەگەڵ کوشتنی براکانم نەبووم. وەلێ لەگەڵ ئەوە بووم، کۆتایی بەم شەڕە بێت، تەنانەت بە مەرگی خۆیشم بێت. ژیانمان یەک پارچە دۆزەخ بوو. دۆزەخێک باس ناکرێت. لەوانەیشە دووعایەکمان لێ کرابێت کە خۆمان سەری خۆمان بخۆین، بۆیە نەبووین بە هیچ. کۆشکەکەمان لـە دەرەوە جـوان بوو، لە ناوە یـەک پارچە ئاگـر. ڕۆژانە یەکێکمان دەسووتا و ئەوانی ترمان سەیرمان دەکرد.

کە ڕووداوەکانی پێشووی بۆ دەگێڕامەوە، بە چاوەکانی دا فرمێسکی پاک دەهاتە خوارەوە. ئەو کوڕەی جاران جێی شانازیی بوو یەکێک لە تەنیشتیەوە بوەستێت، ئێستا لە ترسی مەرگی خۆی، خۆی لە هەموو شتێک دەشاردەوە. هێندە تامەزۆری دانیشتن بوو لە بەر هەتاو، باس ناکرێت. دەیزانی قسەکان و فرمێسکەکانی دڵی منیشی تەنگ کردوە، دەسـتی دەخستە سـەر شـانم و وەک هەموو خەڵکی تر ناوی خۆمی نەدەهێنا و پێی دەگوتم:

دۆستی من، کوڕی پینەچییەکە

دەستەکانت بۆنی گوڵاو
دەستەکانت پڕ بن لە بزمار خۆشترە لەوەی دەستەکانت بۆنی گوڵاو
بدەن و دوور بێت لە ڕووناکییەوە. دەمێکە دەمەوێت بێمە سەر سەکۆی
هەیوانەکە و تێر بە کامی دڵ خۆم بدەمە بەر هەتاو ناتوانم. تۆ چەند
خۆشبەختیت، دیل نیت. نەفرەت لەو دەسەڵاتەی، مرۆڤ دیل دەکات.
ئێمە دیلی خۆشبەختییەک بووین، نە خۆشبەختی بوو بۆ خۆمان
نە خۆشبەختی بوو بۆ کەس. لە سەرەتاوە دیار بوو خانوەکە زوو
دەڕووخێت، خانوێک بناغەکەی ڕزیبێت، تەمەنی درێژ نابێت. ئێمە
ماڵەکەی خۆمان پێ چاک نەدەکرا و دەمانویست مەملەکەتێک چاک
بکەین. مەملەکەت بە کەسێک چاک دەبێت، چاکە لە خۆیەوە دەست
پێ بکات. گلەییەکانم نائومێدیی میرێکی بچکۆلە نیین. ڕاستییەکە
دەبوایە کەسێک هەبێت بۆی بگێڕمەوە. پێش وەی تۆ پەردەکە لا
بدەیتەوە و چاوت بەم دیلە بکەوێت لەم ژوورە دا، کەسێک نەبوو
خەمەکانی خۆمی بۆ باس بکەم.

گەر بە باشی بیستبێتت، کاتی هەڵگیرسانی شەڕەکە، دەمەو
ئێوارە بوو سوپای تورکی هاتنە ناو شار. کۆشکە گەورەکەی میر، لە
گۆڕستانێک دەچوو، ڕێک وەک گۆڕستان. بۆ ئاخر جار ڕووخساری میر
خاتوونم بینی، زەرد هەڵگرابوو دەستی شازادەی گرتبوو. بە بینینیان،
بە تەواوی دڵم کەوتە خوارەوە. ڕووخسارە زەرد و شێواوەکەیان، بانگی
مردنی دەکرد. نازانم بۆچی لەو ڕارەوە دا، لە و حەشاماتە دا، ڕووخساری
وان سەرنجیان ڕاکێشام. نازانم بۆچی میرنشینەکەم لەو ڕووخسارە دا
بینی. دونیاکەم زوو تێک چوو، زۆر زوو. کە تێک چوو، هەر کەسە و
لە خەمی خۆی بوو. گەورەمان کەس نەی دەزانی لە شەڕەکان کوژراوە
یان گیراوە، یان لەگەڵ عەجەمان ڕۆیشتوە. لە ناو کۆشک دا تەنها باس
باسی ئەوە بوو یەکیەک و دوودوو کونێک بدۆزنەوە و خۆتی پێدا بکات.
هەموو ئەوانەی لەوێ بووین دڵنیا بووبین میری نوێ بە داخێکەوە
گەڕاوەتەوە، پێش بژارکردنی زەوییەکە، حەوشی ماڵەکەی خۆی بژار

دەکات. مرۆڤ کە بە برینەوە گەڕایەوە، دەست بۆ هەر شتێک ببات، بریندار دەکات. گیانەوەرێک لەم سەرزەمینە نییە، هێندەی مرۆڤی بریندار مەترسیدار بێت. پێش بینینی، پێش هاتنە ناو شارەکە، پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە، چاوە سوور و پڕ لە خوێنەکانی لە پێش چاوم بوون. لە پێش چاوم بوو، کە چۆن دێتە ناو حەوشەکە و دەنەڕێنێت و تینووی خوێنی سەری هەموومانە. ئەو ساڵانەی لەو حەوشەیە شکۆی شکاوە، شکۆی هەموو ئەوانە دەشکێنێت، ڕۆژێک چاویان لە شکانی شکۆی بوە. بیرم لە زۆر شت دەکردەوە. یەک دوو جار چرپاندم بە گوێی میر خاتوون دا، لەگەڵ شازادە لەگەڵ من بێن، نەهاتن. دیار بوو شوێنی تریان بۆ خۆیان دانابوو، یان لەوانەیە شێواوییەکەیان سەری لێ تێک دابن و بیریان لە خۆیان نەکردبێتەوە و لەگەڵ ڕووخانی میرنشینەکەیش دا ناخ و هۆشیان بە سەر یەک دا ڕووخابێت. براکەم شەڕ ڕووی کردە هەر شوێنێک، پێش ڕووخاندنی شوێنەکە، ناخی ژنەکان دەڕووخێنێت. ناخی ژنەکان بەستراوە بە ئارامییەوە. کە ئارامی نەما، ناخی ژنیش خاڵی دەبێتەوە.

کە لە دەرگا هاتمە دەرەوە، تاقە کەسێک بیرم لێ کردەوە، نهێنییەکانی خۆی بپارێزێت و تا مردن دەست لە بڕواکانی خۆی هەڵنەگرێت، سۆنەی جوولەکە بوو. تۆ نازانیت شتەکان چۆنە تا ڕووبەڕوویان نەبیتەوە. بازرگانانی ئەم مەملەکەتە دەناسم... لەتەکیان دانیشتووم و مامەڵەم لەگەڵ کردەوە. لەو چەند ساڵەی مامەڵەم لەگەڵ کردن، بەس ئەم پیاوە بڕواکانی خۆی نەخستە ناو بازرگانییەوە، ئەوانی تر، مەبەستم هەموویانە، مامەڵەیان بە هەموو شتێکی خۆیان دەکرد، لە پێناو دەستکەوتی قروشێک دا. بازرگانێک بڕواکانی خۆی نەخستە مامەڵەوە، بازرگانی ڕاستەقینەیە. ئەم پیاوەی من لە ماڵەکەیم و بوەتە پەناگەی من. تاقە بازرگانی شارەکەیە، بێ ترس ڕووی تێ بکەیت. چیرۆکی زۆر لە ناخی دایە دەری نەبڕیوە، من تەنها چیرۆکێکی

بچووکم. ڕۆژێک دێت، تێدەگەییت مرۆڤ نهێنی لە ناو خۆی دا نەهێڵێت و چی لە ناخی دایە بیهێڵێت، زەوی دەبێت بە ئاگر. خۆشە بەردەوام کەسێک هەبێت، بە پەناگە و سێبەری خۆتی بزانیت. دەی لەم شارە کەسێک هەیە پەناگەی ئێمەیە.

Scanned by CamScanner

# نەنە پوونە

زۆر جـار سەرپۆشـێکی سپی دەخسـتە سـەر سـەری و لـە ژێر سەرپۆشـەکە دا، تاڵە سـپییەکانی بەم لا و ئەو لای تەوێڵی دا شـۆڕ دەبوونەوە بۆ خوارەوە. کەوایەکی درێژی ڕەش لە بەر دا و، تەزبیحێکی ڕەشـی درێژ لە مل دا بوو. تەزبیحەکەی کاتی خۆی، شـارۆی بازرگان بۆی هێنابوو. لە یەکێک لە گەشـتەکانی بۆ حیجاز، لەو سـەرەوە لای دووکاندارێکـی سـەر ڕێگای حیجـاز تەزبیحێکی بۆ کڕیبـوو، بە ناوی پیرۆزییەوە بەخشی بووی بە نەنەم. نەنەیشم ماچی دەکرد و دەیخستە سەر چاوە بچووک و تەوێڵە کورتەکەی و دووعای دەکرد.

بـەردەوام بە دەم لێو جووڵاندن و دانەدانەکردنی تەزبیحەکانییەوە، سـەڵاواتی دەدا، سـەڵاواتەکانی، هێندە میهرەبانانە بوون، دڵی مرۆڤی وا لـێ دەکرد، بە خۆی بڵێت: بەم سـەڵاواتانە نـەرم نەرم دەرگاکانی بەهەشت دەکرێنەوە. لە سەر حەسیرە بە قامیش چنراوەکە دانیشتبوو. سەرنجم دەدا. هەتا زیاتر لێی ورد دەبوومەوە، ئارامتر دەبووم. هەڵسام لـە مەرکانەی تەنیشـت کۆڵەکەی هەیوانەکە، جامێک ئـاوم بۆ برد و فەرمووم لێ کرد:

- دەستت خۆش بێت، کەسەکەم.
- عافێتت بێت نەنە گیان.

بە گوتنی گیانەکە، سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەکی خستە سەر لێوە باریکەکانی. کاتێک زەرەخەنەی دەکرد، چرچیی پشـت لێوەکانی پـڕ دەبوونەوە و شـوێنی خەتێکی سـپییان لێ دیار بـوو. ئەم جارە

دەمویست نهێنیی تری لێ بزانم. نهێنییەک نە پەیوەندیی بەم شارەوە هەبێت، نە بە باپیرمەوە. دەمەویست لە بارەی خۆیەوە قسەم بۆ بکات. پێش کردنەوەوەی باسەکانی باپیرم و شارەکە، ڕای بکێشمە ناو ژیانی خۆیەوە.

- نەنە: تۆ بە بیرت بێت یەکەم جار ماڵتان لە کوێ بوو؟

چووزانم، لە کوێرەدێیەکی سەر سنوور.

- ئەی نەت خوێند؟

ڕۆڵـە لە سـەردەمی ئێمە خوێندن زۆر زۆر کەم بـوو، هەیش بوایە دەبا شـارە و شـار بڕۆیت. ئیشی کچان نەبوو بخوێنن... ئیشی کوڕان بـوو. لە ناو کوڕانیـش دا زیاتر کوڕی خوا پێداوەکان دەیانخوێند. کێ حەنجـەی بـە خوێند بوو ببێت بە مەلا بە کاسـەی ماڵان خۆی بەخێو بـکات. خەڵک جوتیاریـی دەکرد، باخەوانیی دەکرد، لە خەمی قوتێک نان بوو، هەی هوو.

- ئەی براکانت، باوکت چی؟

دانیشە ڕۆڵە، با یەک دوو حیکایەتت بۆ باس بکەم. ئێمە نە هەژار بووین، نـە دەوڵەمەند... یانی بە بەشـی خۆمـان ڕازی بووین... من کچێکی باریکەلەی سپی ڕەنگ... ماڵی ئێمە و حەوزی ژنان زۆر دوور نەبوو. تا ئەو کاتەی باپیرتم ناسـی، ئەوەنـدە دوور نەکەوتوومەتەوە لە ماڵی خۆمان، باسـی بکەم. حەوزی ژنان دوا شـوێنی من بوو. نەک لەبـەر ئەوەی نەیان دەهێشـت، لەبەر ئەوەی گونـدە کاولبوەکە، هەر ئەوەندە بوو، لەم سەرەوە بانگی کەسێکت بکردایە لەو سەرەوە گوێی لێ بوو. جارجارە باوکم، بە ڕەحمەت بێت، دەچوو بۆ شار، شەکر و چا و کەلوپەلی پێویستی دەهێنا. لەو تووتن و گەنم و پاقلە و نۆکەی، لە ڕێگەی زاریعەکانییەوە دەیکردن، بەشی پێداویستیی خۆمانی دەکڕی.

ئێوارەیەک باوکم لە سـەر تاشـەبەردەکەی بەر ماڵ دانیشـتبوو. لە دوورەوە سـێبەری ڕێبوارێک دەرکەوت. باوکم خۆی ئاسـا، هاواری لێ

جوانه. میوانەوه به ماڵ بکه، ئێمه له ڕوو
کرد: هۆ کاکی ڕێبوار، ڕوو لە ئێمە بکە، ماڵ بە میوانەوە جوانە.
ڕێبواریش هات... گەنجێکی قیتی جوانکیله... تێشوێک بە کۆڵییەوە...
لە تەنیشت باوکم پاڵی دایەوە و منیش جامێک دۆم بۆ برد. کە لێوی
نا بە لێوی جامەکەوە، لە ژێر چاوەوە سەیرێکی کردم. چاوە تیژەکانی
چەقینە دڵم. ڕێبوارەکە باپیرت بوو کوڕم. ئەلیساس بوو ئەلیساس.
خودا بمسووتێنێت درۆ بکەم، دڵم خێراتر لێی دەدات. یەکەم جارم
بوو پیاوێک ببینم، یەکسەر بچێتە دڵمەوە. تا ماستاوەکەی خواردەوە،
خەریک بوو دڵم دەر بێت... هێزم تێدا نەما. کەمێکی تر بوەستامایە،
باوکم هەستی دەکرد شتێکمە. کاتێک خواردییەوە و سمێڵە ڕەشەکانی
چەقیبوونە ناو ماستاوەکە، دەتگوت تاڵی سمێڵەکانی بە ناو گیانی
من دا دەچەقن. کە لێی تێر بوو، دەستێکی بە سمێڵەکانی دا هێنا
و هەر بە چاوە قورسەکانی سەیرێکی کردم و دەستخۆشییەکی لێ
کردم. ئەو دەستخۆشییە جوانترین دیاری بوو بۆ من. لە ماڵی ئێمە
بە هۆی دڵفراوانیی باوکمەوە، دایمی خوا میوان حازر بوو. هەموو
میوانێکیش شتێکی دەدەیتێ دەستخۆشییەکت لێ دەکات، کەچی
هیچ دەستخۆشییەک وەک دەستخۆشییەکەی ئەلیسا، دڵی منی خۆش
نەکرد. حەزم دەکرد زوو زوو شتێک ببەم، زوو زوو سەرێک بدەم تا
قسەیەک، چاوتێبڕینێک لە بەینمان دا ڕوو بدات. من چۆن بووبووم بۆ
ئەو، ئەویش وا بوو بۆ من. قسەی زۆری ناوێت کوڕم، چیرۆکی ژیانی من
لەگەڵ باپیرت دەست پێ دەکات، پێشووتر ماڵەوە، ئیشکردن، چوون
بۆ سەر گەنمەجاڕەکان، سەر کانی. دانیشتن بە دیار قووتیلەیەکەوە تا
خەوت لێ دەکەوێت. ژیانەکەی من وا بوو. باپیرت هات گۆڕی. بردمی
بۆ شاران، بردمی بۆ باخ و گەڕان. دەستی خستە ناو ژیانم و یارمەتی
دام جێگای خۆش ببینم. تەنها یەک ئاواتم نەهاتە دی، حەزم دەکرد
پێش مردنی بمبات بۆ حیجاز. کەچی دەیگوت بۆ کوێ دەچیت پوونە؟
بۆ ناچیت دڵی هەزارێک خۆش بکەیت... بە خودا دڵی هەزارێک خۆش

بکەیت، باشترە لە چوونت بۆ حیجاز.

دەی ئیتر وا بوو.

- باشە نەنە گیان. شتێکە نییە باسی بکەی؟

- نە بە چاوی کوڕی خۆم. نازارەکەم لێ بسەنێت، گەر درۆ بکەم. ئەوە هەموویەتی. سەر خڕ گیان، نەنەت وا ژیاوە، نەنەت بە بێ نەلیاس، تامی ژیانی نەکردوە.

Scanned by CamScanner

# ڕۆیشتنەکەی بانخان

کە ئاژاوەکان زۆر بوون، شتێک نەما دوو براکەم پێکەوە کۆ بکاتەوە. هەر یەکەیان بۆ لایەکی ڕادەکێشا، هەر چەند هەوڵمان دەدا لە شوێنێک بوەستن، سوودی نەبوو. دۆستم کوڕی پینەچی، دەردی ناو کۆشکەکان لە هەموو دەردێک سەختترە. ماڵەکانی ئەو بەر لەم پەنجەرەوە سەیریان دەکەم و بەخیلی بە ژیانە سادە و جوانەکەیان دەبەم. ئەو دڵتەنگییەی لە ناو کۆشکە گەورەکانە، لە هیچ ماڵێکی تر دا نییە. مرۆڤ کاتێک چوە ناو کۆشکێک و خۆی بینییەوە، خەڵکی تر لە دەوروبەری دان، جوانییەکانیش لە پێش چاوی نامێنن. جوانی لە چاوی کەسێک لە ناو کۆشکەکان دا دەژی، ئەو جوانییە نییە لە بەر چاوی کەسەکانی دەرەوەی کۆشکەکانە. تۆ ئەمە نازانیت، تۆ کوڕی پینەچییەکی و ئەو شتانەت نەبینیوە و دڵنیایشم دەرکیان پێ ناکەیت. دڵخۆش کەسێکە، نایەوێت کۆشکێک بکاتە قەفەزی ژیانی. کاتێک ئارەزووەکان زۆر بوون، خۆشەویستییە ڕاستەقینەکە بار دەکەن. کۆشکەکەی ئێمە هەموو شتی لێ بوو، جگە لەو خۆشەویستییەی مرۆڤ بۆ براکانی، بۆ خوشکەکانی، بۆ کەسەکانی هەیەتی.

کە چوویتە ناو کۆشکی دەسەڵاتەوە، دەبێت لە بەر دەرگاکە ڕۆحە پاکەکەت فڕێ بدەیت. بتەوێت ڕۆحت بە پاکی بمێنێتەوە، نابێت بکەویتە شوێن ئارەزووەکانت. لە ناو کۆشک دا، ڕووبەڕووی کەسانێک و ڕووداوگەلێک دەبیت، ڕۆحت کاڵ دەکەنەوە. ئاژاوەی ناو خێزانی ئێمە، بوە برینێک بە سەر گیانی هەموومانەوە. دۆخەکە تا دەهات خراپ و

خراپتر دەبوو. لە هەمووی ناخۆشتر، دەبوایە کاتی نانخواردنێک لە سەر سفرەیەک پێکەوە دابنیشین و دەمامک بکەین، تا لای دەوروبەرەکانمان وا پیشانی بدەین، هیچ ڕووی نەداوە. بەیانییەک لە دەوری سفرەکە کۆ بوویووینەوە، تەنها کەسێک لە نێوانمان دا نەبوو، بانخانی برامان بوو. نە کەس دەیوێرا بپرسێت لە کوێیە، نە کەس وا خۆی پیشان دەدا، لە ناومان دایە. لە نیوەی خوانی بەیانی دا، وەک زەنگی کلێسایەک لە پەنای گوێت دا بێت، دەنگی دایکم بەرز بووەوە، هەر کە ناوی بانی هێنا، هەمووومان ڕاچڵەکین. کە دایکم پرسیاری کرد:

_ کوا بانخان؟

میری گەورە هەناسەیەکی هەڵکێشا و سەیرێکی دایکمی کرد. لە وەڵامەکەی دەترسام و چاوەڕێی شەڕێکم دەکرد. ئەمما دەمزانی میری گەورە لە ڕووی دایکم دا قسەی نابەجێ ناکات و نایەوێت دڵی دایکم گەرد بگرێت. میر بانگیناندەکەی کرد و هەواڵی پرسی تا دڵنیاییەک بداتە دایکم. ناندەکەیش بە ستاییشێکەوە خۆی چەماندەوە و گوتی:

- هەر ئێستا بانگی دەکەم.

ڕۆیشت و پاش کەمێک گەڕایەوە. لە بەردەم میر دا خۆی چەماندەوە و لە ژێر لێوەوە چرپاندی بە گوێی دا لە ژوورەکەی خۆی نەبوە و نامەیەکی بەجێ هێشتوە!

خۆی ئاسا، نامەکەی کردەوە. پاش کەمێک ناوچاوانی گرژ بوو. بێ هیچ خۆ شڵەژانێک، گوتی:

- ڕۆیشتوە!

نامەکەی دایە دەستی من، سەیرم کرد نووسرابوو:

سڵاو لە کەس ناکەم جگە لە دایکم.

من بە ئێوە نامۆم. هەموو ئەو شتانەی کردم، بۆ ئەوە بوو، هەست بە نامۆیی خۆم نەکەم. ڕۆژبەڕۆژ مەیلم بەرەو ئەوە دەچوو، کە من کەسێک نیم لە ئێوە. مرۆڤ کە شکۆی شکا، ژیانێک نامێنێت بۆی

Scanned by CamScanner

بژیت. ژیان شکۆیە، لەگەڵ شکاندنی دا دەمرین. من لە ئێوە نیم، بە چاوی ئێوە، لەم دونیایە دا، خراپترینی خراپەکان هەبێت، لە سەرووی هەموو خراپەکانەوەم.

نازانم چاکە و خراپە چییە. بەس دەزانم، بۆ ئەوەی لەوان نەچیت، پێویستە کارێک بکەیت خۆت باوەڕت پێەتی نەک بە باوەڕی کەسانی تر کارێک بکەیت، پێچەوانەی بڕواکانی خۆت بێت. بە بڕواوە دەڵێم، کارانێکم کردوە خۆم باوەڕم پێی بوو نەک ئێوە.

دەڕۆم، باش بزانن دێمەوە، بە جۆرێک دێمەوە شتەکان گۆڕابن. ئەو ڕۆژانە کۆتاییان هات، ئێوە پێکەوە شکۆی منتان دەشکاند، ڕۆژانێک دێن من بە تەنیا، شکۆی ئێوە دەشکێنم. سەیری لا ڕەش و سووتاوەکەی سەر ڕووخسارم بکەن، جوان سەیری بکەن، ئەگەر ئەم میرنشینەم وەک ئەو لا سووتاوەی خۆم نەسووتاند، با دونیا هەر بۆ ئێوە بێت. چ دەردێک لە دڵی من دایە، قەترەقەترە دەیخەمە دڵی هەمووتان. کەس بڕیار نادات، دەبێت ژیان بە دەست ئەو بێت. هەر کەسە و بۆ خۆی ژیانێک هەڵدەبژێریت. ئەو کاتانەی هەستم بە تەنیایی لە ناو ئێوە دا دەکرد، ئەوەیشم لە پێش چاو بوو، ڕۆژێک دێت ئێوە هەست بە تەنیایی دەکەن لە ناو ئەم دونیایە دا.

ئایندەی شتەکان لەم سەردەمە دا، وەک خۆتان دەڵێن بۆ چاکەکەران نییە، بۆ خراپەکەرانە. با وا دابنێین خراپەکاران سەرقافڵەکەیان منم. دێمەوە و شارێک و میرنشینێک درووست دەکەم، میر نشینێک لەوەی ئێوە نەچێت. ئەمە ژیانە و شەڕە، تەنها ئازاکان شەڕ دەبەنەوە. تۆ هەی میر هودار، لەگەڵ تۆمە، خۆت ئامادەکە لەم نزیکانە تۆفانێک ڕووت تێ دەکات، چیت درووست کردوە دەبێتە هی من. مێژوو بە کرێکارەکان نانووسرێتەوە، بە شەڕکەرەکان دەنووسرێتەوە. خۆت زۆر بە ژیر دەزانیت، ژیری بەرامبەر خەنجەرێکی تیژ، گەمژەییە. خەنجەری تیژ، بە خەنجەری تیژتر وەڵام دەدرێتەوە. دەست لە عەقڵت هەڵگرە و

خەنجەرەکەت تیژ بکە، تا بێمەوە.

باقی وەسەلام.

ئای خودایە، چ نامەیەکی هەڕەشە ئامێز و سەخت بوو. کە دەتخوێندەوە، وات دەزانی نانەکەی بەیانی تەواو ناکەین و بە خۆی و لەشکرێکی بێگانەوە دەدات بە سەرمان دا. دڵم کەمێک تەنگ بوو. لەگەڵ دڵتەنگییەکەی خۆم دا، دەرکم بە هەناسەتەنگی میری گەورە کرد. چاوی دەگێڕا و کەمێک بە قورسی هەناسەی دەدا. بیری لە ڕووداوێک دەکردەوە. لەوانەیشە بیری لە هیچ نەکردبێتەوە و پەشیمانییەکانی خۆی هاتبنە خەیاڵییەوە... تازە قەوما... بانخان ڕۆیشت و ڕۆیشتنەکەیشی بۆ ئەوەیە بگەڕێتەوە کۆشکە بە سەرمان دا برووخێنێت، پێکەوە تەڕووشک بوستێنێت. کەسێک لە نێوان خێزانەکەمان دا ڕۆژبەڕۆژ خەمبارتر و بێدەنگتر و لاوازتر دەبوو دایکم بوو. دایکم تا دەهات دەپووکایەوە. تەماشای دەستەکان و ڕووخساریت دەکرد، یەک دوو چڵ ئێسقانی مابوو... تەواو گرمۆڵە بوو... مەراقێک لێی دا... نانەکەی پێ نەخورا و بە لەرزەلەرز هەڵساو جێ هێشتین. جێهێشتنی دایکم لە سەر سفرە، ئەوپەڕی تووڕەبوون و ناڕازیبوونی بوو. قەت ڕووی نەداوە، دایکم لە سەر سفرە هەڵبسێت، تا هەموومان لە نانخواردن نەبینەوە. دوای هەڵسانەکەی دایکم، لە سەر نوێنەکەی لە هۆدەکەی پاڵ کەوت، تا ڕۆژی مردن نەی توانی هەستێتەوە. لەگەڵ ڕۆیشتنی بانخان دا، دایکیش ڕۆیشت.

لە تۆ دەپرسم دۆست...

تۆ لە ماڵێکدا بژیت، ئەمە حاڵی بێت، با هەموو دونیاش هی تۆ بێت، بە کەڵکی چی دێت؟

– تا ئێستا بیرم لە ماڵێکی لەو جۆرە نەکردبوەوە. من لەم دیوی دیوارەکان و ناو حەوشەکەی کۆشکم دیبوو، یەک جاریش چووبوومە

دیوەخانەکەی میر. فریووم بە جوانیی کۆشکەکە خواردبوو، بێ ئاگا لەوەی لە ناو جوانییەکان دا، ئازارێک هەیە... بۆ من خۆشترین و ئارامترین شوێنێک بوو، دیبێتم. وای لە ناو ئەو کۆشکە جوانە دا، چ عەزابێک هەیە. چووزانی، خۆ کێ دەزانێت لە ناو شتە جوانەکان دا، برین نییە. هەر وا لە دوورەوە خەمم پێ دەخوارد و ئاواتەخواز بووم یەکێک بم لەوانەی ناو کۆشکەکە بم. کاتێک گوێم لە چیرۆکەکانی دەلالی میرزادە گرت، لە خەونەکەم پەشیوان بوومەوە. تا دەهات زیاتر بڕوام بە خۆم دەهێنا، خۆشیی ژیان و چێژی ژیان مەرج نییە لە ناو شوێنە خۆشەکان بن. تیمساح چێژ لە زەلکاو دەبینێت. بۆقەکان لە زەلکاوەکان دا مەیلی گۆرانی دەکەن. دەکرێت لە شوێنێک بژیت، زەلکاو بێت و دڵخۆش بیت. دەیشکرێت لە باخێکی جوان و کۆشکێکی گەورە دا بیت و غەمگینترین و نائارامترین کەس بیت. ڕووداوەکانی ناو کۆشکەکەی میری گەورە، کە ئێستا گوێم لێیان دەبێت، بەسن بۆم تا تێ بگەم، لەو دیوە دیوارە بەرزەکانەوە چ خەنجەرێک بە ناو دڵەکان دا کراوە.

هیچم نەوت، لە هەوای پەشیمانبوونەوە دا بووم. تەماشایەکی دەلالی میرزادەم کرد و سەرێکم بۆ لەقاند. یانی ڕازیم بە قسەکانت و تۆ ژیانت زۆر لە من تاڵترە. ڕاستە کوڕی پینەچیم و نەسەبم دەچێتەوە سەر پینەیەکی دڕاوی پێڵاوێک، بەڵام لە تۆ خۆشبەختترم، کە وەک میرزادەیەکی نازدار لە ناو کۆشێک بوویت.

# ٢

ئارەزوو، براکان دەکاتە دوژمن و
دوژمنەکان دەکاتە برا.

Scanned by CamScanner

# سەردەمی میری نوێ

سەردەمی میری تازە، سەردەمی گەورە بوونی من بوو. لەو سەردەمە دا بە خەوشەکانییەوە، خانەقای تازە دروست راو تاقمێک زانای نوێ یان لە شارەکە کرد. لەگەڵ هاتنی میری نوێ، بڕیاری دا، کۆمەڵێک ڕوویان زانا و کۆمەڵێک جوولەکەی تر بهێنێتە مەملەکەتەکەوە، بە قەولی خۆی، تا زانست و بازاڕ گەشە بکەن. جوولەکەکان ڕوویان بکردایەتە هەر شوێنێک، ئیدی ئەو شوێنەیان دەکردە جێی بازرگانی. دیار بوو میر لە قوستەنتینیە سوودی لەو شارە دیبوو، بۆیە بانگی کرد بۆ ئێرە. زۆری نەبرد تێگەییشتین قسەکانی و هێنانی ئەم کەسانە، بۆ مەبەستی خۆی بوە و بەم ڕووکەشییەی دەیەویست کارە چەپەڵەکانی بشارێتەوە.

سۆنەی جوولەکە بە بۆنەی هاتنی تاقمێک جوولەکەوە، هێندەی تر پلەوپایەی کۆمەڵایەتیی بەرز بووەوە. زاناکانیش کە لە شاری سەمەرقەندەوە هاتبوون، چەندین زانستی جیاجیان لەگەڵ خۆیان دا هێنا. لەوەتەی من بیرم دەکەوێتەوە، پاش ماوەیەک شەڕ و قەڵاچۆکردنی دەستەودایەرەکەی میری کۆن، سەردەمی میری نوێ، باج و خەراج لە سەر خەڵک کەمی نەکردبوو، بەڵام خەڵک کەمێک حەوا بوەوە و شاریش لە جاران گەورەتر بوو.

ئێوارەیەک لەگەڵ فەقێیەکی هاوڕێم، پێکەوە سەیری حەوزی ماسییەکانمان دەکرد. هاوڕێکەم، ئازاری کەسێکی دابوو، ئازارێک ئێشەکەی دەگەییشتە من، بەڵام هیچ کات بڕوام بەوە نەدەکرد،

تاریکییـەک لە ناخی هاوڕێکانمـان دا هەبێت لە خەنجەر خراپتر بێت. سـەرەوەختێک دەرک بەو دڕندەییەی تەنیشـتمان دەکەین، ڕووداوێک ڕووی دابێت، کە ڕووداوێک ڕووی دا، ئەوسا حاڵی دەبین، لە ناو هەموو مرۆڤێـک دا منداڵێک و دڕندەیـەک هەیە، درووود بۆ ئەوانەیان دڕندەکە وەخەبەر ناهێنن. من دوای ئەو ئازارە خولیایەک دای لە سەرم، خولیای گەڕان بە شـوێن مرۆڤ دا، یانی بزانم مرۆڤ چییە لەم سـەرزەمینە؟ هەستم دەکرد، لە حوجرەکان دا، خولیاکەم نادۆزمەوە. بۆ تاریکییەک دەگـەڕام لە مرۆڤ دا بوونی هەیـە و لە خەیاڵم دا کەڵکەڵەی دەکرد. بە هۆی خوێندنیشـەوە زۆر شـوێنم دەدی، لەم خانەقاوە بۆ خانەقای تر، شوێنی زۆر گەڕام، هیچیان تروسکاییەک نەبوون، تا من لە مرۆڤ نزیک بکەنەوە. ئەمما لە شارەکەی خۆم دا، دێوانەیەک هەیە! دێوانەیەک کەمترین کاتی لەگەڵ مرۆڤەکان و زۆرترین کاتی لە شوێنە چۆڵەکانە. دەبوایە بکەومە شـوێن دێوانەکە، تا سەرەداوێک لە بارەی ژیرەکانەوە بزانم. دێوانەیەک، بە نێو کووچە و کۆڵانەکانی شار دا دەگەڕا. خەڵکی گاڵتەیـان پێ دەکرد، بەردیان تێ دەگـرت. هەر جارێک گاڵتەیان پێ بکردایـە، دیوانـە غەمگین دەبـوو! هەر جارێک بەردیـان تێ بگرتایە، دێوانە بێدەنگ دەبوو! ئازاردان بەشێکی بەردەوامی ژیانی دێوانە بوو، بۆیە کاتێ ئازاردانی بە نێو کووچەیەک دا دەڕۆیشت، مرۆڤی لێ نەبێت و بە دەنگێکی بەرز، بە ئاوازێک جیاواز لە ئاوازی دەنگی مرۆڤ، لەگەڵ کۆڵانە چۆڵ و دەرگا داخراوەکان دا دەدوا:

"من
بەردهاوێژەران ئازارم پێ ناگەیەنن،
ئازار لە دەرەوە نییە، لە ناوەوەیە!
برینەکەی من لە ناخم دایە، کێ دەتوانێت ئەو برینە بکولێنێتەوە؟
ئێوە کەستان ناتوانن. بەردەکانتان هەڵبگرن، بە دڵی خۆتان بیوەشێنن، بـەس زمانتان دابخـەن. زمانتان ئـازاری زۆرە. برینێک، زمانی مرۆڤ

دروستی دەکات، سەختتر و قووڵترە، لە برینێک خەنجەرێک دروستی دەکات. برینی ناوەوە، ئازاردەرترە لە برینی سەر ڕووی جەستە. هەر کەسێک ناوەوەی بریندار بوو، باکی بە برینەکانی دەرەوە نییە. خاوەن ژیرییە ڕاستەقینەکان، بێدەنگییەکت تێ بگرێت، ئازاری زۆرترە لە تاشەبەردێکی دەستی گەمژەیەک. کەسانێک زۆرترین بەرد دەهاوێژن، ژیرەکان نین، گەمژەگانن... مرۆڤی ژیر ناچەمێتەوە بەردێک هەڵبگرێت، تا ئازاری کەسێکی پێ بدات... مرۆڤی ژیر بۆ بەرد ناچەمێتەوە، بۆ ژیریی دەچەمێتەوە"

گوێ بگرن دیوارەکان، قسە بۆ مرۆڤەکان ناکەم، گوێی مرۆڤەکان نووستوە. گوێ بگرن بەردەکان، لە مرۆڤ نەرمتر.

"من

گاڵتەپێکەران ئازارم نادەن! ئەوانە ئازارم دەدەن، خۆیان بە ژیر دەزانن و من بە دێوانە، بەڵام ژیری ڕاستەقینە کەسێکە، خۆی لێ ببێتە دێوانە و خەڵکی بە ژیر بزانێت".

کووچە و کۆڵانە چۆڵەکان، شوێنانێک بوون، قسە ڕاستەقینەکانی دێوانەی تێدا دەگوترا. شار بە گەورەیی خۆیەوە، ڕێی دێوانەیەکی ڕاستەقینەی تێدا نەدەبوەوە. بە قەولی خوەکانی مرۆڤ، لەم دونیایە دا ژیرەکان زۆرترن، لە دێوانەکان! وەلێ بە دوور لە خوە بەردەوامەکان، دێوانەکان بێ زیانترن، لە ژیرەکان. مرۆڤە بە غروور و خۆ بە ژیر زانەکانن، سەرزەمینیان کرد بە شوێنێکی بێزراو، نەک دێوانەکان. کاتێک دیمەنەکانم دەدی، ڕای دەچڵەکاندم، کێ ناڵێت: دێوانەبوون گەڕانەوەیە بۆ ناو خۆمان؟ کێ ناڵێت: دەستهەڵگرتنە، لە ئارەزوە بێتامەکان و پشتکردنە لە ڕووکەشگەرایی ئەم دونیایە و نزیکبوونەوەیە، لە پاکی؟ کێ ناڵێت؟ با لە خۆمان بپرسین، بۆ ئازاری کەسەکان دەدەین؟ بۆ خراپین؟ بۆ ئارام نین؟ مرۆڤ چییە؟ من وەک سوختەیەک، تێشوەکەم پڕە لەم پرسیارانە. لای کێ وەڵامیان بدۆزمەوە؟ دێوانە زیاتر کێ

ڕاستییەکانم پێ دەڵێت.

چ شتێک چەقی بوونە؟ پرسیارە قورسەکە لێرەوە دەست پێ دەکات. دێوانەی خەڵوەتنشین، لە کووچە تاریکەکان دا لە پەنجەرە و دەرگا داخراوەکانی دەدا و ئەم پرسیارەی دەکرد!

کار گەیشتە ئەوەی دێوانە شوێنێکی نەمابوو، تێی دا ئارام بگرێت. ئارامترین شوێن لەم سەرزەمینە دا کاتێکە، مرۆڤەکان خەوتوون. مرۆڤەکان لەگەڵ لە خەو هەڵسانیان، پێش خۆبینینیان، ئارامی تێک دەدەن، بۆیە دێوانەی خەڵوەتنشین، هەتا مرۆڤەکان نەخەوتنایە، ئارامی نەدەگرت.

دێوانەی خەڵوەتنیشن، منداڵان دەوریان دەدا و وەک گەورەکانیان، ئازاریان دەدا. لە بریی پەلاماردانیان، بە ئاوازە تایبەتییەکەی خۆی ئەم گۆرانییەی بۆ دەگوتن:

"منداڵانی ئایندە منداڵانێکن، بە پێی خۆیان دەچن بۆ خوێندن، نەک گەورەکانیان بیانبەن.

منداڵانێک شوێن گەورەکان دەکەون، کاری گەورەیان پێ ناکرێت. تەنیا دەبنە سێبەری گەورەکان و خۆیان سێبەریان نامێنێت. منداڵانێک بە تەنیا ڕێگای خۆیان دەگرنە بەر، دەبنە ڕووناکییەک بۆ خۆیان و دونیاکەیان".

دێوانە هیچ قسەیەکی نەبوو بۆ گەورەکان، قسە گەورەکانی خۆی، بۆ منداڵان و دار و دیوار و کووچە چۆڵەکان دەکرد. دەیگوت:

"قسەیەک پێویستە بگوترێت، قسەیەکە بۆ منداڵان.

گەورەکان لە دەست چوون، گەورەکان کە منداڵن، لە باوەشی دایکێک دا پەروەردە دەکرێن، وەختێک لە بەردەم ئاوێنە سەیری خۆیان دەکەن، کەمێک گەورە بوون، یەکەم شتێ بێوەفایی لەگەڵ دەکەن، بێوەفایی لەگەڵ ژنێک دەکەن، سبەی دەبێتە دایک. من دەستم لەوانە شووشتوە، پێم خۆشە بۆ منداڵان بدوێم، تا منداڵیی خۆیان لە بیر

نەکەن و بە وێنەی گەورەکان، دونیاکەیان بچووک نەکەنەوە!
بچووکترین دونیا، دونیای منداڵان نییە، دونیای گەورەکانە، چونکە تەنها ڕەواڵەتی خۆیان دەبینن و بەو ڕەواڵەتخوازییەیشەوە سەیری شتە گەورەکانی جیهان دەکەن"

ئەمدیـوە ڕۆژێـک بە دەنگی بەرز لەگەڵ گەورەیەک بدوێت، ئەیشـم دیوە ڕۆژێک بە نزمی قسە بۆ منداڵێک بکات! ئامۆژگاریکەری سەردەم نەبوو، دێوانەی سـەردەم بوو. بۆ ئەوەی خۆت بیت، پێویسـت ناکات ڕوو بکەیتە ئەشکەوت و کێوەکان، تەنها ئەوەندە بەسە، پشت بکەیتە دونیا و ڕوو بکەیتەوە ناو خۆت. قوفڵی قسەکانی، بەو ڕستەیە کۆتایی پێ دەهێنا.

دێوانە بەو جۆرە بوو، خۆی گوتەنی لە ناو خەڵکەکە دا خۆی نەبوو، کاتێـک خۆی بوو، بە کووچە تاریـک و چۆڵەکان دا گووزەری دەکرد. شـار لە بەر چاوی جەهەنەم بوو، یان باشـتر بڵێم: شـوێنی ونبوونی مرۆڤ بوو. بازاڕی شـارەکان لە هێلانەی مێروولە دەچن، لە سـەرەوە تەماشـایان بکەیـت، نازانیت کام لەو مرۆڤانە لـە هەموویان مەزنتر و جوانترە، ڕێک وەک شـاری مێروولەکان. ئەمما لە سـەر تووڵەڕێیەکی چۆڵ ڕێت بکەوێتە سـەر ڕێی ڕێبواری ناو بازاڕەکان، دەتوانی جوانتر ببینیـت لە حەشـاماتی ناو شـارەکان. یانی مرۆڤ بـە تەنیا بڕوات، باشـتر دیارە لەوەی کە لەگەڵ هەموان بڕوات. دێوانە هەوڵی دەدا لەو شوێنانەوە بڕوات، کەمتر مرۆڤی لێ بێت و زۆرتر خۆی.

بـە تەواوی پەرێشـان بووبوو لە خـۆی، کاتی هاتبـوو، ڕوو بکاتە شـوێنێکی دی، شـوێنێک زیاتر بـۆ خۆی بیگەڕێنێتـەوە نەک بیداتە دەسـت دەرەوە. نەی دەویسـت ڕێگا کۆنەکە بگرێتە بەر و ڕوو بکاتە ئەشکەوت و کێوەکان، نەیشی دەویست لە ناو شارەکان دا بە تەواوی ون بێـت. بۆیە دوور لە کێوەکان و دوور لە شـارەکان، کووخێکی لەو نێوانەدا دۆزییەوە و بە تەواوی کووچە و کۆڵانەکانی شاری جێ هێشت.

کووخەکەی شـاری لێوە دیار بوو، کێوەکانیشی لێوە دیار بوو. لە بەر چاومە، کاتی جێهێشـتنی، لای نەکردەوە بۆ شارەکە، تا گەییشتە ناو کووخەکەی. خەمێکی زۆری لێوە دەتکا... خەمێک لە خەمی خەڵکێکی زۆر دەچوو بە سەر شانی کەسێکەوە.

بـە بڕوای خۆم، چوون بۆ کووخەکە، نائومێدبوون نەبوو لە مرۆڤ، بەڵکو سـەیرکردنی مـرۆڤ بوو وەک خۆی. دێوانەی خەڵوەتنیشـین، گوتارێژ نەبوو تا بێت لە ناو شـار و گوندەکان بگەڕێت، گوتاریان بۆ بدات. جیا لە هەڵلاکەران زۆرترین ماناکانی بۆ ژیان و مرۆڤ لە بێدەنگی دا دەدی. پێویسـتیی بەوە نەبوو گوێگرەکان بدۆزێتەوە، تا شـتەکانی خۆی بگەیەنێت پێیان. پێویستی بەوە بوو قسە بۆ خۆی بکات و گوێ لە خۆی بگرێت.

لـە کووخەکـە دا، لە تەنیاییەکانی دا هـاواری دەکرد: دەنگێک لە ناخم دایە دەڵێت:

"چاککردنی دونیا ئاسانترە، لە چاککردنی مرۆڤێک.

ئەگـەر تۆ نەگەڕێیتەوە بۆ ناو خـۆت، ناتوانیت ئەوانی تر ببینیت. نابێت مرۆڤ وەک پەیکەر سەیر بکەیت. دەبێت مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک سـەیر بکەیت، خۆتی تێدا ببینیت. بزانە لە کوێی ئاوێنەکە خەوشێک هەیە، خەوشەکە چاک بکەرەوە، کە خەوشەکەت چاک کردەوە، واتای ئەوەیە خەوشێکت لە خۆت دا چاک کردوەتەوە. جێهیشتنی شارەکان و مرۆڤەکان، جێهیشـتنی ئاوێنەیەک و گەڕانەوەیە بۆ ناو ئاوێنەکەیە. کەسێک نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی، نایشتوانێت دەرەوە ببینێت."

یەکـەم ڕۆژی دووری لـە مرۆڤ، زۆر ئاسـوودە و ئـارام بوو. وەک بزنەکێوییەک ژێر خۆی پاک کردەوە و بە ڕووخسـارە غەمگینەکەیەوە لـە دوورەوە دانیشـتبووم، لێم دەڕوانی، تـا نەچوە ناو کووخەکە جێم نەهێشـت. شـەو بە خەیاڵییەوە خەوم لێ کەوت. بیرم کردەوە سبەی

دەبێت کارێک بکەم زوو بیبینمەوە. بۆ من تاقانەترین کەسە لەم شارە دا، حەز بکەم نزیک بم لێیەوە و بچمە ناو ژیانییەوە. زەنگی قسەکانی، لە زەنگی قسـەی خەڵکەکە ناکات. زەنگێک بوو مێشکی دەجووڵاندم. کەیفم بەو زەنگە دەهات و بڕیارم دا، بکەومە شوێنی. تەنانەت خۆیشم دێوانە بووبووم، دێوانەبوونم لەگەڵی پێ خۆشە.

Scanned by CamScanner

# ڕۆژی مردنەکەی دایە گەورە

دۆست، وەک باسم کرد بۆت، دوای ڕۆیشتنی بانی برام، دایکیم ڕۆیشت، ڕۆیشتنێک بە تەواوی لایەکی ماڵەکەی چۆڵ کرد. کە لە سەر جێگەکەی پاڵ کەوت، نە جارێکی تر گەڕایەوە ناومان و نە جارێکی تر، وەک دایک خۆی دەرخستەوە. نازانم ڕۆحی دایکم بۆچی بەسترابوو بە ڕۆحی بانی کوڕییەوە؟ خۆ ئێمەیش کوڕی بووین. ئەو ڕۆیشتنەی بان، وەک ڕۆیشتنی هۆش و ڕۆحی دایکم بوو. پاڵکەوتن و بێدەنگییەکەی تۆراندبووی لەم دونیا و لە ئێمە. ڕۆژانە سەرم لێ دەدا، خۆم نەدەگرت زیاتر بە دیارییەوە دانیشم، چاوێکی کراوەی تەڕی پاک... ڕووخسارێکی لاواز... ڕۆژ بە ڕۆژ ئێسقانەکانی دەردەکەوتن... هەناسەیەکی گەرم لە نێوان لێوەکانی دەهاتە دەرەوە... دەستەکانیشی زۆر بە توندی نوقاندبوو. زۆری لە خۆی دەکرد تا کەوچکێک شۆربای دەخوارد. دڵشکانەکەی هێندە سەخت بوو، هەستت بە شکانەکەی دەکرد. تا هەرگیز ئەو ڕۆژانەم بیر ناچن، ئەو ڕووخسارە سپی و لاوازەم بیر ناچێت. خۆزگەم بەوانەی، پێش دایکیان دەمردن. بڕوام پێ دەکەیت یان نا، بە درێژاییی تەمەنم هەستم بە بێ کەسی نەکردوە، کوڕێک بووم، بێ باوک گەورە بووم. لەو ڕۆژەوەی بیستوومە دایکم مردوە، نە سێبەرێک، نە پەنایەک، هیچم نەماوە دڵم بۆی لێ بدات. بێ دایکی، بێ کەسییە. بەڵێ، بێ کەسییە. منداڵەکان ڕۆحیان بە دایکیانەوە بەستراوە، ڕۆحی دایک فڕی بۆ ئاسمان، منداڵەکان بێکەس دەبن. کوڕی باش، پاش دایکم بێکەس کەوتم، خۆم لێ ون بوە. بریا

لەگەڵ دایکم بچوومایە. منداڵ نیم، بەڵام منداڵییەکەم پێم دەڵێ، منداڵ تەنها لە ناو دایکی دا خۆی دەدۆزێتەوە.

ئەها با بۆت باس بکەم... ئێشی من ئەوە بوو، بەیانییان زوو، پێش ئەوەی بچمە سەر سفرەی خوانەکەمان، بچم سەیرێکی ڕووخساری دایکم بکەم، دەستێک بێنم بە ڕووخسارە سپییەکەی دا. ئاخ، نازانم بۆچی هیچ کات قسەیەک، تەنها قسەیەکی بۆ نەکردم، خۆ من کوڕە بچکۆلەکەی بووم، من نازدارەکەی بووم. بۆچی وا لێمان تۆرا؟ بۆ قسەیەکی نەکرد و زمانی شکا؟ بۆ کە پاڵ کەوت هەڵنەسایەوە؟ بۆ بەس بە چاوەکانی سەیری دەکرد و هەستی بە هیچ شتێکمان نەکرد؟ کە دەچوومە سەر کارەکەم، ئەم پرسیارانەم لە خۆم دەکرد. کەوتنی دایکم، تیرێک بوو بۆ سەر دڵی هەموومان، بە تایبەت بۆ دڵە بچووکەکەی من... چەند کاروان دەهاتن بۆ شار، یەکەم پرسیارم لە سەر قافڵەی کارەوانەکان ئەوە بوو: حەکیمێکتان لەگەڵ نییە؟

حەکیمی میرنشین و مەملەکەتەکانی تر نەما نەی هێنم، تا تیماری دەردەکانی بکات. کەسیان سەری لێ دەر نەکرد، قسەی دووبارانەیان دەکرد. پێکڕا دەیانگوت: تازە ڕۆیشت، ناگەڕێتەوە. هۆشی لە دەست داوە، لە دونیایەکی تر دایە، وردە وردە وای لێ دێت کەستان ناناسێت. هیچی لە بیر نەماوە. تەنانەت خۆیشی بیر چوە. زەبرێک بەر هۆش و خەیاڵی کەوتوە، هێندە قورس بوە لای، بەرگەی نەگرتوە. حەکیمەکان بەم جۆرە باسی دەردێکیان بۆ دەکردین.

لەم دواییەوە وەک پەڕۆی لێ هاتبوو. شلشل دەکەوت بەم دیو و بەو دیو دا. بە هیچ شتێکیش دەستە نوقاوەکانی نەدەکرانەوە... نە بە شۆردن لە حەمامی گەرم، نە بە چەورکردن و نە بە ڕەچەتەی حەکیمان. خاتوونی میر، خوا هەڵناگرێت زۆر بۆی باش بوو. ڕۆژێک گلەیی لەو حاڵەی نەکرد، دەموچاوی نەدا بە یەک دا. من بیرم بێت، دایکم کارێکی نەکردوە، هەست بکەم ناکۆکییەک لە نێوان ئەو خاتوونی

میر دا هەیە. چرای ماڵەکەی دایکم، خۆی گوتەنی من و شازادە بوو. کەچی دوای نەخۆشییەکەی، نە بە جووڵەیەک، نە بە ئاماژەیەک دەری نەبڕی، کە ئێمە وەک جاران شیرینەکەی دڵی ئەوین.

دۆست، نازانم بۆچی باسی ئازارەکانی خۆمت بۆ دەکەم! بۆچی خۆم کردوە بە حیکایەتخوێنی ناو کۆشکەکەی خۆمان. ئاگرێک لە ناخم دایە، دەبێت ئەم ئاگرە باس بکەم، تا ئەم کوژێت. هاودەمێکم پێویستە گوێم لێ بگرێت، بە کامی دڵی خۆم، چ ئاخ و داخێک لە ناخم دایە، بیهێنمە دەرەوە. ڕووخسارە لاواز و کاڵەکەی تۆ، کاتێک سەیرم دەکەیت، لە دەستێک دەچێت، دەچێتە ناو ناخم و غەمگینییەکانم پێ دەردەهێنێت. وەلێ برینەکانی من دەبێت باس بکرێن و دەبێت بۆ کەسێکیان بگێڕمەوە. با سەرت نەئێشێنم، خۆم نارەحەتم وا دەزانم تۆیش وەک منیت.

- نا، نا، دەمەوێت میرزادە گیان، خۆشم دێت بە گوێگرتن لێت و دەمەوێت گوێت لێ بگرم. دەمەوێت بزانم جیهانی ناو کۆشکەکان چۆنە. من کوڕی ناو کەلوپەلە کۆنەکانم. ئەو ماڵەی تێی دا دەژیم، بە نرخترین شتێک تێی دا، خۆشەویستییە. من کوڕی ناو خێزانێکی خۆشەویستم. کە گوێ لە تۆ دەگرم، ئەو کات دەزانم، جیهانەکەی من و تۆ چەند جیاوازە، ئێوە زۆر شتان هەبوو، با وا بڵێم، هەموو شتان هەبوو، خۆشەویستیتان نەبوو... ئێمەیش هیچمان نەبوو، خۆشەویستیمان هەبوو، کە وایە ئێمە باشترین لە ئێوە. خۆشەویستی گەورەترە لە ژیان. چێژ لەو قسانەت دەبینم. دیوێکی ترم بۆ ڕوون بوەوە، دیوێک هەستم پێی دەگوتم، دیوێکی زۆر خۆش و پڕ چێژە. ئاخ، چۆن خۆم فریو داوە. نە خانەقاکان، نە بازاڕە بۆنخۆشەکان، نە زەردەخەنە و پێکەنینی ئەنکم، نە سۆزی دایک و باوکم، وایان لێ نەکردبووم، جوانییەکان ببینم، جوانییەک کەسی تر دەستی ناکەوێت، تۆ تاقە کەس بوویت، گەڕانتمەوە بۆ شوێنی خۆم، توو گیانی پیاوچاکان قسە

بکە. قسەم بۆ بکە.
چووزانم، ئەوەندە قسە لە دڵمە، بیانکەم ئەو هەستەم لا دروست دەبێت، بەرامبەرەکەم ماندوو دەکات.
- خوێندەوارییەکەت چۆنە؟
من میرزادەم... مامۆستای تایبەتم هەبوە.. لە زمانی عەجەمان و عەرەبان و تورکانیش دەزانم... عیلمی کەلامم خوێندوە... سی جزمی قورئانم خەتم کردوە... خەتخۆشیم خوێندوە... چیم ویستوومە بە دەستم هێناوە، بەڵام بە چی دەچێت؟
- بۆچی بە چی دەچێت؟
پێکەنینێکی کرد. ئەی بە چی دەچێت، ئێستا سەرەتای ژیانی منە، ئاژاوەی خێزانێک منی خستە ژوورێکی تاریکی واوە، هەتا دەمرم دەبێت بیر لەوە بکەمەوە، ڕووناکی ببینم!
- جا بۆ، بڕۆ بۆ شارانی تر.
چۆن؟
- تۆ دەتوانیت لەگەڵ یەکێک لە قافڵەکانی بچیت بۆ شارێکی تر و بۆ خۆت لە شوێنێک ژیانێکی تازە دروست بکەیت؟ چۆن بیرت لەمە نەکردوەتەوە.
ئاخ، دۆست من زیندانم پێ باشترە لە غەریبی. بەرگەی ساتێک غەریبی ناگرم. لێم گەڕێ با ئەم هۆدە و ئەم چرایە ببن بە گۆڕم... نۆرم هەیە بە سەر سۆنەی جوولەکەوە... بەشێکی سەروەت و سامانەکەی، بە هاوکاریی من پەیدای کردوە. پیاوێکی باشە، پێشتر هاوکار و پشتوپەنای جوولەکەکانی ئەم شارە، من و کاکم میری گەورە بووین، بەشی ئەوە میراسم لای هەیە، تا مردن بیخۆم و دەموچاوی نەدات بە یەک دا.
- زۆر باشە، ئەی دایکت چی؟
دەیسان دەستت خستەوە سەر برینە کۆنەکەم.

وەک خـۆی مایـەوە، پڕ بوو لە ئازار، لەگەڵیشـی دا ئێمە ئازارمان دەچەشت. تا ڕۆژی دەستپێکردنی شەڕەکە و شکانی عەجەمان، کاکم لە شوێنی خۆی نەجوولا. ڕۆژی شکانەکە، لە حەوشەکە کۆ بووبووینەوە، هەر یەکە و بیری لە شوێنێک دەکردەوە، کتوپڕ دایکمم بیر کەوتەوە. هاوارم کرد، ئەی دایکم؟

کـەس وەڵامی نەدامەوە، چوومە هۆدەکەیەوە، وەک تەختەیەک پاڵ کەوتبوو... ماچێکم کرد... دەسـتەکانیم ماچ کرد.. چرپاندم بە گوێی دا، دایە هەموو شـتێک تەواو بوو، هەموو شـتێک کۆتایی هات، بەس تۆ نامریت، ئێمەیش دەمرین. ئەوەی تۆی خستە ناو جێگاوە، ئێمەیش دەخاتە ناو جێگاوە. دایکە تۆ تاقە قسەیەکیشت نەکرد، شتێکت نەوت، بەس یەک شتم پێ بڵێ، بە چاو... بە لێو... بە دەست، بە هەر چی بێت قەینا، بەڵام شتێک بڵێ.

هیـچ، وەک لەگـەڵ بەر دا بدوێم وا بـوو. گوومانم لەوە نەبوو، هەر بکوژێک بێتە ئەم هۆدەیە، نەک نایکوژێت، بەڵکو لێی دەسڵەمێتەوە و دەستی لێ نادات. دواهەمین جارم بوو ببینم... قسەکانی خۆمم کرد، نازانم گوێ لێ بوو، یان نا، نازانم هەسـتی کرد، یان نا. کۆشـکم جێ هێشـت... کۆشکەکە وەک ڕووخسارە تێکشکاوەکەی دایکم هاتە پێش چاوم. پاش ماوەیەک بیستم، کاتێک بانخان هاتوەتە کۆشکەوە، یەکێک لە سـوپاهی پێی گوتوە، نەخۆشـێک لەو هۆدەیـەدا کەوتوە. ئەویش دەچێتە ژوورەوە، بە هیوای میر هودار بێت، دەبینێت دایکمە.

کەمێک لێی نزیک دەبێتەوە، دایکم چاوی بە نێو چاوانی دەکەوێت، چـاوی دادەخات. هەر چەند بانخان، دەسـتی مـاچ دەکات و دەیەوێت چـاوی بکاتـەوە، زەلێ داد و هاواری سـوودی نابێـت و چاوەکانی بۆ هەتاهەتایە دادەخات.

تەنها بۆ ئەوە چاوی کراوەتەوە، تا جارێکی تر یەک لە دوای یەک کوڕەکانـی ببینێـت و ئیتر لێکیـان بنێت. دایکـەکان وان... دایکەکان

Scanned by CamScanner

نایانەوێت وەک خوشـکەکان و براکان بن، منداڵەکانیان پارچەیەکن لە گیانیـان. کامیان خراپ و کامیان باش بن، وەک پارچەیەک لە خۆیان سـەیریان دەکەن. ڕۆیشـتنی بانی برام، دایکمی خست، هاتنەوەیشی دونیای لێ تاریک کرد. من لەمە تێ ناگەم، بۆچی بە ڕۆیشتنی پشتی لە دونیا کرد و بە هاتنەوە و بینینیشـی ڕووی لە مردن کرد. بە خوا هیچ لەمە تێ ناگەم... مەرگی دایکم، مەرگی میرنشینەکەی هوداریش بوو. ونبوونی من و شـازادە و خاتوونی میر بوو. مەرگی کۆشـکەکە و خێزانەکە بوو. هاتنەوەی بان، بەڵایەک بوو کە پێکەوە لە یەک سک دا گەورە بووبین. تۆ سەیری دونیا بکە، پێکەوە لە سکی دایکێک، لە سەر سـفرەیەک، لە ژێر سـێبەری ماڵێک گەورە بووین، کەچی ئارەزووەکان بۆ دەسـەڵات چ بەڵایەکیان بە سـەرمان دا هێنا. ئێستا من چۆن بچم بە میری نوێ بڵێم، گوێم لێ بگرە، لە کاتێک دا توورەکە زەڕ دەکاتە خەڵاتی سـەری من. سـەری من چ خەڵاتێکە بۆی؟ بۆ دەبێت وا بێت؟ نە ڕۆژێک ئازارم داوە، نە پێیشم خۆش بوە ئازار بدرێت. ئەوان شەڕی شـتێکیان دەکرد و منیش لە شـوێنێکی تر خەریکی شـتەکانی خۆم بووم، کەچی کە ئاگرەکە هەڵگیرسـا، تەڕ و وشـک پێکەوە سووتان. ئەمە کەی ڕاسـتە. کاول بێت میرنشینەکە. کەوتنی میرنشینەکەم پێ ناخۆش نەبوو، شەڕەکەیشـم پێ ناخۆش نەبوو، ئەمما مەرگی دایکم، مەرگی شازادەیەکی پەپوولە، مەرگی خاتوونی میر ئاخ، چ ئازارێکیان خسـتە سـەر سـینەی من. نازانم بۆچی ناچم خۆم بدەم لە سـێدارە، بۆچی بە تەنیا بمێنمەوە و ئازارەکان بەر من بکەون.

جارێکیان حەکیمێکی خوراسانی، باسی مرۆڤی بۆ دەکردم، شتانێکی گوت، وەک فاڵگرەوە سەیرم کرد، قسەکانی تۆزێک نەوعێک بوون. لەم دواییە بۆم ڕوون بوەوە، کە قسەکانی فاڵ نەبوون، ڕاستی بوون. من هۆشم تەواو نەبوە، بۆیە وەک فاڵ وەرمگرتن. حەکیمەکە پێی گوتم: "کەسـانێک دێنـە دونیایەوە بەشـیان هـەر ئازارە، کەسـانێکیش

دێنە دونیایەوە بەشیان هەر خۆشییە. کەسانێک دونیا دەسووتێنن، کەسانێک ئاوەدانی دەکەنەوە، ئەمانە هیچ جیاوازییان نییە، ئەگەر نەزانن بۆچی ئەم کارانە دەکەن و بۆچی وا هاتوون. ونبوەکان ڕێگاکان تێک دەدەن... ڕێگاکان لە شوێنی خۆیانن... مرۆڤە ون دەبێت و نایاندۆزێتەوە. هەوڵ بدە ونبووێک نەبیت و کەسیش بە شوێن خۆت دا وێڵ نەکەیت... نە ئاگرکەرەوە بە، نە ئاگرکوژێنەوە... لەو نێوانەدا ڕێگای سێهەم هەیە."

قسەکانی زۆر ئاڵۆز بوون، زۆر لەوە ئاڵۆزترن، وا بە خۆڕا وەریان گریت. وەلێ قسانێکن ئەزموونم کردوون، بە ڕاستی لە ژیانی خۆم دا ئەزموونم کردوون. بەشی من کەسی ئازار چەشتوەکەیە، ئەی بەشی تۆ چییە دۆست؟ پێش جواب دانم، نیگەران نەبیت پێت بڵێم، کوڕی پینەچییەکە، بریا منیش وەک تۆ کوڕی پینەچییەک بوومایە، تا تامی خۆشەویستیم بکردایە.

– نەبابە، بۆ توورە بم. من بە شوێن بەش دا ناگەڕێم، بە شوێن شتێکی تر دا دەگەڕێم.

–یانی چی؟ شتی وەک چی؟

– لێت ناشارمەوە، دەمێکە گوومانم لە زۆر شت هەیە. خەریکە دەبمە کەسێکی گووماناوی، لە خانەقاکان، لە ناو ئایینەکان، ئەوەی وەری دەگریت یەقین و بێ لۆژیکە. لەوانەیە بۆ ڕۆح باش بێت، بەس بۆ عەقڵ هیچ باش نییە. عەقڵم ڕام دەکێشێت بۆ گوومان و لۆژیک و ڕۆحیشم ڕام دەکێشێت بۆ تەسلیمبوون. لەم نێوانە دا سەرگەردان ماومەتەوە، نیازمە ڕێگایەک بدۆزمەوە لە هەر دووکی تێ بگەم، بزانم کامیان لە منەوە نزیکە، هێشتا خۆم بە سەرگەردان دەزانم، چونکە ڕێگاکەم نەدۆزیوەتەوە.

کەمێک لێم ورد بوەوە سەرسووڕمانێک لە ڕووخساری دەرکەوت، گەنجێکی ژیر بوو، دەیزانی باس لە چی دەکەم. پاش بێدەنگییەک ئینجا

دەستی خستە سەر شانم، ئەم جارە زیاتر وەک کەسێک دەرکەوت، کە خەمی منی هەیە، کەسی ناو حیکایەتەکان نەبوو، کەسێکی تر بوو. پێی گوتم:

دەتوانی خۆت ماندوو بکەیت، حەقیقەت بێ ماندووبوون نادۆزرێتەوە. یەکەم جار دەبێت ڕۆحت داڕزێنی، تەنیای بکەیت، تا ڕووناکییەک لە ناخت دا هەڵدێت. پاشان بکەوەرە شوێن لۆژیک، دەیدۆزیتەوە. ئەم وانانە لە مامۆستا و حەکیمەکانەوە فێر بووم. خۆم گەڕیدەی هیچیان نەبووم، تەنها بیستوومە و بە تۆی دەڵێم. ئازار نەی هێشت بە شوێن خەیاڵەکانم بکەوم، خەیاڵی گەنجێتیم بوون. ئازار منی دزی، منی برد بۆ مەملەکەتەکەی خۆی. یەکەم جار باوکم ڕۆیشت، ئینجا شەڕێک لە ماڵەکەمان هەڵگیرسا، نێوانمانی کردە نێوانی دوو شار. پاشان دایکم و پاشان هەموومانی سووتاند. کەسێک لە ناو ئاگر دا هاتبێتە دەرەوە، فریای چی دەکەوێت جگە لە ئازار... هەرگیز نەیەیت بە ڕێگای من دا، ئەمە داواکاریی نییە ڕاستییە. لە ناو کۆشکەکان دا جگە لە ئارەزوو، ئازار هیچی تر نادۆزیتەوە. دوور بکەوە لە ئارەزووەکان، نزیک دەبیتەوە لە ڕۆح و لۆژیک. لەوانەیە من ئیتر دوای دایکم، مردوویەک بم. بەڵێ مردوویەک و هیچی تر نا.

- ئەم قسەیەم پێ ناخۆشە، زۆریشم پێ ناخۆشە. تۆ گوتت خەتم خۆشە وایە؟

-بەڵێ، زۆر خۆشە.

- دەتوانی ببیتە مامۆستام و نووسینم هەیە، پێکەوە بیان نووسینەوە و لە گۆشەیەک دایان نێین، تا کتێبێک لە گۆشەی خانەقایەک دانێین. دەمەوێت کارێک بکەم، ئەو ڕۆژەی تۆم لەم ماڵە دۆزییەوە، بۆ نووسینەوەی قسەیەک هاتبووم. لەوانەیە نە تۆ بزانی بۆچی و نە سۆنەی جوولەکەیش پێی گوتبێت.

- نا، نازانم، بۆ کتێب هاتبوویت؟

Scanned by CamScanner

- نا، سبەی دێمەوە، کە هاتمەوە لەگەڵ خۆم تیانووس و مەرەکەب دەهێنم، لەگەڵ دوو دەستنووسی نووسراو، پێکەوە دەیانگوازینەوە سەر تیانووس و دەیان نووسینەوە، بەشێکی کەمیم نووسیوە، تۆیش بەشەکانی تر بنووسە و پاشان جەڵدی بکە. بەش بەش کۆیان دەکەینەوە و کارێکی جوانی لێ دەردەچێت و جێگای خۆشحاڵی دەبێت، ئەو ڕێگایەی هەڵم بژاردوە ڕێگای گوومانەکانمە، ڕێگای ڕۆحم نییە، ڕێگای عەقڵمە. لەم ڕێگایەوە شتێک تێ دەگەم. لەوانەیە ڕۆحی تۆیش ئاسوودە بکات.

## ■ ڕۆژی یەکەم

بۆ بەیانییەکەی کە ڕۆیشتم، ئێوارە چۆن جێم هێشتبوو، بێ جووڵە و هەمان شێوە لە جێی خۆی بوو! وام بیر دەکردەوە دەرکی بە من نەکردوە! کەمێک خواردنیشم پێ بوو ویستم وەک ڕێبوارێک خۆم پیشان بدەم و سڵاوێکی لێ بکەم نزیک بوومەوە لێی بێ ئەوەی تەماشام بکات، بە دەنگێکی غەمگین گوتی:

"شوێن هیچ کەسێک مەکەوە، مرۆڤ دەبێت خۆی بێت، نەک سێبەری یەکێکی تر."

وەک چەپۆکێک بکێشن بە سەرم دا، لە شوێنی خۆم ڕای گرتم. دەیشم زانی برسێتی و دەستەڕەش و زبرەکانی گیر کردبوو لە بەردەکە.

بێ جووڵە، تەماشام دەکرد، لایەکی کردەوە و بانگی کردم:

"هەی مرۆڤی گەنج

نزیک بەرەوە لێم، با بتناسم"

بە یەک دوو هەنگاو ڕۆیشتمە بەردەمی و بە ئەدەبەوە نانەکەم دانا، زۆر بە ئەسپایی هەڵسا چوو کەمێک دەست و دەموچاوی شووشت و هاتەوە دەستی کرد بە نانخواردن. لە نیوەی نانەکە دا پرسی:

- چەقی بوون کوێیە؟

- هێشتا هەموو ئەستێرەکان نەدۆزراونەتەوە، تا چەقی بوون بدۆزرێتەوە.

- ئەی ئەگەر ئەستێرەکان هەموو دۆزرانەوە، ئەو کاتە چەقی بوونیش دەدۆزرێتەوە؟

Scanned by CamScanner

بدۆزرێتەوە، ئەو کات بدۆزرێتەوە.
- بێ گوومان دەبێت ئەو کات بدۆزرێتەوە.
- بوون چ پەیوەندییەکی بە ئەستێرەکانەوە هەیە؟
- بۆ مەگەر ئەستێرەکان بە سەرزەمینی ئێمەیشەوە بوون نین؟
- دەکرێت ئەستێرەکان لە بیر بکەین و لە سەر ئەم تاقە ئەستێرەیەیش بوون بدۆزینەوە.
- باشە گەر لە ئەستێرەیەکی تر، وەک ئەم ئەستێرەیە مرۆڤی لێ بێت، ئەو کات چی دەبێت؟
- تۆ باسی وێرانکردنی ئایینەکان دەکەیت، من باسی بوون دەکەم. لە ئەستێرەیەکی تر مرۆڤ هەبێت، هەموو ئایینەکان بەتاڵ دەبنەوە، بەڵام کێشەی من بوون خۆیەتی نەک ئەستێرەکان و ئایینەکان.
-باشە لە کوێ دا بۆ بوون بگەڕێین؟
- لە خۆمان دا.
- یانی چی؟
- هەر کاتێک خۆتت دۆزییەوە، دەتوانی بوون بدۆزیتەوە.
- یانی مرۆڤ چەقی بوونە؟
- بەڵێ مرۆڤ چەقی بوونە! مرۆڤە مانا بە شتەکان دەدات، مرۆڤە ناو لە شتەکان دەنێت، لە هەر شوێنێک مرۆڤێک هەبێت، بوونێک هەیە! لە هەر شوێنێک مرۆڤێک نەبێت، بوونێکی بێ بوون هەیە.
- من باش لەم شتانە تێ ناگەم، دەمەوێت باشتر بۆم ڕوون بکەیتەوە، تا تێ بگەم.
- نە مامۆستا و نە ڕێ پیشاندەر و نە ئامۆژگاریکەرم، کەسێکم پرسیار دەکەم و بە شوێن وەڵام دا دەگەڕێم، بۆیە لە شارەکان و لە مرۆڤەکان دوور کەوتمەوە، تا بە شوێن بوون دا بگەڕێم. ئەوان خەریکی ڕیابازی و خۆشلەوەڕین، منیش خەریکی بوونێکم لە ئەوان دا جێماوە. پرسیاری من تەنها لە گەردوون نییە، لە بوونە. گەردوون خۆی بوونە، بەڵام ئەوەی بوونەکە دەدا بە گەردوون، مرۆڤە. یانی با

دوور نـەڕۆم، ئـەو خواردنەی تۆ بۆ منت هێناوە، گەر من نەی خۆم و تامی نەکەم، ماناکەی لە چی دایە؟

- واتە، هەموو ئەو شـتانەی لە گەردوون دا هەیە، بە خواردنەکەی بەردەمیشتەوە، مرۆڤ مانایان پێ دەدات؟

- ئەمە بنەوانی پرسیارەکەیە. بەڵێ، مرۆڤ مانا بە شتەکان دەدات. دەشـێت هەموو شـتەکان لە بوون دا هەبن، وەلێ جگە لە مرۆڤ، کێ مانایان پێ دەدات. خواردنەکە من تامی نەکەم و من ناوی لێ نەنێم، بوونێکە لە ناو بوونێکی بێ مانا دا.

باشـە خواردنەکـە بدە بـە گیانەوەرێک، وەک مـرۆڤ دەیخوات و تامیشـی دەکات، کەواتە مرۆڤ نییە مانا بە بوون دەدات، شـتەکان پێکەوە مانا بە بوون دەدەن.

- بیـر بکەوە، بەیانییەک لە خەو هەڵسـیت، هۆش و زمانی مرۆڤ نەمابێت، چی لە بوون دا دەگۆڕێت؟

-نازانم!

- هـۆش و زمانـی مـرۆڤ، مانای بـە بـوون داوە، مرۆڤیش وەک بەشـێکی زۆری گیانـەوەران هۆشـی نەبایـە و وەک زۆرینەیان زمانی نەبایە، شـتەکان دەبوون، بەڵام بەو بوونـە نا، کە مرۆڤ واتایان پێ دەدا.

هەرگیـز بە شـوێن ئـەم پرسـیارانە دا نەڕۆیشـتووم، چونکە ڕام دەکێشـێت بۆ شـتی تر، ڕام دەکێشـێت بۆ ئەوەی، کە زمان بوونە، یـان هـۆش بوونە، واتە بە بێ زمان و هۆش واتا نادرێتە بوون، بەڵام دەزانـم دەبێـت ڕۆژێک بێت چەقی بوون بدۆزرێتەوە... ئەو چەقە لای تۆ مرۆڤە، لەوانەیە لای کەسێکی تر هۆش بێت و لای یەکێکی تر زمان یان ڕۆح، یان خودا بێت.

- خـودا چەقـی بوون نییە، خـودا ئاڕاسـتەکەری بوونە. هەڵبەت خودایەک نا لە ناو ئایینەکان دا باس دەکرێت، من ئەهلی بڕوا بە خودای

ناو کتێبانی ئایینی نیم. من ئەهلی تاقمێکم بڕوا بەو خودایە دەکەم، لە هۆش دا، لە ڕۆح دا هەیە. خودا وەک عەشــقە، لە هۆشــیاری دا پەیی پــێ دەبەیت، نەک لە گێلــی دا. مرۆڤ بە بێ ئایینەکانیش دەتوانێت خودا بناسـێت، بەڵام لە ڕێگای ئایینەکانەوە خودای ڕاستەقینەی پێ ناناسـرێت. ئایینـەکان خودا وەک دڕندە و میهرەبان دەناسـن، بەڵام خـودا نــە دڕندەیە، نە میهرەبان، خودا هۆشــە... ژیرییە، بۆیە خودا چەقی بوون نییە، دروستکەری بوونە.

- کەواتە تۆ هیچ کێشەیەکت لەگەڵ خودا دا نییە؟

- نــا، مــن کێشــەیەکم لەگەڵ خــودا نییــە، بۆیە گوێ لە قەشــە بچووکەکان و هاخامە بچووکەکان و مەلا بچووکەکان ناگرم. گوێگرتن لەوانە لە خودات دوور دەخەنەوە. نامەوێت لەو بارەوە بدوێم، دەمەوێت دیسان بچمەوە سەر بنەڕەتی قسەکانم، چەقی بوون کێیە؟

-دەی کە خۆ گوتت مرۆڤە!

- بەڵام بەو ئاسانییە کۆتایی بەو پرسیارە نایەت.

لــەم کاتــە دا، نانەکەی پێچایەوە، ئەم جارە جیاواز لە جارانی تر، بە زەردەخەنەوە گوتی:

ئیتر تۆ لێم دوور بکەوە ئەی گەنج، با کەمێک بۆ خۆم بگەڕێم، تۆ بە ڕێگاکەی خۆت دا بڕۆ و منیش بە ڕێگاکەی خۆم دا، شوێنکەوتەی خۆت بە، نەک من. سـوپاس بۆ سرووشــت، کە دەهێڵێت هەمیشــە لەگەڵی بیت. دروود بۆ مرۆڤێک، لە سرووشــت تێ دەگات و ناتۆرێت لێی.

بە بێ خۆتێکدان هەستام، لە کاتی ڕۆیشتن دا چاوێکم بە کووخەکەی دا گێڕا، پڕ بوو لەو مقەبا کۆنانەی لە شــارەکانەوە کۆی کردبوونەوە. هەندێکیانی بۆ ژێر خۆی بە کار دەهێنان، هەندێکی تریانی دانا بوون بە ســەر یەکەوە، لەو کاتە دا چاوم چوە ســەر یەکێکیان، شــتانێکی لە ســەر نووسرابوو. نووسینەکەیشی بەو خەڵووزە ڕەشانە نووسیبوو

لە ئاگردانی کووخەکەیەوە جێ مابوون. ئۆقرەم نەما بۆ خوێندنەوەی نووسینەکە. دەبوایە ئیشێک بکەم، تا بە زوویی بیبینمەوە و چاوم بەو نووسینانەی سەر مقەباکان بکەوێت. من نالێم دێوانە تاقە ژیر بوو، بەڵام دەڵێم: دێوانەی سەردەمەکەی خۆی بوو. دۆزینەوەی کەسێکی وا لە سەرەدەمێکی ڕەواڵەتی دا، وەک دۆزینەوەی گەوهەرێک بوو، لە ناو قوڕاوی کۆڵانێک دا. بە دەم هاژەهاژی سەرم و ڕووبارەکەی تەنیشت کووخەکەوە، بەرەو شار گەڕامەوە. هەستم بە جۆرێک لە پەرێشانی و جۆرێک لە خۆشبەختی دەکرد. ئەمڕۆ بۆ من وانەیەک بوو، ئەمما بۆ دێوانە تەنها قسەکردنێکی ئاسایی بوو، بەردەوام لەو دۆخەدا ژیاوە، بۆیە ئەو قسانەی کە وا نەبوون بۆ من، لە لای گرینگ نەبوون. بۆیشی گرینگ نەبوو، من چۆن تێ دەگەم و چۆن فێر دەبم، فەقەت دەیویست مرۆڤێک تاقی بکاتەوە... مرۆڤێک دوور لە شارەکە دەچێت بۆ لای. دەکرێت خەیاڵەکانم، کە لە بارەی دێوانەوە دەیانڵێم، هیچی ڕاست نەبن و بۆ خۆی، نە پێویستی بە من بێت و نە بۆیشی گرینگ بێت بمبینێتەوە، لەوانەیشە وەک مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە، پێویستی بە هاودەمێک هەبێت. بینینەکەی لە نزیکەوە، تەواو دونیاکەی منی پەرێشان کرد، دەبوایە نەخشەیەکم یان، بیانوێکم هەبێت بۆ بینینەوەی. تا نزیکی شار بوومەوە، بیانوێک بە خەیاڵم دا نەهات، تا بگەڕێمەوە لای و لێم نیگەران نەبێت. ژیانی منیش بەو جۆرە بوو، تەنها دەمەو عەسران دەمتوانی بگەڕێمەوە لای دێوانە، چونکە بەیانییان تا درەنگ، لە حوجرە پێداچوونەوەم هەبوو، پاش نیوەڕوانیش دەرس و پاشان دەچوومە دووکانەکەی باوکم و ئیشم دەکرد. لەو دەمەو عەسرانە دا باوکم دەهاتەوە و ئیدی بۆ خۆم تا مەغریبانێکی درەنگ دەمتوانی، بۆ کوێ دەچم بچم.

من سوختە بووم، هێشتا نەگەیشتبوومە قۆناغی ئامادە. لە خانەقاکەی خوارەوە، مودەڕیسەکەمان ناوی مەلا شەش پەنجە

بوو، ئێوە کەستان مەلا شەش پەنجەتان نەدیوە، سەرێکی درێژ، قورقووراگەی لە تاشەبەردێک دەچوو لە نێوان ملی دا سەروخواری دەکرد. بیستوچوار سەعات نەعلی لە پێ دا بوو، قاچەکانی گەورە بوون، پەنجە گەورەکەی قاچی هەر لەو خرە بەردانە دەچوو، لە ناو چەمەکان کۆ دەکرانەوە. پەنجەکانی تریشی وەک دارە خواروخێچەکان بە سەر یەک دا پاڵ کەوتبوون. فەقیرە شەش پەنجەیشی نەبوو، تەنها وەک بڵێیت: گۆشتێکی زیادە، یان تلۆقێک لە خوار پەنجە بچووکەکەیەوە بوو، ئیتر ناویان نابوو، مەلا شەش پەنجە. دەنگێکی گڕی ناسازی پێوە بوو، خۆشبەخت ئەو کەسەی هەرگیز گوێی لەو دەنگە نەبوە، کە بانگی دەدا. بەیانییان زوو دەچووینە حوجرەکەیەوە، هاوینان خوێندن زۆر ناخۆش بوو، هاوینان دەرەوە خۆشتر بوو لە ناو خانەقا، ئەمما زستانان گرمەگرمی سۆپا گەرمەگە و کزەباکەی دەرەوە، دەرسەکانی تەواو خۆش کردبوو. بۆ خۆمان دادەنیشتین (میم زەنە سیم. لۆژیک و قەواعید و...) چیوچیمان دەخوێند. چی لەو بابەتانەی دەمانخوێندن، خۆیان لە چوارچێوەی زمانی عەرەبی دا دەبینییەوە، لە پاڵیشی دا وانەیەکی خۆیشمان هەبوو، وانەی کەڵە شاعیرانی ناوخۆمان پێ دەگوت، تا ئێستایش، کە چیرۆکێک، قسەیەک باس دەکەم دەبێت بچمەوە سەر وانەی کەڵە شاعیران.

باوکم پینەچی بوو، پێڵاو، پێستە، کورتانی پینە دەکرد، جاربەجاریش مشتەرییەکانی دەردەدڵی خۆیان لای باس دەکرد و دەیانگوت:

لایەک لە دڵمان دڕاوە، باوکیشم دەیکرد بە پێکەنین و دەیگوت:

بۆچی ئەو دڵەیشت پینە نەکەم؟ خۆ دڵ و کراس یەکن! ڕووی نەداوە ڕۆژێک کەسێک بێت بۆ لامان، کوڕی بازرگانێک، یان ژنی کوتاڵفرۆشێک، یان کچی عەتارفرۆشێک بێت! چی دەهات جوتیار و حەماڵ و چی و چی بوون. بۆ نەگبەتی، دووکانەکەی باوکم و

دووکانەکەی شـارۆی کوتاڵفرۆش و سـۆنەی جوولەکە یەک دیواریان لە مابەین دا بوو. هەر کەسـێک لە دوورەوە سەیری بکردنایە، سەری سوور دەمـا لە شـێوەی قەیسـەرییەکە. کەسـانێک هـەن، هەرگیز دووکانەکـەی ئـەم دیو نابینن و کەسـانێکیش هـەن، هەرگیز ڕێیان ناکەوێتە دووکانەکەی ئەو دیو! هەر کەسـە و بۆ دووکانی خۆی و بە ڕێگای خۆی دا دەڕوات.

شارۆی کوتاڵفرۆش خانوێکی دوو نهۆمیی گەورەی هەبوو، خانوەکەی کەوتبوە سەر شەقامە سەرەکییەکەی ناوەڕاستی شار، پەنجەرە شین و گەورەکەی نهۆمی سـەرەوە، دەیڕوانیە فولکە گەورەکەی ناوەڕاستی شـار. لە ناوەڕاستی شـار دا یەک فولکەی گەورە تێدا بوو، فولکەکە شـێوەی بازنەیی بوو، چوار شارێگاکەی شـاری پێکەوە دەبەستەوە، دووکانەکانیش بە کەنار شـارێگاکانەوە، وەک ڕیشۆڵـەی سەر تێلەکان نیشـتبوونەوە. ناوەڕاسـتی فولکەکە بە گوڵـی ڕەنگاوڕەنگ و تۆزێک چیمەنـی بێ ڕەنگ ڕازابوەوە، ناڵێم هەموو شـارێک وەک شـارەکەی ئێمـە هێندەی مەنجەڵێک دەبێت، بەس بە خوا شـارەکەی ئێمە هەر مەنجەڵێک خاک بوو، هەمووومان یەکترمان دەناسـی و شاعیرانیش لە زمانە شـیرینەکەی خۆیانـەوە کردبوویان بە بەهەشـت لە بەر چاوی ڕێبواران! کەسم نەبینیوە من نەناسیت و کەسیشم نەبینوە لەو شارە دانیشـێت، من نەی ناسم. گوایە شـاری زۆر گەورە هەیە، بازاڕەکەی هێندەی شارەکەی ئێمە دەبێت، بەس مەلا شەش پەنجە کە گوێی لەم قسـانە دەبوو، سەد ئەستەغفیروڵڵا لە دەمییەوە دەکەوتە خوارەوە و نەفرەتی لە شـارۆی کوتاڵفرۆش دەکرد، ئەم قسـە نابەجێیانە لەگەڵ خـۆی دەهێنێتـەوە. ئامۆژگاریی دەکردین زۆر بڕوا بـەو درۆ گەورانە نەکەین، ئەوە دژی کاری خوایە و شـار لەمەی خۆمان گەورەتر نییە! جارێکیشـیان لێم پرسی، مامۆستا بۆچی هەموو پینەچییەکان ناویان حەمەیە؟ مەبەستم باوکم بوو.

یەک زللەی کێشـا بە بناگوێم دا و نەفرەتێکی لێ کردم، وام زانی شـتێکی خراپـم کردوە! پاشـان بە دەنگە گرەکەی پێـی گوتم: ئیتر ناشـوکری مەکە... خودا هەرگیز کەسی دەوڵەمەند و بازرگانی خۆش ناوێن. دایم هەژارەکان دەکاتە نوێنەری خۆی لەم سەر زەمینە. باوکت پیاوێکی خراپ بوایە، خوا دەیکرد بە بازرگان! خودا بیەوێت کەسێک سـزا بدات، سـەروەت و سامان بە سـەر دا دەڕژێنێت. باوکت ئازیزی خوایـە، بۆیە هەژارە، هـەژارەکان نموونـەی ئازیزەکانی خودان. خوا خـۆی دەزانێـت چی دەکات. شـوکر بە، کە کوڕی شـارۆ و سـۆنەی جوولەکە نەبوویت!

مەلا بە جۆرێک تێی دەگەیاندین، هەژاری ئیمانە. شارۆی کوتاڵفرۆش نوێژی دەکرد، وەلێ بە بێ ئیمانی دەزانی. موشتەرییەکانی بە ئەسپ و عەرەبانـەوە دەهاتـن بۆ لای و ماڵەکەیشـیان زۆر گـەورە و جوان بوو. کچێکی سەر زلی مل کورتی هەیە، چاوی دەرپۆقییەوە و کوڕی عەتارەکە و کوڕی مسفرۆشـەکە و کوڕی کەبابچییەکەی لای خانەقا، بەیانی تا ئێوارە لە بەردەم پەنجەرە شینە گەورەکە دا دێن و دەچن، تا چاوێکیان پێی بکەوێت. جوانیش نەبوو تاوای بۆ بکەن، بەڵام دڵیان چووبوە سەروەت و سامان و کوتاڵەکەی باوکی! کچە بچووکەکەیشی یەکێکی سـەر پان بوو... ژنەکەی مەشهور بوو بە خۆڕازاندنەوە و بە جلی جوان... مەچەکێکی سـپیی پڕ لە بازن و غەبغەبەیەکی شـل لە ژێـر ملی شـۆڕ بوو بوەوە... یەک سـمتی خڕی پانـی پێوە بوو، کە دەڕۆیشـت وەک تەشـتە هەوێرێکی شـل سـمتی دەهات و دەچوو... ورگێکـی زل شـۆڕ بووبوەوە، هێندە گۆشـتی پێوە بـوو، کونەلووتی بە چ حاڵێک هەناسـەی لێوە دەهاتە دەرەوە... هەر چی ژنانی شـار بوون بەخیلییان پێ دەبرد! دەیانگوت: شـارۆ جوجکە، ئەوەنە لوولە کەبابی بۆ بردوەتەوە، ماشەڵڵا هەموو گیانی گۆشتە... خۆ ڕاستیشیان دەکرد، شارۆ یەک تۆز بوو! سەرێکی بچووک وەک گوێز و دوو دەستی

کورت و ورگێکی خڕ، لە ورگی منداڵ دەچوو، بە سەر قاچە کورتەکانی دا شۆڕ بووبووەوە. خوا ئەم گرێت ژنانی شار باسیان دەکرد گوایە، شەوان لە سەر سمتی ژنەکەی دەخەوێت و بەتانییەک دەدا بە خۆی دا و تا بەیانی جووڵەی لێوە نایەت. مەبەستیان بوو باسی بچووکی شارۆ و زلیی ژنەکەی بکەن. کچە سەر زلەکەیشی، زۆر لە دایکی دەچوو، هیچی نەهاتبوەوە سەر باوکی. کوڕە لچقرچا و قژبژەکان لە بەردەم ماڵیان ئەم سەر و ئەو سەریان دەکرد، خۆیان بێ کارە بوون و باوکانیان پارەیان بۆیان پەیدا دەکرد، خۆیان بە پارە و سەروەت و سامانی باوکیانەوە با دەدا و فرکان فرکانیان بوو، کامیان کچەی سەر زل لە خۆی ڕازی بکات و بکەوێت بە سەر خەزێنەی باوکی دا.

ئەرێ بۆ هاتمە سەر باسی خەڵک؟ بۆچی خەمێک نەخۆم بۆ سبەینێ و شتێک بکەم تا دێوانە ببینمەوە؟ ئەم خەیاڵ و باسانەی ناو شار بۆ داویەتییە سەرم؟ دێوانە ڕاستی دەکرد، شار ونت دەکات و لە خۆتت دوور دەخاتەوە، گەر ئەمە خۆونکردن و دوورکەوتنەوە نەبێت لە خۆم، لە بریی باسی خەڵک، بیرم لە کارێک بۆ بەیانی بکردایەتەوە، باشتر نەدەبوو؟ ملی ڕێگام گرت بۆ ماڵەوە، یەک دوو حەسیری کۆن و بەتانییەکی کۆن، کە لە ئەسپسوارێکی مشتەریی دووکانەکەی باوکم جێ مابوو، کۆم کردنەوە و بە باشی بە گوریسێکی بەن، پێچامنەوە و لە بەر دەرگای هەیوانە گەورەکە دام نان.

دایکم کە بینینی لێی پرسیم، ئەمانەت بۆ چییە کوڕم؟

- دایکە گیان ئەوە بۆ هەژارێکە، بێ شوێن و بێ جێوڕێیە؟

- قوربانت بم ڕۆڵە گیان، ئەوەی برسیبێت، خەمی برسییەکان دەخوات!

من بۆ ئەوەم نەبوو ئەو بیری لێ دەکردەوە. بۆ ئەوەم بوو بیانوێکم هەبێت، تا دێوانە نەڵێت بۆچی هاتوویتەوە بۆ لام. ئەو شەوە پاش شێوی ئێوارە، چوومە تاقەکەی سەرەوە، هەندێک وانەی حوجرەم

هەبوو پێیان دا چوومەوە و سەیری ئەستێرەکانم کرد و بیرم لە دێوانە دەکردەوە، تا خەو زۆری بۆ هێنام. بەیانی لە خەو ڕاچڵەکیم، یەکەم شتێک بە بیرم دا هات، دێوانە بوو. حەزم دەکرد ئەمڕۆ وانەکانی حوجرە زوو تەواو ببن و زوو بگەمەوە دووکان و ئیشەکانی باوکم بکەم و یەکسەر خۆم بگەیەنمە لای، کەچی هیچی بە دڵی من نەبوو. وانەکان وەک جاران تا درەنگانێکی نیوەڕۆیان خایاند و پاشان لە دووکانیش تا دەمەو عەسر باوکم نەهات. دەمەو عەسر کە باوکم هات، زۆر بە خێرایی چووم کۆڵەکەم لە کۆڵ نا و، دوو سێ نانی وشک و هەندێک پەنیریش لە ناو مەنجەڵی لای حەوزەکەی ناو حەوشەکە بوو، ئەوانیشم تێ کرد و ڕێگای کووخەکەم گرتەوە بەر.

بیرم نایەت چەندم پێ چوو تا گەیشتمە ئەوێ، وەلێ زۆر نەبوو. کە نزیک بوومەوە، کووخەکە دووکەڵێکی خاوی لێوە بەرز دەبوەوە و دێوانەیش لە سەر تاشەبەردەکە دانیشتبوو، سەیری خوارەی دەکرد. نە وەستام و نە ترسم هەبوو، یەکسەر لێی نزیک بوومەوە و سەلامێکم کرد... هیچ وەڵامی نەدامەوە... خۆم کرد بە کووخەکەی دا و حەسیرەکەم جوان داخست و بەتانییەکەیشم لوول کرد، وەک بالیفێک دام نا و پارچە نان و پەنیرەکەم دەرهێنان و جوان کردمەوە و لە سەر مەقەبایەک دام نان و چوومە بەردەمی و فەرمووم لێ کرد نانەکەی بخوات. بە چاوە قووڵ و تاریکەکانی تاوێک لێی ڕوانیم، ئینجا بە بێدەنگی هەڵسا و چیم پێ گوتبوو وای کرد... قژە درێژ و چەور و بریسکەدارەکانی بردبوە دواوە و یەواشێک شۆڕ بووبوونەوە بە سەر شانە کۆماوەکانی دا... سمێڵە سپییەکانی بە دەست لە ناوەڕاستەوە کردبوونی بە دوو کەرتەوە و بە تەواوی لێوە ئەستوورەکانی کەوتبوونە دەرەوە... ڕیشە درێژەکەیشی بە ئەندازەیەک لێی دەهات، لە مۆسیقارانی سەردەمانی کۆن دەچوو... برۆکانی وەک کەپرێکی چڕ بە سەر چاوییەوە خۆیان دابوو بەم لا و بەو لا دا... زۆر بە جوانی

سەرنجم دەدا و ئەویش دەیزانی سەرنجی دەدەم، کتوپڕ گوتی:
"بۆ ئەوەی مرۆڤ بناسی،
سەیری مەکە، قسەی لەگەڵ بکە.
ڕووخساری مرۆڤەکان شتێکە و بیرکردنەوەیشیان شتێکی تر. هیچ مرۆڤێک لە بنەڕەتەوە بە خراپی نەهاتوە، ئایین و حیکایەت و فیکرەکانن، مرۆڤ خراپ دەکەن، نەک مرۆڤ خۆی خراپەکار بێت. باشترین مرۆڤ مرۆڤێکە، ڕێگا نادات فیکرەکان مرۆڤبوونی لێ بسەنەوە و وەک خۆی دەمێنێتەوە. بیرت نەچێت کوڕی بچکۆل، بکوژان و سۆفییە گەورەکان، بە ڕووخسار ناناسرێنەوە، بە کارەکانیان دەناسرێنەوە. مرۆڤەکانی سەر زەمین پێکەوە ڕیز بکە، نازانی کامیان خراپەکارن و کامیان چاکەکار، چونکە ڕووخسارەکان ڕاستیی مرۆڤەکانت پێ ناڵێن، مرۆڤ وەک میوە وایە، تا لێی نزیک نەبیتەوە، نازانیت کامیان باش گەییوە و کامیان گەنیوە"
بێ خۆ پەرێشانکردن، دەستی کردەوە بە نان خواردن. هەستم کرد پێی خۆش دەبێت، پەیکێک بم لە نێوان ئەو و شار دا. یەک دوو جار ویستم پرسیار بکەم، جەسارەتم نەکرد پرسیاری لێ بکەم. بە تەواوی چاوم چووبوە سەر ڕووخسارە سەیرەکەی. دەمێک وەک دێوانەیەک لە پێش چاوم دەردەکەوت، دەمێکیش وەک پیاوێک خەمی دونیا بە سەر شانییەوە بێت. لەو کاتە دا سەیرم دەکرد، کتوپڕ نیگام بۆ لای ڕاستی گۆڕا، بینیم لای دەستە ڕاستییەوە یەک دوو مقەبای گەورە هەڵپەسێرابوون، بە خەتێکی تۆزێک ورد و خواربووەوە، شتیان لە سەر نووسرابوو. ویستم لەو کەمە ڕووناکییەی دەهاتە ناو کووخەکەوە، لە خەتەکان تێ بگەم. چاوم لە سەر ڕووخساری لادا و بە تەواوی چاوم چوە سەر خەتە ڕەشەکانی سەر مقەباکان. نازانم هەر شتێکم دەکرد، چونکە بە نیگا و هەستەوە دەمکرد، ڕاستەوخۆ پێی دەزانیم. نیگاکانی بە شێوەیەک قووڵ بوون نەم دەتوانی بە نیگاکانی دا بۆم ڕوون بێتەوە

Scanned by CamScanner

دەیەوێت چی بکات و چیم پێ بڵێت، کەچی ئەو بۆ من زۆر بە ئاسانی دەیزانی بە شوێن چی دا دەگەڕێم. بێ گوتنی قسەیەک دەستی برد بۆ مقەباکە و دانەیەکیانی دایە دەستم. بە زەردەخەنەیەکی پانەوە کە بە سەر ڕووخسارمەوە ڕاکشابوو، لێم وەرگرت. وەلێ نە زەردەخەنەی کرد و نە ئاماژەیەکی دا. وەک بڵێیت: پێی گوتبم، لە باتی ئەو شتانەی بۆت هێنام، ئەم شتە وەریگرە.

لـە ناو کووخەکە بە باشـی خەتەکەم بـۆ نەدەخوێنرایەوە. بە بێ پرس، جورئەتم دایە بەر خۆم و هاتمە دەرەوە، ڕووناکییەکەی دەرەوە دای لە مقەبا گەورەکەی دەستم، بینیم چەندین دێری درێژ نووسراوە. لە سەری سەرەوەی نووسینەکە نووسرابوو:

"شەوی یەکەم

ویسـتت بە باشـی بیر بکەیتـەوە، شـەوەکان باشـترین کاتن بۆ بیرکردنەوە، شـەوەکان بـۆ خەوتن نەکراون، بـۆ بیرکردنەوە کراون. ئەوانەی دونیایان گۆڕی، خەوتوانی شـەوان نەبوون، بێدارانی شـەوان بوون. دوای خەوتنی مرۆڤەکان، دونیا ئارامتر و زەوی کراوەترە. نازانم زانسـت چۆن بیر لەمە دەکاتەوە، ئەمما هۆشم وای بۆ دەچێت، دوای خەوتنی مرۆڤەکان، قورسایی لە سەر بوونم کەمتر دەبێتەوە و باشتر دەتوانـم بیر لەم گەردوونە بکەمەوە. بەخەبەربوونی مرۆڤەکان، زەوی و بوونیش قورس دەکات.

وانەیەکـم نییە بۆ کەسـی تایبەت، ئەوەی هەمـە بەس بۆ خۆمە. بـڕوام بـەوە نییە بۆ ئەوە لە دایک بووبم، شـتێک بەم دونیایە بکەم، پێچەوانەی کەسە مەزنەکان دەجووڵێمەوە. ڕەنگە ئەرکی من گۆڕینی دونیا نەبێت، گۆڕینی خۆم بێت. بڕوام بەوەیە، لە دایک بووم، تا خۆم بدۆزمەوە، بزانم خۆم چیم. ئەم خۆدۆزینەوەیە، لەگەڵ سرووشـت دا، بۆم ئاسـانتر دەکات. شـوێنێک کەمتر مرۆڤی پێ گەییشـتبێ کەمتر ئـازاری پێگەییشـتوە و کەمتـر جوانییەکانی خۆی لە دەسـت داوە.

ئامۆژگاریــی کەس ناکەم لە مرۆڤەکان دوور بکەوێتەوە، چوون دەزانم مرۆڤەکان، بۆیە لە دایک دەبن تا پێکەوە بن، وەلێ گەر لە شوێنێک دا هەستت بە ونبوونی خۆت کرد، تاقە دەرگایەک خۆتی تێدا بدۆزیتەوە، نزیکبوونەوەیە لە سرووشــت. هیــچ بوونەوەرێک بێ هۆ نایەتە بوون. هیچ بوونەوەرێک بێ مانا نییە، ئەگەر بە شــوێن مانا ڕاســتەقینەکەی دا بگەڕێیت. سرووشــت ڕۆحی ڕاســتەقینەی سەردەمەکەی خۆیەتی. تووڕەبوونــی سرووشــت کاتێک دەبێــت، لە مــرۆڤ نائومێد بووبێت. یاســاکانی سرووشت مەترسیدار نین، یاســاکانی مرۆڤ مەترسیدارن. گیانەوەرێکی بێ مێشک، مرۆڤێک پارچە پارچە بکات و سکی خۆی پێ تێر بکات، کەس نیگەران نابێت لەو گیانەوەرە، چونکە تێ دەگەیین لە بێ مێشکی دا ئەو کارەی کردوە. لە بریی ئەوەی مرۆڤ ئەو گیانەوەرە لــە ناو ببــات، دەبوایە بیری لــە تێربوونی بکردایەتــەوە. گیانەوەران لــە تێربــوون دا نابنە دڕندە، وەلێ کێشــەکە ئەمەیــە، مرۆڤەکان لە گیانەوەران خراپترن. لە بریی سوودبینین لە جوانییەکانی سرووشت، ســوودیان لەو دیوە دڕندەیەی سرووشــت بینیوە. ئەم شەو بیرم لەوە دەکردەوە، تا کەسێکی سرووشتی بیت، دەبێت چی بکەیت؟

دەبێــت ببیتە گیانەوەرێکی دڕندە، یــان ببیتە گیانەوەرێکی جوان لــە نــاو جەنگەڵــی ژیان دا. بــە داخەوە هەمیشــە مــرۆڤ دوو ڕێگا هەڵدەبژێرێــت، یان خراپ یان باش... یان جوان، یان ناشــیرین. خۆ ڕێگای ناوەڕاست هەیە. ڕێگای ناوەڕاست بە بڕوای من، ڕێگای ژیرییە.

لــەم سرووشــتە دا با ڕێــگای ناوەڕاســت بدۆزینەوە. بەشــێک لە جوانییەکە وەربگرین و بە شێک لە ژیرییەکە و بە شێک ئازایەتییەکە، تــا مرۆڤێکــی ژیری جوانی ئازای لێ درووســت بکەین. تۆ ئەمەت پێ چۆنە بچکۆل؟"

کە دوا وشەم بینی، ڕێک حەپەسام، ویستم هاوار بکەم لە خۆشی دا، دانــم بــە خۆم داگــرت، نەکا هاوارەکەم ببێتە هــۆی ئەوەی هیچم

بـۆ نەنووسـێت... بیرم لە چی کردبـوەوە وا دەرچوو... من بوومەتە
خوێندکاری دێوانە! نا لەوانەیە بۆیە نووسـیبێتی بچکۆل، مەبەسـتی
بێت قسـە بـۆ یەکێک بکات. نازانـم لە هەموو حاڵەتێـک دا کۆلێک
خۆشیم هات بەو وشەیە. کە وایە من ئەو کەسەم بۆم دەنووسێت، دە
وایە پێویستی بە کەسێکە قسەکانی خۆی بۆ بکات، کەسەکە خەیاڵی
بێت، یان ڕاسـتی گرینگ نییە، گرنگ نووسـینە بۆ کەسێک. من ئەو
کەسـەم دێوانە خۆییم بۆ دەنووسـێت. تێگەییشتم، خزمەت لە من و
وانە لەو. لە وانەیە تۆزێک سـەرتان سـووڕ بمێنێت، لەم تەمەنە دا لە
چاو خەڵکی گەورە، شتی زۆر وا دەزانم. هیچ سەرتان سوور نەمێنێت،
یەک هەفتە لە دووکانەکەی باوکم دانیشـە گوێ بگرە، چی شـتی ئەم
دونیایـە دەبیسـتی و فێری دەبیـت. هەژاران بە باشـی دەبینن و بە
باشی دەیڵێنەوە. بەدبەختییەکەیان هەژارییەکەیانە، هەژار نەبوونایە،
کاری گەورەیـان دەکرد. مەلا شـەش پەنجەیش خـوا لێی ڕازی بێت،
فێری شتی وامان دەکات، کەسی تر لە دەرەوەی حوجرەکە نایزانێت.
حیکایەتـی کۆنی بیابـان نییە لە بەرمان نەکردبێـت، هەر حیکایەتە
و پەرجوویەکـی تێدایـە بۆ ژیانم، بۆیە لە ناو بازاڕی پیشـەگەرەکان
دا، بـە کوڕە سـەر باریکـە زۆرزانەکە ناوم دەبەن. مەبەسـتمە بزانن
لە خۆمەوە قسـە ناکەم، پاروەکە باش باش دەچووم، وردی دەکەم،
ئینجا قووتی دەدەم. لە هەژارەکانەوە زۆر فێر بووم، کە بۆ کەسێکی
هاوتەمەنی من زۆرە. ئەوەندەیش منداڵ نیم وەک باسـی دەکەن، هەر
هەفتەی پێشـوو بوو کتوپڕ، سـەیری ئاوێنەکەم کرد، گەندەموەکانی
ژێر چەناگەم دەرکەوتبوون و دەنگیشم گڕ بوو، لەو کەڵەشێرانە دەچم
تازە فێری خوێندن دەبن. شـەرمیش لە خۆ دەکەم، لە بەردەم باوکم
دا قسە بکەم. یەک دوو جار بە زەردەخەنەوە سەیری کردووم زانیوومە
پێکەنینی بەو دەنگە گڕە ناخۆشەی من دێت، کەچی سەرباری ئەوە،
هەتا نیشانەی سپێتی نەکەوێتە سەرت، کەسانێک هەن تۆ وەک منداڵ

سەیر دەکەن، بۆیە دێوانە نووسیبووی بچکۆل، من لە چاوی ئەو دا، بچکۆلم. دیسان چاوم چوە سەر دێرێک کە لە ناو دێرێک دا وشەیەک بە دەست کوژابوەوە، جێ کوژانەوەکە بە سەر مقەباکەوە لە پەڵە هەورێکی ڕەشی شێواو دەچوو، لە جێی وشەکە مرۆڤ نووسرابوو. کە دێرەکەم پێکەوە خوێندەوە ئاوای لێ هاتبوو:

"چۆن دەبین بە مرۆڤ؟ ئەی چۆن سرووشتییانە سەیری شتەکان بکەین؟ سرووشتییانە یانیی چی؟ یانی لێ بگەڕێ هەموو شتێک وەک خۆی بێت، لێ بگەڕێ و دەست لە شتەکان مەدە، بەو جۆرە سەیری شتەکان بکە، کە هەن. چۆن سرووشت، کێوێکی لە ناو دەشتاییەک درووست کردوە و دەستی لێ نادات و کێوەکە وەک کێو دەبینێت و دەشتاییەکان وەک دەشتایی، دەبوایە مرۆڤیش وای بکردایە. لە ڕاستی دا ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بیری لە خۆی کردەوە، بیری لە وێرانەیش کردەوە. بۆ ئەوەی شتێک بۆ خۆت بە دەست بهێنیت، بێ گوومان دەبێت شتێک وێران بکەیت"

لێرە دا وەستام. زۆر باش تێ نەدەگەییشتم، نەدەکرا وا سەر با بدەم و حاڵی نەبم. خۆم ڕاتەکاند و چوومە بەردەمی، دێوانە سەری خستبوە سەر بەتانییە لوولکراوەکە و پاڵ کەوتبوو. لە چوونە ژوورەوەم نە جووڵا، وەک بڵێی نە منی دیبێت و نە بۆیشی گرینگ بێت چوومەتە ژوورەوە. منیش زۆر بە ترس و لەرزەوە گوتم:

مامۆستا: بە سرووشتیبوون یانیی چی؟

– کتوپڕ ڕاچڵەکی! هەڵسایەوە و بە دەنگێکی زۆر تووڕەوە گوتی: من مامۆستای کەس نیم، چیتر دووبارە نەکەیتەوە، من تا دەمرم وەک خوێندکارێک دەژیم، ئیشی خوێندکار پرسیارکردنە، ئەوانەی مامۆستا بوون، لە سەدە کۆنەکان دا مردن. دوای ئەوان مامۆستایەکی ڕاستەقینە بوونی نییە. مامۆستای ڕاستەقینە وەڵامی پرسیارە گەورەکانی دونیا دەداتەوە. من دێوانەم، دێوانە جوانترین ناوە بۆ مرۆڤی ئەم سەردەمە.

بە ویستی مرۆڤێک ناوەکەم بۆ خۆم هەڵبژاردوە و خۆیشم خەڵکم فێر کرد، پێم بڵێین دێوانە.

داوای لێبووردنم کرد و ویستم سەرم دابخەم و بچمە دەرەوە، بە دەستەکانی ئاماژەیەکی کرد بۆ دانیشتنم، لە سەر حەسیرەکە وەک کەسێکی عاقڵ دانیشتم و ئەویش بە هێمنییەوە قسەی کرد:

"سرووشتیبوون، واتای جەنگەڵبوون نییە، لای من بە واتای وەک درەختێک، وەک کەروێشکێک، وەک چۆلەکەیەک، لەو جۆرانە بە، ئەگەر ناتوانی زەوی جوان بکەیت، ناشیرینیشی مەکە. پێدەچێت سرووشتیبوون، لای کەسانێک، جەنگەڵیبوون بێت، لای من رێک پێچەوانەکەیەتی"

ئاخر مودەریسی حوجرەکەمان دەیگوت: هەر شتە و ئەرکی خۆی هەیە.

-هەر شتە و ئەرکی خۆی هەیە، مەرج نییە ئەو ئەرکەی بۆی دانراوە وەک خۆی بیکات، مەرجیش نییە ئەو ئەرکەی بۆ دانراوە وەک خۆی بمێنێتەوە.

- چۆن؟

- ئیشی ئاو تەنها بۆ کێڵگە و باخەکان و جوانی نییە، زۆر جار ئیشی ئاو وێرانکەرانەیە و زۆر جاریش ئیشی ئاو پاککردنەوەیە و زۆر جاریش پیسکردن. مرۆڤیش وایە، پەیوەندییەک لە نێوان مرۆڤ و ئاو دا هەیە. مرۆڤ هەیە، لە کانیاوێک دەچێت، پاک و جوان و سوودبەخشە، مرۆڤ هەیە لە لافاوێکی لێڵ دەچێت، رووی کردە هەر جێگایەک وێرانی دەکات. مرۆڤ هەیە لە ئاوێکی گەرمکراو دەچێت، ئیشی بەس پاککردنەوەی دڵەکان و ئەو جێگایانەیە دەرژێت بە سەریان دا، زۆر گەرمیش بێت، دەیانسووتێنێت. مرۆڤ هەیە، بە وێنەی رووبار کاری بەس رۆیشتنە، لەم سەری دونیاوە بۆ ئەو سەری دونیا، کەواتە ئەرکەکان جیا بوون؟

- ڕاستە، جیا بوون، بەڵام یەک نەوعن.

-پێکەنینی بە قسـەکەم هات! بە دەم پێکەنینەوە وەڵامی دامەوە: دەزانم هێشتا چوونە ناو بابەتەکات وەک خۆی قورسە بۆت، ماهیەتی شتەکان یەکـە، ئەرکەکەیشـیان لەوانەیە جیا بێت و لەوانەیشـە لە یەک بچن. گەر بڕیار بێت، پێکەوە پرسـیاری سـادە بکەین لە سـەر بوون، لەوانەیە ماهیەتەکەی بدۆزینەوە و لەوانەیشە بنەوانەکەی ڕوون بکەینەوە. جۆگەیەک ئاو لە بنەوانەوە، بە باشی هەڵی نەکەیت، ئاوەکە ناگاتە باخەکە، هەموو شتەکانی ئەم دونیایەیش وان، ئەوانەیان جوان و تۆکمـە ماونەتەوە، ئەوانەن لە بنەوانـەوە بە جوانی بونیات نراون، ئەوانەیشی لە نیوە دا، یان کتوپڕ تێک دەچن، ئەوانەن بنەوانەکەیان لاواز بوە. مرۆڤیش وایە، دەبێت لە بنەوانەوە پەروەردەی بگۆڕێت. یانی لـە خێزانەوە. گەر چی زۆربـەی مرۆڤە لادەرەکان، زادگەی خێزانێکی خانەدانیـش بن، بەڵام لە بنەڕەت دا گەر هەموو بنەوانەکان باش بن، لادەرەکان کەم دەبن.

- یانی تۆ دەتەوێت ئیتر مرۆڤی خراپ نەمێنێت؟

-ئیشـی مـن نییە، خراپە بسـڕمەوە، ئیشـی منە بچمـە بنەوانی خراپـەوە، بزانـم بۆ هەیە. هەتا مرۆڤ هەبێـت، خراپە هەیە. کاتێک دەڵێم سرووشتی بین، مەبەستمە شتێک نەبین، کە نین، شتێک بین، کە هەین.

- مودەڕیسـی حوجرەکەمان هەمیشـە باسـی دەکات، خراپەکان و باشەیەکان پێشووەخت بۆمان نووسراون.

- ئەوانەی ئەو قسـانە دەکەن، گوێیان بۆ بگرە، بەڵام بڕوایان پێ مەکە. هۆشی تۆیە دەتوانێت، بڕیار بدات کە بیر لە چاکە دەکەیتەوە، یان بیر لە خراپە دەکەیتەوە. نە خراپە، نە باشە بۆ مرۆڤ نانووسرێت، هەتا خۆی نەی کات. کەسـێک بڕوای بە هۆش بێت، بڕوای بەوەیش هەیە، کردنی چاکە و خراپەیەک، پەیوەندیی بە هۆشـی کەسـەکەوە

هەیە، نەک پەیوەندیی بەوە بێت، پێشـووتر ئەمری پێ کرابێت بیکا. تـۆ دەتوانیـت چیتـر نەیەیت بـۆ لای من، دەیشـتوانیت هەر کاتێک ویسـتت بێی، کە وایە بۆ تۆ نەنووسـراوە بێیت، یان نەیەیت. ئەمەی پێت دەڵێم، بە مامۆستای حوجرەکەت مەڵێ، بۆ خۆت هەڵیان بگرە، لەوانەیـە ڕۆژێک بێت، باش بن بۆ تۆ و لەوانەیشـە سـوودیان نەبێت بۆت.

کەواتە، دەتوانم هەر کاتێک بمەوێت بێم؟

_ بەڵێ.

نە وەستام و نە چاوەڕێم کرد، بە دڵێکی خۆشەوە کووخەکەم جێ هێشـت و مقەباکەم خسـتە بن دەستم و دەسـتم کرد بە گەڕانەوە بۆ شـار. لە نیوەی ڕێگا دا بیرم کەوتـەوە، چ کارێکی منداڵانەم کردوە. دەبوایە بوەسـتم تا شـتێکی تری لێی بپرسـم، یان خوا حافیزییەک بکەم، ڕاست دەکەن منداڵبوون بە سەروسیما نییە، بە هەڵسوکەوتە. هی وا هەیە هەتا دەمرێت، گەورە نابێت و منداڵە. لە ڕێگا بە جۆرێک مقەباکەم گرتبوو، خەمم بوو، خەڵووزە ڕەشـەکە بنووسێت پێمەوە و نووسینەکان بکوژێنەوە. لەو کاتە دا بیرم لە دوو شت کردەوە. یەکەم دەبێت لە خانەقا تیانووسـە سپییەکان و پەڕی نووسینەکانی ئەوێم، بهێنمەوە ماڵەوە و شـەوان خەریکی نووسینەوەی، ئەو مقەبایانە بم، لای دێوانەوە دەمهێنان. ئینجا دوای ئەوە، مەلا شـەش پەنجە چیمان پێ دەڵێت، بیکەم بە پرسیار لە دێوانە و بزانم ئەو چی دەڵێت.

بەو تووڵەڕێیەی لە کۆڵانەکانی پشـتەوە دەیهێنامەوە بۆ دەرگای حەوشـەکەمان، هاتمە ماڵ. بێ ئەم سـەر و ئەو سـەر یەکسـەر بە پلیکانەکان دا سـەرکەوتم بۆ هۆدەکەی سەرەوە، مقەباکەم لە تاقەکە دانا. لە ئێستاوە دەبێت ئەم تاقە تاقی دێوانە بێت. هاتمە خوارەوە و دایکم خەریکی لێنانی کوولەکەی ئاوی بوو. ئەو کوولەکە قن خڕ و مل باریکانەن، لە دەشـتەوە دەهاتن بۆ شـار و لە بریی پینەکردنی پێڵاو

و جلوبەرگ، باوکم جاریەجار میوە و سەوزە و خواردنی لە جوتیارە ڕێبوارەکانی شار وەر دەگرت. کوولەکە ئاوییەکان یەکێک بوون لەو خواردنانەی هاوینان بۆمان دەهاتن و زۆربەی کات دەمانخواردن، دایکم، تەماتەی خۆمانەی ورد ورد دەکرد و کەرەوزی ورد دەکرد و کوولەکەکانی بە شێوەی بازنەیی بچووک ورد دەکرد و لێی دەنا، بۆنێکی زۆر خۆشی هەبوو. چوومە لایەوە و بۆنێکی مەنجەڵەسەکەم کرد قووڵپی دەدا، تەواو حەیرانی بووم. گوتم دایە:

ئەو مقەبایانەی دەیانهێنم لە تاقەکەی سەرەوە دایان دەنێم، ئەوانە دەرسی حوجرەیان لە سەر نووسراوە، بە باوکیشم بڵێ، دەستیان لێ نەدا. دەمزانی دایکم و باوکم خوێندەوارییان نییە، بۆیە بێ خەم بووم لەوەی بزانن چییە. دایکم بێ ئەم لا و ئەو لایەک، گوتی بە چاوان. بۆ شەوەکەی، ئەو تیانووسە سپییانەی لە حوجرەوە هێنابوونمەوە بۆ ماڵ، لە ناو سندووقەکە دەرم هێنان و قووتیلەکەم داگیرساند و لە سەر پەنجەرەکە دام نا، دەستم کرد بە نووسینەوەی مقەباکەی دێوانە. لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەت دەکرد، وێنەیەکی جوانی پیشان دەدا، هەندێک لە ئەستێرەکان شانیان دادابوو بە سەر پاساری ماڵەکەی شارۆنی کوتاڵفرۆش. هەندێکی تریشیان بەرز بەرز بوون و مانگیش لە ناوەڕاستیان دا وەک مامۆستایەک وەستابوو. لە شەوان دا، تەنها ڕووناکییە شار لە گوند جیا دەکاتەوە. ئەگەر ڕووناکی نەما، شار گوندە و گوند شارە. ئەو کەمە ڕووناکییەی دیار بوو، هی سەر شارێگاکان و چەند ماڵێک بوون، کە بە پەنجەی دەست دەژمێرران. ماڵی سۆنەی جوولەکە و شارۆی کوتاڵفرۆش و یەک دوانێکی تر بوون. باقی ماڵەکانی دی، پەنجەرەکانیان ئەوەندە بچووک بوو، تا نەچووبایەیتە بەر دەم ماڵەکانیان، نەت دەزانی ڕووناکی هەیە، یان نییە.

هەتا مەلابانگدان من خەریکی نووسینەوە بووم. خولیایەک دابووی

له سەرم، دەبوایە دەستی لێ هەڵنەگرم تا بە کۆتایی دەگەیەنم.
جارێکیان لە جوتیارێکم بیست، لە سەردەمە کۆنەکان دا، کوڕێکی
کەچەڵی بۆر لەو بیابانەوە هاتوە، بەم ناوەدا تێپەڕیوە، چی بینیوە
نووسیویەتیەوە، چی دەست کەوتوە بە باری کەرەکەی خۆی بردوویەتی،
لەم ئاخرییەوە کتێبێکی کۆنی دەستنووس براوە بۆ مزگەوتی گوندی
جوتیارەکە، تومەز کتێبەکە هی کوڕە کەچەڵە بۆرەکەیە. حیکایەتی
کوڕە کەچەڵەکە لە ناو مێشکم دا گرمەی دەهات، چۆن وا بکەم
دووبارەی بکەمەوە. هەر چەندە نووسینەکانی من هی خۆم نین و
هی دێوانەن، بەڵام خۆ وەک مەلا شەش پەنجە لە دەرسی لۆژیک دا
بۆی باس کردین، خوێندکارەکانی نەبوونایە، سووکرات هیچی نەبوو.
ئەوان بوون قسەکانیان نووسییەوە. لەوانەیشە من قسەکانی دێوانە
دەنووسمەوە، وەکو خوێندکارەکانی سووکرات بیت کە لە حوجرە مەلا
شەش پەنجە بۆی باس کردین. ئێی بابە، چەند خەیاڵخۆشم، خۆم لێ
بوە بە کەسێکی سەیر، زووکە بینووسەوە و بخەوە، لەوانەیە کەس
نەی بینێت و کەسیش نەی خوێنێتەوە.

باشە بۆ نووسیبووی "شەوی یەکەم" مەبەستی چی بوو؟ ئا،
دۆزیمەوە، مەبەستی ئەوەیە، یەکەم شەوە لە شار دوورە و ئیتر
دەیەوێت، شەوەکانی بژمێرێت. لە ئاخری مقەباکە دا، کە ئەو کات
بیرم چوو، لێی بپرسم، باسی مەسەلەیەکی سەیری کردوە، ئاخر هەش
بە سەر، تۆ لە خۆشیی ڕێگاپێدانت بۆ لای، یەکسەر هەڵسایت و
ڕۆیشتیت، توند لەپی دەستی خۆمم کێشا بە نێو چاوانم دا. ئاخرەکەی
بەوە کۆتایی پێ هێنابوو:

"دونیا دوو ڕەنگ نییە، دونیا هەزاران ڕەنگە. چاوێک دوو ڕەنگ
دەبینێت، چاوێکە دونیای نەبینیوە. من چاوانێکم خۆش دەوێن، دونیا
وەک خۆی ببین و وەک خۆی خۆشیان بووێت. چەند بەدبەختن
کەسانێک لە دەرەوەی سرووشتن و باس لە دونیا دەکەن. کەمێک

له چەنجاڵیی شـارەکان و کارە دەسـتکردەکانی مرۆڤ دوور بکەوە، شتانێک دەبینیت، تەواوی بینینت دەگۆڕن، بۆیە بانگهێشـتی ئێوە دەکەم بۆ سرووشـت، بۆ ئەوەی دونیاکەتان وەک خۆی پێ بناسـێنم و وەک خۆی ببینن. سرووشـت ئەوە نییە چاو دەیبینێت، سرووشت ئەوەیە کە چاوت داخسـت، بە ڕۆح دەرکی بکەیت. ئیشـی سرووشت تەنها بۆ تێربوونی تەماشا نییە، بۆ تێربوونی ڕۆح و هۆشە. نازانم ڕۆح چییە، دەزانم جووڵەیەک هەیە، جووڵەیەکە نە هۆشە، نە ئارەزوو، نە هەست. جووڵەیەکـە لەو نێوانە دا. ناوی ڕۆحـە. ڕۆح بە تێکەڵبوون لەگەڵ مرۆڤەکان نایدۆزیتەوە، بە تێکەڵبوون لەگەڵ سرووشت و خودا، دەیدۆزیتەوە. زۆر بێزار دەبووم لەو کەسانەی، باسی ئەوەیان دەکرد، با ڕۆحی یەکمان خۆش بوێت! ئاخر کاری خۆشەویستی، دەستکاریکردنی هەسـتەکان و هۆشی مرۆڤە، دەسکاریکردنی ڕۆح نییە. خۆشەویستی هۆشـیارییە. وەک عەشـق بەرزترین ئاسـتی هۆشـیارییە، وەلێ ڕۆح بابەتێکـی تـرە، بابەتێکە ئاسـوودەییەکەی پەیوەندیی بە دەرەوەی بوونی مرۆڤەوە هەیە. ئاسوودەییەکەی لە سرووشت دا بە دی دەکەم. کە تێکەڵی سرووشت دەبین، چاو تێر دەبێت، هۆش ئارام دەبێت، لەو کاتانە دا ڕۆح دەردەکەوێت. دوای تێربوونی گشـت هەسـتەکان، ڕۆح دەردەکەوێت. وەک ئەو کاتانەی نزیک دەکەوینەوە لە خودا، هەست بە جۆرێک لە فڕین دەکەین، تێکەڵبوون لەگەڵ سرووشـت ئەو فڕینەمان دەداتێ، کە ڕۆح دەیەوێت"

سـەیرە ئەم دێوانەیە باسـی مەسـەلەیەک دەکات، لە شارەکان دا نابینرێن. مەلا شەش پەنجە تەنها کاتێ باسی ڕۆحمان بۆ دەکات، کە خـودای بیر دەکەوێتەوە. ڕۆح بەس لە خـوداد دەبینێت و بردنەوەی ڕۆحـی مرۆڤیش بۆ لای خۆی، بۆ سـزا و پاداشـت دەبینیت. کەچی دێوانـە لە شـوێنێک دا بۆ ڕۆح دەگەڕێت، سـەرزەمینە و ڕۆحی تێدا نابینرێت. دەبێـت لـە ناو ئەو گژوگیا و هاڕەی ئـاو و گڤەی بایە دا،

Scanned by CamScanner

ڕۆح چی بکات؟ سەرم لەمە دەرناچێت، ئاخری لە بەینی ئەم دوانە دا شێت بم. جا من هەقم چییە، هەر چی بێت، دێوانە گوتەنی، گوێ دەگرم و بڕوا ناکەم. تا بزانم ئەم دوانە بۆ کام شوێنم دەبەن. یەکیان لە سەر زەمین دا بۆ مرۆڤ دەگەڕێت و ئەوی تریان لە ئاسمانەکان دا بۆ خۆشی دەگەڕێت. منیش لەو بەینە دا وەک پەیکێک دێم و دەچم، ئیشم گواستنەوەیە.

شەو تەواو درەنگی کردبوو، هەستم بە هیلاکی دەکرد، دەبوایە زوو بخەوم و سبەی زوو لە خەو هەستم. ماندوو بووم، بەس هەستم بە خۆشی دەکرد. دەمزانی خەریکی کارێکی خراپ نیم، لەوانەیە ئاخرییەکەی باش بکەوێتەوە. نووسینەوەکەم تەواو کردبوو، لە ژێر لێفە جاجمییەکە ڕاکشام و قووتیلەکەم بە سووتانەوە_لە پەنجەرەکە جێ هێشت و نەم کوژاندەوە، خەو بە جۆرێک نیشتبوە سەر چاوم، نەک قووتیلەکە، مانگیش بهاتایەتە بەر دەم پەنجەرەکە، نەی دەتوانی خەوەکەم لێ بسەنێت. سەرم خستە سەر بالیفە خڕەکە، کە بە پەڕی مریشک درووست کرابوو و لە ماڵە باپیرانمەوە دایکم هێنابووی، کاتێکم زانی دەنگی باوکم کەوتە بەر گوێم و بە دەست دەیجووڵاندنەوە تا هەستم درەنگی کردوە.

لەسەر فەرشە کۆنە ئێرانییەکەی بەر هەیوان، هەر سێکمان، من و دایکم و باوکم دانیشتین، سەماوەرێکی مسی کۆنمان هەبوو، خەریکی گۆرانیگوتن بوو! سینیە مسەکە، لە سەر لێوارەکانی گوڵی چوار پەڕ نەخشێنرابوو، لە ناوەڕاستی هەر سیانمان دانرابوو، سێ پیاڵە چای و دوو نانی گەورەی گەرمی لە سەر دانرابوو، لەگەڵ قاپێک مسی جوان کە بریسکەی دەهات، پڕ کرابوو لە ماست. سوورەچنارەکەی بەر هەیوانەکە پۆلێ چۆلەکەی پێوە بوو، کردبوویان بە ڕۆژی خۆیان. سەرپۆشە سپییەکەی دایکم بە سەر تەنافەکەوە بە دەست باوە دەهاتوو دەچوو. باوکم لە کاتی قسەکردن دا، پەنجە خڕ و زبر و

بریندارەکانـی بە شـێوەیەک دەجووڵاندەوە، چـاو لەگەڵیان دەهات و دەچـوو. دیار بوو دایکم زۆر دەمێکە لە خەو هەسـتاوە، حەوشـەکە تا خواری خوارەوە ئاوڕشـێن کرابوو، یەک بۆنی خۆشی خاک دەهات بە سـەرت دا... هەندێک جار هەناسەی تەنگ دەکردیت... دانیشتنی بەیانییان لە ماڵی ئێمە، خۆشـترین ساتەکانمان بوو. نەنە پوونە زوو نانی خواردبوو، لە ماڵ چووبوە دەر بۆ سەردانی گۆڕی باپیرم، چونکە باوکم دووکانی هەبوو، دەبوایە زۆر زوو لە خەو هەسـتین. هەمیشـە جوتیـارە هەژارەکان کە دەهاتن بۆ شـار، دەمـەو بەیانێکی زۆر زوو، خۆیـان دەکـرد بە شـار دا و بازاڕیان گەرم دەکرد. تـا باوکم نانێک پەیدا بکات، بە زوویی دەچوە سـەر دووکانەکەی و جوتیارەکانی لێی کۆ دەبوونەوە، بۆ خۆیان بە پوختە و پینەکراوی دەگەڕانەوە گوند و باوکیشـم نانێکی دەسـت دەکەوت. ئەم کارە سادە و تاقەتپروکێنەی باوکم، کە هەموو سەری پەنجەکانی شین کردبوەوە، هێندە چەکووش و بزماری لێ دابوون، وای کردبوو دەبوایە زۆر زوو لە خەو هەسـتین، کەچی کە خەو بەری دەدام، هەست بە جۆرێک لە خۆشی دەکرد، لەو بەر هەیوان لە سەر فەرشێکی کۆن و هەیوانێکی سواقدراو دانیشتووین و هەوایەکـی پـاک دەهات. تا ئەو کاتەی لە دەرگا تەختە کۆن و دوو لاکـەوە دەهاتمـە دەر، هـەر خۆش بوو، بەڵام کە لە حەوشـە وەدەر دەکەوتم، دەمزانی ئیتر دیسـان دەبێت، بچمەوە بۆ لای مەلا شـەش پەنجە و حیکایەتە کۆنەکانم بۆ بکات و زللە و شـووڵ بخۆم لە سـەر ئـەوەی ئـەو فەتحەیەم قووت داوە و ئەو کەسـرەیەم بیر چوە و ئەو (ع) م بـە (ح) خوێندوەتـەوە. لە لایەکی کەوە دڵم بەوە خۆش بوو، وەک بەشـێک لە خوا پێداوەکانی شـار، منیش لە حوجرە دەخوێنم و لە حوجرەکە دا لە تەنیشـت یەک دادەنیشین، مەلا شەش پەنجە زۆر بە کەمی شـووڵ دەکێشـێت بە کوڕی خوا پێداوەکان دا. دڵیشم بەوە خۆش بوو، ئێسـتا خەریکی شـتێکی ترم، خەریکم لەگـەڵ دێوانەی

Scanned by CamScanner

خەڵوەتنشـین، وەک خەڵـک وا نـاوی دەهێنـن، ژیری فێـر دەبم کە ژیریەکەی وی لە حوجرەکان دا فێر نابم. بە تەواوی ژیانم بووبوو بە سێ ڕێگا، چوون بۆ حوجرە، چوون بۆ دووکان، چوون بۆ لای دێوانە. لـە هەمـووی دڵگیرتر، چـوون بوو بۆ لای دێوانـە، دەبوایە ڕۆژانە لە سوسـگە گەورەکەی خوار تاقە بچووکەکەی نانەدەکەی دایکمەوە، دوو نان دەربهێنم و لە ناو مەنجەڵەکانی قەراخ حەوزەکەیش بگەڕێم، چی تێدا بێت بیبەم بۆ دێوانە. بە مەرجێک ئەمە دایکم چاوی لێ نەبێت، بزانێـت من خەریکی چیم. لەوە دەترسـام ڕۆژێـک بمبینێت و ئەوەی شاردبوومەوە، پێ بزانرێم و شتەکانم ببەن بۆ لای مەلا شەش پەنجە و هەمووی بدڕێنێت و بە خراپە ناوم بهێنێت.

## ■ ڕۆژی دووهەم

وەک ڕۆژانی تر چووم بۆ خانەقا، مامۆستا لە تەنیشت حەوزەکە دانیشتبوو، خەریکی شۆردنی قاچەکانی بوو، دیار بوو دەستنوێژ دەگرێت بۆ وانەوتنەوە. سڵاوی خودام کرد، بەخێرهاتنی کردم و خێرا منیش لەگەڵ ئەو دا دەستنوێژێکم گرت و چوومە حوجرەکەوە. سوختەکان بە ڕیز دانیشتبوون، یەکی قورئانێکی کراوە، وەک قاپی چێشت لە بەردەمیان دانرابێت، سەریان خستبوە سەر قورئانەکە و خەریکی گوتنەوەی ئەو ئایەتانە بوون، ڕۆژی پێشوو بۆمان دانرابوون لە بەریان بکەین. عادەتیش وا بوو، دەبوایە یەکی کڵاوێک بکەینە سەرمان و هەر کەس کڵاوەکەی بیر چووبوایە، دەبا ئەو ڕۆژە تا ئێوارە چی حەوشە و دەری خانەقاکە هەیە هەمووی پاک بکاتەوە و بیست شووڵیش بخوات. لە ترسی سزاکەی کەس نەی دەوێرا کڵاوەکەی لە بیر بکات. ناخۆشترین ڕۆژەکانی حوجرە ڕۆژانێک بوون، بە زۆر یەکی سوورەتێکی گەورەمان پێ دەخوێنرایەوە، سوورەتەکە هیچی لێ تێ نەدەگەیشتین و هەڵەیەکیشمان بکردایە دەبوایە بە دەم دا بکەوین، مەلا شەش پەنجە هەشت شووڵ بدا لە ڕان و سمتمان. شەوی وا هەبوو لە ئازاری سمتم نەم دەوێرا بە پشت دا بخەوم و نەیشم دەوێرا بە ماڵەوە بڵێم، وانەکانم نەزانیوە، بۆیە وام لێ هاتوە، چونکە باوکم ئیجازەی بە مامۆستا دابوو، گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسقانەکانی بنێرەوە بۆ ماڵ. یانی بە دڵی خۆت تێی هەڵ بدە و خەمت نەبێت، بە لێدان نەبێت فێر نابێت، بۆیە ئێستایش کە مێزەرێکی سپی دەبینم، ئەو شووڵانەم بیر دێنەوە، کاتی خۆی خواردوومن.

ڕۆژێکی خۆش بوو، هەتاوێکی هێمن لە پەنجەرەکانەوە خۆی کردبوو بە حوجرەکە دا، کۆمەڵێک گەردی نەرم ئاڵابوون لە تیشکی هەتاوەکە. لەو شوێنەی کەمێک تاریکی هەیە، وێنەیەک نییە وەک هاتنە ناوەوەی تیشکێکی ڕووناک جوان بێت. کە لە تیشکەکەوە سەیری هەر بابەتێکی ناو حوجرەکەت دەکرد، تۆزێک نورانی دەردەکەوت. وەک عادەتی هەمیشەیی ئەو وانانەمان دەخوێند، هی سەدە کۆنەکان بوون و ئەمڕۆ جارێکی تر دووبارە دەکرانەوە و تەفسیرێکی تازە نەهاتبوە سەریان. هێندە ترس و خۆشی خرابوە دڵمانەوە، سەرم لێ تێک چووبوو، کامیان باشە. دەمێک وەک کەسێک دەخراینە دونیایەکەوە پڕ بوو لە هەنگوین و باخ و شیر و ژن، دەمێکیش ئاگرێکی بە کڵپە دەخرایە ژانمانەوە بە هیچ ئاوێک نەدەکوژایەوە. ئەم دوودڵییەم تەواو پەرێشانی کردبووم. ڕێگای تریش نەبوو تا بە ناوی دا بڕۆیت، بۆ ئەوەی دوور بیت لەم دوو ڕێگایە. تاقە ئومێدێک لەم ژیانە دووبارە و هەزار بارەیەی من، ناسینی ژیرێک بوو، کە خەڵکی شار پێیان دەگوت، دێوانەی خەڵوەتنشین.

پاش وانەکان، وەک جاران ڕۆیشتمەوە بۆ دووکانەکەی باوکم، سەیر دەکەم، باوکم دوو کەبابی گەرمی کڕیوە و دای ناوە، دیار بوو ئەو ڕۆژە زەرێکی باشتری لە ڕۆژانی پێشوو دەست کەوتبوو، بۆیە خۆی کەبابی خواردبوو، بۆ منیشی کڕیبوو. لێتان ناشارمەوە دڵگیرترین ڕۆژەکانم ئەو ڕۆژانە بوون، کەبابم دەخوارد. بۆی دانیشتم بە دڵی خۆم سینییە ستیلەکەیشم لێستەوە، کە چەوریی کەبابەکەی پێوە بوو. پاشان قەباڵەیەکی تری پێ دام و ناردمییەوە بۆ ماڵ، تا بیدەم بە دایە. ئەمەم بە فرسەت زانی و گەییشتمەوە ماڵ، کەبابەکانم بۆ دایە دانا و یەکسەر کەوتمە ڕێ بۆ لای دێوانە.

لە قەراخ شار کۆمەڵێک کەسم بینی، خەریکی ڕاوەسەگ بوون. یەک دوو سەگی گەورەی گوێ براویان بە دەستەوە بوو، دەیاندان

بە یەک دا، تا یەکتر بخوێن. خۆم تێ نەگەیاندن و دام بە پاڵیان دا. نزیکی کووخەکە بوومەوە، وەک جاران، دێوانە لە هەمان شوێنی خۆی دانیشتبوو. ئەم جارە کە هەستی بە من کرد، لای کردەوە و بە دەنگێکی گڕەوە بەخێرهاتنی کردم، ئەوەی بۆم هێنابوو خستمە بەر دەمی و چوومە ناو کووخەکەوە. یەکێک لە مقەبا گەورەکانم هێنایە دەرەوە و چاوێکم پێدا خشاند. نە من قسە و نە دێوانە قسە! تاوێک دانیشتم و هەستام گەڕامەوە بەرەو شار، ئیتر نە گوتی بۆ کوێ و نە من خواحافیزیم کرد. لەوە دەچوو، بە بێدەنگییەکە لە یەکتر تێگەییشتبین! یا تێشوێکم هێناوە و لەگەڵ خۆم مقەبایەکم بردوە! لەو کەسە کۆنانە دەچووم، ئیشیان بەس نووسینەوەی ئەندێشەی خەڵکانێکە، خۆیان تاقەتی نووسینەوەیان نییە. هەندێک جاریش لەوە دەچووم، بە شوێن کەسێک گەڕاوم و دۆزیومەتەوە و پێویست ناکات لە سەری بڕۆم. نێوان شار و کووخەکە، ئەو نێوانە بوو دوو دونیای بە یەکەوە دەبەستەوە. لە دونیای ئیمانەوە بۆ دونیای ژیری. ئەرێ من ئەو کەسە بووم لەم نێوانە دا، بۆ خۆم دەگەڕام، هۆگربوونم بۆ ژیریی زیاتر بوو لە هۆگربوونم بۆ ئیمان. ئیمانەکە پڕ بوو لە ترس و ئەفسانە و خۆشی، ئەمما ژیرییەکە پڕ بوو لە لێکدانەوەی ترس و خۆشی و ئەو ئەفسانانە، کە ئیمان نەی دەهێشت لێکیان بدەیتەوە. وەک مقەبای یەکەم لە گۆشەیەکی سەرەوە نووسرابوو:

"من زەویم خۆش دەوێت...

زەوی هی ئەوانەیە، خۆشیان دەوێت. مرۆڤ ڕێبوارێکە و بە سەر زەوی دا تێدەپەڕێت، باشترینیان ئەوانەن، بە خۆشەویستییەوە زەوی جێ دەهێڵن.

بچکۆل...

بیرم لەوە نەکردبوەوە، بۆت بنووسم و نووسینەکانم بۆ کەس بن. کاتێک تۆ هاتیت، گوتم با بۆ تۆ بن. تۆ لەوانە بە زەویت خۆش بوێت،

Scanned by CamScanner

لەوانە مەبە، زەوی دەکەن بە دۆزەخ و بۆ دونیایەکی تر دەژین. مرۆڤێک زەوی بە خۆشەویستییەوە جێ نەهێڵێت، لە دونیاکانی تر دا، ژیان نادۆزێتەوە. گەر بڕیار بێت بۆ ئەوەی بێین، بڕۆین، هەر نەدەهاتین. ئێمە هاتووین، بمێنینەوە، پاشان بە خۆشەویستییەوە ماڵئاوایی بکەین. چەندین ساڵ وەک گەڕیدەیەک بە کووچە و کۆڵانەکانی شار دا گەڕام، تا خۆشەویستی بە مرۆڤەکان بدەم، تا خۆشەویستی بە زەوی و دونیا بدەم، کەسێک نەبوو بە شوێن ویستەکەم بکەوێت... کەسێک نەبوو گوێم لێ بگرێت... شەڕ مرۆڤ لە مرۆڤبوون دەخات... پاش شەڕەکان دەستم لە دڕندەکان هەڵگرت و وێڵی خۆشەویستی بووم بۆ سەر زەوییەکەمان، جگە لە خۆشەویستی، شک نابەم ویستێکی تر هەبێت زەوی جوان بکات.

بێزار بووم لەوانەی زمانیان پڕ بوو لە خۆشەویستی و دڵیان پڕ لە ڕق. خۆشەویستیی ڕاستەقینە لای بێدەنگەکانە، نەک قسەکەرەکان. هەر کەسێک زەویی لا ناشیرین کردی، لێی دوور بکەوە، ئەوە دۆزەخییەکانن. هەر کەسێک ئەو ڕێگایەی پێ نیشان دایت، بۆ مردن دەژیت، ئەوە جگە لە مردوێکی قسەکەر هیچی تر نییە. گوتاربێژە نۆربلێکان، مێشککوژەکان کەڵکی گوێگرتنیان نەماوە، خۆیان بێ سوودن، دەیانەوێت دەمیان پان بکەنەوە و زەوییش بێ سوود بکەن.

من چیم لەم سەر زەمینە بینوە، بۆ تۆی جێ دەهێڵم. خودا سەرزەمینی خۆش دەوێت، بۆیە ژیان بەردەوامە. هەر کەسێک هات و دووری خستیتەوە لە خۆشەویستی، تەنانەت خۆشویستنی دوژمنەکانیشت بێت، تۆیش لێی دوور بکەوە. خوانەکەی من، خوانی خۆشەویستییە. کێ دەیەوێت تامی خۆشەویستی بکات، با بێت لە دەرگای ماڵەکەی من بدات و لە سەر خوانەکەم دابنیشێت. ئەوانەیش دژی خۆشەویستی و مرۆڤەکانن، ئەوانە غەریبە سەرگەردانەکانی ئەم دونیایەن. کەس نەبوو لەم شارە دا دەستی بگرم و پێی بڵێم:

وەرە مـن گەوهەرێکم تێدایە، بوونەوەرێـک هەبێت ئەو گەوهەرەی دەسـت بکەوێت، تا دەمرێت بە ئاسـوودەیی دەژی. گەوهەرەکەی من بە دەست تۆ دەگات. نازانم خۆشبەخت دەبیت یان نا، ئەمما نیو ئەمرۆ بە دەست تۆ دەگات. نازانم خۆشبەخت دەبیت یان نا، ئەمما نیو سەدە ئەزموونی ژیانت بۆ دەنووسمەوە، بە برین و خۆشییەکانییەوە. دەچمە ناو ئەو کەلێنە تاریکانەی مرۆڤەوە، کەلێنێک مرۆڤی تر دەستی نەگەییشـتوەتە ناویان. بڕوام پێ دەکەیت یان نا، یاخود گرینگن لات یان نا، بۆم گرینگ نییە. دەبوایە لەم سەر زەمینە خۆشەویستەم دا، کەسێک هەبێت، خۆمی پێ بدەم، تۆ ئەو کەسەیت."

کاتـێ خوێندمەوە، بێ ئـەوەی بیر لەوە بکەمەوە درەنگە یان زوو، رێک رووم وەرگێڕا و گەڕامەوە بۆ کووخەکە. نزیک کەوتمەوە لێی، لە بەردەمی دا وەک منداڵێک چۆکم دادا. دەمەویست تێی بگەیەنم حاڵی من، هەم باشە و هەم خراپ. بە ڕستە سەرەتاییەکانی خۆم لەم دوو ڕێگایـەی کە خەریکە لە نێوانیان دا، ون دەبم، پارمەتیم بدات. خۆی تێک نەدا، زۆر بە ئەسـپایی، دەسـتە زبر و گەورەکانی هێنا بە سەرم دا. کاتێک قورسـایی دەستەکانیم بە سەر سەرمەوە هەست پێ کرد، وەک باوکێک هاتە بەر چاوم، بەڵێ، وەک باوکێک.

منداڵ نەبووم، کەچی هەستێکی منداڵانە لە ناخم دا زیندوو بووەوە. گوێم لە دەنگی بوو بە سەر سەرمەوە.

"خەمت نەبێت، خەونەکانم لە بوخچەیەک دان، بۆ تۆیان جێ دەهێڵم. ئیشی من لەم سەر زەمینە هەر ئەوە بوو، کاتێک ڕۆیشتم، پاش خۆم کۆمەڵێـک جوانـی جێ بهێڵـم. ئەم دڵەی من هێندە خۆشەویسـتیی تێدایە، بەشی مرۆڤەکانی سەر زەمین دەکات."

گەرماییەک بە گیانم دا هات. یەکەم جارم بوو قسـەی لەو جۆرە ببیستم! قسانێک بوون، بە گوێکانی من نامۆ. باوکم پیاوێکی زەریف و زەحمەتکێش، نەرم، هێمن و غەمگین، وەلێ نەی دەتوانی بە زمان خۆشەویستی بگەیەنێت. هەمیشە بە جووڵەیەک، یان بێدەنگییەک، یا

کرینی کەبابێک، خۆشەویستیی خۆی دەگەیاندە دڵم. پاش ئەم قسانە زانیم، باشترین ڕێگا بۆ گەیاندنی خۆشەویستیی زمانە، نەک هیچی تر.

دڵ گوێ لە دڵ ناگرێت، گوێ لە زمان دەگرێت! باشە ئەی ئەگەر زمان ڕێگایەکی پوختە بۆ گەیاندنی ناخ و هۆش. کەسێک، زمانێکی پوخت شک نەبات، تا ناخی خۆی بەوەی بەرامبەری بگەیەنێت دەبێت چی بکات؟ کە ئەم پرسیارە هات بە مێشکم دا، سەرم بەرز کردەوە و پرسیم:

- زمان چییە؟

ئەندێشەیە!

-ئەندێشە چییە؟

-جامێک ئاو بهێنە پێش چاوی خۆت... پڕی بکەیت، لێی دەڕژێت... مێشک وایە. دەبێ پڕی بکەیت، لەو کاتەدا کە پڕ بوو، ئیشی زمان ئەوەیە وشەی لێ دەربهێنێت و بیگەیەنێتە بەرامبەر.

ئەها... یانی وەک من!

- تۆی چی؟

ئەوە نییە من شتەکانی تۆ دەگەیەنمە شوێنێک. زەردەخەنەیەکی کرد! ڕازیبوون بە ڕووخسارییەوە دیار بوو. گەییشتبووینە جێگایەک من هەستی خوێندکاریم هەبێت و ئەویش مامۆستا. بەس کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی دەکرد، هەموو شتەکان لە پێش چاوم ئاوەژوو دەبوونەوە. بێدەنگییە زۆرەکەی... نیگا قووڵەکانی... پێکەنینە کەمەکەی، دونیایەک خورپەیان بە دڵم دا دەهێنا. تەواو درەنگی کردبوو. خەریک بوو تاریک دادەهات. بە ئاماژەیەک تێی گەیاندم دەبێت بڕۆم. بە دەست نا، بە سەری پێی گوتم، هەستم بڕۆم، بێ وەڵامدانەوە، منیش هەستامەوە بە خێرایی لەبەر تاریکبوون، بەرەو شار کەوتمە ڕێ. بەو گەڕانەوەیەم، ئەو شتانەم بۆ ڕوون بوەوە، کە بووبوونە هۆی خرۆشانم لەم چەند ڕۆژە دا. هەر چییەک بێت با ببێت، من دەست

لەم کارە هەڵناگرم، تا دەگەمە جێ. پێویستە تاقانە بوونم لەو خەیاڵە دەربهێنم، چونکە منداڵم دەکاتەوە. نەخێر، با تاقانەی ماڵەوە بم، پێویست نییە خۆپارێز بووم. گەورەم، بەڵێ، گەورە بووم. گەورە بوونەکەم بە چاوی خۆم دەبینم.
نابێت چیتر ڕێگا بدەم وەک منداڵێک سەیر بکرێم. منداڵبوون تا شوێنێک عەیب نییە، دوای ئەوە منداڵبوون عەیبەیە. لەوەتەی هەم بابەتێکی نوێ نەهاتوەتە ناو ژیانم، ژیانم دووبارەکردنەوەیەکی ساغ بوە. تاقە کەسێک نوێ بێت بە ژیانم و بە هۆشم، دێوانەی خەڵوەتنشینە. بڕوا ناکەم لەم سەردەمە دا لەم جۆرە مرۆڤانە مابن. لە چرا دەچێت، پێش ئەوەی ڕووناکییەکەی ناخی بکوژێتەوە، با لێی نزیک بم تا ڕێگاکەی من ڕووناک بکاتەوە. لەم قسانە بووم، گەییشتمە ناو کۆڵانەکانی شار. تەواو تاریک بوو. لە دوورەوە لە بەر دەرگای ماڵی خۆمان ڕووناکییەک دەجووڵایەوە. خورپەیەکی تر بە سەر دڵم دا هات. خودایە باوکم نەبێت! چی بڵێم باشە؟ بڵێم لە کوێ بووم؟ ئەی مقەباکەم لێ بسەنێت چی؟ باوکم قەت لێی نەداوم، ئەمما ترسێک لە گیانم دایە بەرامبەر باوکم، لەو ترسە دەچێت لە گیانی هەموو منداڵێک دا هەیە بەرامبەر باوکی.
کە نزیک کەوتمەوە، گوێم لە دەنگی دایکم بوو لە دوورەوە بانگی کردم. هەنگاوەکانم خێراتر کرد و گەییشتمە لای. باوەشێکی پێ دا کردم و ئۆخەیەکی کرد، لەگەڵ ئۆخەیەکەی دا یەک هەناسەی قووڵی هەڵکێشا. نە پرسیاری کرد لە کوێ بووم و نە هیچی پێ گوتم لە گوڵ کاڵتر بێت. چووینە ژوورەوە و بینیم باوکم لە بەردەم هەیوانەکە، لە سەر بەرماڵەکە سوجدەی بردوە. شەوێکی زۆر کپ بوو، یەکەمین شەوی من بوو، درەنگان بگەڕێمەوە ماڵ. تەنها گوێم لە دەنگی سیسرکان بوو، لە دوورەوە دەیانخوێند. دایکم لە بەر دەم چراکە دا دەستێکی هێنا بە ڕووخسارم دا. "نەترسایت؟"

نا. داوە، جوابیم وە بوونەخۆ بە پە وەرباو بە زۆر
زۆر بە باوەڕبەخۆبوونەوە جوابیم داوە، نا.
جارێکی تر ماچێکی ڕووخساری کردم و دڵنیا بوو لەوەی لە
ماڵەوەم، دەستی برد بۆ نانەشانەکە و خۆی بە ئامادەکردنی نانی
ئێوارەوە خەریک کرد. مقەباکەم بردە سەرەوە و لە تاقەکە دام نا،
قووتیلەکەیشم پڕ کرد لە ڕۆن بۆ ڕووناکیی شەو، تیانووس و پەڕی
نووسینەکەم دەرهێنا و لە تەنیشیت جێگاکەم دام نان. گوێم لێ بوو،
باوکم بانگی کردم.

چوومە خوارەوە، تەماتەیەکی سوورەوکراو و هەندێک توور و پیاز
لە ناو سینییە ستیلە بریسکەدارەکە دا لەگەڵ جامێک ئاو دانرابوون.
دیار بوو باوکم بۆ ئەوە بانگی کردبووم نان بخۆم، هیچی نەپرسی. بە
جۆرێک شانازیی پێوە دەکردم، کە بە بێ ترس لەو تاریکییە دا بەو
کۆڵانانە دا هاتوومەتەوە ماڵ و گوێم بە هیچ نەداوە، شانازییەکەی
بە ڕووخسارییەوە دیار بوو! پاش خواردنی نان و چا و هێنانی
سەبەتەیەک ترێی لەقلەق، خەیلێ لە هەیوانەکە دانیشتم و پاشان
چوومەوە هۆدەکەی سەرەوە و دەستم کرد بە نووسینەوەی، نووسینی
سەر مقەباکەی دێوانە. لە بەشی خوارەوەی نووسینەکە دا، هاتبوو:

"زەوی لە کاتی خۆشەویستی دا لەگەڵ دڵی مرۆڤ دا لێ دەدا.
زەوی لە کاتی ڕق دا، لە مرۆڤ دەتۆرێت. تاقە ئومێدێک زەوی بۆ
هەمیشە بە جوانی دەهێڵێتەوە، بوونی مرۆڤ و خۆشەویستییەکەیەتی.

# گوندێك بە میرێك بوو بە شار

میری گەورە پێشـووتر میر نەبوە، یەکێک بوە لە پیاوە ژیرەکانی گوندەکانـی سـەر سـنوور. کۆمەڵێـک زەوی و سـەر مـەڕی هەبوە، لەگـەڵ یـەک دوو ئەسـپ و تانجـی. کتوپـڕ ئێوارەیەک بـۆ ڕاوکردن دوور دەکەوێتـەوە لـە مەملەکەتـی خۆیان و ئـەم ناوچەیە دەبینێت، کـە نزیـک دەبێتـەوە چەند ماڵ و خانوێـک و کانیاوێکـی تێدایە. بۆ حەوانە و ئاودانی ئەسـپەکانی لە کانییەکە نزیک دەبێتەوە. کاتێک لە کانییەکە نزیک دەبێتەوە، دوو کچی نازداری گۆزە لە شـان دەبینێت. بە زەردەخەنەوە سەیرێکی ئەسپسوارەکە دەکەن، میر کە زەردەخەنەی دوو کچە شۆخەکە دەبینێت، لە سەر ئەسپەکە دادەبەزێت و سەیرێکی دەورروبەرەکە دەکات. بە مەیتەرەوانەکەی خۆی دەڵێت:

- ئێرە دەکەم بە شار و مەنزڵگەی خۆمان.

کابرای مەیتەرەوانیش سـەری سـوڕ دەمێنێـت... وا دەزانێت میر کەوتوەتە داوی خۆشەویسـتیی یەکێک لەو کچانەوە، کەچی میر بیری لە شتێکی تر کردوەتەوە، دوای چەندین ساڵ لە دروستکردنی شار، لە سەر هەمان کانی، بە مەیتەرەوانەکەی خۆی دەڵێت:

هـەر شـوێنێک ژنەکانی نازدار و ڕوو بە خەنـدە و کراوە بوون، ئەو شـوێنە دەبێتە شـارێکی مەزن. ئەوەی شـارەکان درووسـت دەکات، کرێکار و باڵەخانەکان نین، زەردەخەنەی ژنانە. شار ژنانەیە، پیاوەکان بەڕێـوەی دەبەن، بەڵام لەبەر دڵی ژنەکان دەبێت بە شـار. بیرتە پێم گوتی: ئێرە دەکەم بە شار. سەیر بکە، چ شارێکمان درووست کرد.

Scanned by CamScanner

خۆیان، قەوم و کەسەکانی کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ مەملەکەتی خۆیان، قەوم و کەسەکانی ئاگادار دەکاتەوە بۆ کۆچکردن بۆ ئەم شوێنە. بە خەیاڵ و بە خۆی ئاگادار دەکاتەوە بۆ کۆچکردن بۆ ئەم شوێنە. بە خەیاڵ و بە زیرەکی و دەستەکانی خۆی، شار بونیات دەنێت، تا وای لێ کردبوو لە گشت لایەکەوە خەڵک ڕووی تێ دەکرد. کاتێکیش نازناوی میری بە خۆی دا، ئەشرافەکانی شار کۆ دەکاتەوە و دوای نانخواردنێکی شاهانە، حیکایەتی میرێتیی خۆی بۆیان باس دەکات و ئەوانیش بێ هیچ هەڵلایەک، ڕێک وەک میری خۆیان قبووڵی دەکەن. لەگەڵ دروستکردنی کۆشکەکەی خۆی، هەموو ئەو شوێنانەی، کە پێویستن بین بە کۆڵان و بە بازاڕ و بە خانەقا، نەخشەی ئەوانیشی داناوە، لە سەرەتاوە کە هاتوە بۆ مەملەکەتەکە، بە نیازی دروستکردنی شار هاتوە. وەک دەگێڕنەوە بەردەوام شانازیی بەوە کردوە، تاقانەترین میری ئەم ناوچەیە بوە، خۆی بە خەیاڵ و بە ڕەنجی خۆی شاری دروست کردوە و لە سەر میراسێک نەنیشتوەتەوە و خۆی بکات بە میر. میرانی ناوچەکە، ڕێزیان گرتوە و هەندێکیشان حەسوودییان پێ بردوە. زۆربەی میرەکانی دەوروبەر میرگەلێک بوون، بە میراس لە باوک و باپیریانەوە دەسەڵات و میرایەتییان بۆ مابوەوە، تەنها میر هودار خۆی خۆی کردبوو بە میر. ناونیشانەکەیشی لە عەجەم و تورکە کڵاوسوورەکانەوە وەرنەگرتبوو، لە مەجلیسی پیاوماقووڵان و ئەشرافی ناوچەکەوە پێی بەخشرابوو. زۆری نەبرد میرنشینەکەی بوە شوێنی ئاژاوە و دەیتوانی خەونەکانی بهێنێتە دی، بەڵام چی پێ کرا بۆ میرنشینەکەی کردی. نەنە پوونە، حیکایەتگەلی دەگێڕایەوە کە لە زمانی خەڵکەوە بیستبوونی. حیکایەتەکانیش ئەوەندە دەماودەمیان پێ کرابوو، نیوەیان ڕاست نەبوون.

من بۆ خۆم یەک دوو جار لەگەڵ دێوانە باسی میرم کرد، تەواو شێوا. بە جۆرێک بە ناوی میر دەشێوا، وات هەست دەکرد ئێستا پەلامارت دەدات و پارچەپارچەت دەکات. ئەم دەزانی نهێنیی دێوانە و میر چییە،

بەو جۆرە تێک دەچوو، چاوەکانی سوور هەڵ دەگەڕا. نەیشم دەویست لە باوکم، یان لە مەلا شەش پەنجە و فەقێیەکان بپرسم، دێوانە بۆچی بە میر تێک دەچێت؟ دەترسام بزانن هاتوچۆی دەکەم و شتێکم تووش بێت. کرابوو بە باو، چ پیاوێک یا منداڵێک لە شـار گاڵتە بە دێوانە بکات، لای میری نوێمان، دیاری وەردەگرێت. ئەو دووکاندارانەی کە لە خوا دەترسان و جاربەجار تیکەنانێکیان پێ دەدا، بە شێوەیەک پێیان دەدا دوور بێت لە چاوی خەڵکەوە. لە نهێنیی شاردنەوەی نان دان بە دێوانەیەک تێ نەگەییشتم.

ئەو حیکایەتانەیش بیستبووم لە سەر دێوانە، باسیان لەوە دەکرد، غەریبەیەکە و کتوپڕ ڕێی کەوتوەتە شار و لە یەکەم ڕۆژەوە، کە هاتوە بە دێوانەیی هاتوەتە ناو شار.

لەو کاتەوە میری گەورە شـاری بەجێ هێشتبوو، خەریک بوو وردە وردە لە یادەوەریی خەڵک دا نەدەما. مرۆڤی شـاری وایە، کە بەجێت هێشت، جگە لە کەمێک یادەوەریی بچووک، هیچت لای نامێنێتەوە. ئەو میرە گەورەیەی بناغەی ئەم شارەی داناوە، لە بیری خەڵک چوەتەوە، ئیتر دێوانەیەکی بەدبەخت، چۆن لە بیر خەڵک ناچێتەوە. لە کتێبەکان و لـە پیـاوە پیرەکان لە سـەر میرەکانم بیسـتوە، هەر کەسـێکی تر بیبیستێت، ئیتر تا مردن بڕوای بە یادەوەریی مرۆڤ نابێت.

وەختێک عەجەمەکان تێک دەشکێن و سوپای تورک دێتە ناو شارەوە، خزمەتکارەکانی ناو کۆشکەکە، دەستیان کردوە بە پەلاماردانی توحفە گرانبەهاکان و بۆ خۆیان دەبەن. کچە نازدارەکەی میر و خاتوونی میر، لەگەڵ یەکێک لە چێشـتلێنەرەکان لە گەوڕێکی سەرووی شار، خۆیان دەشـاردبووەوە. دوای چەند ڕۆژێک چێشـتلێنەرەکە خۆی دەگەیەنێتە میری تازە و خەبەری خاتوون و کچەکەی میر دەباتە شوێنی مەبەست. میری نوێ لە باتیی ئەوەی بیان پارێزێت، تاقمێک پیاوی خۆی دەنێرێت، بە زۆر دەیانهێنن و تا هەفتەیەک، خۆی شەویان پێ گەرم دەکاتەوە و

Scanned by CamScanner

دوای ئەوە دەیانداتە دەست پاسەوانەکانی، شەوان لەگەڵیان ڕابوێرن.

چیرۆکی ڕابواردنی شـەوانی کچی میری گـەورە و خاتوونی میر بە شار دا بڵاو دەبێتەوە و کۆمەڵێک زانای ئایینی، کە لە سەمەرقەندەوە هاتبـوون، دەچنە لای میری نـوێ و، پێی دەڵێن: ئەو کارەی دەیکات دوورە لـە ئاکاری میرانەوە. میری لەخۆباییش، پاش گاڵتەکردنی زۆر پێیان، داوایان لێ دەکات با ماوەیەکی تر خۆش بژین، پاشـان فتوای کوشتنیان بدەن. ئەوانیش لە حەشمەت گیانی خۆیان، میر چی دەڵێت وا دەکەن و فتوای بەردبارانکردنی دوو نازدارەکەی میری گەورە دەدەن و دوای فتواکە، خەڵک کۆ دەکەنەوە، تا گیانکێشان بەردبارانیان دەکەن و لە قەراخ شار لە یەک گۆڕ دا هەر دووکیان دەنێژن.

میری گەورە لەگەڵ لەشـکرە شکستخواردوەکەی ڕوو دەکاتە وڵاتی غەریبایەتـی. ئەو ڕۆژەی کە شکسـت دەخۆن، میـر فریا ناکەوێت ژن و کچەکەی ڕزگار بکات. لە وەختی شـەڕەکە دا، فریای خۆشـاردنەوە دەکـەون و ناچـن لەگەڵ دەلالی میـرزادە و ئەوەندەیـان پێ دەکرێت ئـەو چێشـتلێنەرەی لەگەڵیـان بوە، وەگەڵـی بکەون و لـە گەوڕێک بیـان شـارێتەوە. کاتێکیش چێشـتلێنەرەکە هەواڵیان بـە میری نوێ دەگەیەنێـت، کـە دەکاتە مامیان. خاتوون و کچەکـەی دەهێنێتە لای خـۆ و چێشـتلێنەرەکەیش لە مەنجەڵێک ئـاو دا دەکوڵێنێت. وا باس دەکەن، گوایە کوڵاندویەتی، تا جارێکی تر لە کۆشکی هیچ میرێک نزیک نەبێتەوە و دوایی خیانەت لە کۆشک بکات.

مەبەستی میر تەنها ئەوە بوو، چی دەستە و دائیرە و تاقمی میری گەورە هەیە، لە ناوی ببات. ئیتر بە هەر بیانووێک بێت، گرینگ ئەوەیە نەمێنن. تەنانەت کۆشکەکەی لە بن دا هەڵکەند و لە سەر تەپۆڵکەکەی ئەو بەری کۆشک، کە جاران باخچە بوو، یەک کۆشکی گەورە و چوار قوڵەی گەورەی لە دەوری درووست کرد. چوار قوڵەکە کەوتبوونە سوچی دیوارە بەرزەکانەوە. شـەو و ڕۆژ دوو سـێ سیلکەدار لە سەر قوڵەکان

بوون، یەک دوانێکیش لەبەر دەروازە گەورەکە وەستابوون. تەنها بۆ دەستە و تاقمەکەی هەبوو، بچنە ناو کۆشکەکەوە، یا خزمەتکاری میری باخود میوانان، یان کەسانێک لە لایەن میرەوە نەفرەتیان لێ کرابوو بۆ تەمێکردن بانگ دەکران. جیاوازیی سەردەمی میری نوێ لەگەڵ میری گەورە، ئاسمان و رێسمان بوو.

میری گەورە کۆشکەکەی کەوتبوە بەرامبەر خانەقا گەورەکەوە. رێگای نەدەدا سیکلەدارەکان بچنە ناو بازاڕ و خەڵک ئازار بدەن. لە ناو کۆشکەکە خۆیشی جگە لە خزمەتکاران و میوانان، منداڵانی ئەو ناوە و هەندێک جاریش سوختەکان لە حەوشەکەی کۆشک یارییان دەکرد و میر لە ژێر کەپرەکە، کە سەکۆیەکی بەرزی هەبوو، لە سەر کورسییەکی تەختە دادەنیشت، چێژی لەو دیمەنی یاریکردنی منداڵان دەبینی. پەنجەرە گەورەی هۆدەکەی سەرەوە، دایم کراوە بوە و پەردەیەکی سپی بە سەر پەنجەرەکەوە لا درابوەوە، کچە شۆخەکەی میر لەوێوە دەیڕوانییە بازاڕە درێژەکەی ناو شار و کوڕانی شاریش بۆ بینینی کچەکە، لەو ناوە گووزەرێکیان دەکرد، هەر چەندە نەیان دەوێرا بە کامی دڵ تەماشای بکەن.

شێوەی بازاڕەکە وا کەوتبوو، لە ڕۆژهەڵاتی شارەوە تا ڕۆژئاوای شار دەستی پێ دەکرد. لەو سەرەوە بوەستیتایە تا خواری خوارەوەت لێ دیار دەبوو. لە ناوەڕاستی شار دا، چوارڕێیانێکی تێدا بوو، چوار ڕێگەکەی بە یەکەوە دەبەستەوە. ڕێگایەک لە باشوورەوە دەهات و دەچوو بۆ باشوور، بازاڕەکەیش لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا. شار دابەش بووبوو بە سەر چوار بەشی سەرەکی دا. خانەقا گەورەکە دەکەوتە بەرامبەر ماڵی میر، لە بەشی ڕۆژئاوای شارەوە و کەمێکیش نزیک بوو لە ناوەڕاستی شار، بە دەستی ڕۆژئاوا دا. کاروانسەراکانیش لە خوارووی شار بوون. عەمباری بازرگانەکان و میرنیشینەکەیش دەکەوتنە بەشی ڕۆژهەڵاتەوە. لەو دوو ڕێگایەی دەهاتنە ناو شار، باجسەنێرەکان

وەستابوون و باجیان لەو کاروانانە دەسەند، دەهاتنە ناو شار. ساڵانەیش باجەکە لە خەزێنەی میرنشینەکە کۆ دەکرایەوە و بەشێکی بۆ کۆشکی میر و بەشێکی بۆ سیلکەدارەکان بوو، چونکە میرنشینیان دەپاراستن و بەشێکیشی بۆ خزمەتگووزاری ناو شار و بەشێکی تریشی بۆ ئەو میوانانە بوو، دەهاتنە ناو شار و شوێنیان نەبوو، لە دیوەخانی میر دەمانەوە و خزمەت دەکران. دیوەخانەکەی میر جیابوو لە کۆشکەکە و لە تەنیشت خانەقاکە، لەگەڵ فەقێیەکان و سوختە بێگانەکان نانیان دەخوارد و خزمەتەکەیشیان کەوتبوە سەر بەشی خۆیان کە لە باج و خەراج کۆ کرابوونەوە. کاتێک میری نوێ هات، ئەمانەی تێک دا. لە سەر ڕێگاکانی شار دەروازەی نوێی درووست کرد و لە هەر چوار دەوری شار، لە باتی دیواری بەرز، چاڵی هەڵکەند، تا ئەوانەی دێنە ناو شارەوە لە ڕێگای دەروازەکانەوە بێن. دەسەڵاتی نەبوو، دیواری بەرز درووست بکات، بۆ چارەسەرکردنی چاڵی هەڵکەند. ڕێگای باکوور و باشووریشی فراوان کرد و بازاڕێک تری پێچەوانەی بازاڕەکەی پێشوو درووست کرد، هەر چەندە زۆر کەم خەڵک ڕووی تێ دەکرد، بازاڕی قەیسەرییەکە چونکە کۆن بوو، مشتەرییەکان ڕوویان لەوێ دەکرد. ئێستا شارەکە وا کەوتوە کە لە دوو شارێگا بە ناو یەک دا دێن و تێدەپەڕن و هەر دوو شارێگاکە بازاڕن. عەمبارەکانی گواستەوە بۆ تەنیشت کۆشکەکەی خۆی لە سەر گردەکە. چی کاروانسەرایش هەبوو، لە بەشی باشووری شار، زەوییەکی بۆ تەرخانکردن و لەوێ هەموویانی کۆ کردەوە. خانەقا کۆنەکەی فەرامۆش کرد و لە بەشی خۆرهەڵاتی شار، بە دەستوپەنجەی وەستا شارەزاکانی دەرەوە، خانەقایەکی تری درووست کرد و نامەی نارد بۆ میرەکانی تر، کۆمەڵێک زانای گوێڕایەڵی بۆ بنێرن، چونکە زاناکانی پێشوو، کە لە سەمەرقەندەوە هاتوون، هیچ سوودێک بە میرنشینەکەی ناگەیەنن. ئەوەندەی سیلکەداریشی زۆر بوو، لە زۆربەی شوێنەکانی شار دابەشی کردبوون تا چاودێریی هەموو

Scanned by CamScanner

شوێنێکیان بکەن.

زۆری و بۆرییەکەی، شاری کردبوو بە سەربازگە. سیلکەدار و ئەحبابەکانی دەوروبەری خۆی، بەو باج و خەراجە دەژیان لە خەڵک و لە کاروانەکان وەر دەگرت. پیاوماقووڵانی شار لە دەسەڵاتەکانی ناڕازی بوون، بەڵام هیچیان پێ نەدەکرا و تا بۆیان بکرایە، خۆیان لە مەجلیسەکانی دەدزییەوە. ئیتر مەجلیسی دیوان پڕ بووبوو لەو کەسە بێگانانەی لە دەرەوەی شار دەهاتن و خەڵات و دیارییان بە میر دەبەخشی تا لە کاتی کاروانەکانیان دا، چاو پۆشیان لێ بکات. شارەکە لە ڕووی نەخشەوە کەوتبوە شوێنێکەوە، چوار شاری گەورەی پێکەوە دەبەستەوە. ئەمەیش بووبوە نانێکی گەرم و چەور بۆ میری نوێ. چی لە بارەی میری پێشووەوە نوسرابوو، کۆی کردنەوەی و خستنیە توونی حەمامە سپییەکەی شار. ڕۆژی سووتاندنەکە، بە ناو شار دا جاڕ درا، هەر کەسێک دەیەوێت بە مێژووی کۆن خۆی بشوا، با بفەرموێت بە خێرایی بچێت لە حەمامە سپییەکە خۆی پاک بکاتەوە. ئەو مێژوە کۆنە حەمامێکی پێ گەرم کرا و ئەوانەی خۆیان بە چڵکن دەزانی، بە گەرمای ئاگری مێژوە کۆنەکە، لەو ڕۆژەدا خۆیان پاک کردەوە. لە دڵی خەڵکی شار دا، ئەم کارە زۆر گران وەستا، بۆیە ئەوانەی چوون بۆ حەمامەکە هیچیان خەڵکی شارەکە نەبوون، خۆشۆرەکان کۆمەڵێک لەو کاروانچییانە بوون هاتبوونە شارەوە. خەڵکەکە دەیزانی ئەوەی دەسووتێنرێت، مێژووی شارەکەیە. کەسێکیش ئەم مێژوە دەسووتێنێت، کە خۆی بەشێک بوە لەم مێژوە. باوکم جارێکیان باسی ڕۆژی سووتانەکەی بۆ کردم و ئاخی هەڵکێشا بۆ سووتانی کتێبە کۆنەکان، کە بە خەتخۆشەکانی کۆشک و خانەقا نووسرابوون، باسی ئەوەیشی کرد، سۆنەی جوولەکە ئەو ڕۆژە لە دووکانەکەی خۆی گریاوە و بەدەم گریانەوە گوتوویەتی:

ئەم میلەتە مێژوەکەی خۆڵە، هەر ڕەشەبایەک بێت هەمووی تێک

Scanned by CamScanner

دەدات. دەبێت ئەم مێژوە ببێت بە بەرد، بۆ ئەوەی هیچ شتێک تێکی نەدات، هەتا مێژووی ئەم میلەتە نەبێتە بەرد، چاوەڕێی ئەوە بکە هەر کەسێک بێت لەگەڵ خۆی ئەوەی پێشوو بسڕێتەوە. ئەو قسەیەی سۆنەی جوولەکەم بیر ناچێتەوە. هەمیشە خەمی ئەوەم بوو، ڕۆژێک کەسێک بێت، چی ئەو تیانووسانەی دێوانە هەیە، لێم بسەنێت و بیانخاتە ناو توونی حەمامێک و بیانسووتێنێت. نەیشم دەتوانی لە سەر بەردەکان هەڵی بکۆڵم. نەیشم دەتوانی هەر وا دەست لە دێوانە هەڵبگرم. مەلا شەش پەنجە ڕۆژانە ئەو ئایەت و حەدیس و حیکایەتانەی پێ دەنووسییەوە، کە هی ئەو بیابانە بوون و بۆیشم گرینگ نەبوو چییان بە سەر دێت، بەڵام بۆم گرینگ بوو، ئەوەی دێوانەم پێم دەڵێت لای خۆم هەڵی بگرم و دەستاودەست بیگەیەنمە نەوەکانی پاش خۆم.

کەسیش گرینگی بەوە نەدەدا دێوانە چی دەڵێت و چی لە دوای خۆی جێ دەهێڵێت. مێژوو لای خەڵکی سەردەمەکەی من، تەنها مێژووی کۆشک و میرەکانە. دێوانەیەکی بەدبەختی خەڵوەتنیشین چییە لە گۆشەیەکەوە قسەیەک بکات و ببێت بە مێژوو. شنەیەک سووکناییم دەدا، شنەکە نووسینەوەی مێژووی دێوانەیەک بوو کە کەس گرینگ پێ نەدەدا. کاتێکیش قسەکەی سۆنەی جوولەکەم بیر دەکەوتەوە، کە باوکم بۆی گێڕامەوە، تەزوێک دەهات بە گیانم دا. قسەی ژیرانە لە ژیرەکانەوە دێت. درۆیە قسە یان لە شێت یان لە منداڵ... نا قسە بەس لە ژیر، کەسی تر نا.

# سۆنەی جوولەکە

هەر یەکە و بە جۆرێک باسی پیاوە گاورەکەی دەکرد. خەڵکێک لە مزگەوتەکانەوە دەهاتنە دەرە و لە سەر دینی ئەو نەبوون، دایم وەک گڵاوێک و ئاشووبێکی شارەکە سەیریان دەکرد و چۆن مەلای گەورە، منداڵانی فێر کردبوو، بەرد لەم و لە گاورەکانی تریش بگرن. ماوەماوە خوتبەی مزگەوتیان تەرخان دەکرد بۆ نەفرەتکردن لە خۆی و ئایینەکەی. باوکم دراوسێ دووکانی بوو، ڕۆژێک لە ڕۆژان بە زمانی باوکم دا نەهات خراپەیەکی، چ ئەم پیاوە و چ گاورەکانی تر بڵێت. هەمیشە ئامۆژگاریی دەکردم پێغەمبەری نازدارمان، دراوسێکانی جوولەکە بوون و بەردیان تێگرتوە، بەڵام هیچی نەگوتوە و لەبریی نەفرەت، یارمەتی داون. ئەو قسەیە لە سەر گوێم دەزرنگێتەوە، کاتێک دەیگوت:

پۆلە ئەرکی دراوسێیەتی گرانە.

بە چاوی دراوسێوە سەیری دەکرد، خۆی گوتەنی، حەقی بە سەر قسەی ئەم و ئەوە نەبوو. هەر کەسە و ڕێگای خۆی هەیە بۆ لای خودا، ڕێگای من مزگەوتەکانە و ڕێگای ئەویش ئایینەکەی خۆیەتی. هەر چەند میری گەورە لەگەڵ ئەوە بوو، جوولەکەکانیش شوێنێکیان هەبێت، تا خوداپەرستیی خۆیانی تێدا بکەن، یەک جار ئەو قسەیەی لە دەم هاتبوە دەر، ئیتر لێیان کردبوو بە هەللا و، ئەویش لە ناچاری دا، قسەکەی قووت دابوەوە. یەکێک دەیگوت: میری گەورە بە دیارییەکانی چاوی کوێر بوە و یەکێکی تر دەیگوت: خۆیشی بە ئەسڵ گاور بوە. گوێی بەم قسانە نەدەدا، سۆنەی جوولەکەی خۆش دەویست و بە

راستگۆییەکەی ئاسوودە بوو.
بە فیتی ئایینداره‌کان، نەفرەتیان لێ دەکرد و تانەیان لێ دەدا. لەبری وەڵامدانەوەیان، دەم بە پێکەنین سەیری دەکردن! سیمایەکی ئایینی دەنواند... کڵاوە خڕ و بچووکەکەی سەر تەوقەسەری، کە ئەستێرەی داودی لە سەر نەخشێنرابوو، دایم بە سەر سەرییەوە بوو... دوو پرچە لوولکراوەکەی تەنیشت کڵاوەکەی، هەمیشە پاک و خاوێن و بریسکەدار بوون... ئەو کەمە ڕیشەیشی هەی بوو، گوڵاوی پێدا دەڕژاند و بە زەیتی زەیتوون چەوری دەکرد. کە لە دوورەوە دەهات، ڕاستەوخۆ دەتزانی لە خەڵکی شار جیایە، چ بە جلوبەرگ چ بە شێوە. بڕوا ناکەم ڕۆژێک لە ژیانی گووزەرابێت تووشی تانەیەک، یان جنێوێک نەبووبێت. هاتوچۆی لەماڵەوە بۆ ناو قەیسەری و بۆ سەر دووکانەکەی، وەک ڕۆیشتن بوو بە ناو دڕکوداڵ دا. لەم سەرەوە دڕکێک دەچوو بە گیانی دا، لەو سەرەوە یەکێک، هەموویشیان دەیانزانی نە زەرەری بۆ کەس هەیە، نە خراپەی لەگەڵ کەس کردوە. گوناهەکەی تەنها ئەوە بوو، ئایینەکەی جیا بوو! باوکم چیرۆکی زۆری لە سەر دەگێڕایەوە... سەرسام بوو بە ژیرییەکەی. دەیگوت:

ئەم پیاوە تەماحکار نییە، ئیشەکەی پاکە... دەیشزانێت ئیش بکات. سەردەمێک کە برنج گران بوو، بە هەرزان دەیفرۆشت، سەرم لەمە سوورما بوو، چۆن قازانج دەکات، تا ڕۆژێک لێم پرسی، ئەرێ برای جوولەکە، دووکاندارەکان هاواریان لێ هەڵساوە بە دەست تۆوە، دەڵێن بازاڕەکەی تێک داوە و بە هەرزان برنج دەفرۆشێت و تۆپینی خۆی پێ باشترە لە زەرەری موسوڵمانێک. زەردەخەنەیەکی کرد و زۆر بەهێمنی وەڵامی دامەوە: هەرگیز زەرەری نەکردوە، هیچ دووکاندارێک زەرەر دەفرۆشن، هەفتەی فەردەیەک نافرۆشن، من هەرزان دەیفرۆشم هەفتەی بیست فەردە دەفرۆشم. ڕاستی من بە نرخی خۆی دەیفرۆشمەوە، بۆ

ئەوەی فەردەکانم بە بەتاڵی بۆ بمێنێتەوە، لە هەر فەردەیەکی بەتاڵ دا، دوو قروش قازانج دەکەم، یانی هەفتەی چل قروش قازانج دەکەم. خۆی لە هەشت فەردە برنج دا بیست قروش قازانج دەکەیت، یانی تا دووکاندارەکان، هەشت قروش قازانج دەکەن، من بەس بە گونیە بەتاڵەکان چوار پێنج هێندەی ئەوان قازانج دەخەمە گیرفانم. ئیتر بۆ تۆپینی خۆم و زەرەری ئەوان. ئەوان ڕاستییەکە ناڵێن، ڕاستییەکەیش ئەمەیە، دراوسێی موسوڵمانم.

دوای ڕوونکردنەوەکەی، وەک ئاوێک بکەی بە گیانم دا، لە جێی خۆم وشک داهاتم. شتی زۆرم لێ بینییەوە، حەزی لە دەستبڕین و فێڵکردن نەبوو، زمانت ببڕیبایە، درۆیەکی نەدەکرد. ئەوەندە بڕوای بە ئایینەکەی خۆی بوو، لە پێناوی دا سەرت لێ بکردایەتەوە، حاشای لێ نەدەکرد. خوانەخواستە بیزانیبایە گاوڕێک لەم شارە، یان لەم دەورووبەرە هەژارە، مانیعی نەبوو، دووکانەکەی و سەروەت و سامانەکەی بۆ بفرۆشێت. خەڵکی شاهیدی دڵکراوەییەکەین، چایەکت بۆ بکڕیبایە، دەچای بۆ دەکڕییتەوە. نازانم خەڵک بۆ لە دوورەوە قسەیان پێ دەگوت و بە پیسیان دەزانی. ئەوانەی بە پیسیان دەزانی، کاتێک موحتاج بوونایە، دەهاتنە لای و ئەویش دەستی بە ڕوویانەوە نەدەنا. کاتێکیش دەڕۆیشتن، وەک عادەتە هەمیشەییەکەی خۆی، بە گاڵتەوە، دەیگوت:

دەزانم ئەوانە چیم پێ دەڵێن، دەیشزانم چاک نابن... دەیشزانم دڵیان نەرم نابێت و وا دەزانن کوڵکێکیان لە بەرازێک کردوەتەوە، وەلێ ئایینەکەی من وا فێری کردووم، کە وا بم. بڕوادارێکم، نامەوێت پێچەوانەی ئایینەکەم بجووڵێمەوە. گاڵتەم پێ نەکەیت، یان بە پیاوێکی فێڵبازم نەزانی، برای موسوڵمان.

ڕوون بوو لام، هەر شتێک دەیکات، خزمەتکردنە بە ئایینەکەی خۆی. بە داخەوە کوێر بووم کوێر، ئەم کوێرییەم وای لێ کردم نەم توانی کتێبەکەیان بخوێنمەوە، تا حاڵی بم ئایینەکەی ئەوان چی دەڵێت

و خوا چی به سەر ئەوان دا فەرز کردوە، کەچی مەلا شەش پەنجە زۆر خراپ باسی دەکرد، خراپتر لەوەی مەلای گەورە. ئەو ڕقەی لە ناخی مەلا شەش پەنجە بوو، بەرامبەر بەم گاورە، ڕقێکی زۆر لەوە گەورەتر بوو بە لەناوبردنی کۆتایی بێت. دایم کە دەهاتە سەر باسی ئیمان و بێ ئیمانی، پەنجەی بۆ ئەو لایە ڕادەکێشا دووکانەکەی سۆنەی جوولەکەی تێدا بوو. خۆی سوور دەکردەوە و دەمارەکانی سەر دەستی و لا ملی دەر دەپەڕین و هاواری دەکرد:

ئەو گاورانە، ئەو بێ ئیمانانە... ئەوانە ئیمانیان نییە، گەر ئیمانیان هەبوایە، خودا پێی گوتوون ئیتر ئایینەکە و پێغەمبەرەکەی ئێوە کۆتایی هاتوە و، ڕوو بکەنە پێغەمبەرێکی تر، کەچی ئەم گاورە مەیخۆرە، بە ئاشکرا لە ناو شارێکی پاکی وەک ئەم شارە دا، کە زۆرینەی موسوڵمانی پاکن، دێت و دەچێت و کەسیش نییە، ڕێگریی لێ بکات. هەر میرێک دێتە سەر دەسەڵات، لە باتیی ئەوەی لە زاناکان نزیک بێتەوە، لەم گاورە نزیک دەبێتەوە. ئاخر زەڕ و سفرەی خۆش و خەزێنە چییە، میرەکان ئەوەندە حەزیان لێیەتی. ئەو گاورە کوڵکنە چی هەیە، جگە لە سفرە و خەزێنە. لەبەر ئەم شتانەیشە میرەکان دەستەوئەژنۆ بۆی دەوەستن. خۆ نازانن گڵاوە و گوناهە لێیشی نزیک ببیتەوە. چی بە دەمی دا بهاتایە دەرهەق بەم بابا جوولەکەیە، نەی دەوەستاند و دەیگوت. نەدەگەڕایەوە بۆ ئایەت و حەدیسەکان، نە پشتی بە فتوایەک دەبەست، تۆپەڵە ڕقەکەی ناخی و غەزەبەکەی ناخی، لە زمانی دەهاتە دەرەوە و کردبووی بە دێو و درنج. ئامۆژگاریی بۆ من ڕا دەکێشا، هێی تۆ کوڕی پینەچییەکە، دراوسێتانە و لێی نزیک نەبیت. بە باوکیشت بڵێ، خۆی پێیەوە گڵاو نەکات. هێندە ئەم قسانەی کرد، ئیتر ڕۆژێک خۆم نەگرت و هاتمە جواب.

-مامۆستا پرسیارێک؟

- فەرموو.
- دراوسێ ئەجری هەیە، یان نا؟
بەڵێ هەیەتی.
- ئەو دراوسێیە هەر چی بێت، ئەجری هەیە، یان نا؟
بۆ ئەوەی بزانێت مەبەستم چییە، دیسانەوە تەئکیدی کردەوە، ئەجری هەیە.
- دە کەواتە سۆنەی جوولەکە، لەبەر ئەوەی دراوسێی منە، ئەجری بە سەرمەوە هەیە.

قسەکەم تەواو نەبوو بوو، چاوی چوە پشتسەری، نەیشی دەتوانی لە قسەکانی خۆی پەژیوان ببێتەوە. لەوەیش دڵنیا بوو، گەر زۆرم لێ بکات، نموونەکەی پێغەمبەر دەهێنم، بۆیە دوای تاوێک تەماشاکردنم و وردبوونەوە لێم، بە شێوەیەکی ڕقاوی، بێدەنگ بوو، وەلێ وانەی پێ نەوتین و چوە دەرەوە و لە حەوشەیش چاوم لێ بوو، عابا شینەکەی شڵپەی دەهات و تا هۆدەکەی خۆی نەوەستا.

کە ڕۆیشت، فەقێیەکان سەیریان کردم و وەک خەتایەکم کردبێت، کە خەتاکە خراپ نەبێت. بێدەنگییەک هۆڵی خوێندنەوەکەی داگیر کرد. دوای ئەو ڕۆژە ئیتر لە وانەکان دا باسی نەدەکرد، فەقێیەکان بۆیان گێڕامەوە، دوای وانەکان، پرسیارێک شتێکیان دەبێت لە سەر ئیماندار و بێ ئیمان، لەو کاتانە دا باسی گاورەکە دەکات، بەس بە جۆرێک باسی دەکات، ڕاستەوخۆ هەست ناکەیت مەبەستی ئەو بێت و مەبەستەکەیشی ئەوە.

سەرم لەوە سووڕما بوو، ئەم ڕقە چییە بەرامبەر ئەم پیاوە، لەم شارە دا کۆ بوەتەوە، ئەی کە پێویستیان پێی دەبێت، بۆ ڕووی تێ دەکەن؟ بۆچی باوکم وا دەڵێت و مەلا شەش پەنجەیش وا دەڵێت؟ ئەی دەلالی میرزادە، بۆ خۆشی دەویست؟ ئیتر کەڵکەڵەی ئەم شتانە تا دەهات سەری قاڵ دەکردم و تەنها ئاسوودەییی ئەم کەڵکەڵەیە لای

پەنجـە زێڕینەکانی دێوانە بوو. لەم شـارە دا دێوانە دەتوانێت وەڵامی ئەم مێشـکە پـڕ جەنجاڵەی من بداتەوە، ناتوانـم بەرگەی ئەم هەموو شتانە بگرم. هەر یەکە و شتێک دەڵێت، کەسێک نادۆزیتەوە لەم شارە دا، دوو کەس بە باشـی باسـی بکەن و دەستێک بێنیت بە سەر دڵت دا، ئۆخەیەک بکەیت. سـەیرە دوو کەس بە کەسـێک ڕازی نین، ئەم خەڵکە بۆچی وان؟

دەلال ڕاسـتی دەکـرد، مرۆڤەکان ڕێگای تایبەت بـە خۆیان هەیە. ناکرێ مرۆڤ بە چاوی خۆیەوە سـەیری ئەوی تر بکات... ئەم گەنجە زوو دەچێتە دڵەوە... زوو لە خەمەکانی ناخ تێ دەگات، خۆزگە بموێرایە ڕۆژێک بیبەم بۆ لای دێوانە. لەوانەیە بینینی ئەم گەنجە و دێوانە، ئەو ئاڵۆزییـەم بـۆ ڕوون بکاتـەوە، لە ناو بازاڕەکان و لـە ناو خەڵک و لە خانەقاکان دا خزاوەتە ناو مێشـکمەوە، بۆچی زۆربەیان گاوریکیان پێ خراپ بوو؟ کەچی دەلال دەیگوت:

-نابێـت ئێمـە لەبەر ئـەوە ڕقمان لێی بێت، لـە ئایینی ئێمە نییە. تازە گەنج بووم، کرابووم بە بەرپرسـی دەروازەکان و باجەکانی شـار، ئەو کاتە سـۆنەی جوولەکەم ناسـی. وەک بازرگانەکانی تر نەبوو. نە خـۆی لـە باج دەدزییەوە، نـە فێڵێکی دەکرد، تا خۆی لەو یاسـایانە بدزێتـەوە، لە میرنشـینەکە کاریان پێ دەکرا. نەم دیوە، بۆ ئیشـێک بێتە کۆشکەکەمانەوە. وەختێ دەهاتە کۆشکەکەوە میری گەورە داوای بکردایە، یانی بە ئیشی خۆی نەدەهات. غرووریکی زۆری تێدایە، بەڵام بە شـێوازە نەرمەکەی خـۆی، غروورەکەی نابینی، تا زۆر تێکەڵ بیت لەگەڵـی، ئەو پیاوەتییانەی لەم گاورەم دیوە، لە هیچ بازرگانێکی ئەم شارەم نەدیوە. چوونە ژێر باڵی ئەم پیاوە، چوونە ژێر باڵی ئامانە... ئەی نابینی لەم هەموو ناسراو و دۆست و کەسانە، ڕووم لەم ماڵە کردوە، لەبەر ئەوەیە ترسم نییە، کاتێک قسەیەک دەکات، یان بەڵێنێک دەدات، سەریشـی تێدا بچێت، قسە و بەڵێنی خۆی ناشکێنێ

ئەوە نییە ڕوو بکەیتە مزگەت و هەڵسی دانیشیەوە و لە بازاڕیش قوڵی خەڵک ببڕیت. خوداپەرستی ڕاستگۆییيە لەگەڵ خۆت و خەڵک. خوا شاهیدە، ڕاستی دەڵێم، من وەک میرزادەیەک ئەوەندەی خوداپەرستی لەم گاورە فێـر بووم، ئەوەندە لەو مامۆستایانە فێر نەبووم دەهاتنە کۆشکەوە، وانەی ئاینیان پێ دەگوتم، خەڵک چی دەڵێن، با بیڵێن.

دەوەرە لەم نێوانە دا سـەرت دەرچێت. ئەرێ ئێوە هێشتا لەوە تێ گەیشتوون، سۆنەی جوولەکە پیاوی باشـە یان خراپ؟ بۆ خەڵکی تریش هەر وایە، تا دەمریت تێ ناگەیت ئەو کەسەی دەتەوێت بیناسیت، لای خەڵـک پیاوی باشـە، یان خراپ. جا باشـترین ڕێـگا پەیوەندیی بـە خۆتەوە هەیە، لە کەسـەکە نزیـک ببیتەوە و بیناسـیت. با لەوە گەڕێم خەڵک چی لە سـەر دەڵێن... من خۆم یەکەم جار کە بینم، لە دووکانەکەی باوکم لە سەر کورسییە تەختەکە دانیشتبووم، بە گازەکە خەریکی دەرهێنانی کۆمەڵێک بزمار بووم لە پێڵاوێک. پەڕۆیەکی ڕەشی چەورکراوم خسـتبوە باوەشـم و پێڵاوەکەیشـم لە نێوان هەر دوو ڕانم گرتبوو تا بزمارەکان دەربهێنم. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکی گەرم بوو، عارەقێکی زۆرم کردبـوو. کاتێکـم زانی سـێبەرێک هاتە نێوان مـن هەتاوەکە... سـەرەتا وام زانی ڕێبوارێکە و تێدەپەڕێت، بۆ سـاتێک سـێبەرەکە لا نەچوو، کە سەرم هەڵبڕی، بینم پیاوێکی ڕیش ڕەشی عابا لە شان لە بەر دەمم وەستاوە و زەردەخەنەم بۆ دەکات.

سەیر دەکەم، دەستێکی هێنا بە سەرم دا... سەرنجی پەنجە تووتەیم دا، ئەڵقەیەکی ئاڵتوونیی گەورەی تێدا بوو. وەک سـۆزێک دەسـتێکی هێنا بە سـەر سـەرم دا و سڵاوێکی کرد، یەکەم بینینی من و سۆنەی جوولەکەی دراوسێمان بوو. ئەو قسانەیشم بیر ماوە بۆی کردم، بیرمە پێی گوتم:

– ماندوویت، نانی ماندویەتی خۆشـترین نانە. ئەوانەی چێژ لە نان نابینن، ئەوانەن لە بەدەسـت هێنانی نان ماندوو نابن. کوڕە باشـەکە،

Scanned by CamScanner

خۆت ماندوو بکە و نانی پاک پەیدا بکە، با ژیانەکەت پڕ چێژ بێت.
کەمێک بە قسـەکانی پەسـت بووم، لە دڵی خۆم دا گوتم، تۆ وەرە سـەیری ئەمـە بکە، خۆی پۆشـتە و پەرداخە و وانـەی نانی پاک بە مـن دەڵێت، خۆ نازانێت نانەکەی مـن و باوکم لە ناو بزمارە ڕەقەکان دایە، بزمارێک کە دای دەکوتین یان دەری دەهێنێن، هێندەی مردن و ژیانەوەیەک قورسە، ئاخر سەرت بخەیتە ناو بۆنی بۆگەنی پێڵاوی ئەم و ئەوەوە، نانێک لە ناو ئەو بۆنە ناخۆشە پەیدا بکرێت، کەی نانە. هەتا گەورە نەبووم و بە تەواوی دەرکم بە شتەکان نەکرد، قسەکانی هێندە بزمارێک ئازاری دەبوو بۆم. کە گەورە بووم و باشتر ناسیم و چەندین جـار لەگەڵی دانیشـتم و بوومە یەکێک لە ئاشـناکانی، وردە وردە لە هەموو ئەو قسانە تێگەییشتم، یەکەم ڕۆژ پێی گوتم و ڕۆژانی دواتر بە ورتر و ژیرانەتر بۆی ڕوون کردمەوە. خۆی بۆی گێڕاومەتەوە، خۆی بە هەورامی زمان دەزانی. کاتی خۆی جوولەکەکان لە سـەردەمی هێرشی عەرەبـەکان ڕاو دەنرێن، باوباپیرانی ڕوودەکەنە ناوچەی هەورامان. بە هۆی سـەختیی شـوێنەکەوە، لە لاپاڵی شاخێک لە ترسی عەرەبەکان خۆیـان دەشـارنەوە و لەوێ مەنزڵێکـی ئارام بۆ خۆیـان دەدۆزنەوە.
جارێکیان لێم پرسی:
- باشە لە بریی ئەم هەموو ڕاکردنە، واز لە ئایینەکەی خۆتان بهێنن باشتر نییە؟
- نا باشتر نییە، تۆ لە نێوان خودا و دونیا دا، کامیان هەڵدەبژێریت؟
- خودا.
- کەوای لۆمەی من مەکە، خودا هەڵبژێرم، ئایینەکەی و ئیمانەکەی ئێمـە یەکەمین ڕێگایە بۆ لای خودا، بۆیە پێمان خۆشـە ڕێگای خودا هەڵبژێرین، نەک لەبەر ترسـی مردن، پشـت لەو بکەین و دەسـت لە ئیمانەکەمـان هەڵبگریـن. باو باپیرانمان وا فێریـان کردووین، کە بەو جۆرە بین. هەتا سەردەمێکی درەنگ لەو شاخانە بووین. لە سەردەمی

باوکم دا، ڕۆژێک لەگەڵ کاروانێک لەم ناوچەیەوە تێدەپەڕێت، دەبینێت ئێرە خەریکە ئاوەدان ببێتەوە... ڕوو لەم ناوچەیە دەکات و پاشان ئێمەیش دەهێنێتە ئێرە. من خۆم بیرم دێت، میری گەورە هات بۆ ئەم ناوچەیە و دەستی کرد بە دروستکردنی شارەکە. یەکێک لە پاڵپشتەکانی میری گەورە ئێمە بووین، بۆیە ئەویش تا ئەو ڕۆژەی میرنشینەکەی وێران بوو، پشتی لە ئێمە نەکرد. هەر چەند مەلاکان و هەندێک وشکە سۆفی هاواریان لێ دەکرد لەم شارە دوورمان بخاتەوە، میر پێچەوانەکەی دەکرد. وەفای میر بۆ ئێمە وەفابوو، ئێمەیش تا دەمرین بە وەفا دەبین بۆی.

## ■ ڕۆژی سێهەم

دوای نوێژی عەسـر، لە بریی سـەردانی دووکان بکەم، ڕۆیشـتم بۆ مالّی سۆنەی جوولەکە... پاش سلاو، حەزم لێ بوو لە بارەی دێوانەوە قسەی لەگەلّ بکەم. سەری سووڕنەما، کە چوومە مالّیان. بە ڕوویەکی خۆشـەوە فەرمووی لێ کردم و یەکێک لە کوڕەکانی جامێک دۆی بۆ هێنام. دوای خواردنەوەی جامە دۆکە، ڕووی تێ کردم و خۆی ئاسـا، گوتی:

- فەرموو کوڕم خێر بوو؟

- خێر دەبێت. شتی زۆرم لە سەر تۆ بیستوە، ڕاستگۆییەکەیشت نموونەیەکە. دەمەوێت بزانم ئەو دێوانەیە کێیە؟

بۆ چەند ساتێک لێم ورد بوەوە. لە باتیی وەلامی پرسیارەکەم، لێی پرسیمەوە، بۆ قسەکانی دەگەڕێیت؟

لە خۆشیی قسەکانی، پرسیارەکەی خۆم فەرامۆش کرد:

- بەلێ بۆ قسەکانی دەگەڕێم.

- دە کەواتـە وەرە لەگەلّـم، کاتی خۆی چەند قسـەیەکی لای من گوتوە، لە ڕێگەی خزمەتکارەکانمەوە نووسـیومنەتەوە و سەیرێکیان بکە، بزانە بە دلّتن.

دەسـتی گرتم و بەرەو نهۆمی دووهەمی مالّەکەی بردمی. لە سـەر کورسـییەک فەرمووی دانیشـتنی لـێ کردم و لە ناو سـندووقێک دا پارچە تیانووسـێکی هێنا و دایە دەسـتم. کە دایە دەستم، بە نەرمی پێی گوتم:

- ئەوە بەشی تۆیە جارێ.

منیش لە برسییەک دەچووم و پارچە نانێکی بۆ هێناوم، سەیری نیانووسەکەم کرد، بە خەتێکی شکستەی جوان، تێی دا نووسرابوو:

"مرۆڤ ترسینۆکە،

مرۆڤ نە بە تەنیا دەتوانێت بژی، نە بە بێ خودا دەتوانێت بژی، نە بە هیچیشیان ڕازی دەبێت. ئەوەی گلەیی لە خودا و لە ژیان و لە خۆی دەکات، مرۆڤ خۆیەتی. نە ژیان گلەییەکی هەیە، نە خودا، تەنها مرۆڤە و بەس. گیانەوەران بەوە ڕازین، وەک خۆیان بژین. درەخت و ئاو و ئەستێرانیش ڕازین. تەنها مرۆڤ ڕازی نییە. ناڕازیبوونی مرۆڤ لە خەونە نەفرەتییەکانییەوە دەست پێ دەکات. ترسەکەیشی بە جۆرێکە، شتی گەورەی پێ ناکرێت. کاتێک کە دەبینێت لاوازە، نەفرەت لە خۆی و لە ژیان و ئاسمان دەکات. جارێک ناگەڕێتەوە بۆ خۆی ترسەکەی بکوژێت و لەوێوە دەست پێ بکات. لە بریی کوشتنی ترسەکەی ناخی، پەلاماری دەرەوەی خۆی دەدات. من ئێوە بۆ سەر خوانێکی بێ ترس بانگ دەکەم. هەتا ترسەکەی ناختان نەکوژن، ناتوانن لە سەر ئەم خوانەی من دانیشن. گوێ بەوە مەدەن چارەنووستان چییە، گوێ بەوە مەدەن، چۆن بەر نەفرەتی خەڵک دەکەون. تەنها ڕێگاکەی خۆتان بە بێ ترس ببڕن. ئەگەر سەرکەوتن، لە دەورتان کۆ دەبنەوە و ستاییشتان دەکەن، ئەگەر شکستیشتان هێنا، بەر نەفرەتیان دەکەون. ئێوە لە شکست دەترسن، بۆیە ناتوانن کاری گەورە بکەن. ئەو کاتەی وەک ئێوە لە شکست دەترسام، جووڵەم خاو و، دونیام کورت. ئەو کاتەی ملم نایە سەر ڕێگاکە و دەستم لە ڕابردووم هەڵگرت و پشتم کردە ئێوە، چیم ویست هاتە دی، ڕۆحێکم بە دەست هێنا، ئێوە ئەم بینینە دەگرن. خۆزگە ناخوازم بە چاوی ئێوە، چونکە تەنها ئەو شتانە دەبینن، بۆتان دانراوە بیانبینن. ئەگەر ناتوانیت دەستت

لەوە هەڵگبریت، ناتوانیت بە باشی ببینیت. کاری ترسینۆکان نییە، نەبینراوەکان ببینن.

نە بە باشی تێگەییشتم، نە ویستم پرسیار بکەم. سەیرێکی سۆنەم کرد و پێم گوت:

- سۆنەی بەڕێز: شتی ترت لایە؟ دەتوانی یارمەتیم بدەیت.

- بۆ نا، بەڵێ شتی ترم لایە. پیاوێکی گەورەیە. چ ئێستا گەورەیە و چ ڕابردوویشی. بۆ من ئێستای گەورەترە لە ڕابردووی. قسەکانی دەبێت بە نەخش هەڵیانکۆڵی. لە ئەزموونەوە قسە دەکات. ماوەیەکە هەستم بەوە کردوە، بە شوێن قسەکانی دەگەڕێیت. کەسانی تریش هەن لەم شارە، قسەکانیان نووسیوەتەوە. دیوانە لە هەر شوێنێک قسە بکات، قسانێک دەکات کەسی تر نایزانێت و کەسی تر نایبینێت. زۆر پێم خۆشە گەنجێک بیەوێت مێژووی دێوانە بنووسێتەوە و نەهێڵێت پیاوێکی گەورە بکەوێتە ژێر خۆڵی دیوارە ڕووخاوەکانەوە.

دەتوانی هەندێک شتم بۆ باسکەی لەسەری؟

- دەتوانم. بەڵام جارێ پەلەت چییە، هێشتا دوو جار بینیوتە. لێی مەترسە. ئێستا پێویستی بە هاودەمێک هەیە، تەنیایی و گۆشەگیرییەکەی، کە هەڵی بژاردوە ویستی خۆی نییە، ناچارییە. بەشی ژیانی، تەنها بەردی ڕەق و نەفرەت بوو. کاتێک بە باشی ناسیت، لەوانەیە ڕێگای ترت پیشان بدات. پیاوێک بوو، مرۆڤی بە من ناساند. ڕاستە من کەسێکی بە تەمەن و دونیا دیدەم، وەلێ ئەوەی ئەو پێی ناساندم لە ڕابردوو و لە ئێستا دا، ئەو نەبوایە خۆم نەم دەتوانی ببینم. گەر پەلەم لێ نەکەیت، منیش شتانێکت بۆ باس دەکەم لە سەری.

- ئەی دەتوانم ئەم پارچە نووسینە ببەم؟

- بەڵی دەتوانیت، بە مەرجێک بیگەڕێنیتەوە. کۆی ئەو قسانەی بە خزمەتکارەکانم نووسیومەتەوە، نامەوێت بیان فەوتێنم. کتێبخانەکەی

Scanned by CamScanner

من دەستووسی زۆری تێدایە. با قاڵ ببیت بە کارەکانتەوە، کتێبگەلێکی مێژوویی زۆرم هەیە، ئەوانەیشت پێ دەدەم بیانخوێنیتەوە. شنەیەک بە ناخم دا هات. کە گوێم لە کتێبی کۆنی مێژوویی بوو، دڵم خروپەیەکی کرد. بێزار بوویووم لە حیکایەتە کۆنەکانی نـاو ئایینەکان. دەمزانی کامە خەلیفە چۆن هات و چۆن مرد و چەند کەسی کوشت. دەمزانی یەکی چەند ژنیان هێناوە و چەند کەنیزەکیان هەبوە، بەڵام قەت نەم دەزانی مێژووی میللەتانی تر چییە، جگە لەوەی کە نەفرەتلێکراو بوون و ئایین هات هەموویانی لەو نەفرەتە ڕزگار کرد. بەڵێ، ئەمە ڕێگایەکی باشترە. لە دڵی خۆم دا، گوتم:

ئەم جوولەکەیە هەر سەرمایەی سفرە و خەزێنەی نییە، سەرمایەی کتێبیشـی هەیـە. بازرگانێکم نەدیوە لەم شـارە دا، دەیان دووکان و کاڵای نەبێـت، کەچـی کتێبخانەیان نەبوو. ئەمەیـان جیایە، ئەمەیان شـتێکی ترە. بەشـێکی ژیرییەکەی هی گوێگرتنیەتی، بەشـێکی هی کتێبەکانی و بەشێک هی ئەزموونی و بەشێکی هی دێوانەیە. کەسێک بەم میراسانەوە دەورە درابێت، چۆن ژیر نابێت، بۆیە دەکەوێتە قسە، ئەوانی تر دەبێت بێدەنگ بن و گوێی بۆ بگرن. خۆی گوتبووی:

هەر کەسێک دەیەوێت بمکوژێت، با ڕێگام بدات چەند ساتێک لەگەڵی بـم. ئەگەر ئەم هێنایە سـەر ئایینەکەی خۆم، واتـای ئەوەیە حەقی کوشـتنم هەیە و ژیری لە من دا نەماوە. هۆشـم لای دەستنووسەکە و کتێبەکان بوو، سـۆنەیش باسـی تواناکانی خۆی دەکرد. دەبێ لەمەو دوا، بۆ سێ شوێن بچم، تا ئەو کەڵکەڵەیەی ڕووی تێ کردووم کەمێک دابمرکێتەوە. تا زیاتر لە گەورەیی نزیک ببیتەوە، ژیان ئاڵۆزتر دەبێت و کارەکانیش زیاتر. لە خەمی ئەوە دا بووم، وام لێ بێت دووکانەکەی باوکـم فەرامـۆش بکـەم و ئاواتەکەی دایـە و بابە نەیەنـە دی. ئەم کەللەیەی بە منەوەیە کەلەیەکی تەواو نییە، ناتوانێت ئەو شتانە بکات لێم دەخوازن. دەبێت ئەوانەی تر کێ بن، وەک من گیرۆدەی قسەکانی

دێوانــە بن. تــۆ بڵێی بازرگانەکان بن، لەوە ناچێت ئیشــی وان بێت، چونکــە لەم شــتە جوانانــەی دونیا، تەنها پارە کــۆ دەکەنەوە. جگە لــە پــارە، چاویان هیچی تر نابینێ. چیرۆکی یەکــەم بازرگان و ئاخر بازرگانیــش وەک یەکە، کۆ دەکەنەوە و کۆ دەکەنەوە تا دەمردن، کە مردن، منداڵەکانیان بۆیان تەخشان و پەخشان دەکەن.

تیانووسەکەی ماڵی سۆنەی جوولەکە، وەک تیانووسەکانی خانەقا نەبوو. تیانووسی لەم جۆرە لە قوستەنتینەوە دەهاتن و تایبەت بوون، نرخەکەیان لە تیانووسەکانی تر زۆر گرانتر بوون و ئەم نرخەکەیشیان تایبەتیکردبوون بە بازرگان و میرەکانەوە. حساباتی تایبەتی بازرگانەکان و نامەی تایبەتیی میرەکان، لە ناو ئەم تیانووســانە دا، دەنووســران، ڕەنگیان کراوەتر و بۆنیان خۆشــتر بوو، مەرەکەبیش لە ســەریان بەو ئاســانییە بڵاو نەدەبوەوە. خاڵێکت دابنایە، تا تیانووسەکەت تەڕتەڕ نەکردایــە، خاڵەکــە وەک خــۆی دەمایــەوە و بڵاو نەدەبــوەوە. پاش خوێندنەوەی هێواشــێک لوولم کرد و خســتمە ناو کیســەکەی خۆم. هەستامەوە و ئیجازەم خواست، کە دەبێت بڕۆم. لە ماڵ چوومە دەر. هاتمە بەر دەرگاکە، ملم بەرەو کووخەکەی دێوانە وەرگێڕا و یەکســەر بۆ لای کەوتمە ڕێ. تا گەییشتمە کووخەکە، بەدەم ڕێوە چەندین جار دەستنووسەکەم خوێندەوە، هەر جارە و بیرکردنەوەیەکی جیاوازی پێ دەدام. ئەوەی زۆر منی وەســتاندبوو، بۆچی لای دێوانە مرۆڤ بوەتە چەقی هەموو شتەکان. ئەگەر خۆی گوتەنی، دیوەکانی مرۆڤ ڕووناک کرانەوە، کێشــەیەک نامێنت. پێدەچێت گورزێکی کوشندە بەر سەری کەوتبێــت، ئەو گورزەیــش لە لایەن مرۆڤەکانــەوە بووبێت، هەر بۆیە خاڵی بوونی کردوە بە مرۆڤ.

گەییشــتمە کووخەکە، نە لە ســەر تاشەبەردەکە دانیشتبوو، نە لە ئوورەوە بوو. کەمێک میوە و نان و پەنیرم بۆ هێنابوو، لە سەر بەردە پانەکــەی بەر دەرگای کووخەکە دام نــا. چاوێکم بە ناو کووخەکە دا

گێڕا، نووسینێکم لە سەر مقەباکان نەبینی. خورپەیەک بە دڵم دا هات، بۆچی وەک ڕۆژانی ڕابردوو هیچی نەنووسیوە. لە کووخەکە هاتمە دەر و لە سەر تاشەبەردە گەورەکە دانیشتم. دوای کەمێک، دەرکەوت. لە چەمەکەوە نەرم نەرم بەرەو سەرەوە دەهات. جوان خۆی شۆردبوو، ڕەونەقێک بە ڕووخسارییەوە دەدرەوشایەوە، لە ئەستێرەی بەیانییانی هاوین دەچوو. قژە خاو و سپییەکانی بە سەر شان و ملی دا بەر دابوونەوە و ڕیشە پڕ و پاکەکەی تا سەر تووکەکانی سەر سنگی هاتبوو. کە نزیک بوەوە، سڵاوێکی کرد و بە ویقارێکەوە هەناسەیەکی ماندوویوونی هەڵکێشا. لە سەر بەردە پانەکە دانیشت و توورەکەکەی کردەوە و کردییە سفرە و خواردنەوەکەی لە سەر دانا.

بە دەم خواردنەوە بانگی کردم:

-گەنجۆ

-بەڵێ

- شارەکان چی لە مرۆڤ دەکەن؟

دەیکەنە کەسێکی شارستانی.

- نا، ونی دەکەن، لە خۆیی دووری دەخەنەوە، دەیکەنە کەسێک خۆی نییە. کەسێک لە خۆی دەردەچێت و بە دوای ئارەزوەکان دەکەوێت، وەک تەنەکەی بەتاڵ بەتاڵی دەکەنەوە. مرۆڤێک شار بیبات، وەک تەنەکەی بەتاڵە، دەنگی زۆرە و هیچیشی تێدا نییە. بەس تەنیاییەکی ڕاستەقینە مرۆڤ لە ڕەواڵەتی شارەکان دەپارێزێت. پاڵەوانی شارەکان، مرۆڤە تەنیاکانن.

لەگەڵ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەم، پارویێکی دەخستە دەمییەوە و دەستێکی بە ڕیشە سپی و پاکەکەی دا دەهێنا. لە دێوانە نەدەچوو، لە مامۆستایەکی ناو کلاسە کۆنەکانی شاری ئەسکەندەریە دەچوو.

گوتی:

- با چیرۆکێکت بۆ بگێڕمەوە:

"سەردەمێک پێش ئێستا، پیاوێک دەچێتە لاپاڵێک، چاوێک بە لاپاڵەکە دا دەخشێنێت و ئارەزوو دەکات بیکاتە شارێکی ڕەنگین. چەندین ساڵ ڕەنج دەکێشێ و بیر دەکاتەوە و خەڵک بانگ دەکات، تا شارەکە درووست دەکا. کە لاپاڵەکە دەبێت بە شار، یەکەم کەس فریوی دەدات، ئەو کەسەیە شارەکەی درووست کرد. پیاوەکە لەگەڵ شارەکە دا نغرۆ بوو... خۆی لە بیر کرد... لەگەڵ ئەوەیش دا، خۆی لە دەست چوو، شارەکەیشی لە دەست چوو. کاتێک وەهۆش هاتەوە، شتێکی نەما بۆی بژی. خۆی بێ کەس و تەنیا و سەرگەردان بینییەوە. مرۆڤ تا بە تەواوی نەڕووخێت هەڵناسێتەوە. ماڵی کۆن عاقیبەتی ڕووخانە، کە ڕووخا جوانتر و باشتر درووست دەکرێتەوە. پیاوەی ڕووخاو کاتێک بۆ لای خۆی گەڕایەوە، پشتی لە شار و ڕەنجکێشان کرد، کاتە زێڕینەکانی دوای ڕووخانەکەی دەستی پێ کرد."

- تێگەییشتی لەم چیرۆکە گەنجۆ؟

- بەڵێ، بەڵێ، دەتەوێت هەر چیم خوێندوە و هەر چی ڕەنجم کێشاوە، وەلاوەی بنێم و بگەڕێمەوە بۆ ناو خۆم و دەست پێ بکەمەوە.

- نا، وەلاوەی مەنێ، بیانکە بە توولەڕێی خۆت... بیانکە بە فانۆسێک تا بەردەمت ڕووناک بکەنەوە و بتوانی باشتر بەرەو خەونەکانت بڕۆیت. کەسێک نەتوانێت پشت لە مێژووەکەی بکات و مێژوێکی نوێ درووست بکات، کەسێکی نەکردەیە و ناکرێت چاوەڕێی کاری مەزنی لێ بکەیت. کەمتر پشت بە خوێندن ببەستە و زۆرتر پشت بە ئەزموون ببەستە. وانە ڕاستەقینەکانی ژیان، لە ئەزموونەوەن.

نانەکەی تەواو کرد. توورەکەکەی پێچایەوە و جامێک ئاوی بە سەر تێرییەکەی دا کرد. دەستێکی خستە سەر بەڕەکە و بە ئەسپایی هەستا. هاتە سەر تاشەبەردەکە و لە تەنیشتم دانیشت.

Scanned by CamScanner

گوومانم لە چاکبوونی مرۆڤە!

"چوار بەشی سەرەکی لە ناو مرۆڤ دا هەن: ئارەزووەکان، هەستی خۆشەویستی و هەستی ڕق، ژیری، ڕۆح. ئەم چوار بەشە، بۆ بالابوونی خۆیان شەڕیانە. ژیری نایەوێت هیچ جەوڵەیەک و قسەیەک، بێ لێکدانەوە بڕوات. ئارەزوو لە ماسییەکی برسی دەچێت، دەمی کردەوەتەوە داوا دەکات تێر بکرێت. هەستی خۆشەویستی و هەستی ڕق، دوانەیەکی دژ بە یەکن و هەر یەکەیان دەیەوێت ئەوی تر لە ناو ببات. ڕۆح جیایە. گاڵتەم بەوانە دێت، باسی خۆشەویستیی ڕۆح دەکەن و ڕۆح ناناسن. هەر کەسێک داوای لێ کردیت بە ڕۆح خۆشت بوێت، لێی بپرسە ڕۆح چییە، وەڵامەکەی بە نازانم دەداتەوە.

تا بەشەکانی ناو خۆت نەزانیت چی بە سەر چییەوەیە، ناتوانیت خۆت بناسیت و لەگەڵ دەرەوە ململانێ بکەیت. عاریفانی مەزن، بەشەکانی خۆیان دەناسی و لە ناو خۆیان دا، خۆیان دەدەن بە دەستی ڕۆحەوە. کە ڕۆحیان ڕووناک بوەوە، چاوە داخراوەکەی ناوەوەیان کرایەوە، دیوە تاریکەکە دەبینن. چاوی ڕۆح، چاوی سێهەمی مرۆڤە، کاتێک دەکرێتەوە، ڕۆح بناسیت. ژیری ئەمەی ناوێت. ژیری گوومان لە ڕۆحیش دەکات. خۆدانە دەست ڕۆح، خۆتەسلیمکردنە. خۆ دانە دەست ژیرییش، خۆدانە دەست گوومانە.

لەم کاتەدا پرسیم:

- بۆیە مرۆڤ چاک نابێت؟

- بوەستە، هێشتا گوێزەکەم پاک نەکردوە. با پاکی بکەم، پاشان دەتوانی بە باشی بیخۆیت. مرۆڤ بۆیە چاک نابێت، خۆی ناناسێت. لە بەردەم چوار بەشەکەی ناوخۆی گیرۆدە بوە. ڕاستەهێڵی نییە، تا بە سەری دا بچێت. هەر یەکێک لەم دژانەیش، دیوێکی باش و دیوێکی خراپیان هەیە. تەنها ژیری دەتوانێت وا بکات، بزانی چۆن بەکاریان بهێنێت. هەڵبەتە ناتوانی بێ وێرانکردنی یەکێک لەمانە، ژیری

Scanned by CamScanner

بهێڵێتەوە. بیر بکەوە گەنحۆ، کە برسیت دەبێت، پێویستە خۆت تێر بکەیت، بە چی تێر دەبیت؟

– بە خواردن

– وایە. دەرهێنانی خۆراکێک گیایی بێت، یان گیاندار بێت، بۆ خۆی وێرانکردنی گیایـەک یان گیانەوەرێکە بۆ تێربوونی ئارەزوویێک، واتای دەسـکاریکردنی بـوون، یانی وێرانکردنێک. کـە وایە چۆن گوومان لە چاکبوون نەکەم.

– لەگەڵتم، بوونی مرۆڤ کێشەیە و نەبوونیشی کێشەیە. بەو وردییە بیـر لـە بوونی مرۆڤ و دەوروبەری بکەینــەوە، نائومێد دەبین. دایک و باوکم دەیانوویسـت کەسـێکی تر بم، وا نەبووم. مەلا شەش پەنجە دەیەویسـت کەسـێکی تر بم، ئەو نەبووم. دێوانە دەیەوێت کەسێکی تـر بـم، لەوانەیە ئەوەیش نەبم، کە ئەو دەیەوێت. من جارێ نەخۆم و نە هیچ کەسـێکم. هەر یەکە و بەلای شـتێک دا ڕام دەکێشـێت، دیار نییـە لـەو نێوانــە دا دەبمە کێ. ئەم ڕاکێشـان و بینینانــە وایان لێ کردووم، هیچ کەس نەبم و خۆیشم نەبم. ئای خودایە، خەریکە مێشکم دەتەقێت. چیم دابوو لەم سـەر ئێشـەیە، فەقێیەکەی لای مەلا شەش پەنجە بوومایە بە بێ گوومان و گوشینی مێشکم، ئارامتر و دڵخۆشتر دەبووم. بۆچی نەم توانی وەک دۆستەکانم، بکەومە شوێن عادەتەکان و کەوتمە شـوێن گوومانەکان. لەم شـەڕەی نـاوەوەی خۆم دا بووم، دێوانە دەستێکی خستە سەر شانم و ڕاچڵەکیم.

– هەستە بڕۆ، درەنگە بۆ تۆ. هەتا زیاتر بیر بکەیتەوە، زیاتر خۆت دەناسـیت. دیار بوو هەسـتی کردبوو، لە چ گوومان و دوودڵییەک دا گینـگڵ دەدەم. دەڵێن مرۆڤ خـۆی ڕێگای خۆی دیاری دەکات، منی بەدبەخت ڕێگا قورس و پڕ ئازارەکانم هەڵبژارد. ڕێگای تر شارەزا نیم، جگە لە ڕێگا پڕ ئازارەکان. هەسـتام... بەرەو شـار کەوتمە ڕێ. بە دڵێکی پڕ و هۆشـێکی جەنجاڵەوە، لە کووخەکە دوور دەکەوتمەوە و

Scanned by CamScanner

لە شارەکە نزیک. کە گەییشتمەوە قەراخ شار، تاریکی داهاتبوو. وەک جاران نەبوو، دایکم لە بەر دەرگا چاوەڕێم بکات و دڵەکوتەی بێت بۆم. چ تاریک بوایە یان ڕووناک، دەیزانی کەمێک لە جاران زیتترم و دەگەڕێمەوە ماڵ.

لە دەروازەی حەوشەکە چوومە ژوورەوە، فانۆسی هەیوانەکە بە تەواوی هەیوانەکە و لایەکی حەوشەکەی ڕووناک کردبووەوە. چوومە سەر حەوزەکە، وەک بێهۆشێک هەر دوو قاچم خستە ناو ئاوەکەوە و مانگی ناو حەوزەکەم پارچە پارچە کرد و لە تێکیشی لە قاچەکانم ئاڵا بوو. ماندووبوونی ڕۆژەکە لەگەڵ شووشتنی قاچەکانم ڕژایە ناو حەوزی ئاوەکە. دوای کەمێک حەوانەوە، خۆم بۆ نووسینەوەی قسەکانی ئامادە کرد، چونکە چیتر دێوانە خەیاڵ و بیرەکانی خۆی لە سەر مقەبا بۆم نانووسێت. بە شێوەی زارەکی بۆم باس دەکات، منیش دەبێت پاشان بێمەوە و بە باشی مێشکم بگووشم، تا چۆڕ چۆڕ وشەکان بێنەوە خەیاڵم و بیانڕژێنمە سەر تیانووسێک.

# سۆزانیخانەکەی خاتوون و شازادە

کاتێک مەلاکان ڕوویان لە میری دووهەم کرد، تا خاتوون و شازادە لە دەست سوپاهی دەریهێنێت و شەوانی خۆیانیان پێ بە سەر نەبەن. میر داوای کرد فتوایان لە سەر بدەن، مەلاکانیش فتوای کوشتنیان لە سەر دان. کەچی ئەم فتوای بەردبارانکردنەیان تا مردن، بۆ ماوەیەک دوا خرا. دواخستنەکەی لە سەر ویستی میر بوو. هێشتا بەوە دڵی ئاوی نەخواردبووەوە، بەو دەردەی بردن، دەیەویست گەنجانی شاریان پێ گەرم بکاتەوە. لە دەستەڕاستی کۆشکەکەیەوە، ڕیزێ خانووی چۆڵ هەبوون... هەر دووکی ناردە ناو خانوەکان و بەشی خۆیان کەلوپەلیشی بۆ کڕین. دەستە و تاقمەکەی ڕاسپارد، سەردانیان بکەن و فەیازە کوێر، کە مەشهور بوو بە کاری ناشیرین و دەسماڵباشی بۆ میر، داخوازییەکەی میری بیستبوو. بۆ شەوی یەکەم خۆی و دەستەیەک لە سیلکەدارەکانی، خۆیان کردبوو بە خانوەکە دا و ئەو شەوە تا بەیانی چییان پێ خۆش بوو کردبوویان.

بۆ بەیانییەکەی بە ناو شار دا دەگەڕا، باسی لەوە دەکرد، هەر گەنجێک حەزی لە خۆ خاڵیکردنەوە هەیە، با سەر لە سۆزانیخانەکەی خاتوون و شازادە بدات. ئەم چیرۆکە بە ناو شار دا بڵاو بووەوە و گەنجە لچ هەڵقورچاوەکانی شار، کە تاریک دادەهات یەک یەک و دوو دوو، ڕوویان لە خانوەکە دەکرد. وای لێ هات، خاتوون بە هیچ شێوەیەک لەو خانوە نەدەهاتە دەر و بوو بە سەردەستەی کۆمەڵێک سۆزانی. کاتێک کاروانەکان دەهاتنە ناو شار، لەگەڵ خۆیان پیاوی باش و خراپ و ژنی باش و خراپیان دەهێنا. ئەو ژنانەی لە گەنجییەوە بە

Scanned by CamScanner

دەست پیاوەکان فێری لەشفرۆشی بووبوون، سەریان لەو ماڵە دەدا و خاتوونیش بە کرێ دەیدانە کڕیارەکانی. تا کار گەییشتە ئەوەی پیاوانی ئایینی لە خوتبەکانی ڕۆژانی هەینی دا باسی بێ ئابڕوویی شاریان دەکرد و چاوەڕێی دونیائاخیرێک بوون. هەندێکیان هێندە توند بوون، بە جۆرێک چیرۆکەکانیان دەگێڕایەوە، کە شارەکە بەتەواوی پیس بوە و لە چرکە و خولەک دایە، شارەکە تووشی ئافاتێک ببێت و سەرەونخون ببێتەوە. کەسیان نەیان دەوێرا پەنجە بۆ میر ڕا بکێشن، دروستکرنی سۆزانیخانەکە ویستی میر بوە بۆ شکاندنی هەیبەتی میری پێشوو، کەچی لە بریی باسکردنی ڕاستییەکە، دەستیان بۆ خاتوون و کچەکەی ڕادەکێشا. ئەو خاتوونەی ڕۆژانێک شکۆی ژنانی ئەم شارە بوو، ئێستا لەگەڵ کچەکەی بوەتە سەردەستی فاحیشەکانی مەملەکەت. گەنجانی لچ هەڵقرچاوی برسی، یەکێک باسی خاڵەکەی بن ڕانی شازادەی دەکرد و یەکێک باسی پەڵە ڕەشەکەی پشتی خاتوونی دەکرد، کە جێی سووتانێک بوو. هەر یەکە و باسی بەشێک لە جەستەی ئەو دوو خانمەی دەکرد. تا گەییشتە ڕادەیەک ناوبانگی سۆزانیخانەکەی گەییشتە گوێی هەموو خەڵکی شار و دڵی میر ئاوی خواردەوە.

ئێوارەیەک میر خوانێک بۆ پیاوماقووڵانی شار ئامادە دەکات و پاش نانخواردن، ئاماژەیەک بە پیسی شارەکە دەکات. لە ناو قسەکانی دا باسی سۆزانیخانەیەک دەکات، کە خەریکە عاقیبەتی کوڕانی شار تێک بدا. پێویستە چارەیەک بۆ ئەو دوومەڵە بدۆزنەوە و بەر نەفرەتی بخەن. مەبەستەکەی ڕوون بوو، بە نیاز بوو دوای شکاندن و ئابڕووبردنیان، بە شێوەیەکی وەحشییانە خاتوون و شازادە بەردباران بکرێن و خەڵکی شار کۆ ببنەوە و هەر ئیماندارێک لە هەقی پاکبوونەوەی خۆی، بەردێکیان تێ بسرەوێنیت. کاتێک قسان دەکات، مەلاکان کۆڵێک کەیفخۆش دەبن و بۆ بەیانییەکەی لە مینبەرەکانی خۆیانەوە، بانگی خەڵکی شاریان کرد، بۆ چوارڕێیانەکەی ناوەڕاستی شار. پاش کەمێک حەشاماتێکی زۆر

Scanned by CamScanner

خەڵک کۆ بووەوە و مەلاکان پێشیان کەوتن بۆ بەردەم سۆزانیخانەکە.
کۆمەڵێک گەنجی دونیا نەدیدیان هـان دەدا، بچنە ناوەوە و چی ژنی تێدایە بە قژ رایان بکێشنە دەرەوە. پەلاماری سۆزانیخانەکە دەرا. چی پەنجەرە و کەلوپەلی تێدا بوو هەمووی سووتێنرا و ژنەکان هێنرانە دەرەوە. مـن بە چاوی خۆم دیـم و لێرە دا بۆتانی باس دەکەم، چۆن ئاگر لە سـۆزانخانەکە بەربوو بوو، ئاوایش ئاگر لە ناخی من بەر بوو. رەنگە ئەو حەشاماتە دەیان کەسی تێدا بووبێت، زانیبێتی خانمانەکان گوناهێکیان نەبوو، بەڵام هەر شتێک بوو بە حەشامات و کەس بە کەس، چاوەڕێی گشـت شـتێکی لێ دەکرێت جگە لە عەقـڵ و بیرکردنەوەی ڕاست. مەلاکان دەیانزانی لەم حەشاماتە دا ژێری بوونی نییە، بۆیە چی بڵێن وا دەکرێت و بە قەولی خۆیان شارەکە پاک دەکەنەوە، بەردەوام لـە کاتـی گەلەکۆمە و حەشـاماتدا خۆیان دەردەخەن، تا ئاڕاسـتەی گێلێتییەکە بەو ئاقارە دا ببەن خۆیان دەیانەوێت.

قژی خاتوونی میر بە دەست گەنجێکی ڕیش درێژی یەخە چڵکنەوە بوو. لەو کاتە دا خاتوون جەسـتە سـپی و لاوازەکەی لە ناو کراسێکی ڕەشی ناسکی کورت دا دەردەکەوت. کە شنەبایەک هەڵی دەکرد، لایەک لە سمتە خڕ و بچووکەکەی، دەکەوتە دەرەوە. مەمکی چەپی لەتێکی شـین بووبووەوە و بە تەواوی هاتبوە دەرەوە. قژی ئاڵۆسـکابوو و زۆر لەوە پیرتر دەینواند بیرم لێ دەکردەوە. لە تەنیشت ئەوەیشەوە شازادە، بـە چاوە ڕەش و گەشـەکان و دەموچاوێکی خوێناوییەوە بە دەسـت دوو پیاوی کەتەوە بوو... کراسـێکی هەنـاری تەنکی لەبەردابوو، بەو هـەر دوویـان ئەژنۆکانیـان خوێنی لێ دەڕۆیشـت و لە یـەک کات دا دەسـتی زبر دەسـتی بۆ دەبردن، یەکێک لێی دەدان و یەکێک دەستی پێدا دەهێنان و یەکێک تفی تێ دەکردن، بە ڕاکێشـیان هێنایان، تا بەردەم مەلاکان. سەردەسـتی مەلاکان دوو سـێ تۆبەی کرد و پاشان

به تفێکی خەست، پێشوازی لە هەر دووکیان کرد. دوای نەفرەتەکەی مەنگاوێک چوە دواوە، باسی لە بێحورمەتیی دوو خاتوونەکە کرد و بە ئاشوویی گەورەی شاری دانە قەڵەم. لەو کاتەی سەردەستەی مەلاکان قسەی دەکرد، تف لە دەمی دەردەپەڕی و ئەوانی تریش کپ و بێدەنگ گوێیان لەم گوتارە ئاگراوی و ناڕاستەی دەگرت. هێکڕا پێکەوە هاواریان دەکرد، لە پێناو خوا، خراپەکان لەم ژیانە دەردەکەین.

سەرنجم لە خاتوون و شازادە دەدا، چاویان پڕ لە فرمێسک، بە جەستەیەکی نیوە ڕووتەوە، لە بەردەم ڕیزی مەلاکان دا چۆکیان پێ دراوو. کاتێک سەردەستەی مەلاکان، گوتی:

- ئەمانە لە ئەزەلەوە پیس بوون.

کە ئەم قسەیەی لە دەم هاتە دەر، خاتوون یەک هاواری بە سەر دا کرد و هەتا هێزی تێدا بوو، تفێکی کردە ناو چاوانی و پێی گوت:

- هەی بێ غیرەت، چەند جار لە دیوەخانەکەم نانت خواردوە. کێ پیسە، ئەم سۆزانیخانەیە پیسە، یان ئەو ناخەی تۆ؟ ئێمە سۆزانی بووین یان ئەشرافی ئەم شارە. بۆ ناوێری بچیتە کۆشکی میرە خوێڕییەکەت، ئەگەر غیرەتت هەیە تێدەگەی چی دەڵێم؟ ناوگەڵی فاحیشەیەک لە دەمی زۆر کەسی وەک تۆ پاکترە. ژنەکان فاحیشە نین پیاوێکی خوێڕی فاحیشەیان نەکات. من خاتوونی شار بووم تۆ دەستەسرم بوویت. ئێستا هاتوویت وانەم دەدەیت، ترسینۆکی بێ هێز، دەبوایە ڕوو نەکەنە ئێرە و ڕوو بکەنە سۆزانیخانەکەی میرەکەتان. گەورەترین سۆزانیخانە کۆشکی میرەکانە، تێگەییشتی بێکەڵک؟!

ئەم قسانەی ئەوەندە لە دڵم خۆش بوون هەر مەپرسە. کە ئەم قسانەی کرد خەڵکێکی زۆر دایە قاقای پێکەنینن و کەسانێکی تریش، بێ دەنگ بوون. مەلایش لە قسەکانی وەستا و هەموویان هەڵوێستەیەکیان کرد. کەچی لە بریی دەستهەڵگرتن لێیان، هەر دووکیان بەستن بە ئەسپوعەرەبانەیەک و ڕایان کێشیان بۆ ناوەڕاستی شار. حەشاماتێک

ههندێکیش شوێنهکهیان جێهێشت
له دواوهیان بهردی تێ دهگرتن و ههندێکیش شوێنهکهیان جێهێشت
و مهلاکانیش لهگهڵ حهشاماتهکه ڕۆیشتن بۆ ناوهڕاستی شار. ههتا
گهییشتنه ناوهڕاستی شار گیانیان تێدا نهما. هێنده بهردیان لێ
دابوون، شوێنێکیان نهمابوو برین و خوێنی پێوه نهبێت. له ناوهڕاستی
شار، ئهو مهلایهی تفهکهی خاتوون به نێوچاوانییهوه بوو، چوه سهر
سهکۆکه و هاواری کرد، شار پاک بوهوه.
حهشاماتهکهیش ههر یهکه و به لای خۆی دا ڕۆیشت.
ڕۆژێکی گهلێک ناخۆش بوو، له تاریکترین ڕۆژی شارهکه بوو له لام.
قیژه و ئازارهکانی ئهو ژنانهی به بێ گوناه بهو دهرده بران، له گوێی
ئهم شاره دا دهر ناچن. برینی سهر جهستهی ئهو ژنانه، برینێک بوو
کهوته سهر دڵی شار. ئهوانهی بهردیان دهگرته ژنهکان، ئهوانه بوون،
شهوان دهچوونه باخهڵیان و خۆیان گهرم دهکردهوه. دوای مردنیشیان
له ناوهڕاستی شار ههڵیان واسیبوون و ڕۆژانه ڕێبوارهکان سهیری
جهسته پڕ برین و ئاوساوهکانیان دهکرد. مهلاکانیش بهم کارهیان
تهواو دڵخۆش بوون. خهڵکێکی به ویژدان له بریی نهفرهتکردن له
سۆزانییهکان، نهفرهتیان لهو مهلایانه دهکرد، دهربارهی میر بوون و
ئهم کارهیان کرد. نه شارهکه پاش کوشتنی ژنهکان، پاک بوهوه و
نه کۆتایی به چیرۆکهکانی پشتهوهیش هات. به خهیاڵی توندڕهوه
ئایینییهکان، ههر شتێک به نهێنی بکرێت، گوناهی کهمتره، ههر
شتێکیش ئاشکرا بوو، گوناههکهی گهورهتره. تهنها دهست بۆ ئهوانه
دهبهن پێیان دهوێرن و وهک پارویێکی بچووک زوو به دهستیانهوه
دێن. سهری مارهکه میری نوێ بوو، نهک خاتوون و شازاده. بهڵاکهی
سهر ماڵی میر، لهوه پڕ ئازارتر بوو، باس بکرێت. یهکهبهیهکهی
ماڵهکهیان، به دهردێکی قورس چوو. پاش بینینی دهلالی میرزاده، به
تهواوی بۆی گێڕامهوه چی به چاوی خۆی بینوه. ڕۆژی حهشاماتهکه،
هاتوهته بهر پهرنجهرهکهی ماڵی سۆنهی جوولهکه و لهوێوه سهیری

جەستە لاوازەکانی کردوە، چۆن بەردباران دەکرێن و هاواریان لێ هەڵدەستێت... چۆن چاوی پڕ بوە لە فرمێسک و هیچ دەسەڵاتێکی نەبوە... چۆن ئەو مەلایانەی دیوە، ڕۆژانێک لە دیوەخانەکەی میری گەورە دەسماڵباشییان کردەوە و ئەمڕۆ بەردبارانی ژنەکەی و کچەکەی دەکەن. پێیان ناخۆش نەبوو، کرا بوون بە سۆزانیی ئەم شارە، بەڵام پێ ناخۆش بوو کە بەو ئازارەوە مردن و هەر وا بە هەڵواسراوی مانەوە.
قورسە بە چاوی خۆت ببینی، لە شەو و ڕۆژێک دا ئەو شتانەی بە درێژایی ژیانت درووستت کردوون، قڵپ ببنەوە و ژیانت ببێتە ئازار و سووکایەتیکردن. بینینی برینەکانی سەر گیانی خاتوون و شازادەوە، برین گەلێک بوون، نە لە خەیاڵی من دەچنەوە، نە لە خەیاڵی شارەکە. جێگەی تێڕامان بوو، تەنها گاورەکان نەهاتبوون بۆ بەردبارانەکە... مەلاکان دوای ئەو گوناهە گەورەیەی کردیان، بۆ پەردەپۆشکردنی کارە نابەجێکەی خۆیان، هێشتا گاورەکانیان گوناهبار دەکرد، گوایە گوێ بەم شارە نادەن و پێیان خۆشە پڕ بێت لە سۆزانیخانە، بۆیە نەهاتوونەتە ناو خەڵکەکەوە نایانەوێت شارەکەمان پاک بێت. کەسێک نەبوو باس لەوە بکات، پاکی و پیسیی مرۆڤ بە دەست مرۆڤەکان نییە و بە دەست نادیارێکە. کەس بۆی نییە لەم سەرزەمینە دا بڕیار لە سەر کەسێکی تر بدا جگە لە خۆی. ئایینی گاورەکان، ڕێگا نادات بەم کارانە و نایشیانەوێت بەشداریی کاری لەم جۆرە بکەن. شار بە کوشتنی ژنێک، کە شەوان گەنجان دەچنە باخەڵی پاک نابێتەوە. شارێکی پاک لەم دونیایە دا نییە، وەلێ چی بکەیت لەگەڵ حەشاماتێک تەنها دەستەکانی و هێزەکەی کار دەکات، نەک مێشکی.
خوێنە ئاڵەکەی ژنان بە ناو کۆڵانەکان دا قەتارەی بەستبوو، تا ئەم دواییە خوێنەکە وەک خۆی مابوەوە. چەند جار لەو کۆڵانانەوە چوومەتە بازاڕ، ئەوەندە جار گوێم لە قیژەی ژنەکان و پێکەنینی بەرد وەشێنەکان بوو. پەڵە خوێنەکانیان وەک شاهیدێک کاڵ نەبووبوەوە.

هەتا شارەکەیشم جێ هێشت وەک خۆی مابووەوە، دوای من نازانم چی بە سەر هات و چۆن پاکیان کردەوە. لەوانەیشە تا ئێستایش هەر مابێت.

مەرگ دەنگێکە لە کاتی خۆی دا دێت، وەلێ مەرگ بۆ مەرگ جیاوازی زۆرە، ئەو مەرگەی بە چاوی خۆم دیم، لەو مەرگانە ناچێت، دەیانبیینم، یان بۆم باس دەکەن. ئازارێک لە پێش مەرگەوە دێت، ئازارێکە بۆ کەسانێک بە سەر جەستەیانەوە دەردەکەوێت و لە ناو هاوارەکەیان دا ئازارەکە دەبینیت. بۆ کەسانێکی دیش لە ناوەوەیە و توانای هاواری نابێت. لەوانەیە ئازاری بێدەنگییەکە قورستر بێت، لە هی هاوارەکە، بەڵام ئازاری هاوارەکە دەنیشێتە سەر ڕۆحی گوێگرەکانی. بە نەفرەت بم، باشە بۆ چووم. خۆ دیار بوو شتێکی باش نابێت، بۆ ڕێگام بە خۆم دا ببمە شاهیدی ئەو مەرگە سەختە. بۆ ڕێگام بە خۆم دا مرۆڤ هێندە بە لاوازی و مرۆڤ هێندە بە دڕندەیی ببینم. دەبێت ئەوانە چ جۆرە کەسێک بن، بە پێ بکەنینەوە بەردیان دەکێشا بەو جەستە سپی و ناسکانە دا. ئەی ئەو مەلایانە چ جۆرە کەسێکن لە پێناو خودا دا مرۆڤ بەو شێوەیە ئازار دەدەن. خودا چ پێویستیی بەوەیە، مرۆڤی بۆ ئازار بدەیت، تا پاک ببێتەوە. وەک گوتراوە هەموومان دەچینەوە بەردەم قاپییەکەی. مادامێک دەچینەوە لای خۆی، ئیتر ئەو کوێخایانەی سەر زەوی بۆ خۆیان دەکەنە نمایندەی ئە و، لە سەری مرۆڤ ئازار دەدەن.

نەفرەت لەم سەر زەمینە. من بۆ ڕۆیشتم بۆ سەیرکردنی دۆزەخێک بە دەستی مرۆڤی نەفام درووست دەکرێت. دەستە شکاوەکانیان، قاچە لوولکراوەکانیان، برینەکانی سەر سمتیان کاتێک بە ناو کۆڵانەکان ڕایان کێشابوون. کراسە دڕاو و مەمکە شینبووکانیان... خوێنی ناو دەم و خوێنی لووتیان... پەنجەی نوقا و قڵیشی ناوەڕاستی لێویان... ئاخ، نەفرەت لە من، لە پێش چاوم ناڕۆن. شەوان خەویان پێوە دەبینم، دەچم

به کۆڵانەکان دا دێنەوە پێش چاوم. چوار ڕێیانەکە دەڵێت گۆڕستانە لە بەر چاوم. مـن بۆ چووم تا مرۆڤ ببینم بەو شـێوەیە... نەفرەت لە مەلاکان. نەفرەت لە بەردوەشـێنەکان، نەفرەت لە حەشـاماتەکان، نەفرەت لە هەموو ئەو میرانەی دونیا پیس دەکەن و وەک سۆزانییەک سـەیر ناکرێن، نەفرەت لەو پیاوانەی ژنەکان دەکەنە سۆزانی و پاشان بە چاوێکی کەمەوە سـەیریان دەکەن. سۆزانیی ڕاستەقینە پیاوەکانن، نەک ژنەکان، پیاوەکان نەبن ژنەکان نابنە سـۆزانی، بەڵی پیاوەکانن، گوناهبارە گەورەکان.

Scanned by CamScanner

# باوکم حەمەی پینەچی

سەری پەنجەکانی پڕ بوون لە برین. نیوەی نینۆکەکانی دەستە چەپی شین هەڵگەڕا بوون، هێندە چەکووشیان بەر کەوتبوو، بە تەماشاکردنێکی پەنجەکانی دەتزانی ئەو نانەی دەیخۆین، لە ژێر زەبری چەکووش و نووکی بزمارەکان درووست بوە. سەروەختی قاوەڵتی، سەیری سینییە مسینەکە و نانەکەی ناویم دەکرد، ئەو ساتانەم دەهاتەوە بەر چاو، کتوپڕ باوکم چەکووشێکی دەکێشا بە دەستی دا و نێوچاوانی گرژ دەکرد و پەنجەکەی دەخستە ناو دەمی، تا ئازارەکەی کەم ببێتەوە. ژیانی باوکم چیرۆکێکی گەورە نەبوو، پیاوێک بوو لە نێوان ماڵێک و دووکانێک و خانەقایەک دا دەهات و دەچوو. سێگۆشەیەکت بکێشیبایە، ژیانی باوکم هێندەی سێگۆشەکە بوو. لەم شارە لە دایک بووبوو، لەم شارە گەنجی خۆی بەڕێ کردبوو و لەم شارە بەرەو پیری ڕۆیشت، نە شارانی تری بینی، نە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەم شارە چووبوە دەرەوە، ئەو چیرۆکانەیش بۆ منی دەگێڕانەوە لە سەر نەسەبی خۆی، لە نەنە پوونە و باپیرە ئەلیساوە وەری گرتبوون. سەردەمێک گەنج بوە، لای باپیرم ئیشی کردوە، ڕۆژێک حەماڵێک دێتە لای و دوو جووت پێڵاوی کۆنی ژنانەی لا جێ دەهێڵێت و لێ دەخوازێت، کە تەواوی کردن بیانباتەوە ماڵ و ناونیشانی ماڵەکەی لا جێ دەهێڵێت. بۆ ئێوارە، پێڵاوەکان بە چاککراوی دەخاتە بندەستی و بەرەو ماڵی حەماڵەکە دەکەوێتە ڕێ. تەقە لە دەرگای ماڵەکە دەدا، دەبینێت کچێکی ئەسمەری قژ ڕەشی

کراس سوور دەرگاکە دەکاتەوە... دوای سڵاو و بەخێرهاتن پێڵاوەکان دەداتە دەست کچەکە، لەو کاتەی پێڵاوەکان دەداتە دەستی، دەستە پڕ بزمارەکانی بەر دەستی کچە دەکەوێت و یەک تەزوو بە گیانی دا دێت. ئەو کچەی دەستی بەر دەستی باوکم کەوت، نسارانی دایکم بوو. پێڵاوە کۆنەکان، دڵی دایکم و باوکم لە یەک نزیک دەکاتەوە. چاوە قاوەیی و بچووکەکانی، دایە نساران، وەک بزمار دەچەقنە دڵی باوکم و ترپەکانی دڵی وەک چەکووش نوو نوو دانەیەک دەکێشن بە خەیاڵی باوکم دا.

وەک خۆی دەیگێڕایەوە، بۆ شەوەکەی تا بەیانی، خەوم لێ نەکەوت و نەیشم دەوێرا بە باپیرت بڵێم، چ حاڵمە. بیرم لەوە دەکردەوە، چۆن بیبینمەوە. جاربەجار زەردەخەنەیەکیشی دەکرد و خۆشەویستی و کارەکەی خۆی تێکەڵ دەکرد و دەیگوت:

- خۆشەویستی وەک پێڵاو وایە، سەرەتا زۆر تازە و جوانە و پاشان کۆن دەبێت... دوای کۆنبوون دەدڕێت و زۆر کەس فڕێی دەدەن. تەنها ئەوانە فڕێی نادەن، کە دڵێکی پاکیان هەیە بۆ یەکتر. من و دایکت خۆشەویستییەکەمان پینە کرد و نەمان هێشت لە خۆمانی دوور بخەینەوە. چەندین ساڵە پێکەوەین، یەک جار هەستم بە کاڵبوونەوە و کۆنبوونی خۆشەویستییەکەی نێوانمان نەکردوە. بەم ژیانە زەحمەتەوە، نسارانی دایکت، بۆ من نسار بوە. ئێواران وەک ڕێبوارێکی ماندوو دەگەڕامەوە ماڵ، لەگەڵ بینینی، ماندوێتیم دەڕۆیشت.

بۆ ڕۆژی دوایی، ئۆقرەی لێ دەبڕێت. هەوڵ دەدات بە هەر بیانوویێک بوە، جارێکی تر کچە ببینێت. چۆن باوکم بێ ئۆقرە بوە دایکیشم بە هەمان شێوە! کە چاوی بەو گەنجە پینەچییە کەوتوە، دڵی لە سینەی دا نەماوە. چاوەڕوان بوە بە زووترین کات بگەڕێتەوە و بچێتە بەردەمی بە کامی دڵ قسەی لەگەڵ بکات. چەندین ڕۆژ چاو لە

Scanned by CamScanner

دەرگا، هـاکا هاتەوە. هـەر جارێک تەقەی دەرگا هاتوە، بە پرتاوێک خۆی گەیاندوەتـە دەرگاکە بەشـکوم ئەو بێت. تـا هەفتەیەک بەم شێوەیە گووزەراوە، دوای هەفتەیەک نائومێد بوە و وا تێگەیشتوە، کـە خۆشەویسـتییەکە یـەک لایەنەیە و کۆتایی هاتـوە. وەلێ باوکم هەمـوو ڕۆژێک بەیانییان لەو کۆڵانەوە چـوە بۆ دووکان و ئێوارەیش لەوێـوە گەڕاوەتـەوە، بە ئومێدی دەرکەوتنـی کچە و نیگایەکی، یان سڵاوێک، یان هیچ نەبێت ناوی بزانێت و ناوی خۆی پێ بڵێت.

ئـەم خەیاڵانـە بـۆ هەر دووکیان هیچ سـوودی نەبـوە، تا ڕۆژێک دێت بە مێشـکی دا دەچێتە بەر دەرگای ماڵیان و لە دەرگا دەدات. دەرگاکە دەکرێتەوە، هەمان کچ بە کراسێکی وەنەوشەیی و جووتێک گوارەوە، کە گوارەکانی مانگێکی شکاوی دە ڕۆژە بوون، بە بیانووی پرسینی ماڵێک، کە نە ئەو ماڵە لەو گەڕەکە هەبوە، نە ئەو ناوەیش بوونی هەبوە، تەنها خەیاڵدانی باوکم بوە و کردوویەتی بە بیانوو، تا جارێکی تر کچە ببینێتەوە.

دوای کەمێـک، لـە نـاوی دایکم دەپرسـێت و ناوی خۆیشـی پێ دەڵێـت، پێی دەڵێـت، بەیانییان لە چ کاتێک لێـرەوە تێدەپەڕێت و ئێواران لە چ کاتێک دەگەڕێتەوە. لەم قسانە دا دەبن، دەنگی نەنکم دێت و لە ترسـان دا باوکم دەڕوا. کە ناوەکەی دەزانێت، خۆشییەکی زۆر دەچێتـە دڵییـەوە. بۆ ڕۆژی دواتر، دەچێتە بـازاڕ، دەرزییەک و هەندێـک شـیری تەڕ دەکرێت، لە کوورەیەکیـش کەمێک خەڵووز کۆ دەکاتەوە، دەیشچێتە لای فەقێیەک پێی دەڵێت:

لە سەر مەچەکی ڕاستم: بنووسە نساران.

فەقێکەیش بۆی دەنووسـێت و شـەو درەنگێک، شیرەکە تێکەڵی خەڵووزەکە دەکات و پاشان دەیخاتە سەر خەتە نووسراوەکە و دەست دەکات بە کوتینی، تا تەواوی نەکات دەست هەڵناگرێت و چۆن لە دڵی دا ناوی دایکمی هەڵکۆڵیبوو، لە سـەر مەچەکی ڕاستیشی، ناوەکەی

کوتیبوو. ئێستایش که دەستنوێژ دەگرێت، یەکەم شتێک سەرنجی چاوەکانت دەبا بۆ خۆی، خاڵە شینەکەی سەر مەچەکیەتی. دوای ماوەیەک برینەکانی چاک دەبنەوە و ناوێکی کەمێک خواروخێچ لە سەر مەچەکی دەردەکەوێت. شەوێک لە هەیوانەکە دەخەوێت، بیری دەچێت مەچەکی داپۆشێت، بۆ بەیانییەکەی باپیرم دەڕوات لە خەو هەڵی بسێنێت، سەیر دەکات ناوی کەسێک بە سەر مەچەکیەوەتی... باپیرم قاقایەکی گەورە لێ دەدات و بە دەم پێکەنینەوە، بانگی نەنە پوونە دەکات:

- پوونە خان، پوونە خان، وەرە سەیری کوڕەکەت بکە، چۆن عاشق بوە. ئەها ژنی لێمان دەوێت، وەرە بە چاوی خۆت بیبینە.

کە نەنەم دێت و خاڵەکانی سەر مەچەکی دەبینێت، چەناگەی دەخاتە نێوان دوو پەنجەی و ئەبڕۆیەکی بۆ دەکات:

- ئەوە بۆ وای کردوە. ئەی بۆ باسی نەکردوە و ئەو کچە کێیە؟

- چووزانم پوونە... خان چووزانم. هەر کەسێک بێت پێڵاوی ئەم شارەی بۆ دەدوورمەوە، تا بۆی بهێنم. من یەک تاقانەم هەیە، بە مرازی خۆی نەگات، ئیتر خەریکی چیم.

باوکم لەم کاتانە دا، خەبەری دەبێتەوە و پەلە پەل دەیەوێت مەچەکی داپۆشێت. باپیرم مەچەکی دەگرێت:

- مەیشارەوە، ئەو کەسەی لە دڵتایە هەرگیز مەیشارەوە. خۆشەویستی ناشادرێتەوە کوڕم، کەسێک خۆشەویستی شاردەوە، ڕقەکەی دێتە دەرەوە. لە مەیخانان فێر بووم، عاشقانی حەقیقی ئەوانەن، باسی ئاگرەکەی ناخیان دەکەن. مەی تاڵە بۆ دەم، بەڵام مەی گرەکەی ناخت گەورەتر دەکات. هەر کەسێک دوو جار چوە مەیخانەیەک، بزانە دڵشکاوێکە. هەر کەسێکیش برینێک لە سەر دەستەکانی بوو، لەو جۆرە برینانەی تۆ، بزانە یەکەم جاریەتی لە بەردەم ئەو ئاگرە دایە. جا من ناڵێم وەرە بۆ مەیخانەکان، دەبێت

بـە مرازی خۆت بگەیت. بەشـی من لەم ژیانە لـە ناو پێڵاو و لە ناو مەسـتانە. حەز ناکەم هەمان بەشـی من، بەشـی تۆیش بێت. کورِم لەگەڵ پێڵاوەکان ئیش بکەیت باشـترە، تا لەگەڵ مرۆڤەکان. ئیشـت بۆ دەکەم تا بە مرازی خۆت بگەیت. خەمت نەبێت باوکەکەم، خەمت نەبێت.

کاتێک بەو بەیانییە زوە گوێی لەو مژدە خۆشـە دەبێت، هەسـت بە ڕۆژێکی نوێ و جیاوازتر دەکات. باپیرم ناونیشانی ماڵی نسارانی دایکمی لێ وەردەگرێت و ڕۆژی دوایی، پاش ئیشەکانی، خۆی دەکات بـە ماڵیان دا. لەگەڵ ماڵەوە قسـە دەکـەن و باوکی کچەیش ناڕازی نابێت، تەنها دەڵێت:

- با کوڕ و کچەکە خۆیان بڕیار بدەن.

ئێوارە باپیرم دەگەڕێتەوە ماڵ و بە سەر هاتەکە دەگێڕێتەوە. ئیتر نەنـە پوونە و باوکم دەکەونە خۆیان بۆ زەماوەند. هەفتەیەک نابات، زەماوەنـد دەکەن، بووکە دەهێننە ماڵەوە و هۆدەکەی من، کە پێش مـن هی باوکم بـوو، دەبێتە هۆدەی بـوک و زاوای نوێ. نەنە پوونە گشـت بەیانییەک لەگەڵ نوێژی بەیانـی دا، دووعا دەکات ئۆجاخیان کوێر نەبێت. پاش ساڵێک کە مرد، سکی دایکم بەرز دەبێتەوە و من دەچمە سـکییەوە. لە خۆشـیی نۆبەرەی یەکەم، نەنە پوونە بزنێک دەکا بە خێر و گۆشـتەکەی بە سـەر دراوسێکان دا دابەش دەکەن و خۆیشیان ئێوارە جگەرەکەی دەبرژێن و بەخۆشییەوە دەیخۆن. کاتێ من لە سـەکی دایکم بووم، دایکم بێزووی بە خەوەوە کردوە. حەزی کردوە هەموو ڕۆژێک دوانزە تا سـیانزە سـەعات بخەوێت و خەون بە زۆر شتەوە ببینێت.

لە نیوەی زستانێکی سەختی پڕ لە بەفر دا، لە درەنگانی شەوێکی سار دا من لە دایک بووم. ئەو شەوە لە خۆشی و لە ترسان تا بەیانی، کەس نەخەوتوە. باپیرم هێندە شاگەشـکە بوە، دوو بوتڵ شـەرابی

Scanned by CamScanner

خواردوەتـەوە، بـە بێ ئەوەی مەسـت ببێت. ئەنکیشـم یەک تاوەی گـەورە، حەڵوای کردوە و داوبەتی بەوانەی هاتوون هەواڵی منداڵەکە بپرسن. بۆ دوای چەند ڕۆژێک ویستویانە ناوم بنێن، کەچی کەسیان بـە ناوەکـەی باپیرم ڕازی نەبوون و باپیرم دڵی شـکاوە و لە داخان شەرابی خواردوە و گۆرانیی خۆیان لە بیر کردی گوتوە.

باپیـرم نەیویسـتوە باوکم بە شـوێن خۆی دا ڕابکێشـێت، وەلێ حـەزی کـردوە مـن ناوم ئایـر بێت. ناوێکـی کۆنی زەردەشـتییە و ڕەمزی ڕووناکیی دڵەکانە. باوکم لە ترسـی قسە و قسەلۆکی خەڵکی نەی هێشـتوە ناوەکەم، هەڵبژاردەی باپیرم بێت. باوکم مشـکییەکی دەکردە سەری، باپیرم سەری ڕووت بوو... باوکم بەردەوام کەوایەک و پشـتێنێکی گوڵاویی دەبەسـت، باپیرم لە بریی پشـتێن قایشێکی لـە خـۆی توند دەکرد. باوکم باڵایەکی بەرز و دەسـتی درێژ و قاچی درێـژ بـوو، باپیرم ورگێکـی بچکۆلە و باڵایەکی خـڕی هەبوو. باوکم سـمێڵێکی قەیتانیـی بۆ خۆی درووسـت دەکرد و لـەم لا و ئەو لای سـمێڵەکانییەوە، دوو لۆچ تا سـەر چەناگەی دەهاتـن و دەموچاوی درێژتر دەکردەوە. باپیرم گووپی خڕ و سـمڵێکەکانی دەچەقینە ناو دەمی، باوکم کە ڕیشی دەهات، ئەسمەرییەکەی تۆختر دەبوەوە بەڵام باپیرم سپیتر دەبوەوە. باپیرم بە ڕیشەوە نورانیتر دەردەکەوت، تا بە بێ ڕیش. باوکم ئامۆژگارییەکانی هیچی هی خۆی نەبوو، لە خەڵکی تری بیستبوون و وەک خۆی دەیگێڕانەوە. چۆن من قسەکانی دێوانە بە ئامانەتەوە دەگێڕمەوە و پیتێکی خۆمی ناخەمە سـەر، باوکیشـم وا بـوو، کەچی باپیرم نە بڕوای بە ئامۆژگاری هەبوو، نە ئامۆژگاریی کەسیشـی دەکرد. قسـەکانی هی خۆی بوون. کاتێک مەست دەبوو، بیـری لـە زۆر شـت دەکردەوە و زۆر شـتی دەگوت. بـە پێچەوانەی باپیرم، باوکم ڕێگای خانەقا و مزگەوتەکانی بەر نەدەدا. ڕووخسـاری باپیـرم بـاش لە بەر چاوە، بەڵام قسـەکانیم لە بیر نایەت. هەر چی

گوتبێت لە زمانیماڵی خۆمانەوە بیستومن. باوکم زۆر کەمدوو بوو، باپیرم قسەخۆش و گاڵەگاڵکەر بوو.

باوکم بەیانییان زوو هەڵدەستا و شەوانیش زوو دەخەوت. کە سەری دەخستە سەر پێڵاوێک، سەری بەرز نەدەکردەوە تا چاکی دەکردەوە. هەمیشە دەیگوت:

-یان ئیش مەکە، یان کە کردت بە باشی بیکە. مرۆڤی ئیشکەر، بیانوو بۆ ئیشەکەی نادۆزێتەوە. مرۆڤی ئیش نەکەریش، ئیشیشی نەبێت بیانوو دەدۆزێتەوە بۆ بێئیشییەکەی.

باوک و کوڕێک بوون، هیچیان لە یەک نەدەچوو.

# هاتن و چوونی عەجەمەکان

ئەو بەیانییەی ماڵی میری گەورە، بۆ نانخواردن کۆبوونەوە و بانخان دیار نەما، ترسێک کەوتە دڵی میری گەورە... تا دەهات ترسەکە زیاتر دەبوو... وەک مۆتەکەیەک، یان تارماییەکە بە سەرییەوە بێت، تەنانەت بە ترپەی پێ، بە دەنگی قەلەڕەشەکان، بە قیژەی کتوپڕی منداڵان، بە تریکانەوەی کچان، ڕادەچڵەکی. شەو ڕۆژی لێ تار بوو و ترسەکە لە گیانی دەر نەدەچوو. بیری لەوە دەکردەوە، دەرەتانێک بدۆزێتەوە، کەمێک لەم حاڵەی بچێتە دەرەوە و بگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی. تارماییەکەی سەرسەری و ترسەکەی ناخی، تەنها لە ناوەوەی خۆی نەبوو، سەرتاپای میرنشینەکەی خستبوە دۆخەکەی خۆیەوە. ڕۆژێک سلیکەداری دەناردە دەروازەی ڕۆژهەڵات، ڕۆژێک دەیناردن بەرەو باشوور. ڕۆژێک ڕاوی لە خۆی قەدەغە کرد، ڕۆژێک میوانداریی قەدەغە کرد، لەتەک ناخی خۆی دا، ترسەکەی بە سەر مەملەکەتەکە دا دەبەخشییەوە. بەردەوام لە هاتوچوودا بوو، تا دەسەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت. هیچیش ڕووی نەدابوو، ئەم شتگەلەی دەکرد. ناخی خەبەری دابوو، کە بانخان گەڕایەوە، بە تاقی تەنیا و دەستبەتاڵی ناگەڕێتەوە.

ڕۆژ بە ڕۆژ ڕووخساری میری گەورە بەرەو پیری دەچوو... گۆناکانی کەمێک نیشتبوون و لۆچی سەر تەوێڵی خەتی زیاتری تێ کەوتبوو. نە بۆی دەکرا لە ناو میرنشینەکەی لەشکرێکی پتەو درووست بکات، نە بۆی دەکرا دەوروبەری شارەکە بکات بە شورای بەرز و خۆی لە هێرشەکان بپارێزێت. دەستێکی کەوتبوە ئەم لای و دەستێکی کەوتبوە

Scanned by CamScanner

ئەو لای. دوای نائومێدبوونــی لە خەیاڵەکانی، ســەر لــە بەیانییەک، تەتەرێک دەخاتە ڕێ بۆ لای سەرکردەی عەجەمان و کۆمەڵێک دیاری لە کراســی کەتان و کلی ڕەشــی حیجاز و تەشــیی سەر مەرقەدەکەی حسێن و نامەیەکیش لەگەڵی دا بۆ ڕەوانە دەکات. لە نامەکە دا باسی مەملەکەتەکە و پێشــهاتەکانی دەکات و خۆیشــی بە تــەواوی دەداتە دەست عەجەمان، بە مەرجێک ڕێگری لە سووتاندنی شارەکە بکەن. لە نامەکەی دا هاتبوو:

سڵاوی میری کوردان بۆ دراوسێ ئازیزەکە...

ئێمــە لــە بەردەم هــات و نەهاتین. هــەر وێرانەیەک تووشــی ئێمە ببێت، پشکی بەر ئێوەیش دەکەوێت. ئەو قسەیەت نەبیستوە دەڵێت: دراوســێی ئاسنگەرەکان، دایم جێ ســووتاوی بە جلەکانیانەوە دیارە. خەونم دیوە، شتێکی خراپ ڕوو دەدات. لەوانەیە لەشکرێکی بێگانە ڕوو لــەم مەملەکەتە بکات. پێش ئەوەی ڕوومان تێ بکات، با ناومەڵەکەی خۆمان کۆ بکەینەوە. ناخوازم لە ئالی گەورەتان بپاڕێمەوە، بەڵام هەر چی ئێوە بیڵێن، میری خۆتان ملی لە موو باریکترە لە ڕێتان. چ لوتفێک دەکــەن، بــا قبووڵی بکەم. ئەم قبووڵکردنەیشــم جێی ســەربەرزیمە. خەونم دیوە دووکەڵ لەم شارە بەرزدەبێتەوە. خەونم دیوە قیژەی ئازار دەگاتە کەشــکەلانی فەلەک. خەونم دیوە، بۆنی کەلاکان، گیاندارانیش بێزار دەکات. پێش ئەوەی دووکەڵی ئەم سووتانە، بەر چاوتان تاریک بکات، دەســتەکانت بێنە با بیانگووشــم. دەست لە دەست و قوەت لە خوا. میری خۆتان چاوەڕێی کەرەمی گەورەکەیەتی.

باقی وەسەلام.

دوای یــەک دوو مانــگ، کەمتریــش، تەتەرەکە دەگەڕێتــەوە و لەو ســەرەوە لەگــەڵ خــۆی دا، خەنجەرێک و گۆزەیەک شــەرابی کۆن لە گــەورەی عەجەمەکانــەوە دەهێنێــت بۆ میری گەورە. لە ســەر پارچە تیانووسێکیش نووسراوە:

بخۆ تا مەست دەبێت. کە مەست و خۆش بوویت، خەنجەرەکە دەربهێنە، هەر تارماییەک هاتە بەر چاوت، خەنجەرێک بکە بە سینەی دا، هێشتا مەستی بەری نەداویت، ئێمە لاتین.

میر نامەکە دەخوێنێتەوە، لە خۆشی دا، ڕووی سوور هەڵدەگەڕێت و بە غرووروەوە زەردەخەنەیەکی بۆ دەکات.

پاش چەند هەفتەیەک، سەر لە بەیانییەک کە لە خەو هەڵسان، ناو شار پڕ بووبوو لە سیلکەداری عەجەم. کڵاوێکی درێژی ڕەش و جلێکی قاوەییان لە بەر بوو. هەندێکیان ئەسپسوار و ئەوانی تر، پیادەڕێ. ڕۆژی یەکەم بە ناو شار دا بڵاو بوونەوە و بە کەیفی خۆیان، کووچە بە کووچە و قوژبن بە قوژبن دەگەڕان. بۆ ڕۆژی دوماهی بە فەرمانی میری چوونەوە دەوروبەری شار. هەر کە سەیری سەروقیافە و کەیف و سەفایانت دەکرد، وا دەهاتنە بەر چاو بۆ باج و خەراج هاتبن، نەک بۆ شەڕ. چەندە میری خۆشیی خۆی دەردەبڕی بە هاتنی لەشکرەکە و بە شان و شەوکەتی فەرماندەکانیان هەڵدەدا و خەڵەتا بوو و چوبوە هەوای ئەوەی، ئیتر هیچ لەشکرێکی دونیا ناتوانێت سنووری میرنشینەکەی ببەزێنێت.

لە دەرەوەی شار دەواری خۆیان هەڵدا، بۆ پێداویستییەکانیان تاقم تاقم و دەستە دەستە دەهاتنە ناو شار، تا چییان پێویستە بیکڕن، یان بچن بۆ حەمامی سپی، دەستێک بەو سەروچاوە چڵکنەی خۆیان بهێنن. خەڵکانێک لە زمانیان تێ دەگەیشتن، گوێیان لە کۆمەڵێک قسە و لاقرتێیان بووبوو، قسەکانیان بە ناو شار دا بڵاو بوونەوە، دیسانەوە ترسێکی زۆر کەوتەوە ناو دڵی خەڵک.

یەکێک وای گوتبوو، خۆ نەدەزانرا کێیە باسی کردبوو گوایە، لە کاتی خۆشۆردنیان دا گوتوویانە، سەفەرێکی خۆشە، بۆ خۆمان دەخۆین و دەخەوین... باج و خەراجێکی زۆریش کۆ دەکەینەوە.. کە شەڕیش ڕووی دا، لەم مەملەکەتە کەس بە پێی ئێمە ناگات... کە لەو سەر

لەشكری هێرشبەر دەركەوت، ئێمە لەم سەرەوە خۆمان دەكەینەوە بە مەملەكەتی خۆمان دا... خوێنە ئاڵەكەی ناو گیانمان حەیفە لە خاكی بێگانە دا برژێنین.

ئەم جۆرە قسانەیان بە زوویی لەمەوە دەگەیشتە ئەو. خەڵكەكە كۆلێك نیگەران بوون، لە لایەك باجەكانیان قورس بووبوو، لە لایەك بەخێویان دەكردن و ڕێزیان دەگرتن، لەو لایشەوە ئەمان وا بڵێن. نیگەرانییەكە گەیشتە لای پیاوماقووڵ و ئەشرافەكانی شار، كۆمەڵێكیان هەڵسان ڕوویان لە كۆشكی میر كرد و چییان بیستبوو، لە دەمی خەڵكەوە، وەك خۆی بۆ میری گەورەیان گێڕابووەوە.

میری گەورەیش وەك نەبای دیبێت نە بۆران، زەردەخەنەیەكیان بۆدەكات و دڵنیایان دەكاتەوە، ئەوە قسەی هەندێك هەرچیوپەرچیی ترسینۆكە، بە ناوی ئەوانەوە بڵاوی دەكەنەوە. با هەر كەس بچێتەوە ماڵی خۆی و بێ خەم سەری خۆی بخاتە سەر مەچەكی ژنەكەی و لە سەروەت و سامانەكەی دڵنیا بێت. میر بە دڵنیاییەكەوە قسەی بۆ پیاوماقووڵان كردبوو، گوایە عەجەمەكان ئەوەندە خۆشیان دەوێت، سەروماڵی خۆیان دەكەن بە قوربانیی ساتێكی. لەشكرەكە وردە وردە پۆشتەوپەرداخ بوون، خەریكی خۆشگوزەرانی و چڵپاو بوون لەو ناوە، چییان بەر دەست بكەوتایە، بۆ خۆیان كۆیان دەكردەوە. جاریەجاریش لەو خەڵكانەیان دەدا، نەدەكەوتە ژێر باریان. كەلوپەلی دووكانەكانیان دەبرد و پارەیان نەدەدا. منەتیشیان بە سەر بازرگان و پارەدارەكان دەكرد، گوایە هاتوون خوێنی خۆیان كردوەتە كاسەوە، دەبێت ئەمانیش چاوێكیان لەوان بێت. جموجووڵەكانیان بازرگانەكان و پاشان میریشی نیگەران كردبوو، نەیشی دەتوانی ئیجازەیان بدات بڕۆن. ئەم جموجوولانەی لا باشتر بوو، تا بە تەواوی دەسەڵاتەكەی بكەوێتە ژێر مەترسیی ئەو خەونەی بینویەتی، بۆیە هەر كەسێكیش بچووبایە بۆ شكات، گوێی بۆ دەگرت و نەی دەبیست، چاوی دادەخست

وەنەی دەبینی. تا گەییشتینە نێوارەی شەڕەکە، گلەیی و بۆڵەبۆڵی بازرگان و دووکاندارەکان نەبڕایەوە.

نێوارەی مقۆمقۆی هاتنی سوپای تورک، شاری بە یەکجاری شڵەژاند. هەر کەسە و لای خۆیەوە، دووکانی دەپێچایەوە و بە دراوسێ دووکانەکەی تری دەگوت:

- خێرا بکە، ئەمە ئەو خەوەیە میری گەورە بینیبووی.

پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە، ئاسمان خەبەری شەڕەکەی هێنابوو. تا چاو بڕی دەکرد، ئاسمان سوور بوو. کە لە پەڵە هەورە سوورەکان ورد دەبوویتەوە، لە خوێنی مەیو دەچوو. بە یەک تەماشاکردنی ئاسمان، دڵت تەنگ دەبوو. هێشتا سوپا نزیک نەبووبوونەوە، ئاسمان بە خەڵکی شارەکەی گوت، بچنەوە ماڵ و دەرگاکانتان قایم بکەن. هەواڵێکی خراپم پێیە بۆتان و ئافاتێک بەڕێوەیە.

لەگەڵ تاریک داهات و ڕەنگە سوورەکەی ئاسمان، ڕەشی پۆشی. هاتوهاوار و ناڵەناڵ لە خوارووی شار دەستی پێ کرد. لە هەیوانی ماڵەکەی خۆمان، لەگەڵ دایکم و باوکم چاومان بڕیبوە چاوی یەکتر و کەسیشمان هیچی نەدەگوت، تەنها گوێمان شل کردبوو، بزانین چی ڕوو دەدات. دەنگەدەنگ و زرمەزرمەکەم لە بیرە، ڕەنگی زەردی دایکم و ڕەش هەڵگەڕانی باوکم لە بەردەم فانۆسەکە دا، بە جوانی لە پێش چاومە. هێندە بە ئەسپایی گوێمان شل کردبوو، گەر درۆنەکەم، دەنگی حیلەی ئەسپەکانیشمان دەبیست. شارەکە وەک کەڕوڵاڵێکی شەکەت خۆی دابوو بە ئەرزا، لە سەد لاوە خەنجەری پێدا دەکرا و دەنگی لێوە نەدەهات. هەتا هاوارەکان و گاڵەگاڵەکە نزیکتر دەبوەوە، ترپەکانی دڵم خێراتر دەبوون. لە بەر خۆمەوە وەک منداڵێک بیرم لەوە دەکردەوە، لەوانەیە بێن خانوەکەمان بڕووخێنن، ئێمە بکوژن. بۆنی سووتانی لاشەمان، ئەم ناوە وەک کەبابخانە لێ بکات. شەڕ وایە، کە هەڵی کرد پێش ئەوەی شوێنێک وێران بکات، دڵ وێران دەکات. هیچ شتێک لەم

دونیایە دا، وەک شەڕ، دڵ ناکات بە بەرد. شەڕ یەکەم جار ڕوو لە دڵ دەکات، پاشـان ڕوو لە شـار و مردن. ئەو شەوە، بۆ یەکەم جار گوێم لە ترپەی پێی شـەڕ بوو. بە ترپەی پێیەکانی دا زانیم، لە بەردەم چ مەترسییەکی سەخت داین. تا شەڕەکان ڕووت تێ نەکەن، نازانیت ئەو جێ دەسـتە ڕەقەی مرۆڤ لە دوای شـەڕەکان بە جێ دەهێڵێت، چەند برینێکی قووڵ درووست دەکات و چەند ساڵی دەوێت، تا جێی برینەکە چاک بکەیتەوە.

تا دەمەو بەیان، هاتوهاوار بوو. لە دەمەو بەیان دا، چاوەڕێی بانگم دەکـرد، تەنها لە خانەقـا گەورەکەی خوارەوە دەنگی بانگ هات. کپی و تاریکییەکی قووڵی پێش ڕووناکیی بەیان، سەرتاپای شارەکە و دڵی منیشی گرتبووەوە. زوو زوو دەهاتمە تاقی پەنجەرەکەی خۆم و چاوێکم دەگێـڕا، تـا بزانم هیچـم لێوە دیارە. جگە لە کۆمەڵێک فانۆسـی کز، شتێکم نەدی. کە ڕۆژ بوەوە و تاکوتەرا خەڵک دەرکەوتن، لە تاقەکەوە ئەسپسـوارێکم بینی، یەک دوو کەسی لەگەڵ بوو... جلەکانیان سوور و کڵاوەکانیان درێژی باریک بوو. ئیتر زانیم، سوپای تورک هاتوونەتە ناو شـار و سـلیکەدارەکانی عەجەم، شـاریان جێ هیشتوە. یەکسەر لـە هۆدەکەی خـۆم هاتمە خوار و چوومە هەیوانەکـە، دایکم و باوکم دانیشتبوون، نانیان دەخوارد. خەبەری شکاندنی میری گەورەم پێدان. قسەکەم تەواو نەکردبوو، دایکم دایە پرمەی گریان و پاروەکە لە دەمی باوکم وشک بوو. هێندە لە دڵیان گران بوو، دەتگوت کۆسیان کەوتوە. ئەو هاشوهووشـەی میـری گەورە بە عەجەمانییـەوە دەکرد، بەرگەی شـەوێک بەرگریکردنیان نەگرت و هەڵهاتن. دواییش کە شـار تۆزێک گەڕایەوە. بە دڵێکی غەمگینەوە باسی ئەو شتانەی کرد، کە بە چاوی خـۆی دیبوونی، وەی باوکم، چەند خـۆش دەیگێڕانەوە، گێڕانەوەکەی هێنـدە وردبـوو، شـەوەکەی هێنایەوە بەر چـاوم، بـازاڕ و دووکان و

Scanned by CamScanner

شەڕەکەی هێنایە بەر چاوم، هەر دەڵێی خۆم لە سەرتاپای شەڕەکە دا بووم. لەگەڵ گەڕانەوەی باوکم گوتی:

- کۆشکەکەی میری گەورە دووکەڵی لێ هەڵدەستێت و شار پڕ بوە لە سوپای تورک. هەندێک لە دووکانەکانیان بڕیوە، بە تایبەت ئەو دووکانانەی وشکە و قوماش و عەتریان تێدایە لەگەڵ خواردن. ئەوەی پێیان خۆشە دەیکەن و هەر گەنجێک تێدەپەڕێت، کۆمەڵێک تەشقەڵەی پێ دەکەن. لەشکرەکەی عەجەم و دەستە و تاقمەکەی میری گەورەیش کەسیان دیار نین. یەک مەیتی عەجەم جێ نەماوە و وا باسی دەکەن، کە سوپای تورک دەرکەوتوە، بە هاتوهاوار ڕایان کردوە و دەستیان بۆ خەنجەرەکانیان نەبردوە. ئەسپە ڕەخشەکەی میری گەورە، کە ڕەشێکی قەترانی بوو، بە دەست یەک دوو سلیکەدارەوە لە ناو بازاڕ بارییان پێ دەکرد. هەندێکیشان مەست کەوتبوون لە قەراخ شەقامەکان و جنێویان بەو ڕێبوارە کوردانە دەدا، کە لەو ناوە گووزەریان دەکرد. ئەوەی من بیستم، گوایە بانخان، بە خۆی و لەشکرێکەوە کەوتوەتە شوێن عەجەمان، گوتوویەتی وازیان لێ ناهێنم تا سەریان نەکەمەوە بە قەبری باوکیان دا. هەندێکی تریش باسی ئەوەیان دەکرد، گوایە میری گەورەیان لەگەڵ دایە بۆیە کەوتوەتە شوێنیان تا بەشکوم لە دەربەندێک دا، تەنگیان پێ هەڵچنێت و بیانگرێت.

کە باوکم ئەم قسانەی کرد، لە جێی خۆم وشک بووم. ئامۆژگاریی کردم، تا شار کەمێک هێور نەبێتەوە، بە هیچ جۆرێک نەچمە دەرەوە و خەڵک دەدزن. ئەو لەشکرەی هاتوەتە شارەوە، ئیمانی نییە و مەست و چاو پڕ لە خوێنن. هەر کەسێک لەم کاتانە دا بڕوات، وەک بڵقی ئاوە. ڕاستی دەکرد، مەترسیدارترین کاتی ژیان، سەرەتای شەڕەکانە. ئەو چەند ڕۆژەی شەڕکەرەکان وەک شێتن و گوێ بە هیچ نادەن، لە پێش چاویان نەبێت، کە تێر بوون، لە وێرانکاری دەگەڕێنەوە دۆخی خۆیان و ئەو دەستە زبرانە ناوەشێنن، لە سەرەتای شەڕەکان دا دەیوەشێنن.

Scanned by CamScanner

شەرەکان یەک دوو ڕۆژە، یەک دوو ڕۆژی قورس و دۆزەخی.
سەرەتای شەڕەکان یەک دوو ڕۆژە، یەک دوو ڕۆژی قورس و دۆزەخی. سەرەتای شەڕەکان یەک دوو ڕۆژە، ئاگا بکەوێتە ناو ئەو شێتییەوە لە دڵی وەی بە حاڵی ئەو کەسەی بێ ئاگا بکەوێتە ناو ئەو شێتییەوە لە دڵی شەڕکەرەکان دایە. داخی هیچ نام کوژێت، داخی میری گەورە نەبێت. چۆن پاڵی دابوەوە، وای دەزانی لەشکرە مشەخۆرە دۆستەکەی هاتوون بەرگریی لێ بکەن و کەس ناتوانێت چاوی لێ سوور بکاتەوە. ئەو دڵنیاییە چی بوو، دابووی بە خۆی لە پاڵ ئەو لەشکرە قەشمەرە دا و وا خۆی و میرنشینەکەیشی وێران کرد. خۆ تازە من هەر چی بڵێم سوودی نییە. وەلێ میر، میرێکی ڕاستەقینە بوایە، پشت بە مەڕێکی میرنشینەکەی خۆ دەبەست، نەک بە شێری بێگانەکان. دە با بخوا، بە شەو ڕۆژێک تاج و خەراجی هەمووی بە سەر یەک دا کەوت و خۆیشی مەگەر خوا بزانێت بۆ کوێ ڕۆیشتوە. ڕووداوەکانی شەوەکەم لە بەرچاو ون نابن، گێڕانەوەکانی خەڵکیش لە کاتی شەڕەکە و دوای شەڕەکە، بەردەوام لە مێشکم دا زرنگەیان دێت. شەوێکی ناخۆش و پڕ ترس، شەوێک خەڵک نەی دەزانی چارەنووسی چییە. عەجەمەکان تێیان تەقاند و ماڵی میریان کاول کرد، چی دەستەی میرییش بوون کەوتنە ناو ئاگرەکە و پێکرا سووتان. کێ زەرەری کرد، جگە لە میرنشینەکە. بۆ خۆتان وەک دوو برا دابنیشتنایە میراسە وێرانبوەکەی خۆتان بەش بکردایە، باشتر نەبوو لەم شەڕە. جا کێ گوێ لە قسەی منداڵێکی وەک من دەگرێت. تۆ سەیریان بکە، لە بەرخاتری ماڵی دونیا، تینووی خوێنی سەری یەکترین.

# ٣

# تا دڵەکان پیس نەبن، شارەکان پیس نابن

Scanned by CamScanner

## ■ ڕۆژی چوارەم

بارانێکی خۆشـــە. ڕۆژانی باران، ماڵەوە خۆشترین شوێنە. بۆ خۆت بکەویت بە دەم دا و جاربەجار سەیرێکی پەنجەرەکە بکەیت، باران بە سـەری پەنجەکانی ختوکەی بێدەنگیی هۆدەکەت دەدا. ئەم دەویســت بچمە دەرەوە. بینینی دێوانە نەبوایە، تا تاریکی دەکرد، دەخەوتم. خەو لە گەنجی دا، یەکێکە لە شتە زۆر زۆر خۆشەکان. پێت دەڵێن تەمەڵی یان نا، کەیفی خۆیانە. خەو خۆشە، ئەوەندە بخەویت، بە ئازاری پشتت خەبەرت بێتەوە، من دەڵێم سەد جار تۆ بڵێ، هەزار جار وام لێ هاتوە. جا بە چاوێکی خەواڵوو و خوێنێکی قورسەوە هەڵسیتەوە، باوێشکێکی بۆ بدەیت و پاشـــان لە تاقی پەنجەرەکە کەمێک دانیشـــی و سەیرێکی شار بکەیت. جوانترین دیمەنی شار دوای بارانبارینە، چی پیسی هەیە دەیشـــواتەوە و شـــار بە ڕووتی دێتە بەر چاوت. تا چێشـــتەنگاو چوار جار دایکم هاتە سەرەوە، بە خەبەری هێنام و دیسان خەوتمەوە. ئاخر جـار لێفـە جاجمییەکەی لە ســـەرم لا برد و بۆڵەبۆڵێکـی کرد، ناچار هەڵسامەوە و هەر چی خودا دابووی خواردم و دەستێکم هێنا بە قژە خاو و لیقنەکانی سەرم دا.

لە ماڵ چوومە دەشـــت. تا گەییشتمە بەر دەرگای خانەقا، باوێشک لە سـەر باوێشـــک دەم دا. درەنگیش بوو، بەشێک لە وانەکانمان تەواو بووبوون. گەییشتمە حوجرەکە و سڵاوێکم لە حازریان کرد. مەلا شەش پەنجە، ڕووی تێ کردم و بە مۆنییەوە:

-نیوەڕۆت باش؟ زوو نەبوو؟

-بە بێدەنگی، سەری خۆم دانەواند و سێبەری سەرم کتێبی (نەهج

Scanned by CamScanner

بەلاغە)کەی داپۆشی بوو. کتوپڕ چاوم چوە سەر ئەو قسەیەی ئیمامی عەلی کە دەڵێت:
(کات شمشێرە، گەر نەی بڕی دەتبڕێت.)

جا چییە، خوای دەکرد دەیکردم بە دوو کەرتەوە، لە دڵێ خۆم دا ئاوا جوابم دایەوە. مەلایش هەر چی بیستبوو لە بارەیەوە، دەی کرد بە حیکایەت و خۆیشی برێکی پێوە دەنا و تەفسیری بۆ قسەکانی دەکرد. هۆشم لای دێوانە بوو، لەو ڕۆژەوە ناسیومە و گیرۆدەی گوتەکانی بووم، تەنها قابلۆغەکەم لە حوجرەیە. خواخوام بوو زوو تەواو ببین و بکەومە ڕێ بۆ لای. ئەو شتانەی لە دێوانەیەکەوە فێر دەبیت، لە هیچ ئیمامێکی ئەم زەمانەوە فێر نابیت. ئیمامی چی، یەکی مێزەرێک بە سەریانەوەیە و دوو سێ کتێبیان بە تەفسیرەوە خوێندوە و ئەم کتێبانە دەجوونەوە، هەتا دەمرن. چی حیکایەتی بیابان هەیە، ترشوخوێی بە سەر دا دەکەن و هاتوهاوارێکیش دەخەنە پاڵی و دەرخواردی خەڵکە بەستەزمانەکەی دەدەن. ئەرێ نەبڕایەوە، تەواو نەبوو. ماڵتان بە قوڕ نەگیرێ، خودا چ پێویستی بەم حیکایەتە بێکەڵکانەیە. خودا ژیریی دەوێت ژیری. هەر کەسێک ژیر بێت ئازیزی خودایە، هەر کەسێکیش بێ عەقڵ بێت، لای خودای زانا ڕێی نابێتەوە. ئەم درۆودەلەسەیەی بۆ چییە. لەم خەیاڵانە بووم، دەستێک بەر شانم کەوت، مەلا شەش پەنجە توند ڕای وەشاندم:

- چییە ئاگات لە خۆت نییە؟ دڵت لای کێیە؟
- خەجاڵەتم مامۆستا، دڵم لای خۆمە؟
- دەزانم لای خۆتە، بۆچی گوێ لە گوتەکانم ناگریت؟ ڕۆژێک دێت پەشیمان دەبیتەوە؟

لە دڵی خۆم دا گوتم، ئەشهەد و ڕاست دەکەیت، هەر لە ئێستاوە پەشیمانم. لە باتی بێم گوێ لە تۆ بگرم، دوو دێوانەم بناسیبایە، ئێستا حاڵم بەم حاڵە نەدەگەییشت. لە دەرەوە چی فێر دەبم و دەیخەمە ناو

Scanned by CamScanner

دەکەیتەوە.

هۆشم، لێرە تۆ بەتاڵی دەکەیتەوە.
زەق زەق، سـەیری ناوچاوانی دەکردم. ئەم هێنا بە سـەر خۆم دا
ر سـەرم خسـتەوە سـەر کتێبەکە. کاتێک بە هۆش خـۆم هاتمەوە،
حوجرەکە چۆڵ چۆڵ بوو. بە جۆرێک چووبوومە خەیاڵەوە ئەم زانیبووم
کەی تەواو بووین، هیچ گوێیشـم لە خواحافیزی فەقێیەکان نەبووبوو،
ئەوان وایە ڕۆ چوومەتە ناو کتێبەکە.

بەواشـێک هەڵسـام بەرەو ماڵی سـۆنەی جوولەکە کەوتمە ڕێ. تا
گەیشـتمە لای ماڵیـان، بە تەواوی خوسـابووم. دەرگای حەوشـەکە
کرابووەوە، یەک دوو جار لێم دا و خانمی فەرموێکی کرد.

- کوڕم، خۆی لێرە نییە، بچۆ هۆدەکەی سەرەوە، لای دەستە چەپی
مەکتەبەکە، سنفی سێ لە ژێر کتێبە بەرگ سوورەکە، ئامانەتەکەی بۆ
داناویت.

دیـار بوو پێشـووتر پێی گوتبوو، من دێـم. چی پێ گوتم وام کرد.
دەسـتم برد لە ژێـر کتێبەکە پارچە تیانووسـێکم دەرهێنا. بە هەمان
خەتی پێشوو نووسرابوو:

"ئـەو تـاڵاوەی مرف دەیـکات بە دڵی مـرۆڤ دا، بە سـەد گریان
و مەسـت بوون، شـیرین نابێت. خۆزگە دەمزانی بۆچی، ئێمە هێندە
ڕەقین؟! ئامۆژگاریی کەس ناکەم، بەس تکام وایە ئازاری یەک مەدەن.
ئێـوە هەر هەمووتـان، بەڵێ هەر هەمووتان ئـازاری منتان دا، من بە
پێکەنین، وەڵامم دانەوە.

ناڵێـم ئـازارم مـەدەن، وەلێ گەر ئازاریشـم دەدەن، ئێسـقانەکانم
مەشکێنن. ئێسقانەکانی من دەبنە خاکی ئەم شارە. ئێسقانەکانی من
وەک خۆم، دەبنە خاکی ئەم شارە.
ئاخ، چ بڵێم"

لـە ژێر ئەم قسـانە، بە خەتێکی ورتر باس لـەوە کرابوو، خوێن لە
مەچەکی ڕاستی دەچۆڕا، بە دەم هاوارەوە بە ناو قەیسەری شارەکە دا

ئەم قسانەی دەکرد! بڕوام نەدەکرد بەو توندییە لێیان
وای خودایە، بۆچی ئازاریان داوە، بڕوام نەدەکرد بەو توندییە لێیان
دابێت. کە خەتە وردەکەم خوێندەوە، کزییەک بە دڵم دا هات. ئەوە
کێیە ئەوەندە بێ ڕەحمە، پەپوولەیەکی بێ باڵ، دەخاتە ناو چرایەکەوە
تا بسووتێت. خوێنەکەم بینی بە مەچەکییەوە دەچۆڕا، هاوارەکانی لە
ناو گوێم دا زرنگەیان دەهات، دیسانەوە چوومەوە سەر نووسینەکە:
"کێشـەی من لەگەڵ ئارەزووەکانتان نییە، لەگەڵ ئایین نییە، لەگەڵ
مرۆڤە. مرۆڤ خۆی شـتەکان دروسـت دەکات و خۆیشـی لە ناویان
دەبـات. گـەر بڕوام پێ ناکەن، لێیان نزیک ببنەوە تا بیان ناسـن. کە
ناسـیتانن، ئـەو کات بڕوام پێ دەکـەن. حیکایەتێک نییە لەم سـەر
زەمینە، لە حیکایەتێکی تر وەر نەگیرابێت. مێژوویێک نییە، نەبەسترابێت
بـە مێژوویێکی ترەوە، خوایەک نییە، خودایەکـی تری نەبێت. دونیا و
چیرۆکەکانی، وەک ئەستێرەکان و تەزبیحەکان، بە یەکەوە بەستراون.
یەکەم جار مرۆڤ خودای تاشـی، پاشان شکاندی! ئینجا کردی بە
ئاگر و کوژاندییەوە، دوایی کردی بە هەتاو و شەوان بۆی گریا، ئاخیر
جـار بۆ ئەوەی بڕوا بە خۆی بکات، شـاردییەوە، تا هەرگیز نەتوانێت
هیچـی پێ بکات. مرۆڤ ئاوایە، هەمیشـە خـۆی دارەکە دەچێنێت و
دوایی دەیبڕێتەوە! خوداکان دروسـت دەکات و دەیشیان ڕووخێنێت!
دە پێم بڵێن: یەک شـوێنم پێ بڵێن لەم کەونە، دەسـتی مرۆڤی پێ
گەیشـتبێت و زامداری نەکردبێت. ئاخر مەڵێ، ئەم کابرایە شـێتە و
قسە فڕێ دەدات، وەرن با هەزاران برینتان پیشان بدەم، جێ دەستی
مرۆڤی بە سەرەوەیە. یەک برینم پیشان بدەن، جێ دەستی مرۆڤی لە
سەر نەبێت؟ درۆ دەکەم؟ ئەگەر درۆ دەکەم خودا لەمە شێتترم بکات"
ئەمە ئازار بوو نووسـرابووەوە. ئازارێک لە گوتەکانی تری نەدەچوو.
حەقی خۆیەتی بۆچی هاوار نەکات، لە شارێکی وەک ئەم شارە ناخۆشە
دا، تەنها یەک دێوانەی لێ بێت، بەم جۆرە ئازاری بدەن. ویستم کتێبە

سووره‌كه‌یش ده‌ریهێنم و له ژێر تیانووسه‌كه دای بنێم و، بیانووسمه‌وه.
گوێم لـه كۆكه‌یـه‌ك بوو له پشـت كتێبخانه‌كه. چوومه سـوچی لای
ڕاستی، په‌رده‌كه‌م لادایه‌وه، ده‌لالم بینی.
سـه‌رنجی ده‌سته‌كانی ده‌دام، له كاتی گواستنه‌وه‌ی ده‌ستنووسه‌كه
بۆ ده‌ستنووسێكی تر. دوای كه‌مێك هاته پێش و په‌نجه‌ی خسته سه‌ر
پیتێك به هه‌ڵه نووسیبووم. منیش لایه‌كم بۆ كرده‌وه و ڕاستم كرده‌وه.
دوای ته‌واوكردنی ده‌ستنووسه‌كه، هه‌ڵسام ڕۆیشتم و پێم گوت:
- ئێستا په‌له‌مه، دێمه‌وه پێكه‌وه هه‌ندێك كار ده‌كه‌ین، ئه‌گه‌ر پێت
خۆش بێت.
سه‌ری ڕازی بوونی له قاند و له هۆده‌كه چوومه ده‌ر.
هه‌ر كه گه‌ییشتمه كۆڵان، ده‌ستم كرد به گیرفانم دا چه‌ند قروشێكم
پێ بوو. ئه‌و قروشـانه به‌شـی دوو كه‌بابی ده‌كرد. خلۆر بوومه‌وه بۆ
لای حه‌مامی سپی و له كه‌بابخانه‌كه‌ی سه‌ر ڕێگاكه، دوو قه‌باڵه كه‌بابم
پێچایـه‌وه و كه‌وتمه ڕێ. هێشـتا له شـار ده‌رنه‌چووبووم، هه‌وركێكی
تاریكـی هێنا. ئـه‌و ڕۆژه هێنده باران لێی دابووم، شـوێنێكم نه‌مابوو
پیس بێت. یه‌ك دوو هه‌نگاوێك له شار دووركه‌وتبوومه‌وه، تاوێك باران
ده‌ستی پێ كرد تا گه‌ییشتمه لای كووخه‌كه خۆشی نه‌كرده‌وه.
لـه ناو كووخه‌كه، ئاگرێكی خۆشـی كردبـوه‌وه و قاچه‌كانی یه‌كاڵا
كردبـوه‌وه و خـۆی دابـوه بـه‌ر ئاگره‌كه. كـه خۆم كرد بـه ژوور دا،
ڕاچڵه‌كی. یه‌كسـه‌ر هه‌ڵسـایه سه‌ر پێی و فه‌رمووی كردم بۆ ته‌نیشت
ئاگره‌كـه. هێنده هێمن و غه‌مگین بوو، لـه پیاوی ناو تابلۆ كۆنه‌كانی
كه‌نیسه‌كان ده‌چوو.
ده‌ستم برد له ناو تێشـوه به پێسـت درووسـت كراوه‌كه‌م، لووله
كه‌بابه‌كانم ده‌رهێنا و دامه ده‌ستی. له پێش دا بۆنێكی كرد، له كاتی
بۆنكردنی دا چاوه‌كانی داده‌خست. هێنده به حه‌سره‌ته‌وه بۆنی ده‌كرد،
له باوكێك ده‌چوو بۆنی منداڵه‌كه‌ی بكات.

هەمیشــە تا نانی نەخواردایە، تاقەتی قســەکردنی نەبوو. هیچیشم لەگــەڵ خــۆم نەبردایە، بڕوا ناکــەم داوای بکردابایــە. عادەتی وا بوو، گەر هەبێت دەخوات، گەر نەبێت، بە بێدەنگ دادەنیشــێت. وردە وردە عادەتەکانی فێر بوو بووم. گۆزەیەک ئاو لە سوچی لای چەپی کووخەکە دانرابوو، لەگەڵ جامێکی بە تەختە درووست کراو. هەڵسام جامێک ئاوم بۆ هێنا و کترییە ڕەشەکەیشــم خســتە ســەر ئاگرەکە و چنگێ چایی ڕەشــم تێ کرد. کاتێک خەریکی ئەم شــتانە بــووم، بە لاقرتێوە پێی گوتم:

- چییە خەریکی مەجلیس خۆشکردنیت.

منیــش بــە زەردەخەنەیــەک وەڵامی قســەیەکەیم دایەوە. ویســتم قســەیەک بکەم، دەستی کردەوە بە پرسیارکردن. هەموو جار پرسیار هاژنی دەکردم.

- چەند جۆر مردن هەن؟
- دەڵێن زۆر هەیە و یەکێکیان شای هەموویانە.
- کامەیان؟
- ئەوەی دەڕۆیت و ناگەڕێیتەوە!
- بە پێکەنینەوە، ئەوەیان مردن نییە، سەفەرە و گواستنەوەی کاتی مرۆڤە لە شــوێنێکەوە بۆ شــوێنێکی تر. شای مردن، مردنێکە، مرۆڤ دەیخاتە سەر دڵی مرۆڤ!
- یانی چۆن؟
- یانی، ئەو ڕۆژانەی دەنگێک لە ناختەوە پێت دەڵێت، ئەمڕۆ مردم، شتێکم بینی، یان کە فلانە شتیان پێ گوتم. ئەوە شای مردنە.
- ئەها تێ گەییشتم.
-جا با پێت بڵێم:

"لای مــن تەنهــا دوو جــۆر مــردن هەیــە. جۆرێکیــان، ونبوونــی هەمیشــەییە، جۆرێکیشــیان شــکانە. مرۆڤە بەشــکۆکان لــە مردنی

هەمیشەیی سڵ ناکەنەوە... لە شکاندنەکان سڵ دەکەنەوە. مەهێڵە کەسێک لێتەوە نزیک بێت، کە خەریکی شکاندنی ئەوانی ترە، چونکە ڕۆژێک دێت تۆیش دەشکێنێت. مردنێک، کە بە دەست خودا بێت، مردنێکی خۆشە و دەبێت هەموومان تامی بکەین. مردنێکیش لە خودا بسەنرێتەوە و بدرێتە دەست مرۆڤ، مردنێکی بە شکۆ نییە. مرۆڤ بەردەوام بۆیە ئەوانی تر دەشکێنێت، یان دەیانکوژێت، تا شکۆیان تێک بشکێنێت. جەنگاوەرانی ناو شەڕەکان، کەرەستەی دەستی کەسە بێ شکۆکانن. دەچن بۆ شەڕ و دەکوژن و دەکوژرێن و شکۆی یەکتر وێران دەکەن، تا کەسێکی پشت خۆیان، شکۆدار بکەن. من هیچ لەم جۆرە مرۆڤانەم خۆش ناوێت. مرۆڤ کاتێک پێویستە شەڕ بکات و بکوژێت، بیانەوێت بێنە سەری و حەوشی ماڵەکەی، یان میرنشینەکەی تێپەڕێنن. شەڕکەرانی بەرگریکار باشترین شەڕکەرن، بمرن و بیشمرێنن، لێیان دێت. لە دەرەوەی ئەم بابە، ئیدی هیچ شتێک شایەنی شەڕکردن و مردن و مراندن نییە"

بچکۆل، دایم بە گوومانەوە سەیری گەردوون بکە. عەقڵ بۆ گوومان دروست کراوە، تا لە ڕێگای گوومانەوە، ڕاستە ڕێگاکە بدۆزێتەوە.

ئەمیش وەک خەڵکەکەی تر، هەر جارە و ناوێکی لێ دەنام، دەمێک دەیگوت بچکۆل و دەمێک دەیگوت گەنجۆ و دەمێک دەیگوت کوڕە، قەت ناوی خۆمی نەهێنا، سەیرە دەڵێی ناوەکەم بۆ خۆم نابێت، وا کەس بەو ناوە بانگم ناکات.

با بیرم نەچێت، مرۆڤ زۆر ئاڵۆزە... ئاڵۆزترین گیانەوەری سەر زەوی مرۆڤە... هەتا زیاتر لێی وردبیتەوە، زیاتر ئاڵۆزییەکەیت بۆ دەردەکەوێت. زۆر لەو کەسانە دەترسم منداڵییەکەی ناخیان جێ هێشتوە. کە منداڵی ناخت جێ هێشت، مردوویەکی لە ناو جەستەیەکی بێ ڕۆح دا. لەوەتەی خۆم دەناسم و گەڕاومەتەوە بۆ ناو خۆم، هەوڵ و تەقەلاکانم بۆ زیندووهێشتنەوەی منداڵییەکەی ناخمە. کەسێک بتوانێت

منداڵییەکـەی ناخی بە زیندوویی ڕا بگرێـت، نەدەمرێت و نەدەیەوێت کەس لە بەردەم ئەو دا بمرێت و بشکێت. ڕاستە شکانی مرۆڤ دەنگی نییە، وەلێ ناخ وێران دەکات.

مەهێڵە منداڵییەکەی ناخت کاڵ ببێتەوە، با بۆ هەمیشە بە جوانی بژی. گوڵێک کە بە چاوی منداڵێک سەیر بکرێت، جیاوازترە لەو گوڵەی بە چاوی گەورەیەک سەیر دەکرێت. لەم شارە دا، چەندین جۆر مرۆڤ هەن، جوانترینیان کەسانێکن منداڵییەکەی ناخیان نەی هێشتوە پیس بن. ئێستا تۆ هەنگاویەهەنگاو بەرەو گەورەیی دەچیت و لە منداڵیت دوور دەکەویتـەوە. بەردەوام پێویسـتت بەوەیە، لایـەک بکەیتەوە بۆ دواوە، تا چاوێک لە منداڵیت بکەیت. بەردەوام پێویسـتە هاروهاجیی منداڵی ناخت سەرکوت نەکەیت و بهێڵیت وەک خۆی بمێنیتەوە. لەبەر دەسـتە بچووک و جوانەکانی منداڵەکان و قیژوهوڕیان نەبێت، دەمێک بوو ئەم دونیایە سـەرەوخوار بووبـوەوە. جا وەرە ئەو منداڵە جوان و ناسـکە، کە گەورە دەبێت، جاری وا هەیە دڕندەیەکی لێ دەردەچێت، کە شەرم لە خۆت بکەین.

دڕنـدەکان گوناهێکیان نییـە، تەنها گوناهیان ئەوەیـە نەیانزانیوە منداڵەکەی ناخیان پەروەردە بکەن و خۆیان داوەتە دەست گەورەیی. خۆدانـە دەسـت گەورەیی و فریوخواردن بـە گەورەیی، ماڵوێرانیی بە دواوەیە. ئامان، دەستم بە دامانت بچکۆل، ئەم فریوە نەخۆیت... قسە بۆ تۆ دەکەم و نامەوێت ڕۆژێک بێت، ئەو کەسـەی زۆربەی قسـەکانی خۆمم بۆ کرد، مرۆڤ نەبێت شتێکی خراپتر بێت لە مرۆڤ.

سـەرم گێـژی دەخوارد. نە فریـا دەکەوتم وەڵامێکـی بدەمەوە، نە بۆیشم دەکرا بە پەلەپەل ئەو قسە بەنرخانە لە سەر یەک بنووسمەوە. نیوەیم دەنووسی و نیوەکەی تریان لە مێشکم دا هەڵدەگرتن. هەستی بەوە کرد، ماندوو دیارم... کەمێک وەستا... قومێک ئاوی خواردەوە و پاشان بە هێمینییەوە پرسی:

- تـۆ ڕاستـەكەیت، پەلەپەلكردن قازانج بە كـەس ناگەیەنێت. من پەلەم كرد وایە؟

- بەڵـێ پەلە بوویت، منیش هێشـتا ڕا نەهاتووم بتوانم بە خێرایی بنووسم.

- باشە بۆ دەینووسیتەوە؟ دەتەوێت چی بكەیت؟

- نایشـارمەوە، لە نێوان تۆ و مەلا شـەش پەنجە دا، گیرۆدە بووم. كاتێـك دێـم بۆ لای تۆ، دەمەوێت دەری بخەم ڕێگاكەی تۆ بە ڕاسـت دەزانم، نەك ڕێگاكەی ئەو.

- بوەسـتە بچكۆل. من دژی مەلا شـەش پەنجە نیم. من تەنها ئەو شـتانە دەڵێم، كە خۆم بینومن و بڕوام پێیانە... لەوانەیشـە ڕاسـت نەبن... عەیبی گەورەی من، لەو كاتەوە دەستی پێ كرد، گورزێك بەر سـەرم كـەوت. دوای ئـەو گورزە دەنگێك لە ناخـم دا بە ئاگا هات... دەنگەكـەی ناخـم چیم پێ بڵێت دەیكەم... چیم پـێ بڵێت، دەیڵێم. نازانـم بەرەو كوێ دەڕۆم، وەلێ دەزانـم هەر چی عازاوعەنامی گیانمە برینە. زۆر شـتم بیر نەماوە، بەڵام بیرم ماوە، گەلەگورگێك پەلاماری منیان دا. دوای بێكەس بوونم و لەدەستدانی ئازیزانم، گەلەگورگەكەیش بـەر بوونـە گیانم. بۆیە دەسـتم لە ژیـان هەڵگرت و كەوتمە شـوێن دەنگەكەی ناخم.

- واتە تۆ كەسانێك ئازاریان داویت، بۆیە وات لێ هاتوە؟

- چیم لێ هاتوە؟

كە بەو جۆرە وەڵامی دامەوە، تەریق بوومەوە و كەمێك بە خۆم دا چوومەوە:

- هیچ، هیچت لێ نەهاتوە.

دایە قاقای پێكەنین، بە شێوەیەك پێدەكەنی، دەنگی تا چەمەكەی خوارەوە دەچوو... پێكەنینێكی شـێتانە، بە ڕاستی شێتانە... یەكەم جـارم بوو ببینم بەو شـێوەیە پێدەكەنێـت، چ پێكەنینێكیش، بەرز و

درێژ. هێندە پێکەنی، چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو. بە قۆڵی کراسەکەی چاوەکانی سڕی و گوتی:

- دەزانم چیم لێ هاتوە. پێم دەڵێن دیوانە، پێم دەڵێن شێتەی ناو کۆڵانەکان، خەڵوەتنشینی تەریککراو... چڵکن... هەزاران ناوی لەم شێوەیە. ئەو ناو و ناتۆرە و قسانە گرینگ نین، گرینگ دەنگەکەی ناخمە. گرینگیش نییە تۆی منداڵ چۆن سەیرم دەکەیت، بە قسەم دەکەیت یان نا، گرینگ ئەوەیە لەم شارە منداڵێک هەیە، تا شتێک فێر بێت خەرجییەکەی خۆی دەدات بە خواردن بۆ دێوانەکان. دێوانەیش لە بەرامبەر تێربوونی، هەندێک شتی منداڵانە فێری ئەو منداڵە دەکات، بەڵێ زۆر منداڵانە. هێشتا شتێکم فێر نەکردویت بۆ گەورەکان باش بێت. نایشمەوێت گەورەکان فێر بکەم... لە دەست چووین و تەنها منداڵەکان هەقی فێرکردنی شتی باشیان هەیە.

قسەکەم پێ بڕی... ویستم چاکی بکەمەوە... دڵم کەمێک دەگووشرا:

- نا، مەبەستم هیچ نەبوو. منیش ئەو قسەیەم کرد کە خەڵک دەیکات.

دەنگی گۆڕا...

- ڕاستە تۆیش وەک خەڵک دەم دەکەیتەوە... هاتنت بۆ لای من، بەس ئەو شتانەی فێر کردوویت لە دەمی من کەوتوونەتە خوارەوە. بریا وا نەبایە، ڕۆڵە بۆیە ڕازیم لەگەڵ تۆ دابنیشم، ئومێدم بەوەیە ڕۆژێک بێت، تۆ لەو خەڵکە نەچیت. گەر هەمان قسەی ئەوان بکەیتەوە، کەواتە ئیتر مەیە، کەواتە سوودی نییە، نابێت بەس ئەو شتانە بزانیت، من دەیڵێم. ئەی ژیانەکەی خۆت چیی تێدایە؟ چی فێر بوویت. بۆچی هەر چی خەڵکێک گوتی، خەڵکانێکی تریش بە شوێنی دا دەیڵێنەوە. هێشتا قسەکانم لە سەر مردن بە دەستی مرۆڤ سارد نەبوونەتەوە، هەمان شتت دووبارە کردەوە... شکاندن مردنە... پێم نەگوتیت... شکاندن ئەوەیە هەر شتێکت بیست بیڵێیتەوە.

Scanned by CamScanner

به خۆم دا چوومەوە. زانیم هەڵەیەکم کردوە، گەر فریای خۆم نەکەوم، لە دەستی دەدەم. تووڕەبوونەکەی لە ناخییەوە دەهاتە دەر. بە ڕووخسار تێک نەچووبوو، بە دەنگی تێکچوونەکەی ناخیم هەست پێ دەکرد. هەڵسامە سەر پێ و داوای لێبووردنم کرد و چەمامەوە دەستی ماچ بکەم، ڕێگەی نەدا. بە دەستە گەورەکانی ئاماژەی بۆ کردم، دابنیشمەوە. دانیشتمەوە و کەوتەوە قسە.

- نیگەران نیم... تۆیش نیگەران مەبە. بۆیە وا قسەم کرد، تا ئیدی وەک خەڵک نەبیت. دونیا پێویستیی بە کەسێکە، لەوانی تر نەچێت. پێویستی بە کەسێکە شارەکە پاک بکاتەوە. هەر کەسێک، وەک خەڵکی ئەم شارە نەبێت، لە ناویان دا ڕێی نابێتەوە. سەیر بکە بەیانی تا ئێوارە ڕاکەڕاکەیانە، تا کەمێک زەڕیان دەست بکەوێت و ئێوارە بیدەن بە شتێک سکی خۆیانی پێ تێر بکەن. ڕۆژ نییە دەیان عەرەبانە خواردن نەفرۆشرێت. لە هەر سووچی شەقامێک چێشتخانەیەکی گەورە کراوەتەوە، بۆ تێرکردنی ورگەکان و لە ناو هەر کۆڵانێکیش مزگەوتێک قوت کراوەتەوە، بۆ بێهۆشکردنیان. دەچن لە چێشتخانەکان ورگیان تێر دەکەن و لە مزگەوتەکانیش خۆیان بێهۆش دەکەن و دەچنەوە ناو ماڵەکانیان، دەمیان دەکەنەوە و قسە دەکەن. ئەمە کەی شارە؟ شار پێویستیی بە ژیرییە، پێویستی بە دێوانە نییە. حەقی خۆیانە منیان شاربەدەر کرد و لە دەستیان هەڵهاتم، من دێوانە بووم، بەڵام بۆچی بۆ ژیرێک ناگەڕێن تا لە ناویان دا بێت"

شارەکە هاتە بەر چاوم. میرێکی نانەجیب بە خۆی و کۆمەڵێک سلیکەداری سوپای تورکەوە چییان بوێت دەیکەن. خانەقاکە یەک دوو کۆلکە مەلای تێدایە سەری زمان و بنی زمانیان پیاهەڵدانە بە میر و میرنشینەکەی دا. ئەو یەک دوو زانایەی لە شارەکانی دیکەوە هاتوون، بۆ خۆیان لە گۆشەیەک دا دانیشتوون، خەریکی نووسینی شیعر و شانامەن... نە باکیان بە خەڵکە و نە شتێکیش بە خەڵک دەڵێن.

Scanned by CamScanner

پۆخڵییە تێی دا ساغ دەکرێتەوە.
بازاڕەکە ترشـاوە. چی پیسـی و پۆخڵییە تێی دا ساغ دەکرێتەوە.

هەر کەسێک بۆ خۆی چۆنی پێ خۆش بوو، لێ دەخوڕێت. سەر دێنم و سەر دەبەم، جگە لە سۆنەی جوولەکە، کەس نابینم بۆ ئەم شارە باش بێت. باشە بۆچی ئەم شارە وایە؟ باشە بۆچی کەس وەک دێوانە بیر ناکاتەوە؟ خۆ هەموو قسەکانی ڕاستن. منیش بیرم لێ نەکردبوونەوە.

سەرم لە سەر تیانووسەکە بەرز کردەوە و پێم گوت:

- منداڵەکان هەڵە دەکەن و گەورەکان لێیان دەبوورن. بمبورە دێوانە گیان، کە شتێک دەڵێم، لە سادەییەوەیە نەک لە ڕقەوە. دێوانە گیان، خـۆت بـاش دەزانیت، بۆیە ئەو ڕێگا دوورە دەبڕم، تا شـتێک فێر بم. من بەو ژیانە ڕازی نیم، بۆیە هاتوومەتە لای تۆ. بەو شـارە ڕازی نیم، ئاسوودەترین کاتەکانم، ئەو کاتانەن تەنیام، یان لەگەڵ تۆم، چاوەڕێش نیم کەسـێکی گەورەم لێ دەربچێت، بەڵام خۆشـیم لـەوە دێت، وەک ئەوانی تر نەبم. هەر ئەمەندە بەسـە بۆ من، کە بتوانم کەمێک لە تۆ بچم. تۆ دێوانەی مرۆڤیت و منیش دێوانەی تۆم.

دەبێت بڕۆم. کاتەکان درەنگن و تا دەگەمەوە شـار تاریک دەبێت. بـوە بـە عادەت لە ژیانم، بەردەوام درەنگانێک دەچمەوە ماڵ، دایکم و باوکم ڕاهێنا، کە بەم جۆرە قبووڵم بکەن، گەرچی سـەرەتا سـەخت بوو، وەلێ ئێسـتا ئاسـایی بوەتەوە. بەمەدا تێگەییشـتم، شتێک زۆر سـەختیش بێت بـە پێـی کات دەتوانیت بیکەیتە عادەت و شـتێکی ئاسایی. دەی خوات لەگەڵ دێوانە گیان. توخوا دڵت لێم گەرد نەکات.

هیچی نەگوت... بەس پێکەنی، پێکەنینەکەی دڵنیایی بوو بۆم، کە دڵی لە جاران سافتر و پاکترە بەرامبەرم.

تا گەییشـتمەوە شـار، ئەسـتێرەی تەنیشت ئەسـتێرەکەی مانگ دەرکەوت. کەمێک دڵتەنگ بووم و کەمێکیش سەرمام بوو. هەر کە لە دەرگای حەوشەوە چوومە ژوور، یەکە و ڕاست چوومە لای ئاگردانەکەی دایکم و پشتم تێ کرد.

دایکم چاوی پێم کەوت خوسابووم، دەنگی بەرز کردەوە:

- نـەک دایکت بمرێ خۆ ئەوە هەموو گیانت خوسـاوە. بە ناخێری نەبێت، لە کوێ بوویت بۆ خۆت داوەتە بەر باران.

دایکم بە دەم ئەم جۆرە قسـانەوە ڕۆیشـت لە ناو تویێشـەبەرەکە، کراسێک و پەستەکێکی هێنا و بە خێرایی کراسەکەی لە بەرم داکەند و ئەوی تری کردە بەرم و پەستەکەکەی خستە سەر شانم. وردە وردە گـەرم داهاتم و خەوم دەهات. دوو قاشـوق چێشـتم خـوارد و چوومە مۆدەکەی خۆم، لەگەڵ خۆم بە ئەرز دا دا، خەو بردیمەوە.

Scanned by CamScanner

# گردبوونەوەی خەڵك

میرەکانی پێشوو، یان لە خانەقاکان، یان لە کۆشکەکەی خۆیان قسەیان بۆ خەڵک دەکرد، کەچی ئەم میرە بینی شارەکە لە ژێر دەستی خۆی دایە و سوپای تورکی پشتی بەر نادەن و باج و خەراجێکی زۆر بۆ خۆی و سوپا کۆ دەکاتەوە، لووتی کردبوە ئاسمان.

پیاوماقووڵان و ئەشرافانی شار، خۆیان لێ نەدەدا، مەگەر کارێک، یان لاقرتێیەکی هەبوایە، بانگی دەکردن و دەستە و تاقمەکەی، کۆمەڵێک دەسماڵباشی بوون، هەر یەکەیان خەڵکی مەملەکەتێک بوو. خۆیشی بۆی گرینگ نەبوو، زانا و ئەشرافەکان لە دەوری بن، ئەو چەند جارەی پیاوماقووڵانی بانگ کردبوو هێندە بە لاقرتێ و دوور لە ئەدەبەوە قسەی لەگەڵ کردبوون، هەستیان بە سووکایەتییەکی زۆر دەکرد و دەسەڵاتیشیان نەبوو، دەنگ لە ئاستی بەرز بکەنەوە.

ئەوێک باکی بەوە نەبێت سوپای بێگانە بهێنێتە ناو شار و براکانی خۆی شاربەدەر بکات و خزمانی خۆی تووشی لە سێدارەدان و سووکایەتی بکاتەوە، چ باکی بە سووکایەتیکردن بە خەڵک هەیە. دونیای بوەتە کورسییە شەقوشڕەکەی و کۆشکە بەرزەکەی سەر گردەکە و دەستە و تاقمەکەی خۆی. هەتیوە لچ ئەستور و دەستکورتەکەی لای دەستەڕاستی، کە خوا دەزانێت زۆڵی کوێیە، سەروبنی دەسەڵاتەکەی لە ژێر دەستە. خۆیشی بە لووتە زل و دەمە تۆزە خوارەکەی و سەرە کەچەڵ و دەستە کورتەیەوە، لە شووتیفرۆشی لای دەروازەکانی شار دەچێت، کوفر نەبێت، ناڵێیت منداڵی ئەو دایکە نازدارەیە، کە چاوە

بچووکەکانی دەتروکێنێت و بە دەمە خوارەکەیەوە دەکەوێت قسە، ڕق لە زمانی دەبارێت.

نیوەڕۆ بوو بە ناو شار دا جاڕ درا میر دوای بانگی عەسر لە چوارڕێیانەکە قسەی زێڕین بۆ خەڵک دەکات. هەموو کەس دەبێت لەوێ ئامادە بێت و گوێ لە قسە بە نرخەکانی میر بگرێت. دوای نوێژی عەسر بە پەواشی لە خانەقاکەوە چووم بۆ چوارڕێیانەکە. لەو سەرەوە بە خۆی و ئەسپە سپییەکەوە دەرکەوت... قاچی هێندە کورت بوو، بە چ حاڵێک دەگەییشتنە پێبەندی ئەسپەکە... دەستە کورتەکانیشی یەکێکیان ڕەشوی ئەسپەکەی پێ گرتبوو، بەوی تریشی، سڵاوی لەو خەڵکە دەکرد، کە لە ترسان سەری خۆیان بۆ دادەنەواند. هەتیوە لچ ئاوساوەکەیش لە تەنیشتیەوە دەڕۆیشت و مۆڕەی لە خەڵک دەکرد. لە پشتییەوە یەک دوو دەسماڵباشی هانکەهانکیان بوو، تا بە پێی ئەسپەکە بگەن. کاتێک لە چوارڕێیانەکە دابەزی، یەکێیان دەستی خستە ژێر قاچی و ئەوی تریشان چەمییەوە، تا پێ بخاتە سەر پشتی. کە خەڵکەکە ئەمەیان بینی، نێوچاوانیان گرژ بوو... پێشووتر هیچ سەرکردەیەکی سوپا و هیچ میرێک، لە پێش چاوی خەڵک، کاری وای نەکردبوو.

ئاخر گزگلی لووت زل، تۆ شار و نیوێکت بە دەستەوەیە، ئەم خۆبادان و جرتوفرتەت لە چییە... خۆت بە چی دەزانی، خۆت هێندەی ئەسپێیەکی و میرنشینەکەیشت هێندەی برینێکە، ئەم خۆنواندن و هاتوچوونەت لە چییە. کەسێک نەت ناسێت، وا دەزانێت ئەم برینە بچووکەی ناوت ناوە میرنشین، خۆت بە دەستت هێناوە، چووزانن چوویت سوپای بێگانەت هێناوە و خۆت جگە لە نۆکەرێکی بچکۆلە، دەسەڵاتی مێشوولەیەکیشت نییە.

چواردەوری چوارڕێیانەکە بە سلیکەداری سوپای تورک گیرابوو... یەک دوو فەرماندەی خواری خوارەوەیان، لە سەر پێنج کورسییە

ڕیزکراوەکـەی ناوەڕاسـتی چوارڕێیانەکـە دانیشـتبوون... دیـار بوو فەرمانـدە گەورەکەیـان بێزی نەهاتبوو بێت، جا بۆچی بێت و گوێ لە کــێ بگرێت... گوێ لە نۆکەرێکی کەچەڵی کورتەبنە بگرێت، لەوەتەی هەیـە ئاشـووب بوە بـۆ مەملەکەتەکە و لەبەر خاتری کورسـییەکەی خۆی، ئەوەی لە دەسـتی هات کردی. دەسـتی خۆش بێت، فەرماندە گەورەکەیان نەهاتوە. قەسـەم بەو قورئانەی لێم خوێندوە، لە ترسـی باوکـم نەبێـت، کە دەزانم زۆر بێ شـەرەفن، گەر مـن نەیەم عەزیەتی دەدەن، نەدەهاتم. باشتریش کە هاتم، بۆ ئەوەی باش بیناسم و بزانم ئەم گزگلەی کۆمەڵێک دەسماڵباشیی بۆ دەکەن، کێیە.

لە سـەر کورسیی ناوەڕاست دانیشت، وەک منداڵ بە حاڵێک قاچی دەگەییشـتە سـەر زەوییەکە. بە چاوە بچووکەکانی و لووتە خڕەکەی سـەر نێوچاوانی، سـەیری ئەم لا و ئەو لای دەکرد و زەردەخەنەیەکی بێ تامی بۆ خەڵکەکە دەکرد. خۆشـی لەوە دا بوو، کەس نقەی لێوە نەدەهات. کەسـانێک بەس سـەیریان دەکرد و کەسانێکی تریش یەک یـەک و دوو دوو، لە بەینی خۆیان خەریکی چرپەچرپ بوون، لەوانەیە ئەوانیش وەک من، لە دڵی خۆیان دا نەفرەتی لێ بکەن. کە ناخۆشە، خۆت بە شتێکی گەورە بزانیت و لە ناو دڵی خەڵکیش دا نەفرەتت لێ بکرێت.

دوو لـە فەرمانـدە بچووکەکانی سـوپای لای دەسـتی ڕاسـتییەوە دانیشـتن و بابای لچئاوساویش لای چەپی و یەکێکی تر، کە چاکێکی درێژ و لووتێکی خواری پێوە بوو، لای لچئاوسـاوەکە دانیشـت. سـێ دەسماڵباشـییەک دەستی خستبوە پشـتییەوە و لەو سـەری گۆشـەی چەپیشـەوە خۆی بێدەنگ کردبوو، سەیری دەکرد. پاش کەمێک تێرامان لە یەکتر، بابای سەر سووچەکە دەستی کرد بە قسەکردن.

خەڵکینە، لە سای سەرەی میری گەورەمان، مەملەکەتەکە ئاوەدان و

خۆشە. هەموان خۆش دەخۆن و خۆش دەنوون، ئەمەیش پەرجوویەکە خودا بۆمانی ناردوە و لە ژێر سێبەرەکەی دا ئاسوودەی کردووین.

ئەمڕۆ جەنابی میری گەورەمان، لوتفی کردوە، چەند قسەیەکی زێڕینی دەروشاوە بۆ خەڵکەکەی خۆی بکات و لە نزیکەوە ئاگای لە کێشەکانتان بێت، خوا دەست بە باڵییەوە بگرێت و هەمیشە میرنشینەکەی ئا وا گەشاوە بێت، حەز ناکەم زۆر بە شان و باڵی دا هەڵبدەم، با جەنابی گەورەمان خۆی لوتف بکات.

کە قسەکانی تەواو کرد، لە تەنیشت خۆمەوە گوێم لە دەنگێک بوو بە کزییەوە دەیگوت:

دەک ڕووت ڕەش بێت بۆ خۆت و قسە و میریشت، ئەم گزگلە بێگانەپەرستە، مەگەر میری تۆ بێت، دەمخواری وا. تویکڵی پێوە نەهێشتین، ئەوەندە باج و خەراجی لێ سەندین و لە سەر قووتی ئێمە دەژی. بە تەمایت بیکەیت بە گەورەمان. ڕووی زەمانە ڕەش بێت، هەر کەسێک ناپیاو بێت، دەبێتە میری ئەم میرنشینە. چۆن ئەو بە کزییەوە قسەی دەکرد، منیش بە کزییەوە پێم گوت:

- کابرا دەمی خۆت بگرە، کەسێک هێندە نا ئینسان بێت، براکەی خۆی دەربەدەر بکات و برازنی خۆی و برازاکەی بکات بە سۆزانی و دواییش بە کۆمەڵێک مەلای چەرچی، بەردبارانیان بکات، ڕەحم لە دڵی دا نییە و گوێ لە هیچ نادات، پێویست ناکات دەنگت بەرز بکەیتەوە، لە دڵی خۆت دا قسەکان بکە بەسە.

- نا، کاکە نا ... تۆ نازانیت چی بە سەر ئێمە هێناوە ... منی جوتیاری بەستەزمان، لەو دەشتە چوار وەرزە خەریکی کارم، تا نانێک بۆ منداڵەکانم پەیدا بکەم، ئەم گزگلەیش لە ماڵەوە دانیشتوە قسەی زل دەکات و نیوەی قووتی منداڵەکانم دەخوات. ئاخر میرایەتی گەر وا بێت، شەرت بێت بە شەرتی خوا میرایەتیی زەویشم پێ دەکرێت.

- کابرا، تۆ فەقیری، منیش وەک تۆ فەقیرم. پێویست بەم قسانە

ناکات، تویکڵی بەس بە دەستی تۆوە نەهێشتوە، بەس قووتی تۆ ناخوات، هی هەموومان دەخوات. خۆبادانەکەی بەو سوپای بێگانەیەوە نەک بە خۆی. سەیری خەڵکەکە بکە، بە جۆرێک لێی دەڕوانن بە دەموچاویانەوە دیارە، نەفرەتی لێ دەکەن. میرێکی ژیر بوایە، خەڵکی لە خۆی کۆنە دەکردەوە، تا نەفرەتی لێ بکەن.

گوێی بە قسەکانی من نەدا، لە بەر خۆوە بۆڵەی دەهات، دەوروبەرەکەیشی کەس نە لای دەکردەوە نە قسەکانیان بۆ گرنگ بوون، لەوە دەچوو گوێی خۆیان گرتبێت، یاخود پێیان خۆش بوو. خەمم بوو لا بکەنەوە، یاخود یەکێکیان بە ئامازەیەک، دەسماڵباشییەکانی تێبگەیەنێت و قوڕ ببێت بە سەری جوتیاری داماو دا، کەچی وا پێدەچوو قسەکانی لای گوێگرەکان هێندە بە تام و چێژ بن، لە دڵەوە پێیان خۆش بێت.

کەمێک خۆم کشاندە دواوە و بە لای ڕاست دا ڕۆیشتم تا لە سەکۆکە نزیک بوومەوە، دەمەویست بزانم میری گزگل چی دەڵێت، کەمێک چپەچپ لە ناو خەڵکەکە دا دەبیسترا، بابای قسەکەر دەستێکی بەرز کردەوە و ئاگاداری خەڵکەکەی کردەوە بێدەنگ بن، میر قسە دەکات.

بانخان لە سەر کورسییەکەی هەڵسایەوە و لە پێش دەمی سەکۆیەک بە تەختە درووست کرابوو، چوە سەر سەکۆکە و شوکور تۆزێک باڵای بەرز دیار بوو. خۆی بینی خەڵکەکە لە ژێر دەستی دایە، ئحمێکی بۆ کرد و پەنجە خڕ و بچووکەکانی توند گووشی بوو. وا پێدەچوو قسەی پێ نەبێت، تەنها بۆ خۆنواندن هاتبێت، یان بیەوێت ڕقێکی ناخی بە سەر ئەم خەڵکە دا بڕێژێت.

"خەڵکینە...

زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ئیشوکارەکانتانم... سوپاس بۆ ماندووبوونی هاوکارەکانم لە میرنشینەکەمان... سوپاس بۆ بەری□□زەکانمان لە سوپای تورک، بە هاوکاریی ئەوان، توانیمان لە

سالانی پێشوو دا دەستێکی پیس، کە شـارەکەی کردبوو بە سفرەی خوانەکانی خۆی، وەدەر بنێین و ڕزگارتان بکەین لە نالاندن بە دەست ئەو دەستە پیسەوە"

لە کاتی ئەم قسەیە دا، پیرەمێردێک لە تەنیشتم بوو گوتی:

ڕەک ڕووت ڕەش بێت... تۆ پیس بوویت، نەک ئەو. ئەو کەسانەی لەو ناوە گوێیان لە قسـەی پیرەمێردەکە بوو، بە یەک جار سـەیریان کرد. یەکێـک زەردەخەنەی بۆ دەکرد و یەکێک ترس لە ڕووخسـاری دەباری. هەستم کرد دەچمە هەر شوێنێک، گوێبەندێکی پێوەیە. ناچار پیرەمێردیشم جێ هێشت. ترسم لەوە بوو، تووشی بەلایەک ببم و دایک و باوکم، بە دەست دەسەلاتە ترسناکەکەی میرە گزگلەکەوە بەدبەخت بن.

درێژەی بە قسەکانی دا:

"جا عەرزتان بکەم...

بۆ ئەوە هەمووتانم کۆ کردوەتەوە، تا پێتان بلێم، گەورەمان سولتان لە قوستەنتینیەوە نامەیەکی موبارەکی بۆ ناردووم، قەراری داوە، چی میرێکی بە شکۆی سەر بە ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی هەیە، خەلات بکات، خەلاتەکەیش پێدانی شـارێکی ترە بۆ میرنشـینەکەمان و فراوانکردنی دەسـەلاتەکەمانە، داوا دەکات بۆ ئەم کارەی، هاولاتییانی میرنشینەکە پشتگیریی میرەکەی خۆیان بکەن و باج و خەراجەکانی سوپایان بیر نەچێت.

قەسـەم بە خودا، هەر کەسـێک سـەرپێچی لە داواکەی گەورەمان سولتان بکات، لە بن دا دەستەکانی دەبڕمەوە"

ئـەک قوڕ بە سـەری خەلک. هێشـتا بەمە ڕازی نییـە، بە تەمایە سـولتانیش لـە سـەر عارەقـی نێوچاوانی ئـەم خەلکە بژی. باشـە کورنەبنە، تۆیەک کە خۆت بوویت بە دەسمالباشـیی سـولتان، چیت داوە لەم خۆنواندنە. هەی میری نامیر. میرێتی، کەی نۆکەرایەتییە بۆ

ئەم و ئەو. دەستی خەڵک بۆ لە بن دا دەبڕێت، لە کاتێک دا نایانەوێت خزمەتی سوڵتانێک بکەن، لە سەر ماندووبوونی خەڵک ورگی خۆی زل دەکات. ئاخ، لە دەسـت میرەکانـی کورد. یەکێکیان نەهات بۆ خەڵک بێت. ئەوەی هات بە لای بێگانەیەک دا ڕای کێشـا. سـۆنەی جوولەکە ڕاستی دەکرد، کورد نابێت بە هیچ، چونکە میللەتەکەی ماندوو دەبێت، میرەکانـی ماندووبوونـی میللەتەکە دەخەنە سـەر خوانی بێگانەیەک. لەوەتەی فامم کردوەتەوە، چیم بیسـتوە و چیم خوێندوەتەوە باسـی دووبەرەکیی کورد دەکات. باسـی سەرلێشـێواوی و ماڵبەکۆڵیی کورد دەکات، خەتاکەیش بێگانەکان نین، میرە ترسینۆک و چاپوکەکانیەتی.

"بەڕێزان...

من میری ئێوەم و ئێوەیش منتان خۆش دەوێت... من هی ئێوەم و ئێوەیش هی منن."

هەی هەی، خۆی لێ بوە بە قەیسەر! وەڵڵا بابە نە من هی تۆم و نە تۆیش هی منیت. ئەم قسە بێ تامە چییە. تۆیەک لەتە شارێک و چوار گوندی گەڕوگولت لە بەر دەستە، بۆ هەوات تێ چوە و وەک قەیسەری ڕۆما قسە دەکەیت. دە وەرە شەق مەبە بە دەست ئەم کورتەبنەوە، جا خوا بکات هەڕەشەیش لە ڕۆمانەکات باشە.

"میرایەتی کارێکی قورسە و پیاوی خۆی دەوێت. دوژمنمان زۆرە و لە ناو خۆیشـمان دا دوژمن هەیە. لە دوژمنەکانی دەرەوە ناترسم. لەو تووڵە مارانە دەترسـم، بەخێویان دەکەین و پاشـان گەورە دەبن و بە خۆمانەوە دەدەن"

ئەشهەدو وایە. خۆت تووڵە مار بوویت و میری گەورە گەورەی کردیت و دات بـە خۆیـەوە. دوژمن، دوژمن، دوژمن... ڕاسـتیان دەکرد دایم دوژمنێک هەڕەشـە لە خەڵکی ناوخۆ بکات. عادەتـی میری لاواز وایە، بەردەوام دادەتاشـێت، تا قسـەکان و ناخە وێرانەکەی خـۆی پێی هەڵڕێژێت و دوژمنێکـی درۆینە درووسـت دەکات، تا قسـەی پێ بڵێـت و لە ڕێی

دوژمنە دڕۆینەکەوە، ژێر دەسـەڵاتەکەی خۆی بترسێنێت. هەر میرێک لە قسەکانی دا بەردەوام باسـی دوژمنی کرد، گوومان لە پاکیی بکە و خۆی نۆکـەری دوژمنێکە. لە کتێبی خەلیفەکان دا زۆرم لەم بابەتە خوێندوەتەوە، کەچی ئەوەتا لە بەردەمی خۆمان تووشم بوو بە تووشی میری لاوازەوە. دەک خوا لە ناوت ببا بۆ خۆت و چ میرێکی.

"نامەوێت زۆر سەرتان بێشێنم. وەلحاڵ ویستم پێتان بڵێم، ئاگام لە خشەی مارە. بۆ خۆتان بژین و بخۆن و بخەون. ژیان خۆی باجدانە، باجی خۆتان بدەن و منیش دەبمە سـایە و سـێبەرتان. هەتا منتان هەبێت کـەس پەلامارتان نادات، کـە منتان نەمـا، گورگیش بتانخوا کەسێک لایەکتـان لـێ ناکاتـەوە. خوا دەسـت بە باڵـی گەورەمان، سوڵتانەوە بگرێت و منیشتان بۆ بهێڵێت.

وەسەلام"

باشـە کاکە، خۆ گوێتان لە هەڵیتوپەڵیتەکەی گرت. ڕاسـت دەکات هێندە دەسماڵباشی و چەرچیی زۆری لەگەڵ خۆی هێناوە، لەماڵەوەیش نوزەیەک بکە، دەگاتەوە لای. هاتوە سـواڵ بۆ گەورەکەی دەکات. بێ خەمین قوربان، بێ خەمین. تا تۆ نۆکەری بێگانە بیت و میرنشینەکە لە خزمەتیان دا بێت، چ حۆجەی ئەوە دەکات بێنە سـەرمان، خۆیان لێرەن. ئەرێ تۆمان هەبێت، خۆمان نین و بێگانەپەرسـتین، خەممان نییە. هاتی چیت پێ بوو، هەڵت ڕشـتە ناومان و فەرمووی برۆرەوە ناو کولانەکەت.

کە قسەکانی تەواو بوو، ڕیزی پێشەوە هەڵسانەوە و دەستیان کرد بە چەپڵەلێدان. ئاخ، لە ڕیزی پێشەوە، من نازانم کەوا شینەکان بۆ لە مینبەری مزگەوتەکانەوە باسـی لە خواترسان دەکەن، کەچی لە ڕیزی پێشـەوە دادەنیشین، بۆ چەپڵەلێدان بۆ میرێکی گەڕوگول. بە تەواوی دڵم لە خانەقا هەڵکەنراوە، نەک لە خانەقا، لەوانەی خۆیان کردوە بە دەمراسـتی خودا و دایم لە خزمەتی دەسـەڵاتدارەکان دا دەمیان پان

دەکەنەوە و شەقەی چەپڵەکانیان ڕۆژەڕێیەک دەڕوات... لە خوا بترسن کەوا شینەکان. دەک ڕەحمەت لەو گۆڕەت باپیرە. تۆ باشت ناسیون، بۆیە تخونیان نەکەوتوویت. پاش چەپڵەکان، بابای دەسماڵباشی داوای لە خەڵکەکە کرد بڵاوەی لێ بکەن و ڕێگا بە میری گەورە بدەن، بچێتەوە کۆشکەکەی خۆی. وردە وردە خەڵک بڵاوەی لێ کرد و و بانخانیش بە یەک دوو کەس سواری ئەسپەکەیان کرد. بە ملێکی کورتەوە لووتی بەرز کردبوەوە بۆ ئاسمان و لێی دا ڕۆیشت.

# دووکانەکەی شارۆی کوتاڵفرۆش

خۆی بە خەڵکی ڕەسەنی شارەکە دەزانی. کە دادەنیشیت، چیرۆکەکانی باس باسی کاروانی کوتاڵ و ڕێگاکانی شام و سەمەرقەند بوو، یان باسی درووستکردنی شارەکە. ماڵەکەیان زۆر خۆش و گەورە بوو. پەنجەرەکانی دەیانڕوانییە سەر شەقامە سەرەکییەکە. دووکانێکی گەورەی پڕ لە دەیان جۆر کوتاڵی لە ناوەڕاستی قەیسەری شارەکە دا هەبوو. یەک دوو شاگرد لە دووکانەکەی خزمەتی موشتەرییەکانیان دەکرد، حەمامە سپییەکەیش بە میراس لە باوکییەوە بۆی جێ مابوو.

پیاوێکی بێ مەنەت بوو، تا دڵ حەز بکات چرووک... هەر چی کۆ دەکردەوە ژنە قەڵەوەکەی و دوو کچەکەی دەیان دا بە ئاڵتوون و کەلوپەلی جوانکاری و ئەمیش نیوەڕۆیان دڵی نەدەهات لوولە کەبابێک بخوات، چڵپەچڵپ خەریکی نان و دۆ خواردن بوو. جاریەجار سۆنەی جوولەکە، تانەیەکی لێ دەدا، ها دۆست، هەر نان و دۆ بخۆ و کۆی بکەوە، تا بە لا دا دەکەویت. لەو لوولە کەبابانەی بە زۆر پێت دەکڕن بۆ ماڵەوە، خۆیشت تامێکی بکە گوناهیت!

چاوی دەچوە پشت سەری و سوور هەڵدەگەڕا و دەی کێشا بە ڕانە خڕەکانیان و دەیگوت: جا وەرە خۆت مەکوژە، جوولەکەیەک باسی سەخیی تەبیعەتت بۆ بکات. سۆنەیش کە ئەم قسەیەی دەبیست، قاقا پێدەکەنی و دەچووەوە سەر کارەکەی خۆی.

باوکم دەمێک بوو شارۆی کوتاڵفرۆشی دەناسی، دەیگوت: پیاوێکی زۆر باشە، تەنها عەیبی ڕەزیلییەکەیەتی، ڕەزیلییش دوژمنی خوایە.

زەرەری بۆ کەس نەبوو. لە سەردەمی میری گەورە دا، کەیفی بە دیوەخانی میر هاتوە و جاریەجار خۆی پێ دا کردەوە. چ باج و خەراجێکیشی لە سەر بووبێت، بە زیادەوە داویەتی و جێگەی گلەیی دەستەی میر نەبوە. دوای میری گەورە، نەی وێراوە زۆر خۆی لە قەرەی بانخان بدات، لە بازاڕ گلەیی لێ دەکرد:

– ئەمەیان لەوی تریان ناچێت... وەک قوماشی ئاوریشم و قوماشی ڕەنگکراوی بیابان وایە. قوماشی ئاوریشم کڕیاری تایبەتی خۆی هەیە و کەسانی بە شکۆ دەیکڕن، قوماشی ڕەنگکراوی بیابانیش، بۆ کەسە بێ دەرتان و بێ ماڵوحاڵەکان درووست کراوە. میری کۆن ئاوریشمەکە بوو. ئەمەیان لەوی تریان ناچێت، وەک ئاگرە، تا زیاتر لێیەوە نزیک بیت، زیاتر دەتسووتێنێت. پیاوێکی بێ هەستە، کاتی خۆی کراوە بە سەردەستەی زیندانەکە، لەو کاتەوە ڕەحم و بەزەیی لە دڵی دا نەماوە... هێندە ئازاری زیندانییانی داوە، وا دەزانێت شارەکە زیندانە و خەڵکەکەی زیندانین، بێ مێشکی وا، کەی بە کەڵکی میرایەتی دێت. بێگانەکان زۆڵن، پیاوی بودەڵەیان خۆش دەوێت... بۆ پیاوی گەورە ناگەڕێن، دەزانن پیاوی گەورە نابێتە نۆکەریان، بۆیە بودەڵەکان هەڵدەبژێرن.

گلەیی زۆری لە سەری هەبوو، وەلێ لای نزیکەکانی خۆی باسی دەکردن. خۆشی کەس نەی دەزانی چەند قروش و دەرهەمی هەیە... ژنە ئاڵتوونیان هەیە، کەچی خۆی حەشای دەکرد و نەفرەتی لێ دەکرد، گوایە بە گۆزە لیرەی کە ژنەکەی بەم خۆ هەڵکێشانە قوڕی کردەوە بە سەری دا و گەنجە لچ هەڵقرچاوەکان دەوری ماڵەکەیان داوە بە تەمای کچەکانین، نەک لەبەر جوانییەکەیان، لەبەر کووپە ئاڵتوونەکان. باوکی شارۆ، یەکێک بوە لە حاجییە بازرگانەکانی ناوچەکە. دوای مردنی، ڕیزێ دووکان و یەک دوو خانووی جێهێشتوە بۆ نەوەکانی... پێش درووستبوونی شارەکە، لە

باناوە هاتوون بۆ ئەم ناوچەیە... لە سەر تەپۆڵکەکەی لای کارێزەکە، خانوێکیان درووست کردوە و لەگەڵ درووستبوونی شارەکەیش، یەکێک بوە لە یارمەتیدەرانی میری گەورە. ئێرەیان بە زادگەی خۆیان دەزانی و کارێزەکەیـش، کە هی جوتیارێکی کۆنــە گوندەکە بوە، بە گیرفانی باوکی کڕاوە و دوای کراوەتە خەڵاتی شارەکە، تا ئاوی شارەکە لەوێوە دابین بکرێت.

ئێـواران لە دووکانەکەی دادەنیشـت، دراوسـێکانی دەوریان دەدا و سەریان دەخستە سەری، کە تووڕە دەبوو، هاواری دەکرد: لێم بگەڕێن، دەچم دیارییەکەی باوکم هەڵدەوەشێنمەوە و بۆریی کارێزەکە بۆ ماڵی خۆمان ڕادەکێشـم، تا لە تینوان بخنکێن... هەمووتان نانێک بخۆن و لەتێکی بکەنە ساقە سەری بنەماڵەکەی ئێمە، ئەگینا دەبوایە، بە گۆزە ئاو بۆ ماڵەکانتان بێنن.

دراوسـێکانی کەیفیان بەم قسـانە دەهات و زیاتر هانیان دەدا شتی تر بڵێت.

بـەردەوام کەوا و سـەڵتەیەکی لە بەر دەکـرد و جامانەیەکی ڕەش و کڵاوێکی ڕەش، کە گوڵی سـپیی وردیان تێدا بوو، دەکردە سـەری و جامانەکـەی بـە دەوری کڵاوەکـە دەپێچـا. سـەعاتێکی بـە زنجیر بەستراویش لە سەفەری حیجازەوە هێنابووی، لە گیرفانی بوو. کاتێک بە ناو قەیسەرییەکە دا تێدەپەڕی، بۆ سەرخستنەسەری، لەم بەر و لەو بەرەوە لێیان دەپرسی: ئاغا گیان کاتژمێر چەندە.. بێ زەحمەت کەی بانگ دەدا. وەختی چێشتانگاوە؟

هێنــدە پێیان دەگوتەوە، لە بەر خۆوە بۆڵەی دەهات. ڕووی بابتان ڕەش بێت، ئەم شارە قوڕە ئیشی بەس گاڵتەکردنە بە خۆی... نازانم بۆچی دەست لەم گاڵتەکردنە هەڵناگرن... دونیا وێران بێت، ئەم شارە لە زەوقی خۆی ناکەوێت.

ڕیشە تاڵ تاڵ ڕەش و سپییەکەی لێ دەهات... یەخە چڵکن و پیڵاوە

شەش حەوت مانگ جارێک، کاروانێک کوتاڵی بۆ دەهات. پێش ئەوەی بیفرۆشێت، خانمە قەڵەوەکەی و دوو کچەکەی دەهاتنە دووکان، چی جوان و گرانبەها بوایە، بۆ خۆیان دەبرد، پاشان بۆی دەمخوارەکانی، ئەوەندەی تر ڕووخساری گاڵتەجاڕانەی پێ دەدا.

هەبوو بیانفرۆشێت. لەو وەختانەی خانمە قەڵەوەکەی دەهات، ڕەش هەڵدەگەڕا و دەسەڵاتی هیچی نەبوو، وا دیار بوو لەماڵەوە حاڵی باش نەبێت، بۆیە دراوسێکانی بە تانەدان لێی تەواو دەهرییان دەکرد: چییە ئاغا، دۆشەکەکەی ماڵەوە حەقی خەوتنەکەت لێ دەسێنێت... تۆ بەم کراسە چڵکنەوە بەیانی تا ئێوارە پەیدای دەکەیت و ئێوارە دەیکەیتە ناو تەنکییەکەی ماڵەوە... دیارە شەوان حاڵت شڕە بە دەستییەوە، بۆیە سواری ملت بوە.

وایان لێ دەکرد جنێو بدات، جنێوەکانی زۆر بە تام بوون. زمانی کەمێک فس بوو، کە جنێوێکی دەدا (ش) تێدا بێت، دەبوو بە (س) بۆ نموونە: لەباتیی بڵێت بێ شەرەفینە، دەیگوت بێ سەرەفینە. هێندە بە خۆشی دەیگوت، حەزت دەکرد یەک دوو جاری تر دووبارەی بکاتەوە. گیرفانەکانی دایمەن ئاوسا بوون. لە دووکانەکەی چایەکت دەخوارد، نیو کاتژمێر بە گیرفانەکانی دا دەگەڕا، تا قروشێکی دەردەهێنا بیداتە دەست چایچییەکە. گشت جارێ کۆمەڵێک تیانووس کە حیساباتی لە سەر نووسرابوو، دەهێنایە دەرەوە، ئەم گیرفان دەگەڕا بۆ ئەو گیرفان. زۆڵەکانی ناو قەیسەرییەکەیش هاواریان دەکرد: دەی پێغەمبەر مارێک بدا بە دەستەوە. چییە هیچی تێدا نییە... ئەم هەموو گیرفانە قروشێکی تێدا نییە.

لای دەستە چەپی دووکانەکەی، کورسییەک و مێزێکی دانابوو... لە سەر مێزەکە تەختەیەک و کۆمەڵێک تەختەی بازنەیش بە شیشەکانەوە هەڵواسرابوون. بەم تەختە بازنەییانە، حیساباتەکانی خۆی دەکرد و قەرزوقۆڵەیشی لە ناو تیانووسە زەردباو و بۆن عارەقەکانی ناو باخەڵی

دەنووسی. بە حەیاتی نان و کەبابێکی بۆ شاگردەکانی نەدەکڕی، یان بە سەرە بۆ نان خواردن دەچوونەوە ماڵەوە، یان دەبوایە ڕازی بن بە نان و دۆکەی نیوەڕۆیان.

دەستی چەپی دووکانەکە، قوماشی ئاوریشم بوو. ناوەڕاستی دووکانەکەیش، قوماشی مەخمەڵی و کەتان بوو... بە دەستی ڕاستی دا، قوماشی ڕەنگراوی بیابان بوو... بە دەگمەن موشتەرییەکی پیاوی هەبوو، موشتەرییەکانی بەس ژنانی شار و دەوروبەری شار بوون. دەبوایە شاگردەکان بەیانییان زوو، پێش دووکانەکانی تر دووکان بکەنەوە و ئێوارانیش، دوای دووکانەکانی تر دای بخەن. تا تاقە کەسێک لە قەیسەری بمایە، دووکانی دانەدەخست و چاوەڕێی موشتەرییەک بوو... دونیای لێ بوو بوە زەڕ.

گوناهیش بوو، زۆر بە خۆی دا دەچوەوە، کە کوڕی نییە. هەندێ کات زووخاوی دڵی خۆی هەڵدەڕشت، بە دەست ژنە قەڵەو و دوو کچە ناو چاو پانەکەیەوە. دەیگوت: دونیا بۆچی باشە، گەر دەنگی کوڕێک بانگت نەکات، باوکە. هەر چی ڕەنجم هەیە بە با دەچێت و دوو هەتیو سبەینێ دێن کچەکان دەبەن و ڕەنجەکەی منیش دەخۆن. ناو سکم ڕەش بوەتەوە بە دەست سەرشینەکەی ژنمەوە. بەیانی تا ئێوارە لە بەردەم ئاوێنە و خۆ ڕازاندنەوەیە، جوانیش بوایە قەیی نەدەکرد. نازانم بە گەنجی من کوێر بووم، یان باوکم فریوی دام، تووشی کردم بە تووشی سەر شینێکی وایەوە. پێیشم عەیبە لەم ئاخری تەمەنەوە تەڵاقی بدەم و بچم یەکێکی نازدار بهێنم. تازە باری خۆم کردوە و با ڕای بکێشم. خۆ من بە نان و ماستێک قایل دەبم، هەر چی بڵێم و هەر چی بکەم، درەنگە بۆ من و لە دەستم چوو... خەڵکی ئەم شارەیش لێم ناگەڕێن، وا دەهریم دەکەن، خەریکە بە دەستیانەوە شێت بم.

بانخانی خۆش نەدەویست. لێی دەترسا. باس بهاتایەتە سەر میرنشینەکە، سەری خۆی دەهێنایە بنگوێت و بە چرپەوە گلەییەکانی

دەردەبڕی، نەبادا کەسێک گوێی لێ بگرێت، باسی دەکرد کە:
ئامانی نییە. کە تێر بوو، چاوی سوور هەڵدەگەڕێت و چی بکەوێتە بەر دەست پارچە پارچەی دەکات. چەند جار داوای پارەی کردوە، بێ کەم و زیاد بە خێرایی توورەکەیەکم بۆ بردوە. بێ منەت ئیشارەتێکی بۆ کردووم، لەو خوارە توورەکە پارەکە فڕێ بدەم. ڕێزی ئەم ڕیشە سپییەی نەگرتووم و سەرانەی لێ سەندووم. خوا هەڵناگرێت، میری گەورە زۆر ڕێزی دەگرتم و سەریشی دەخستە سەرم، وەلێ قەت ڕۆژێ لە ڕۆژان، هەستم بە سووکایەتیکردن نەکردوە لە بەرامبەری، کەچی ئەمەیان ڕێزی کەس ناگرێت و دڵی بەوە خۆش دەبێت، سووکایەتی بە ڕیشسپییەکی وەک من بکات.
لای من، شارۆی کوتاڵفرۆش، یەکێک بوو لە پیاوە جوانەکانی شارەکە. لەوەتەی من دەیناسم و لەوەتەی بۆمی باس دەکەن، دڵی کەسی نەئێشاندوە و سەرقاڵی کوتاڵفرۆشتنی خۆی بوە. لە دڵم گران دەبوو بەو جۆرە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کراوە. کابرا گیرفانی خۆیەتی، چۆنی دەخوات و چۆنی هەڵدەگرێت، خەڵک هەقی بە سەرییەوە چییە و بۆ وازی لێ ناهێنن وەک خۆی بژی. یان میری گزگل تۆ چیت، تا سووکایەتی بە پیاوێکی ڕیشسپی بکەیت. بەو خرتەلانەیەی خۆیەوە، ڕێزی کەسانێکی دەگرت، بە شارۆی بازرگان ناوی بهێنن. ئەو ناوەی زۆر لە لا خۆش بوو. منیش شەیتانانە، بەردەوام بە شارۆی بازرگان بانگم دەکرد و بە ڕوویەکی خۆشەوە، جوابی دەدامەوە. حەیف بوو، نەدەبا گاڵتەی پێ بکەن... بەس چ بڵێم، ڕووی زەمانە ڕەش بێت. شتی وا دەبینیت بێز لە خۆت دەکەیتەوە. دێوانە بۆیە دێوانە بوە، لە ناو ئەمانە دا ژیاوە و ئەم شتانەی بینوە. زۆر لە سەری بڕۆم، منیش وام لێ دێت. ئێواران نەرم نەرم دەچووەوە ماڵ. کە بانگ دەدرا، چاکی کەواکەی هەڵدەکرد و بە هەنگاوی وردی خێرا، بەرەو خانەقاکە دەچوو. حەزی لێ بوو لە ڕیزی پێشەوەی نوێژکەران، نوێژ بکات. کاتێک نوێژ

Scanned by CamScanner

تەواو دەبوو، بە فڕکان خۆی دەگەیانــدەوە دووکانەکەی. لەو هەموو قوماشــە نایابە، خراپترینیانــی دەکردە بەرگی خــۆی... خاکی و بێ ئارەزوو... قسەخۆش و هەڵچوو... ناخێکی پڕ لە ئازار و ڕووخسارێکی شـیرین... ڕەزیلییەکـەی بووبوە تانەیەک بە سـەرییەوە... خۆبادانی ژنە قەڵـە و کچە دەموچاو پانەکانیشـی، باریان قورسـتر کردبوو... دەسماڵباشیی بۆ کەس نەدەکرد و زۆر بێوەی بوو. ئەمما خەڵکی شار سەریان خستە سەر کەسێک، دەیکەن بە کێو دا.

Scanned by CamScanner

# بیری کچە چاوڕەشەکە دەکەم

یەکێک لەو ئێوارانەی لای دێوانە گەڕامەوە، لای حەمامی سپییەوە کتوپڕ کچێکی باریکەلەی چاوڕەشم بینی. بە جۆرێک سەرنجی ڕاکێشام، تا ئێستایش وێنەکەی لە خەیاڵم دایە. باڵایەکی بەرز و قژێکی درێژ و دوو چاوی ڕەشی پێوە بوو. نیگایەکی هێمن و زەردەخەنەیەکی کاڵی بۆ کردم. بەو نیگا و زەردەخەنەیە چەقییە ناو دڵم. چەندین جار بەو ڕێگایە دا ڕۆیشتم و هاتمەوە، نەم بینییەوە. هەمیشە چاوەڕێی ئەوە بووم جارێکی تر ببینمەوە.

ژیان زۆر سەیرە، کەسانێک کتوپڕ لە شوێنێک دا دەیانبینی، تا کۆتاییی تەمەنت بە شوێنیان دا دەگەڕێیت بیانبینیتەوە، کەچی نایاندۆزیتەوە. لەوانەیە خەون بێت، یان فریشتەیەک و چووبێتەوە بۆ ئاسمان. بە سەدان شەو بە خەیاڵی نیگا پڕ زەردەخەنەکەیەوە خەو بردوومیەتیەوە. من عاشق نیم، عاشقیش نەبووم، وەلێ دەزانم کەسێک بە یەک بینین هاتە ناو دڵم و ئیتر نەڕۆیشت... پێ بزانێت یا نەزانێت، کاری خۆی کردوە. خۆشەویستی وایە، کەسێک پێشووتر نەت دیوە، بە نیگایەک دێتە ناو ژیانت، تا کۆتاییی تەمەنت ناچێتە دەرەوە! کەسی وایش هەیە، بە درێژاییی تەمەنت لە تەنیشتەوەیە، نایەتە ناو دڵت. سیحرێک لە ڕازیبوونی دڵدا هەیە، هیچ ئەولیا و حەکیمێک بۆی نادۆزرێتەوە... دوای نیگاکەی لەگەڵ خۆی بردمی.

بیرم لەوە دەکردەوە، ئەم جارە بیبینم بچمە بەر دەمی و بە جەسارەتەوە پێی بڵێم:

Scanned by CamScanner

باوانم،

تۆ بە جۆرێـک هاتییە ناو دڵم، هەر چەند ڕات بکێشـمە دەرەوە، دڵیشـم هەڵدەکەنیـت و لەگەڵ خۆت دەیبەیـت. چارەیەکم بکە، حەز دەکەم لە ژێر سێبەری تۆ دا بژیم.

خەیاڵی زۆرم بۆی هەبوو... دەمەویسـت هۆدەکەی سەرەوە، جوان ڕێک بخەم و دایک و باوکم لەم گوڵە ئاگادار بکەمەوە و گوڵێکی تر بۆ خۆشـی ماڵەکەمان زیاد بکەم. دەبێت دایکم چەند دڵی خۆش بێت، هەواڵی ژنهێنانی من لە زمانی خۆمەوە ببیسـتێت. دایم دووعا دەکات نەمرێت، تا من لە ماڵی خۆم ببینێت و ماچی نەوەکەی بکات.

چش لەم قسـانە، لە خەیاڵ دا دەژیم، ژیان شـتێکی ترە و خەیاڵ شتێکی ترە. مرۆڤ لە خۆشەویستی دا دۆڕا، خەیاڵاویتر دەبێت. مرۆڤ بۆیـە خەیاڵـی پێ دراوە، تـا قەرەبووی دۆڕانەکانـی ژیانی بکاتەوە. خەیاڵی من پڕە لە کۆشش و گەڕان بە شوێن مرۆڤ و خۆشەویستیی مرۆڤ دا. دەمەوێت یەکێک بم لەو کەسانەی، بکەومە دوای دۆزینەوەی خۆشەویستی. خۆشەویسـتییەک، مرۆڤ لە خۆی دوور خستوەتەوە. مەرج نییە خۆشەویسـتی تەنها گەڕان بێت بە شوێن ژنێک دا. بێزارم لەو فەقێ و کەسـانەی، کاتێک باسـی شـاعیرەکان دەکەن، یەکە و ڕاسـت بیریان بۆ لای ژن دەچێت. شـیعر هەموو جار بۆ ژن نییە... خۆشەویستیش هەموو جار بۆ ژن نییە... لەوانەیە شاعیرەکان ژنێکیان کردبێتە بنەوانی خەیاڵیان و دونیایان لەو ژنە دا وێنا کردبێت. شاعیر نیم، گەڕیدەیش نیم، کەسێکی ئاساییم. وەلێ دەکرێت دونیا ببێت بە کەسێک و کەسێکیش ببێت بە دونیا. گۆرانییەکی کۆن هەیە دەڵێت:

"دونیا لە لایەک و تۆ لە لایەک"

لەو گۆرانییەوە بۆم دەرکەوت، یەک تاکە کەس بەسە بۆ تێگەییشتن لە دونیا و تێگەییشتن لە دونیایش، بەسە بۆ ناسینی تاکە کەسێک، بۆیە لە کتێبە ئاسـمانییەکان دا ڕقێکی زۆر لە شـاعیرەکانە، چونکە

خەونـی گەردونییان هەیە، دەتوانن دونیا پێچەوانە بکەنەوە و خۆیان دونیایەکی خەیاڵی درووست بکەن، جیاواز بێت لە دونیای ئیمانداران، بنەوانی خەیاڵەکەیشیان خۆشەویستییە.

خـراپ داگیـری کردبـووم. تامەزرۆ بـووم یەک جاری تـر بیبینم. شـەوان لەگەڵ نووسـینەوەی گوتەکانی دێوانە، چۆڵیی دڵی خۆم بۆ دەنووسـییەوە. وەک وێڵێـک کووچـە بە کووچە و کـۆڵان بە کۆڵان دەگەڕام، تا یەک جار، بەس یەک جار بیبینم.

شانسی من وا بوو، کەسێک بە بێدەنگی بێتە ناو دڵم و، تا کۆتاییی تەمەنم نەی بینمەوە. زۆرم نەماوە لەم شـارە، کلاسـەکانی خوێندنم لـە خانەقـا بەرەو کۆتا دەچن و دەبێـت باروبنەی خۆم بپێچەمەوە و ڕوو بکەمە، پایتەختی میرنشـینێکی دیکە، تا لای مەلایەکی زاناتر لە مەلا شـەش پەنجە بخوێنم و ئیجازەکەم وەر بگرم. چەندێ سـەیری سەروسەکوتی خۆم دەکەم، لە مەلا ناچم، نە شێوەم لە مەلا دەچێت، نە مێشکم و نە دڵم. جگە لە خانەقا، جێگای تر نییە تا تێی دا بخوێنم. قابیلە ئەم شارە بچووکە ئەسکەندەریەیە پڕ بێت لە زانا و فەلەکناس و حەکیـم، تـا بچیت لە لایان بخوێنیت. هەتــە و نیتە خانەقایەکە بە مەلایەکـی کلۆڵـەوە، نیـوەی تەمەنت تەواو دەبێـت، فێری فەتحە و کەسرەی نەکردوویت. دەبیت بە مەلایش، کەوایەکی شین و مێزەرێکی سـپی و دوو ئایەت و حەدیس و چوار حیکایەت لە بەر دەکەیت و بۆ خەڵکی دەجوویتەوە. زانستەکەی ئێمە تەشتێک حیکایەتی دووبارەیە.

مێشـکم پێم دەڵێت، ڕوو بکەمە شارە دوورەکان، شارانێک زانستی تێـدا بێـت، ژیربێژیی تێـدا بێت، حیکمەتی تێدا بێـت، من کوڕی ناو خانەکانـی حیکمەتـم، نەک ناو خانەقاکانی حیکایەتـی کۆنەکان. بە مـن چـی، بابایەکی عەرەب سـەری خەڵکی زۆر پەڕانـدوە یان کەم، بـە من چـی نانەڕەقی خـواردوە، یان پڵاو. من حیکمەتـم دەوێت... دێوانە نەبوایە شێت دەبووم. لە دارای دونیا بەس دێوانە شک دەبەم،

دەسکاریی مێشکە بچووک و جەنجاڵەکەم بکات.

لە بارەی دڵمەوە مەپرسە، وێرانە. تیرێکی بەر کەوت و خوێنی لێ دەڕوات. نە خاوەن تیر دیارە نە تیریش دەردێتەوە. سوپاس بۆ خەیاڵەکانم، حەنجەم پێیانە. خەیاڵەکانم نەبایە، ژیان دەیکوشتم. ناتوانم وەک خەڵکەکە بخۆم و پێبکەنم و گاڵتە بە بازرگانەکان و دێوانەکان بکەم و لە بەردەم میرە نا میرەکە دا، زەردەخەنەی درزینە بکەم. ناتوانم وەک دێوانە، تەرکی دونیا بکەم... نایشتوانم هاودەمەکەی خۆم بدۆزمەوە... بە ڕاستی تاقانەم... تاقانەبوون بێ کەس بوون نییە، غەریببوونە لە ناو کەسەکان دا. بە ڕۆژ ڕاکەڕاکەمە، لە خانەقاوە بۆ دووکان، لە دووکانەوە بۆ ماڵی جوولەکەکە، لە ماڵی جوولەکەکەوە بۆ لای دێوانە. بە شەو یان دێوانەیی دەنووسمەوە، یان وەهمەکانی ناو حوجرە. دڵم بە ئاستێک لە سنگم دا تەنگ بوە، شوێنی خۆمی تێدا نەماوە. ئەرێ بۆچی کەسێک دێت وا لە دڵ دەکات، جگە لە خۆی شوێنی کەسی تر نابێتەوە؟ هەر بەرژدی شوێنی خۆم نابێتەوە و دەیەوێت خۆم دەربکات و پێم بڵێت:

من ئیتر هی تۆ نیم. ئەوەی هات و شوێنی خۆی گرت، نە دەڕوات و نە کەسیش دێتە شوێنی. چارەی دەرد، لای دەردەدارە. تۆ بڵێیت دێوانە وەک من ڕۆژێک لە ڕۆژان، تیرێک بەر گیانی کەوتبێت؟ بۆچی ئەم جارە ڕای نەکێشمە ناو باسێکەوە، بەشکوم ڕێگایەک پێ بزانێت... جا کردمان ڕێگایشی زانی. بە من چی خۆ تیرەکەی من بێ خاوەنە. ونبوەکە، جگە لەم دڵەی من لەم دونیایە دا، شوێنێکی نییە تا ڕووی تێ بکەم. کە ئازارەکەی ناخم هورژم بۆ دەهێنێت، سۆفییە گەورەکانم بیر دەکەوێتەوە، چۆن بۆ گەیشتن بە ڕووناکییەک، بوونەتە پەروانە و لە دەوری ڕووناکییەکە سووتاون. پەروانە دەزانێت ئاگر سووتێنەرە، بەڵام عەشقی ڕووناکییەکە ڕای دەکێشێت تا بسووتێت. سۆفییەکان فێری ئەم عەشقەت دەکەن، لە پەروانەکانەوە بۆیان ماوەتەوە. کەی

Scanned by CamScanner

بێت خۆم ببینم، قرچەم لێوە هەڵسێت و سووتانی خۆم ببینم.
سووتان! ئەمە سووتان نییە؟
لـە نـاو خۆم دا کێشـەم لەگەڵ خۆم دا هەبوو. پرسـیارم لە خۆم دەکرد و خۆیشم بە پێی عەقڵی خۆم وەڵامم دەدایەوە. کاتی وا هەبوو، هێندە دەنگم بەرز دەکردەوە، دەنگم دەگەییشتە خوارەوە. جارێکیان لە گفتوگۆ دا بووم لەگەڵ خۆم دا، دایکم هات بە سەر دا:

- ئەی ڕۆ، ئەوە لەگەڵ کێ قسـە دەکەیت؟ ناشـێت شـێتیش بوو بیت.

- نا دایە گیان نا، خەمت نەبێت، وانەکانمان قورسن، دەبێت لە بەر خۆمەوە بیانڵێمەوە و باسـیان بکەم، تا بیرم نەچن. لە بەر خۆمەوە قسە ناکەم، دەرسەکانم لە بەر دەکەم.

- دە باشە ڕۆڵە، ترسام گوتم نەکا جنۆکە دەستی لێ وەشاندبێت.

کـە دایکـم چـوە خـوارەوە، گوتم: جنۆکـەی چی، فریشـتەیەک دەسـتی لـێ وەشـاندووم، گەر حاڵی ئـەم دڵەی من بزانیت، باسـی جنۆکە ناکەیت، باسـی تارماییەک دەکەیت، ئێوارەیەک بینم و هاتە ناو ژیانم و ڕۆیشـت. دەنگی غەریبەیەک لە دڵمەوە دێت. شارەکەمان چوار حەکیمی تێدایە. حەکیمی برین و حەکیمی ئێسـقان و حەکیمی پێست و حەکیمی گۆشت، کەچی یەک حەکیمی تێدا نییە، جێدەستی خۆشەویسـتی چاک بکاتەوە. لەوانەیە شـارەکەی ئێوەیش پڕ بێت لە حەکیم و هیچیشیان حەکیمی دڵ نەبن... بۆچی ئەم هەموو حەکیمە هەیە و کەسیان حەکیمی دەردی دڵ نیین. گەورەترین برینی مرۆڤ لە خۆشەویسـتییەوە دەست پێ دەکات. لە خۆم دەپرسم، چی بکەم تا برینەکەم چاک بێتەوە؟

چارە لای برین درووسـتکەرەکەیە. دڵ وەک شـوێنەکانی جەسـتە نییـە، نـە وەک چـاوە، نە وەک ئێسـقان، نـە وەک قاچ و دەسـت، کە شـکا، بەس شـکێنەرەکە چاکی دەکاتەوە، کە بریندار بوو، تەنها

برینداروستکەرەکە چاکی دەکاتەوە، نە بۆ تەبیب بگەڕێ و نە بۆ دەوا... دەوا لە زەردەخەنە و چاوان دایە. تیرێک بە نیگایەک بچەقێتە دڵ، بە زەردەخەنە دێتە دەرەوە. خەریکم، داد و ناڵینەکانی خۆم دەنووسمەوە، بۆیە دەڵێم ئەمە عەشق نییە، عەشق داد و ناڵین نییە، عەشق هۆشیارییەکی باڵایە. ئێوارەیەک لە گۆشەی حەوزەکەی خانەقا دانیشتبووم. سۆفییەک بە کوڵەباڵێک و مشکییەک لە سەر، لە تەنیشتم دانیشت. قاچی خستە ناو حەوزەکەوە و بە بێدەنگی، سەرنجی ماسییەکانی دەدا. پاش کەمێک وردبوونەوە لە ماسییەکان، کەوتە قسە لەگەڵیان:

"ماسییە بچکۆلانە و جوانەکان... عەشقی ڕاستەقینە بێدەنگی کردوون؟ عەشقی ڕاستەقینە مرۆڤ بێدەنگ دەکات. لەوانەیە سەردەمێک، کە زەوی دروست کرابێت، یەکەم شتێک بە ئێوەی ماسی بەخشرابێت، قووڵی و بێدەنگییە، هەر دووکیان مانای عەشقێکی ڕاستەقینە دەگەیەنن، وەلێ سەرم لەوە سووڕ ماوە، بۆچی هێندە گێلن، دەبن بە تۆڕی ڕاوچییەکانەوە، خۆ عەشقی ڕاستەقینە، هۆشیارییەکی قووڵە"

منیش خۆمم لێ نزیک کردەوە و سڵاوێکم لێ کرد.

لە ژێر لێوەوە وەڵامێکی دامەوە:

- مامە سۆفی، عەشق لە دڵ دایە یان لە مێشک؟

- لە هیچ کامیان دا نییە. مێشک بە شوێن لۆژیک دا دەگەڕێت، دڵیش بە شوێن خۆشەویستی. عەشق لە ڕۆح دایە.

-کە وایە ڕۆح حەقی چییە بە هۆشیاریی باڵاوە؟

لایەکی بۆ کردمەوە و جوابی دایەوە: پرسیارەکانت قورسن، کێ فێری کردووی لەم جۆرە پرسیارانە بکەیت؟ هێشتا زوە بۆ تۆ پرسیاری لەم جۆرە بکەیت و زوویشە تێ بگەیت لە وەڵامەکانیان.

- مامە سۆفی پێم خۆشە جوابەکەی بزانم؟

Scanned by CamScanner

- ڕۆح حەقی هەیە بە سەر هۆشیاریی باڵاوە، چونکە ڕۆح تەنها لە گەیشتن بە هۆشیاریی باڵا دەدۆزرێتەوە. تا نەگەییتە هۆشیارییەکی قووڵ و گەردوون لەبەر چاوت نەبێتە خاڵێکی بچکۆلە، ناتوانی ڕۆح بدۆزیتەوە.

- ئەها، تێگەییشتم... کە وایە کە ڕۆحمان دۆزییەوە عەشقیش دەدۆزینەوە؟

- بەڵێ. پەیبردن بە ڕۆح پەیبردنە بە عەشق. تۆ تەماشای ئەو خەڵکانە مەکە، بە شەو ڕۆژێک باسی عەشق دەکەن، ئەوانە نە لە خۆیان تێگەییشتوون، نە لە عەشق. وەلێ وشەکەیان لە بەر کردوە و داد و ناڵەی خۆیان لێ بوە بە عەشق. عەشق ئەوە نییە... عەشق شوێنێکە کەم کەس پێی دەگات.

پاش گوێگرتن لەو سۆفییە، دانم بەوە دا نا، من عاشق نیم. عاشق کەسێکە خۆی دۆزیوەتەوە و دەزانێت ڕۆح چییە. منێک، کە بەس ڕۆحم بیستوە و نازانم چییە، عاشقی چی.

داد و ناڵەی من پەیوەندیی بە عەشقەوە نییە. پەیوەندیی بە چاو ڕەشێکی باریکەلەوەیە، چوەتە ناو دڵم و دەر نایەت و بۆیشم نادۆزرێتەوە، لە دە لاوە بیمارم، بۆ چارەکردنی بیمارییەکانم، ناچارم چیم بینوە بینووسمەوە، نووسینەوە دەوایەکی باشە بۆ سارێژبوونی برین. ڕۆژێک هات خۆم بتوانم، بنووسم و دەست لە نووسینەوەی قسەکانی دێوانە هەڵبگرم، حیکایەتی وا لە مێشکم دایە، مەست و حەیرانتان دەکات. ئەمەی دەیخوێننەوە، هیچ نییە، تنۆکێک ئاوە لە خەیاڵەکانم. باسی شارێکە دەیان چیرۆکی تاڵ و شیرینی تێدایە... بەشێکە لەو بەشەی، کە بە چاوی من بینراوە. هەڵبەتە هەموو بەشەکە نییە. بمەوێت شارەکە بە یەکجاری بنووسمەوە، دەبێت چی تیانووسی ناو خانەقایە بیدزم و پڕی بکەم لە حیکایەتەکانی مێشکی خۆم. لە هەمووی ناخۆشتر، ناتوانم بە باشی باسی برینەکەی ناخی خۆم

بکەم. زمانم زۆر لاوازە بۆ وەسفی برینەکانی خۆم. زمانم بگاتە ئاستی نووسینەوەی برینەکانم، دەستنووسەکان پڕ دەکەم لە برینی خۆم.

شەو درەنگی کردبوو. چاوم زۆر قورس بوو، دەرگای کوپی مەرەکەبەکەم بە باشی نەدەبینی. بە ئومێدی خەوبینین بە چاورەشەکەوە، بە لا دا کەوتم. کاتێک خەبەرم بووەوە، هەتاو لە تاقەکەوە خۆی کردبوو بە ژوور دا و تا لای سەرینەکەم هاتبوو.

Scanned by CamScanner

# مەلاشەش پەنجە

لە یەکەم سات دا بینم، خۆشم نەویست. توولێکی هەنارینی دەگرت بە دەستەوە، بە دڵی خۆی بێڕەحمانە دەیکێشا بە ڕان و سمت و پشتمان دا. یەک هەڵە بەس بوو، تا سێ چوار توڵی تەڕ بخۆیت. هێندە کافر بوو، کە وانەکان تەواو دەبوون، تووڵە هەنارینەکەی دەخستە ناو حەوزی ئاوەکە، تا وشک نەبێت و دایم تەڕ و ئازاراوی بێت.

هـۆدە بچووکەکەی لە گۆشـەی خانەقاکە دا، سـۆپەیەکی دارین و کۆمەڵێک کتێبی گەورە گەورە و دۆشەکێکی تێدا بوو. بەیانییان نان و ماسـتێکی باشیان بۆ دەهێنا تێری دەخوارد. نیوەڕۆیان لەو چێشتەی سـۆفییەکانی خانەقا لێیان دەنان، بەشـیان جیا دەکردەوە و لە سەر سـینییەک دەیانبردە هۆدەکەی خۆیەوە. لەوێ جلەکانی دەشووشت و دەیدا بە سەر تەنافی سەر حەوزەکە دا و وشکی دەکردنەوە. بیستوچوار کاتژمێر لەوێ بوو، مەگەر بۆ مەولودێک یان بۆ مارەبڕینێک بچووبایەتە دەرەوە.

بە ئەسـڵ خەڵکی دەشتاییەکان بوو، کاتی خۆی لەگەڵ کاروانێک لە جوتیارانی خزمی هاتبوە شار و لای مەلای گەورە جێیان هێشتبوو، تـا بخوێنێت و ببێت بە مەلا و بگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی خۆیان. دوای وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی، دڵی چووبوە لەم شـارە و نەگەڕابوەوە، تـا مەلای گەورە سـەری خۆی هەڵنەگرت لە داخـی ئابڕووچوونەکەی حەوشەی خانەقا، بەردەستیی مەلای گەورەی دەکرد. کە ئەو ڕۆیشت، مەلایەکی تر هاتە شوێنی، لە شانسی ئەم دا زوو مرد، مەرگی مەلاکە

فرسەتی پێ دا، ئیتر خۆی بوو بە بکوژ و ببڕی خانەقا.

لە سەردەمی ڕووخاندنی میری گەورە و هاتنەوەی بانخان بۆ میرایەتی. سەرێکی لە بانخان دابوو، تکای لێ کردبوو، چ ئەمرێک دەکات بۆی جێبەجێ بکات. میریش ئیجازەی دابوو لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە و سەرپەرشتیی خانەقاکە بکات و ڕۆژانی هەینییش هەر مەلایەک خوتبە دەدات، لە خوتبەکانی دا، کەمێک باسی شکۆی میر بکات، مەلایش بەمە ڕازی بوو و شوێنی خۆی گەرم کرد.

دوای ماوەیەک، لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شار، بانخان خانەقایەکی تری کردەوە، لەم گەورەتر. چوو لە دەرەوە کۆمەڵێک مەلا و سوختەی بۆ هێنا و تەریقەتێکی تری قووت کردەوە وردە وردە بە هۆی خۆشیی خانەقاکە و گەرموگوڕیی میوانداریيانەوە، پڕ بوو لە خەڵک و خانەقا کۆنەکە چۆڵ دەبوو. بەم حاڵەیشەوە مەلا وازی نەهێنا و بە سەدەقە و سواڵ، نەی هێشت خانەقاکە دابخرێت. سۆفییە کۆنەکان و ئەهلی تەریقەتە کۆنەکە، زۆربەیان هەژار و جوتیار بوون، ساڵانە چی زەکاتێکیان دەکەوت، دەیانهێنا بۆ خانەقا و لەوێ سوختە خانەکانی پێ بەڕێوە دەبرا. بانخان نەی دەویست بە ئاشکرا دەرگای خانەقاکە دابخات، دەترسا ئەهلی تەریقەتە کۆنەکە لێی هەڵسن و ئاژاوەیەک بنێنەوە. ئەمما گرینگییەکی زۆری بە خانەقا تازەکە دەدا و بۆ ڕیاییش، ڕۆژانی هەینی سەرێکی لێ دەدا. لەو باج و خەراجەی دەستی دەکەویت، پشکێکی بۆ دانابوون.

قسە و باسی زۆر لە سەر تەریقەتەکان دەکرا و هەر لایە و وەک میرەکان، خودای بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. لەم کەینوبەین و بگرەوبەردەیە دا، مەلا وەک بەردێکی ڕەق وەستابوو، لە سەر ڕێتمی خۆی دەڕۆیشت. دەیزانی خانەقاکەی چۆڵ بوە و ئەهلی مەسڵەحەت ڕوویان لە تەریقەتە تازەکە کردوە، گوێی نەدەدایە و دەیگوت: هەموو گوزەیەکی تازە ئاوی خۆشە. ڕۆژگارێک دێت، ڕاستی و درووستی دەردەکەوێت و دەگەڕێنەوە

سەر ڕێگا ڕاستەکە. خانەقاکەی من یەکێکە لەو خانەقا کۆنانەی دەیان مەلای گەورەی دروست کردوە. خوا خۆی باش دەزانێت و پشتوپەنای ڕاستییەکانە. ئێمە خودامان هەیە، میرمان بۆ چییە.

کە دەمبینی بەم شێوەیە وەستاوەتەوە و بەرەنگاری دەکات، تۆزێک زۆر نا، خۆشم دەویست. دوای کەمێک بە خۆی و تووڵە دارینەکەوە دەهاتە ناو سوختەخانەکە، ئەو خۆشەویستییەی هەم بوو بۆی، دەبوە ڕق و پەشیمان دەبوومەوە. لە ناو خەڵک دا قسەی ڕەق و زلی دەکرد، لە بەردەم دەستە و تاقمی میریش دا، دەبوو بە لۆکەیەکی نەرم.

دەمەو عەسرانێک وانەمان دەخوێن و گەییشتبووینە سەر بەشی لۆژیکی ئەفلاتوونی، لێم پرسی مامۆستا:

– لۆژیک چ پەیوەندیی بە ئایینەوە هەیە؟

دەهری بوو... یەک شووڵی کێشا بە بناگوێم دا سوور سووری کردەوە... ئەوەندە ئازاری هەبوو، چاوم پڕ لە فرمێسک بوو، بەوەیشەوە نەوەستا، دوو سێ قسەی تاڵی پێ دا کێشام.

– هەی کەچەڵی قول باریک، چۆن حەقی چییە، خوا ئایینی دروست کردەوە و عەقڵیشی دروست کردوە... هەر دووکی پێکەوە دروست کردوە و دەبێت سوود لە هەر دووکی ببینین... تۆی گەمژەی منداڵ، گوومان لە قودرەتی خودا دەکەیت!

دەمم سووتا، خۆزگە پرسیاری وام نەکردبایە، من چووزانم بەو جۆرە وەڵامم دەداتەوە و بەو شێوەیە لە لۆژیک تێگەییشتوە. چەندین جار لە سەر پرسیارکردن شەقم خواردوە بە دەستییەوە. لە تەڕ دەخوات و هەڵدەچێت... دەتەوێت شتێک بزانیت، نابێت ڕووی تێ بکەیت، بە پرسیار شتێکی وا نازانێت، تا بیخاتە سەر نەزانینی تۆ. بەدبەخت بووین بە پەلەم بوو بۆ تەواوکردنی وەرزی دەرسەکان و، لەم خانەقایەوە ڕوو ناچار دەبێت تەواوی بکەین...

بکەمە شوێنێکی دیکە.

نە ژنی دەهێنا و نە بیریشی لێ دەکردەوە. بە ساڵ سەری لە خزمان و کەسوکاری خۆی نەدەدا. بە تەواوی مۆگری خانەقاکە بووبوو، بەرد بە بەرد و کتێب بە کتێبی خانەقاکە شارەزا بوو.. لە منداڵییەوە تا ئێستا لێرە ژیاوە... خەڵکیش زیاد لە حەد ڕێزی دەگرن و کەس ئاگای لە سوختەکان نییە، چ دادێکیانە بە دەستییەوە. لە لایەک ململانێی مانەوەی خانەقاکەی دەکرد، لە لایەکیش خۆی دەکرد بە کۆشکەکەی میر دا و داوای لێ دەکرد، گەر ئەم خانەقایەت بە دڵ نییە، با دای بخەین و بچینە خانەقاکەی تر خزمەت بکەین. خزمەتکردنی خودا لە سەر تاشەبەردیش بێت دەکرێت. میرییش دڵنیای دەکردەوە مەبەستی داخستنی خانەقا کۆنەکە نییە... ڕاستی نەدەکرد، دەیەویست بە لۆکە سەری خانەقاکە ببڕێت، مەلایش شەیتان بوو، هانی دەدا دای بخات تا ببێتە هەڵلا و ئاژاوەیەک درووست بێت و خەڵک ڕوو بکاتەوە خانەقاکەی و باج و خەراجەکان بدرێنەوە پێی. پیاوانی کۆشک لە فیتەکەی تێگەییشتبوون و نەیان دەهێشت ڕیاییەکەی سەر بگرێت.

بیزانیبایە خانەقاکە زۆر چۆڵە، فرسەتی دەهێنا خوتبەی هەینیی خۆی بیدا. لە خوتبەکە دا باسی کەمدەرامەتیی خانەقا و بێ ئیمانیی خەڵکی دەکرد. لە گوتارەکانی دا هاواری دەکرد:

"خودا پەنامان بدات،

بێ ئیمانی بوە بە عادەت. شەش ڕۆژ لە سەر یەک، لەم دونیا خۆش و بەرینە دەخۆن و دەخەون، ناتوانن بۆ دوو خولەک ڕۆژانی هەینی بێنە خانەقا گوێ لە خوتبە بگرن. خوا ڕسقی ئەوانە ببڕێت، ڕوو لە مزگەوت ناکەن و نوێژ ناکەن. پێغەمبەرە نازدارەکەمان سەد جار گوتوویەتی، دواکەوتن لە نوێژ دواکەوتنە لە دەرگای بەهەشت."

مەبەستەکەی ئیمان نەبوو. مەبەستەکەی لای فەقێیەکان و سوختەکان ڕوون بوو، کە داوای وشکە دەکات بۆ خواردن و ڕقی

لـە قەرەباڵغیـی خانەقاکەی تر، هانـی داوە بچێتە سـەر مینبەرەکە قسـە بـکات. نـەی دەوێرا بڵێـت: ڕوو لـەو لا مەکـەن و وەرنەوە بۆ ئێرە. لە باتیی گوتنی ڕاسـتییەکە، باسـی ئیمان و بێئیمانیی خەڵکە بەسـتەزمانەکەی دەکرد. بێئیمانیی خەڵک چ حەقی بە سـەر هاتن و نەهاتنـە بۆ مزگەوت... کێ بە گوێگرتن لە مەلایەک ئیماندار دەبێت و بە گوێ نەگرتن لێی بێ ئیمان دەبێت. ئیمان لە ناو ڕۆحەکانە، نەک لە مزگەوت و خانەقاکان. لە باتیی ئەم هەڵیتوپەڵیت گوتنە، ڕاستییەکەی بگوتایە خۆشـتر بوو. خەڵکە داماوەکەیش وا گوێیان لێ دەگرت وەک بڵێیت، هاکا دونیا بە سەرمان دا ڕووخا... هاکا بە بۆنەی گوێنەگرتن لـە مەلایەک بومەلەرزەیەک هەڵی کـرد و چی کافر هەیە لەگەڵ خۆی بباتە ژێر زەوی.

Scanned by CamScanner

# مەرگی باپیرەم بە حیکایەتی نەنە پوونە

نەنــە پوونە، حیکایەتەکانی زۆر غەمگین و جوان بوون. ژیانی من پڕە لەو حیکایەتانەی لە زمانی نەنەوە کەوتوونەتە خوارەوە. بە منداڵی خەوم لێ نەدەکەوت، تا سەر نەخەمە سەر سنگی و بە بۆنی مێخەکەکان و حیکایەتــەکان خەو دەیبردمەوە. کاتێک گــەورە بووم، هۆگریم بۆی زیاتر دەبوو، وەلێ نەی دەتوانی باسێک بکات بە بێ ناوهێنانی باپیرم، ئەزموونێکــی دوور و درێــژی لەگــەڵ پیاوان دا هەبــوو، ئەزموونەکەی فێری کردبوو، پیاوەکان بەر لەوەی دەم بکەنەوە، بە چاویان دا بزانێت چییان دەوێت. لە بارەی پیاوەکانەوە، قسەی عەجایەبی هەبوو! باشی دەناسین، کردبوونی بە دوو بەشەوە، وەک خۆی باسی دەکرد:

پیاوەکان دوو جۆرن:

جۆرێکیان کۆشکیان هەیە، ئەســپی گرانبەهایان هەیە، موستیلەی ئاڵتوون دەکەنە دەســتیان و شــار بە شــار و وڵات بە وڵات دەگەڕێن، هەموو شوێنێکی ژن دەناسن، ئەمما خۆیان ناناسن. لە ناو دونیایەکی گــەورە و دڵێکــی بچووک دا، نازانن چی لــە خۆیان بکەن، ئەمانەیان، ورگیان لە عەقڵیان گەورەترە، هێندە لاوازن بە نازی کراسێکی سووری ســەر تەنافێک، چۆک دا دەدەن. پڵنگێک لــە ناخیان دایە، ئارەزووی خواردنی گۆشتی ژنە، هەموو شتێکی ئەم سەرزەمینە بە ڕووتی دەبینن. خەیاڵیان لای ڕاکردنە بە شوێن کەروێشکێکی خرپن دا، هەر وەک چۆن پڵنگێک لە بێشەڵانێک دا دادەنیشێت، تا نێچیرەکەی بێت و پەلاماری بــدات، ئەمانیــش لە ناو کووچە و کۆڵان و بازاڕەکان و کۆشــکەکان دا

دادەنیشـن، تا نێچیرێک وەچنگیان بکەوێت! خۆیان دەکەن بە کاڵا و ڕوویەڕووی ناشیرینترین شت دەبنەوە، وەلێ ڕوویەڕووی خۆیان نابنەوە. ئارەزوویـان چـی بوێت دەیدەنێ، جگە لە عەشـق، ئەمانە غەریبن بە عەشق.

جۆرێکی تریان:

تەنیـان، لـە هەر شـوێنێکی ئـەم دونیایە بن، تەنیـان. هەر چۆن گوڵدانێـک دەکەوێتە خوارەوە و پارچە پارچە دەبێت، یەک جار تەنها یـەک جـار، دڵیان کەوتوەتـە خـوارەوە و پارچە پارچـە دەبن. ئەم جۆرەیان، برینێک لە سـەر دڵیانـە، بە هیچ حەکیمێک تیمار ناکرێت. هەمیشـە گۆشەگیرن، ماڵێکی بچووک و دڵێکی شکاویان هەیە. کەس نەناسن، خۆیان دەناسن. هەرگیز لەم دونیایە دا ناگەڕێن، لە ناو خۆیان دا دەگەڕێن. وەک ئاگر وان، دوور بیت لێیان سـەرمات دەبێت و نزیک بیت لێیان دەسووتێیت. بۆ ژن ناگەڕێن، بۆ عەشق دەگەڕێن لە ناو ژن دا. چـۆن دەزانن ماڵەکەی خۆیان لە کوێیە، ئاوایش دەزانن ڕۆحی ژن لە کوێیە... ئەمانەیان یەک جار لە ژن دەتۆرێن و، ئیتر تا مردن ئاشت نابنەوە... عەشق لە دووری دا دەبینن... نزیکی بۆ ئەمانەیان، دەردە دەرد... منداڵییـەک لـە ناخیان دایە، وەیل بۆ ئەو ژنەی منداڵییەکەی ناخیان بە خەبەر دێنێت... دەبێت تا مردن ئاگای لێی بێت، نەتۆرێت.

لـەم دوو جـۆرە دا: بەشـێکیان غەریبـن بە ژنەکان و ئاشـنان بە خۆیان، بەشەکەی تریان ئاشنان بە ژنەکان و غەریبن بە خۆیان. بەشی یەکەمیـان، پڵنگێکی خەوتـوو لە ناخیان دایە و بەشـی دووهەمیان، منداڵێکـی خەوتوو. بەدبەختە ئەو ژنـەی، یەکێکیان بە خەبەر دێنێ. نایشـارمەوە کورم، هەر دووکیان موسـیبەتن بۆ ژن. ڕاسـتە باپیرت پیاوێکی زەریف و بە کەیف بوو، وەلێ کە تووڕە بوایە، وەک پیاوەکان، پیـاو بوو. مەچەکیان زۆر قـورس و ڕەقە، کاتێک لاواز دەبن عەقڵ لە سەریان دا نامێنێت و مەچەکیان بە کار دەهێنن. ڕەحمەتی، کەم تووڕە

دەبوو... کەمیش دەستی بە کار دەهێنا، بەڵام دایم لێی دەترسام. جوانترین کاتی، کاتی مەستبوونی بوو، لەو کاتانە دا خۆی بوو، خۆی. منالییەکەی ناخی لە مەستی دا بە خەبەر دەهات. بێزم لە بۆنی دەمی دەهاتەوە، وەلێ لەو کاتانە دا خۆشم دەویست، گەر لەبەر بۆنی دەمی نەبوایە، حەزم دەکرد بە مەستی باوەشی پێدا بکەم و بیلاوێنمەوە. هەستم پێ کردبوو لەو کاتانە دا چۆن ڕووخسارە پیاوانەکەی لا دەبات و وەک منداڵێک لەگەڵم دەجووڵێتەوە. خۆزگە، مەی حەرام نەبوایە و بۆنی ناخۆش نەبوایە. تا پیاوەکان بیخۆنەوە و حەقیقەتی خۆیان بۆ ژنەکان دەربخەن. ئێواران لەگەڵ خۆی توورەکەیەک کەلوپەلی دەهێنایەوە... گۆزەیەک شەراب... خەیار و تەماتە و پیاز و ماست... چیمان پێویست بوایە دەیهێنایەوە، لە ژیانم دا، نەم بینی بە دەستی بەتاڵ بێتەوە ماڵ. بەشەکەی من و بەشەکەی خۆی جیا دەکردەوە. دەیگوت:

پوونە خانم، خەمت نەبێت، بەشەکەی تۆم جیا کردەوەتەوە، با حەرام نەبێت. تۆ ڕێگای خۆت و من ڕێگای خۆم، بەڵام من هۆشم هەبێت، لەو دونیایش بە شوێن ڕێگاکەی من دا دێیت. مادام بەهەشت مەیخواردن و خۆشگووزەرانییە، با لێرەوە دەست پێ بکەین. بۆچی خۆمان هەڵبگرین بۆ ئەوێ. تفتەومفتەی زۆری دەگوت، گوێم نەدەدایە. تازە پیاوم بوو، نەدەکرا لەبەر خوەکەی خۆی وازی لێ بهێنم، من ناڵێم پیاوەکەم خراپ بوو، نایشڵێم لە پیاوەکانی تر باشتر بوو، زمانم لاڵ بێت بتوانم خراپەی بڵێم، چیم ویستوە نەی گوتوە نا، چیم کردبێت لاری نەبوە، یەکەم ڕۆژی هاوسەرگیریمان، سێ شتی پێ گوتم:

بە بێ پرس هیچ مەکە

درۆ مەکە

خۆت بە.

یەکەم ڕۆژ و ئاخر ڕۆژی وەک یەک بوون. بۆ کوێم بویستایە پرسە

گورگانەیەکم بکردایە، نەی دەگوت، نا. چیم بکردایە بۆم بگێڕایەتەوە، خراپیش بوایە، مادام ڕاست بوو، نیگەران نەدەبوو. خۆیشم بووم، بە گیانی کوڕە نازدارەکەم خۆم بووم. دوو قسەی یەکەم جێبەجێ بکە خۆتی، هونەری تێدا نییە، کوڕە شیرینەکەم. خۆتبوون بە دوو مەرجەکەی پێشوو دەکرێت.

نەی دەویست وەک ژنەکانی تر بم، هەوڵی زۆری دا، دوور بکەومەوە لەم تاعەت و خۆپارێزییە. بە قسە نا، بە هەڵسوکەوت. لەو پیاوانە بوو، شتی پێ نەدەگوتی، فێری دەکردیت. کارەکانی خۆیشی زۆر بە ڕژدی و بە وردی جێبەجێ دەکرد. لەو چەند ساڵە دوور و درێژە پێکەوە بووین، بۆ جارێکیش چییە، نەم دی کارێک بکات، لە کارەکەی ناڕازی بم. زۆر بە سەلیقە و بە وردی دەجووڵایەوە.

بە ڕۆژ نەی دەخواردەوە، تا ئەستێرە لە ئاسمان دەرنەکەوتایە، پێکە شەرابەکەی تێ نەدەکرد. خۆی گوتەنی: تا بە تەواوی دونیا تاریک نەبێت، ڕووناکی خۆشەویست نییە. دڵ لە تاریک دا باشتر لێ دەدات و ئارەزووی زیاترە... شەراب دەرمانی دڵ و ڕۆحە... مەی خواردنی پێغەمبەرانە. پوونەی ئازیز، یەک پێغەمبەرم پێ بڵێ، مەی نەخواردبێتەوە... شەراب ڕۆحی سرووشتە، بۆیە پیاوە گەورەکان خواردوویانەتەوە... من ڕێگای پێغەمبەرانم گرتوە، بۆیە ڕووم کردوەتە مەیخانە.

لە بیرم ناچێت، قەتم لە بیر ناچێت. زۆر هەوڵم داوە بۆ ساتێک ڕووخساری، پێکەنینەکانی، گاڵتەکانی لە بەر چاوم نەمێنن، ناتوانم. قورسە چەندین ساڵ هاودەمی کەسێک بیت، کتوپڕ مەرگ بێت لێت بسەنێتەوە. بێڕەحمیی مەرگ بێ ئەندازەیە، ئازاری وات لێ دەسەنێتەوە، تا ڕۆژی مەرگی خۆت، برینەکەی لە سەر دڵتە.

خۆزگە پێش ئەو دەمردم، نەبینم بە تەنیا جێ ماوم، بەڵام چی بکەم، ئەوەی لای بەشەر خەیاڵە، لای خودا بەتاڵە.

داخی ئاخر ئێوارەی، وا لە بانی دڵم... بەهارێکی زۆر خۆش و تەڕ بوو... دوای وەشتێک، شار پاک پاک بوو بوەوە... ناوماڵەکەم پوخت کردبوو... باوکت لە هۆدەکەی تۆ بوو لە سەرەوە، تازە لای بزنەکان گەڕابوەوە... وەک گوتم، باپیرت شەش بزنە گەڕی بۆ کڕیبوو، بەیانییان لەگەڵ بزنەکان وێڵی دەکرد بەو دەشتە دا، ئێواران لەگەڵ بزنەکان دەهاتەوە.

تاریک دانەهاتبوو، لەو شوێنە حازرییەی تۆ دانیشتوویت، لەوێوە سەیری کۆڵانم دەکرد، لارەلار سەروسەکوتی دەرکەوت... تووشەبەرێک کەلوپەل لە بن هەنگڵی بوو... خۆی کردەوە بە ژوور دا. وەک ڕۆژانی ڕابردوو، لە بەردەم دەرگاوە بانگی کردم، پوونە خانم، نافەرمووی شتەکانم لێ وەر بگریت؟

هەڵسام شتەکانم لێ وەرگرت، کیلۆیەک گۆشتی نەرمەی سووری ناسکی هێنابوو... کوپێک شەراب و، بڕێک شتی تریش. پشتێنەکەی کردەوە و قاچی خستە ناو حەوزەکەوە. بە دەم دەموچاو شووشتنەوە، گوتی:

-پوونە خانم: مقەڵییەکە حازر بکە، با گۆشتێکی باشی بۆ ببرژێنین و تەماتەی خۆمانەیشم هێناوە، نۆبەرەیانە، هی ئەو لای گەرمیانەن، زوو پێ دەگەن، با بیکەینە چرە دووکەڵ و منیش لە پاڵت دا، دادەنیشم، وردە وردە دەرمانەکەی خۆم دەخۆمەوە و تۆیش ببرژێنە و نانەچەریە بکە.

من خەریکی نانە چەریە بووم و ئەویش هێواش هێواش، بە دەم خواردنی گۆشتەوە، قوزەڵقورتەکەی دەخوارد... باوکیشت لە سەرەوە دانیشتبوو، نەهاتە خوارد، یەک دوو جاریش بانگم کرد، گوتی برسیم نییە.

تا درەنگانێکی شەو، من برژاندم و ئەو خواردی... قسەیەک لە من و قسەیەک لەو... باسی گەنجیی خۆمان کرد... باسی یەکتر بینین.

باسی چەند سـاڵ غەریبی و چەند ساڵ ڕەنجکێشان. کە مەست بوو، تێر گریا. دەستەکانی بەرز کردەوە و بە دڵێکی پڕ لە گریانەوە، گوتی:

– پوونـە گیان. ژیانم تۆ بوویت. تۆ نەبوویتایە، وەک بزمارێکی لاری نـاو پێڵاوێک دەریان دەهێنـام و فڕێیان دەدام. وەک ناوکەفێکی بۆگەن، دەیانخستمە ناو سەبەتەیەک خۆڵەوە. عەینی پێڵاوێکی کۆن، لە شـوێنێک دا کەڵکم نەدەما و جێیان دەهێشتم. تۆ سایە و سێبەرم بوویت. ڕۆژان، کە ئیشـم دەکرد، بە خۆشـیی تـۆوە ماندووبوونم بیر دەچووەوە. چەند ساڵە لەگەڵتم، بۆ تاقە جارێکیش دەموچاوت نەدا بە یەک دا. گەر تۆم نەبوایە، خۆیشـم نەدەبووم. تۆ کەشـتییەکەی منی، بەردەوام سەوڵت لێ دەدا و دەتبردم بۆ کەنارێکی خۆش. چەکووشێک بوویت، کاتێک لار دەبوومەوە لێت دەدام و ڕاسـتت دەکردەوە. تۆ زۆر شتی بۆ من.

وەی ئاگـر لە دڵم بەر بوو، گوێم لەم قسـە شـیرینانە گرت. نازانم بۆچی ئاخر شـەو هێندە بە هەسـتەوە قسەی کرد. دەیزانی دەمرێت و ویستی برینێک جێ بهێڵێت، یان ویستی سەرەتایەکی تازە دەست پێ بکەین. عاشـقی یەک بووین، عەشـقێک نە من بەوم گوت، نە ئەو بە منی گوت. عەشـقێکی بێ دەنگ، لە سـینەی هەر دووکمان دا دەکولا. کە مەسـت دەبوو، خەوی لێ دەکەوت، سەری دەستەکانیم دەکرد، بە چەکـووش کوترابوون، دڵم ژانـی دەکرد. ئێوارەیەک درەنگ بکەوتایە، ئۆقرەم نەدەما. هاتوچوونم بوو، تا لەو سـەری کۆڵان دەردەکەوتەوە. وا هۆگـری یـەک بووبووین، نە بە یەکـەوە دەمان کرا، نە بە بێ یەک. چ زاخاوێـک لـە ناخی دا بوو، پێش مردنەکەی هەڵی ڕشـت. باسـی دەریـەدەری و بێبەختیـی خۆی کرد، چۆن بەیانی تا ئێوارە، سـەری نەوی دەکات بۆ پێڵاوی خەڵکی، چۆن بۆنی ناخۆشی قاچەکان دەچێت بە سەری دا و گوێی ناداتێ. بیهێنە پێش چاوت، نانی کەسانێک لە ناو پێڵاوەکان دایە و نانی کەسانێکیش لە ناو سینییەکی زێڕین دا.

دەمــێ نا دەمێک، بە دەنگە گڕەکەی گۆرانییەکی کۆنی نەکیسا و بارەبادی دەگوت. نازانم چۆن گۆرانییەکانی بیر مابوو، دوو گۆرانیبێژی کۆنـی نـاو مەعبەدە کۆنەکانی زەردەشـتییەکان بـوون، لەگەڵ خۆی گۆرانییەکانی هەڵگرتبوو، شارە و شار گەڕاندبوونی و دەیگوتنەوە.

نـاخ، لەیلەکــەم. یەکێــک بوو لــەو گۆرانییانەی، بــەردەوام لەگەڵ مەستبوون دا دەیگوتوە. خۆ من باش دەمزانی لەگەڵ منیەتی، بەڵام خۆمــم تــێ نەدەگەیاند. دڵنیا بووبووم لەو دڵــە زامدارەی دا، جگە لە من کەسی تر نییە. دڵی زامدار تەنها ڕێی یەک کەسی تێدا دەبێتەوە. کوڕم، با بەعزێک شتت پێ بڵێم، مەڵێ ئەم نەنکە نەخوێندەوارەم، بۆ وا قسان دەکات. دونیام بینیوە دونیا.

هــەژارەکان، ناخیان پاکــە. خەڵک کاتێک پیــس دەبێت، هەڵپەی دونیا بکات. ئەلیاسەکەی من، هەڵپەی دونیای نەدەکرد. بابیی ژەمێکی دەست بکەوتایە، بە ئاسوودەیی پاڵی دەدایەوە. نەبوە و ڕووی نەداوە، لە بەشــی خۆمان زیاترمان هەبێت، چاویشمان لە ماڵی کەس نەبوە و ماڵەکەی باپیرت هیچی تێدا نەبوو، جگە لە خۆشەویستی. سفرەکەی باپیــرت پڕ بوو لە قســەی خۆش، لە گۆرانیگوتــن، لە کوفری گەورە، لە پێکەنین. ناشــوکور نیم بە بەشی خۆم، گلەییشم زۆرە. بە قسەی نەدەکردم و دوور نەدەکەتەوە لەو قوزەڵقورتە، چونکە غەریبیش بووین، سەرم نەدەخستە سەری، دەمگوت:

- لە دارای دونیا بەس مەی شــک دەبات، دەبا بیخوات. خۆ نە زەرەری بــۆ من هەیە، نە کەســیش ئــازار دەدات. لەو کاتەی گۆرانیی دەگوت، دوو شیش گۆشتم برژاندبوو، نانە چەریەیەکی باشیشم کردبوو، هەڵسام لەگەڵ تۆزێک تەڕەپیاز و تەماتەی برژاو دا، بردمە ســەرەوە بــۆ باوکت، خەیلــێ لای باوکت مامــەوە، تا نانەکەی بخــوات. کتوپڕ دەنگــی گۆرانییەکە نەما... خورپەیــەک بە دڵم دا هات. پاش کەمێک هاتمــە خــوارەوە، بینیم کووپە شــەرابەکە ڕژاوە و باپیرت لە ســەر لا

کەوتـوە. گوتـم لەوانەیە خـەوی لێ کەوتبێت. دوو جـار بانگیم کرد، جووڵـەی نەکرد. چوومە سـەری، چی ببینم، تـەواو بوو بوو. بە دەم گۆرانیگوتنەوە، گیانی دەرچووبوو. هەر چەندە ڕام وەشـاند، سـوودی نەبوو، تازە ڕۆیشت.

بانگی باوکتم کرد، هاتە خوارەوە. بە هەر دووکمانەوە کەمێک ڕامان کێشایە سەر دۆشەکەکە. پەلەپەل، قوزەڵقورتەکەم لا برد و سفرەکەم ماشـییەوە، دڵیشـم پڕ لە گریـان، ئاگرێک لە ناخـم دا هەڵی کردبوو خەریک بوو بسـووتێم، نەیشـم دەتوانی پڕ بە دەمم بقیژێنم و بگریم، تـا دەورویەریم کـۆ کردەوە... خەمی دراوسـێکانم بوو، بێن ببینن لە سـەر مەیخواردنـەوە مردوە، نەفرەتی لێ بکـەن. لەگەڵ کۆکردنەوەی کەلوپەلـەکان دامـە پرمەی گریان... بە گریـان و ناڵەی من و باوکت، دراوسێکان هاتن... مردبوو، تازە نەدەگەڕایەوە.

دوای ماوەیـەک دارەمەیتێکیـان هێنا و لە حەوشـەی ماڵ بردییانە دەرەوە. چـاوم لـێ بوو، کە لە حەوشـەکە بردییانە دەرەوە، هێشـتا دەنگـی گۆرانییەکەی، ئاخ لەیلێ، لە گوێم دا دەزرینگایەوە... بێکەس کەوتم. ڕاسـتە باوکتم هەبوو، پاشـان دایکت و ئینجا تۆ، وەلێ مردنی ئازیزێک کە چەندین ساڵە لە تەنیشتەوە بوە، سەختترین بێ کەسییە... کەس وەک باپیرت بۆ من کەس نەبوو. باوکە داماوەکەت، وەک بەچکە پیشـلەیەک دەگەوزا. بێ پشـتوپەنا مایەوە. لەم شـارە دا هەمان بوو نەمان بوو، بەس ئەلیاسـمان هەبوو، ئەویش جێی هێشتین. لە لایەک خەمی مەرگی ئەلیسا و، لە لایەک خەمی حەمەم بوو، نەیشم دەویست وا پیشانی بدەم ڕووخاوم و باوکت بە تەواوی نائومێد بێت. بەساقەی بم، کەس وەک باوکت لەم شارە دا، بێ کەس نەژیا. کەس وەک من دڵی نەشکا. ئەم ماڵە نەبوایە سەرگەردان و بەدبەخت دەبووین و چاوشۆڕی دەستی نامەرد دەبووین. توخوا لێگەڕێ کوڕم، زووخاوی زۆرم لە دڵە با هەڵیان نەڕێژم و تۆیش دڵتەنگ بکەم... تازە ئەلیاسەکەی من ڕۆیشت.

چاوەڕێم بمرم و بچم بۆ لای. چۆن دڵنیام خودا گەورەی سەر زەوییە، ئاوایش دڵنیام چاوەڕێم دەکات. پێنج فەرزە دووعای بۆ دەکەم خودا لە گوناهەکانی خۆش بێت. گوناهیشی نەبوو جگە لە مەیخواردنەوە. مەی نەخواردایەتەوە، بە پێڵاوەکانی خۆیەوە تا سەری سەرەوەی بەهەشت دەچوو. خودا بەڕەحمە دەیبەخشێت.

مەرگ ئەوی لە من سەند و بردییەوە بۆ قاپی یەزدان و منی بە تەنیا جێ هێشت.

Scanned by CamScanner

## ■ ڕۆژی پێنجەم

نەچووم بۆ خانەقا، بەیانییەکەی سەرێکم لە دووکان دا و لەوێیشەوە، ڕۆیشتمە ماڵی سۆنەی جوولەکە. دوای سڵاوکردن چوومە نهۆمی سەرەوە. دەلال دانیشتبوو کتێبێکی بە دەستەوە بوو، دەیخوێندەوە. کە چاوی پێم کەوت، ڕووی گەشایەوە و بە خێرهاتنێکی گەرمی کردم، دیار بوو دەستنووسەکەی پێش من خوێندبووەوە. بە پەنجە درێژ و ناسکەکانی کردییەوە و گوتی:

- بخوێنەوە؟ ئەمە کێیە ئەم قسانەی کردوە؟

دێوانەیەکە... دێوانە نییە، دێوانەیان کردوە. ژیری وام لەم شارە نەدیوە. قەدری پیاوی لەم شێوەیە، لای ئەهلی کتێبە. شارەکەی ئێمە شاری کتێب نییە، دوژمنی کتێبە، بۆیە حاڵمان جوانە، کەس بیر ناکاتەوە، هەمووی خۆی تێر دەکات، دێوانە لە باتیی شار بیر دەکاتەوە.

- دەتوانی بیهێنیت بۆ لام، بیبینم؟

بڕوا ناکەم. ئێستا لە دەرەوەی شار، بە تەنیا لە ناو کووخێک دەژی، تاقەکەسێک سەری لێ بدات، منم. من نانی بۆ دەبەم و قسەم بۆ دەکات. لەوانەیشە نانیشی بۆ نەبەم قسەم بۆ بکات. باکی بە هیچ نییە.

- تۆ پێی بڵێ، بزانە دێت؟ من ناوێرم خۆم دەربخەم، خۆم و ئەم ماڵەیش دەخەمە مەترسییەوە، بەڵام تۆ دەتوانیت بەو بڵێیت، بێت لێرە نانێک بخوات، زۆرم پێ خۆشە بیبینم. دوو بەشی قسەکانیم خوێندوەتەوە حەیرانی بووم. چ پیاوێکە!

Scanned by CamScanner

- باشە پێی دەڵێم. سوور دەزانم نایەت. تۆ دەستنووسەکەت نقلّ کردە سەر تیانووسەکانی خۆم؟

- بەڵێ.

- دەستت خۆش بێت، عەزیەتم دایت، دەتوانم بیبینم؟

- فەرموو.

- وای، چ خەتێکی خۆشت هەیە... وشەکانی شیرینتر و جوانتر کربوە.

- تۆ واز لە خەت بهێنە بیخوێنەوە، چ بەڵایەکە ئەم دێوانەیە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی قسەکانی، قسەکانی بەم شێوەیە نووسرابوونەوە:

"مرۆڤ بێ خۆشەویستی ناژی، مرۆڤ بێ ڕقیش ناژی. خۆشەویستی مرۆڤەکان پێکەوە دەبەستێتەوە و ڕقیش درز دەخاتە نێوانیان. لە ناو هەموو خۆشەویستییەک دا، ڕقێک خەوتەوە و لە ناو هەموو ڕقێکیشی دا، خۆشەویستییەک خەوتوە. ژیرەکان ناهێڵن خۆیان بدەنە دەست هەر دووکیان. گێلەکانیش دەمێ نا دەمێک، بە دەست یەکێکیانەوەن. مەرگی ڕاستەقینەی خۆشەویستی تەنها لە کاتی شەڕەکان دا نامرێت. مرۆڤ بەرەو ئارەزوو پێچ خۆشەویستی، کاتێک دەست پێ دەکات، مرۆڤ بەرەو ئارەزوو پێچ بکاتەوە و ڕۆحی فەرامۆش بکات. ترپەی یەکەم دیدار، ڕاچڵەکینی ڕۆحە. سۆفی و پیاوە گەورەکان چلە دەکێشن، تا ڕۆحیان لە خەو هەڵسێت. وەلێ یەک نیگا، بەس یەک نیگا بەسە، تا ڕۆح ڕا بچڵەکێت.

-خەڵکی شار.

- من لە ئێوەم. هەمیشە بۆ ئێوە بووم. تەمەنی خۆم بەرد بە بەرد خستە سەر یەک، تا دیوارێک بۆ ئێوە درووست بکەم، بەڵام ئێوە نەک بۆ من نین، بۆ خۆیشتان نین. بەزەییم پێتان دا دێتەوە، دەتانبینم بە شوێن ئارەزوەکانتان دا ڕا دەکەن. کەسێک دونیادیتە بێت، ئێوە بەرەو هەر شوێنێک چوون، پێچەوانەی ئێوە دەچێت. خەریکی چین،

گۆڕستانەکان نابینن، لە قەراخ شارەکە دەیان کەسی تێدا ڕاکشاوە. پێش چوونتان بۆ شاری مردوان، با کەمێک یەکترتان خۆش بووێت. دەتوانن بە بەرد، بە منداڵان، من لەم شارە وەدەرنێن، ئەمما دڵی ئەم شارە لە سینەی من دایە... من لە دڵی ئەم شارە دام... وەک خۆتان دەڵێن: قسە یان لە منداڵ، یان لە شێت... بە خوداکەی بانی سەر، نە منداڵم نە شێتم... گوناهی گەورەی من ئەوەیە، لە ئێوەم. لە ئێوە نەبوومایە، لەبریی خەوتنم لە کووچە و کۆڵانەکان، چرایەک بووم بۆ تاریکیی ماڵەکانتان. حەیف، کە هیچ پێ نازانن. حەیف بۆ من بڕوام پێتان کرد. چی ئەما نەی کەم، تا خوانەکانتان بە خۆشەویستی برازێنمەوە، کەچی ناختان ڕقی لێ دەباری.

چیم پێ دەڵێن، پێم بڵێن... خۆم دەزانم، ئەرکی من چییە و بۆ هاتوومەتە دونیاوە. ببینن، لەم زەمینە فراوانە دا، بارتەقای فراوانیی زەوی، خۆشەویستی ڕژاوە، کێ دەتوانێت، با بەشی خۆی کۆ بکاتەوە. ئیشی من، کۆکردنەوەی خۆشەویستییە بۆ دڵە وێرانەکان... کام دڵ لە بەرد ڕەقترە، بە چنگێک خۆشەویستی دەتوێتەوە. ڕەقییەک نییە لەم سەر زەمینە، بەرگەی نەرمیی خۆشەویستی بگرێت، تەنانەت پیاوکوژەکانیش، گڵپەیەک ئاگری خۆشەویستی لە ناخیان دایە، لەو ساتانەی پیاوێک دەکوژن، گڵپەکەی ناخیان نەفرەتیان لێ دەکات. پیاوێکی درندەم پێ بڵێن، لە باوەشی ژنێکی نیان دا، نەڕژابێت؟ خۆشەویستی وایە، تەنانەت لە ناو دڵی درندەکانیش دا بوونی هەیە. خۆزگە، ئەم دونیایە، بە دەست کەسانێک بوایە، خۆشەویستییەکەی ناخیان، گڵپەی زیاتر دەبوو، لە گڵپەی ڕقەکەی ناخیان."

دەلال: تۆ ڕاست دەکەیت، ئەم پیاوە لە کەس ناچێت. یەکەم جار بینیم ئازاریان دا بوو، پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد: مرۆڤ، ئەی درندە خۆنوێنەکەی سەر زەوی، کەمێک خۆشەویستی کۆ بکەرەوە.

لە شوێنێکەوە قسەی دەکرد، پێشووتر پەییم بەو شوێنە نەبردبوو.

قسه له سەر دەرەوەی مرۆڤ ناکات، قسه له سەر ناوەوەی مرۆڤ دەکات. هاوارەکانی یەکەم جاریم بیر ناچێت. ئاخ، له دەست مرۆڤ. خەڵکێکی بێ ڕەحم، تەماشایان دەکرد و پێدەکەنین! سیحری قسەکانی سڕی کردبووم! بەزەییم بەو خەڵکه دەهاتەوە، پێکەنینیان پێی دەهات. پێکەنینەکەیان به عەقڵه بچووکەکەی خۆیان بوو، نەک به هاوارەکانی دێوانه، چوون قسەکانی هی پێکەنین نەبوون. تۆ سەیر بکه، خەڵکی ئەم شاره، چۆن ژیرێک دێوانه دەکەن و پێکەنینیان به نەزانیی خۆیان دێت. حەقی خۆم نییه، وێڵی دوای ئەم پیاوه بووم؟ تۆ پێم بڵێ حەقی خۆم نییه؟

- دۆست، نەک حەقی خۆته، بریا سەردەمی دەسەڵاتی میری گەوره، بمنایسیبایه. ماڵێکم بۆ چاک دەکرد، تا کەمێک ژیری به سەر نەزانی خەڵک دا بڕژێنێت. بێ چاره خۆم، وەک باڵندەیەکی باڵکراوم لێ هاتوه. له قەفەزێک دام بەس دەنگم لێوه دێت. مەحکوم کراوم له بینینی ژیان. براکەم نەی کوشتم، ژیانی لێ سەندمەوه! دەبێ تا مردن له پەنجەرەوه سەیری ژیان بکەم. باش بوو تۆم ناسی، باش بوو له ڕێی تووه، دێوانەم ناسی. چیت لایه بۆم بێنه، بێ بەشم مەکه له هۆشی ئەو پیاوه. دەمەوێت لەگەڵ قسەکانی دا بژیم. دەمەوێت ورد ببمەوه له مرۆڤ. بۆ ژیانێکی نەعلەتیی وەک ئێستا، پێویستمان به چرایەکه، تاریکاییەکمان بۆ ڕووناک بکاتەوه، چرایەکمان دەوێت لەبریی شەوه تاریکەکان، ناخی مرۆڤ ڕووناک بکاتەوه. خۆشبەخت خۆت دۆست، چرای خۆتت دۆزییەوەتەوه.

-وەره پێشەوه، سەیر بکه لێره دا چی دەڵێت:

"گێلەکان عەقڵیان نییه، تا به کاری بهێنن، بۆیه مشتەکۆڵەیان به کار دەهێنن! کەسێک مشتەکۆڵەی به کار هێنا، عەقڵی نییه، بۆیه پەنای بۆ بەر هێزی بردوه. هێی، لەگەڵ ئێوەمه، بچەمێنەوه.. بەردەکانتان هەڵبگرن و بیکێشن به جەسته لاوازەکەم دا، تا به باشی

بێهەقڵیی خۆتان دەربخەن. لەگەڵ ئێوەمە گێلەکان، هەر کاتێک دەم بکەنەوە و قسـەیەک بکەن، وەک ئەوەیـە بەردێک بهاون. دەمی ئێوە قسـەی لێوە نایەت، بەردی لێوە دێت. دەمتان مەکەنەوە، با زەوی بە قسـە ناخۆشـەکانتان پیس نەبێت. بۆ ئەوە باشـن دەمتان دابخەن و بچەمێنەوە بۆ زەوی بەرد هەڵبگرن. ئازاری بەردەکان کەمترە، لە ئازاری دەمە پیسـەکەتان. من بە وشـەگەلێک وەڵامتـان دەدەمەوە، برینتان بۆ درووسـت بکات، برینێک هۆشـتان بەخەبەر بهێنێتەوە. قسـەکانی من چەشـنی زەنگی کڵێسـان، بە ئاگاتان دێنێتـەوە. وەرن بەراوردی بکەن، بزانن قسەکانی من قورسن، یان ژیانی خۆتان. دەبینن، دەبینن، دەسـتەکانم، سـەر شـانەکانم، سـەرم، پڕە لە برینی جێ بەردەکانی ئێـوە. لـە ناخم بگەڕێـن، ناخـم وەک درک دەچێت بە گیانـم دا، بە دەسـت گێلیتانـەوە. چیتان پێ دەکرێت بیکەن، منیش سـەبەتەکەی خۆم هەڵدەگرم و خۆشەویستی دەچنمەوە و دەرگا بە دەرگا دەگەڕێم، بەشـتان دەدەم. دەی کامان باشـین، منی شێت، یان ئێوەی ژیر. بۆ قسە ناکەن و دەمتان پان کردوەتەوە پێدەکەنن؟"

-بوەسـتە دۆسـت، وای زۆر خۆش دەیخوێنیتـەوە. جەرگم قووڵپ دەدا. گشت گیانم، داوای بینینی دەکا. پێم بڵێ: شێوەی چۆنە؟

لە ناو تابلۆ کۆنەکان دا، پیاوانێکی نورانیی سـپی نەخش کراون، بە گۆچانێکەوە لە ژێر دار سـێوێک دانیشـتوون، بۆ ئاسـۆیەکی دوور دەڕوانن، کتومت لەوانە دەچێت.

- ئم، دیارە، دیارە کە وایە... قورسـیی وشـەکانی، ڕووخسـارێکی جیـاواز دێنێتـە نـاو خەیاڵم. بۆچی پێشـووتر، بەڕێز سـۆنە باسـی نەکردوە؟ جێی سەرسووڕمانمە، کەسێک بەم شێوەیە ڕووی لەم شارە کـردوە و من ئاگام لێـی نییە! دەمەوێت بزانم کەی هاتوە؟ خەڵکی چ مەملەکەتێکە و ناوی ڕاستەقینەی چییە؟

-ئـێ، یەکێـک لە کێشـەکانی منیـش ئەمەیە، نە خۆی لـە بارەی

ڕابردووی ژیانییەوە شتێکم پێ دەڵێت، نە کەسێک پێ دەزانم، بیناسێت و چیرۆکە ڕاستەقینەکەیەم بۆ باس بکات.

- نا، دڵنیا بە بەڕێز سۆنە دەیناسێت. کەس نییە لەم شارە دا، لە ژێر دەستی دەریچێت. دەیناسێت و دەبێت ڕابردووی بزانم. بە قسەکانی دا، لە پیاوێکی خانەدان دەچێت. بەشێک لە ژێری لە خانەدانیی دایە. حیکایەتێکی کۆن هەیە، لە حوجرەکان دەیخوێنیت... حیکایەتی فەیلەسووفێکی سەردەمی کۆنی یۆنان، دەڵێت:

"بە ڕۆژی ڕووناک بە چراوە دەگەڕا، پێیان دەگوت، بۆ وا دەکەیت... لە وەڵام دا دەیگوت:

بە شوێن مرۆڤ دا دەگەڕێم"

- لە پیاوی ناو ئەم حیکایەتە دەچێت، تۆیش پێت وا نییە؟

- ڕێک وایە. ڕاست دەکەیت. لەو پیاوە دەچێت. تۆ واز لەوە بێنە، کێیە و کێ نییە. فێری کردم مرۆڤە گەورەکان باسی بیرکردنەوەکان دەکەن و مرۆڤە بچووکەکان، باسی کەسەکە. ڕای هێناوم وێنەکان، گەر بچووکیش بن، بە گەورەی بیانبینم. تەماشا چۆن وێنەکان بە گەورەیی دەبینێت، گوێ بگرە بۆم، با بیخوێنمەوە.

"تا خۆت نەناسی، دونیا ناناسیت. مرۆڤ دونیایە. مرۆڤ ناو لە شتەکان دەنێت، مرۆڤ مانا بە شتەکان دەدات. مرۆڤ دونیا ڕەنگین دەکات و تێکیشی دەدا. مرۆڤت ناسی دونیات ناسیوە."

بوەستە، پێشتر گوێم لەم قسانەی بوە. لە کووخەکە نا، لە شوێنی تر... با بێتەوە بیرم، لە کوێ بوو، ئەم قسانەی دەکرد، کێ لەوێ بوو، لە من هۆگرتری بوە، قسەکانی نووسیوەتەوە. ئەم جوولەکەیە زۆر سەیرە، ئەوەی خەڵک بیری لێ ناکاتەوە، دەیکات. کێی ناردوە بە دوای دا، تا قسەکانی بنووسێتەوە. دەزانی دەلال، پێم وایە جگە لە من کەسی تریش هەیە، بە شوێنییەوەتی.

- دە تۆش واز لەم خەیاڵاتانە بێنە... بیخوێنەوە... پەنجەی خستە

دەست پێ بکە.

سەر بەشی کۆتایی، لەوێدا بووی لەوێوە دەست پێ بکە.
"کاتێک هاوار دەکەم مرۆڤ، مەبەستم ناوەوەی مرۆڤە. دەست لە جوانکردنی ڕووخسارتان هەڵبگرن، شوێنێک پێویستی بە جوانکردن بێت، ناختانە، نەک ڕووخسارتان. بۆنی ناختان هەراسانی کردووم. کاتێک لە مرۆڤ دوور دەکەومەوە و لە سرووشت نزیک دەبمەوە، هەوای پاک ڕووم تێ دەکات. لە دەشتە چۆڵەکان و کێوە چۆڵەکان دا، ئارامترم، تا لە ناو مرۆڤ دا. کە دێمەوە ناو شارەکان، هەناسەم تەنگ دەبێت. بچن ناختان پاک بکەنەوە، با دوو هەناسەی پاک هەڵمژم. شارەکانتان پیس کرد، سرووشتان پیس کرد، ئیتر بۆچی خەریکی ڕووخسارتان دەبن؟"

خۆم نەگرت، بە دەنگێکی بەرز گوتم:

-بەه، بەه، چەند بە باشی دەمان ناسێت، ئەم گوت پیاوێکی سەیرە، ئەم گوت دەست بۆ جێیەک دەبات، دەستی مرۆڤ نایگاتێ... دەی برا بۆ بە شوێنی دا ڕا نەکەم، کێ لەم سەردەمە دا، وەک ئەم پیاوەیە؟

تاوێک بێ دەنگ بووین، هەر کەسمان لە جێی خۆیەوە چووبوە ناو دونیایەکی تایبەت بە خۆیەوە. هەستم بە گەورەبوونی خۆم کرد، کەسێکی وام ناسیوە و شوێنی کەوتووم، نە فریوم دەدا، نە دەست لە بڕواکانی خۆی هەڵدەگرێت. دونیای ڕاستەقینە، دونیای دێوانەکانە. ژیان بەم گەورەییە و خەڵک بەم زۆرییە، سووکنایی منی نەدا، دێوانەیەک هات، سووکنایی پێ دام. تینوێکی سەرگەردان بووم، کانیی خۆم دۆزییەوە. نەفرەت لەوەی، خۆی لە دێوانەکان بە ژیرتر دەزانێت، مرۆڤی ئەم سەردەمە هیچ نییە، جگە لە تۆپەڵێک ئارەزوو.

چاوم لە سەر تیانووسەکە بازی دا بۆ ناوەڕاستی ژوورەکە. تیشکی هەتاوەکە تا ناوەڕاستی ژوورەکە هاتبوو. هەستامە سەر پێ، دەلالی ئازیز، دەبێت بڕۆم. گوومانم نییە چاوەڕێم دەکات. با زووتر بیگەمێ، زوو گەیشتنم بەم پیاوە، زوو گەیشتنە بەخۆم.

Scanned by CamScanner

- دەستی گرتم. بوەستە، ئامانەتێک هەیە... نامەیەکم بۆ نووسیوە، دڵخۆش دەبم بیدەیتێ، تکایە پێی مەڵێ من کێم. خۆت حاڵی خۆم و خێزانەکەیشم دەزانیت، نەبادا لە دەمی دەربچێت و ئەم هۆدەیەیشم لە کیس بچێت و بخرێمە ناو گۆڕێکەوە، لەم هۆدەیە تەنگتر بێت و چاوم لە چاوی تۆیش ببڕێت.

پێی بڵێ، گەنجێکە وەک گەنجانی تر. پێی بڵێ، لەم شارە دا، کەسانێک هەن قسەکانی تۆیان پێ گرینگترە لە ژیانی خۆیان... ئارەزووی بینینی دەکەم... نەمرم دەگەمە لای... تۆ چەند هۆگری بۆی، من سەد هێندە... خۆشەویستیی من بۆ مرۆڤی ژیر، لە خۆشەویستیی کۆترێک دەچێت بۆ بێچوەکەی.

به چاوان.

نامەکەم خستە ناو تێشوەکەمەوە و بە ئاڕاستەی کووخەکەی لە ماڵ دەرچووم. چاوەڕێم نەدەکرد بەو جۆرە سەر سام بووبێت پێی. وەلحاڵ دڵخۆشیش بووم، کردمە کارێک، کەسێکی تریش بیناسێت و هۆگری بێت. بە دەم گۆرانی و لێکردنەوەی چڵە گیاکانی سەر ڕێگاکە، گەیشتمە کووخەکەی. لە بن بەردەکە دانیشتبوو، دارێکی درێژ بە دەستییەوە و بەردێکی خڕیش بە دەستەکەی ترییەوە، بەردەکەی بەرز دەکردەوە و دەیکوتی بە زەوی دا. لە مێشکی خۆم دا، وام لێکدایەوە حاڵی باش نەبێت. کە لێی نزیک بوومەوە، بەردێکی گەورەم بینی. باشتر نزیک بوومەوە، هاوەنێکی بە بەرد تاشراو بوو، کۆمەڵێک گیای سەوزی تێدا بوو دەیکوتین. سڵاوم کرد و بە کزییەوە جوابی داوە.

خەریکی کوتینی گیای ناو هاوەنەکە بوو... دوای چەند کوتینێک، بەردەکەی دانا.

- وەرە شوێنی من، بە نەرمی گیای ناو ئەم هاوەنەم بۆ بکوتە. کۆمەڵێک گیان، دوای کوتینیان، وەک بنێشتیان لێ دێت... تێکەڵی قەزوان و توویان دەکەم، پاشان دەیانکوتم، تا باش پێکەوە دەنووسێن.

Scanned by CamScanner

که پێکەوه نووسـان، ڕۆژی لوقمەیەک بخۆ، تا ئێواره بەشـت دەکات.
خـۆی ئـەم ڕەچەتەیە لە کۆن دا پێیان دەگوت کوتە، وەلێ دەبێت بە
گوێز و توو و قەزوان پێکەوه بکوتیت، که گوێز نەبێت، ئەم گیایەیش
خراپ نییە.

من چوومە شـوێنەکەی و ئەویش لە سـەر بەردە پانەکەی بەر دەم
کووخەکە دانیشت... نانەکەم خستە بەر دەستی و جامێک ئاویشم بۆ
هێنا. لێگەڕام نانەکەی بخوات، جا نامەکەی بدەمێ. من خەریکی کوتان
بـووم و ئەویش خەریکـی نانخواردن، کەمێک ماندوو بـووم و عارەقم
کرد... پاڵم دایەوه و لێم ڕوانی نانەکەی تەواو کردبوو. دەستم کرد بە
ناو تێشـوەکەم دا، نامەکەم دەرهێنا و دامە دەستی... دێوانەی بەڕێز
ئەمە گەنجێکی هاوڕێم بۆی ناردوویت؟

- سەیری کردم و بە گوومانەوه پرسی؟ چۆن من دەناسێت؟
- خەڵکی شار تۆ دەناسن، ئەم گەنجەیش وەک من تۆ دەناسێت.
- که وایە بۆ نەهات و نامەی نارد؟
- تۆزێـک کێشـەی خێزانیی هەیە. وەک من بۆی ناکرێت، لە شـار
دەربچێت.
- زۆر باشە.

نامەکـەی وەرگـرت و بـە ئەسـپایی کردییـەوه. دەسـتی کرد بە
خوێندنەوەی نامەکە. سەرنجم چوە سەر خەتە خۆشەکەی ناو نامەکە.
نەیشم دەزانی چی تێدا نووسراوه. ئۆقرەم نەمابوو، زوو تەواوی بکات
و بزانـم چـی بۆ نووسـیيەوه، لەو کاتە دا ڕوانیمـە چاوەکانی. لەگەڵ
خوێندنەوەی نامەکە، چاوەکانیشی بەره بەره تەڕ دەبوون. تەڕاییيەک
لە سەر موژەی چاوانی بۆ خوارەوه دەکشا، تا تەڕاییيەکە زیاتر دەبوو،
لە چقڵی چاوی دا شـێوەی فرمێسـکی درووست دەکرد. هەناسەیەکی
هەڵکێشـا و فرمێسـکێک کەوتە سـەر گۆناکانی. فرمێسکەکە هێندە
قورس بوو، بە ئەسپایی بەرەو خوارەوه دەکشا.

نامەکەی تەواو کرد و بە دەستی چەپی گرتی و بە دەستی ڕاستیشی فرمێسکەکانی بە سەر گۆنایەوە بڵاو کردەوە. دەستی بۆم درێژ کرد و دایەوە دەستم. نامەکەم لێ وەرگرت و دەستەکانی خستە سەر هەر دوو ئەژنۆیی و قوەتێکی دایە بەر خۆی و هەڵسا. بە دەم ڕۆیشتنەوە، گوتی:

- کوڕێکی خاسە... با بیبینم. لێم بگەڕێ قسەیەکم نییە بۆ گوتن. تۆ بەرەو ماڵ بچۆرەوە و منیش بەرەو شیوەکە دەچم. بێدەنگی گەلێ خاسترە لە قسەگەلی بێ مانا. دەچمە شیو، بزانم کەمێک لە بێ تاقەتیم دارەوێنمەوە. هەست بە ئاشنایەتیی ئەو کوڕە دەکەم... لەوانەیە هەڵە بم. ئەمما وشەکانی بە من غەریب نین. بڵێی ئەو بێت؟

- کێ؟ مەبەستت کێیە؟

- هیچ کوڕم، هیچ. بڕۆرەوە ماڵ. بە دەم ڕۆیشتنەوە کۆمەڵێک قسەی کرد و جێی هێشتم. نائومێدانە هەڵسام. دە وەرە تاقەتت هەبێت، بە بێ هیچ سوودێک بڕۆیتەوە شار. نەفرەت لەم نامەیە، بۆ دامە دەستی. نهێنییەک هەیە، نە من دەیزانم و نە دەلال... ڕووداوێک ڕووی داوە. دەرنگ یان زوو، بۆم ڕوون دەبێتەوە چییە. دەی خەیاڵپلاوی مەکە، هەڵسە بڕۆ. تێشوەکەم دا بە سەر شانم و ڕوە و شار ملم کز کردەوە. لە نیوەی ڕێگا، دەستم کرد بە خوێندنەوەی نامەکە:

"گەورەم سڵاو...

بمبورە درەنگ تۆم ناسی. کاتێک تۆم ناسی، دونیا لە خۆم سەنرابووەوە، بە سەر چووم. بەڵام تۆ تاقە ڕووناکیت بۆ من. خۆشحاڵم، هێشتا کەسانێک ماون، بە شوێن دیوە ڕاستەقینەکەی ژیان دەگەڕێن. ناتوانم بە ئاسانی خۆم دەربخەم، باڵندەیەکی ناو قەفەزم. خۆم ژیانی خۆم هەڵ نەبژاردوە، لەوەتەی هەم، ژیانم بۆ هەڵدەبژێرن.

لەوە بگەڕێ من کێم و چیم، دەمەوێت نزیک بم لێتەوە... بۆنێکی خۆش دەکەم... لە ئێستا دا بۆنی بێکەسیم لێ دێت. وەلێ، بۆنی

Scanned by CamScanner

کەسبوون لە تۆ دەکەم. یارمەتیم بدە لە ژێری دا... دەتوانم شارەکە جێ بهێڵم. دەتوانم ژیانێکی تریش بدۆزمەوە، ئەمما ئەم شارە بوە بە ژیانم. گەر جێشی بهێڵم، یان دێمەوە، یان نیوەم لێرە جێ دەمێنێت.

بڕوام پێ دەکەیت، لە پەنجەرەوە سەیری ژیان دەکەم و ڕازییشم پێی؟ مەڵێ دیلی، دیل نیم، هەڵهاتووم. سێبەرێک شک دەبەیت بۆ ڕێبوارێکی ماندوو؟ ئاسوودەم بە ناسینت. کەمێک گوێم لە قسەکانی تۆ گرتوە، لایەک لە دڵم ڕووناک بوەتەوە.

وە سلام.

ونبوویەکی بێکەس"

ئەی بابە، بۆیە دێوانە ئۆقرەی نەما، هیچ نەماوە نەی ڵێت. بیوتایە فلان کەسم لەم گلەییە گەرمانە، باشتر بوو.

# سووتاندنی قەیسەرییەکە

نیوەشـەو پێش بانگی بەیانی، دەنگە دەنگێک هاتە گوێم. لێفەکەم لادایەوە، لە پەنجەرەی هۆدەکەمەوە، ڕووناکییەک دەرکەوت. هەڵسـام هاتمە لای تاقەکە، لە ناوەڕاستی شار ئاگرێکی گەورە بەرز بووبووەوە. شەوێکی تاریک... هەورێکی غەمگین بەری ئەستێرەکانی گرتبوو... لە ئاسـمان تروسکاییەک ڕووناکی چییە، بە دەرەوە نەبوو... ئاگرەکەی ناوەڕاستی شار، بە جوانی دەردەکەوت و دەنگی خەڵکیش دەگەییشتە ئەو سەری شار.

بـە پلیکانـەکان دا هاتمە خـوارەوە و بانگی باوکـم کرد. لە خەو ڕاپەری و بە دەموچاوە ترشاوەکەیەوە، گوتی:

- چی بوە؟ نەخۆشی؟

- نـا، لە ناوەڕاسـتی شـار، ئاگرێکـی زۆر بەرز بوەتـەوە و دەنگی خەڵکی دێت... با هەواڵێک بزانین.

- بوەسـتە کوڕم، تۆ مەچۆ دەرەوە، شـار ئەمین نییە. هەڵسـا بە خێرایی کەواکەی لە بەر کرد و پشتێنەکەی بەست. دایکیشم خەبەری بوەوە لەم کەینوبەینە تێگەییشـتن گرەکە لە ناو بازاڕە. هەر سێکمان هاتینە سـەر سـەکۆکەی بەر هەیوانـی و تاوێ لێمـان ڕوانی. دەنگی دراوسێکەی تەنیشتمان هات، بانگی باوکمی کرد.

- کاک حەمە، کاک حەمە؟

- بەڵێ قوربان، ئەمر بکە.

-کاک حەمـە گیـان. قەیسـەرەیەکەیان سـووتاندوە، فریـای

Scanned by CamScanner

کەلوپەلەکانتان بکەون.

- وەک چەکووشێک بکێشن بە سەرم دا، زرنگەی سەرم هات. قسەکەی تەواو نەکردبوو، پێکڕا لەگەڵ باوکم لە حەوشە وەدەر کەوتین. بە ڕاکردن، تا لای قەیسەری چووین. نیوەی خەڵکی شار، بە گۆزە ئاویان دەهێنا و دووکانیان دەکوژاندوە. دوای چی، بووبوو بە قەرەبرووت.

هەر دووکاندارە و خەمی ئەشیاکانی خۆی بوو. تا ڕووناکی کرد، ئاگر نەما. قەیسەری بوو بە خۆڵەمێشی ئاگردانی ڕاوچییەک... هیچی بە سەر هیچەوە نەما. چووینە دووکانەکەی باوکم، تەنها تۆزێک بزمار و سەری چەکووشەکان مابوون، ماباقی بووبوو بە خۆڵەمێش. سەرنجی دووکانەکانی دەوروبەرم دا، لەوەی ئێمە خراپتر بوون. هەر ئەو شەوە، هەواڵی سووتاندنی قەیسەری گەیشتبوە شارۆی کوتاڵفرۆش، هەر دوو ئەژنۆی شکابوو و دەمی خوار بوویوو. لەگەڵ سووتاندنی دووکانەکەی، لە ماڵەوە کەوت، تا من لە شارەکە دەرچووم، چەندین حەکیمیان بردە سەری نەهاتەوە سەر خۆی. نە زمانی مابوو، نە جووڵە، تومەز چی پارەی هەبوە، ئێوارەکە بردوویەتییە دووکان، تا بەیانی لەگەڵ شەبەق دا، کاروانێک بەڕێ بخات بچێت بۆ تەبرێز، قوماشی ئاوریشمی ئێرانی بهێنێت. پوخت و پاک شەو دووکانەکەیان سووتاند و هەم پارەکەی چوو، هەم سەری خۆیشی. چەندین ساڵ کۆی کردەوە، ئاخری ئاگرێک خواردی.

دووکانەکەی سۆنەی جوولەکەیش، لە باخێکی وشکی سووتاو دەچوو، هێندە بە جوانی سووتابوو، چلوچێوی خەڵووزاوی بۆ جێ مابوو، کەچی هەر گوێشی نەدەدا. دڵی باوکمی دەدایەوە:

- کاکە حەمە گیان گوێی مەدەرێ... سەر سەلامەت بێت، ماڵیش پەیدا دەکات. کاتی خۆی ئێرە دەشت بوو کردمان بە قەیسەری، ئێستایش ئاگردانە، دەیکەینەوە بە قەیسەری. چیم هەیە لەگەڵت بەشی

دەکەم. تا دەکەویتەوە سـەر خۆت، عەرەبانەیەکـەم هەیە بیگرە بە
دەستەوە، لەگەڵ دووکانەکەی خۆم، هی تۆیش باش دەکەمەوە، خەمت
نەبێت، دراوسێ بۆ ڕۆژی تەنگانە نەبێت، بۆچی باشە.
باوکم کەمێک سووکنایی هات. تەواو بەزەییم پێدا هاتەوە، چاوی پڕ
بوو لە ئاو، لە ڕوویشی نەدەهات بگری. یەکێک لەو لاوە هاوری دەکرد
ماڵم ڕۆ، ژیان ڕۆ، یەکێک جنێوی دەدا:
- باشە ئەو حەسحەسە قۆڕانە لە کوێ بوون؟ کێ سووتاندویەتی.
خاوەن دووکانەکان هەڵیانکوتایە سـەر حەسحەسـەکانی شەوان و
هێنانیانن:
- ئەمە چییە؟ کێ ئەم کارەی کرد؟ دەتانکوژین.
لەم بگرەوبەردەیە، سۆنەی جوولەکە کەوتە نێوانیان و حەسحەسەکانی
لە چنگ دەرهێنان:
-بابە لێیان گەڕێن، با تێ بگەین بزانین مەسەلەکە چییە؟
داماوانە هێندە ڕایان کێشابوون، کەواکانیان لە بەر دا نەمابوو، لووتیان
پـڕ بوو لە دووکەڵ و دەموچاویـان ڕەش هەڵگەڕابوو. ملباریکەکەیان،
زوو زوو مشێکی دەکرد و بە ترسەوە، سەیری هەموویانی دەکرد.
سـۆنە و باوکـم و دوو دووکانـداری تـر، بردنیانە ئـەو لاوە و پاش
کەمێک هاتنەوە. حەسحەسـەکانیان ناردبووەوە بۆ ماڵەوە. سۆنە چوە
سەر کۆتەرەدارێک و بانگی دووکاندارەکانی کرد.
- دراوسـێکان هیچ خۆتان تێک مەدەن. دەسـتی حەسحەسـە
داماوەکانی تێدا نییە. دیارە ئازاریش دراون، ویسـتویانە ڕێگری بکەن
لە سـووتاندنەکە، سـلیکەدارەکانی کۆشـک ئازاریان داون. بە قسەی
ئەوان، کۆمەڵێک سیلکەدار، لەگەڵ فەیازە کوێر، هاتوون دووکانەکەی
شـارۆیان بڕیوە و پاشـان گڕیان بەرداوەتە قەیسەری. جارێ نازانم بۆ
سـووتاندوویانە، با ڕۆژ ببێتەوە، لەوەیش تێ دەگەین. دەی ڕەحمەت
لـە باوکتـان بڵاوەی لێ بکەن. خەڵکەکـە کەوتنە مقۆمقۆ، ئێ میر بۆ

دەیسووتێنێت؟! باجی خۆمان داوە ... کێشەمان نەبوە ... لەبەر چی؟ تێ ناگەین، وایش بێت هیچمان پێ ناکرێت.

ڕۆژ بـووەوە. چەنـد خـاوەن دووکانێک ڕوویان کردە کۆشـک. پاش خەیلـێ، گەڕانـەوە. گەڕانەوەکەیـان نائومێـدی لێ دەبـاری. یەکیان گێڕایەوە:

- بـە میرمـان گوت، حـاڵ و مەسـەلە بەم جۆرەیـە. لە بریی خەم خواردن، قسـەی ناخۆشـی کرد. هەر چی بە دەمی دا هات نەی گێڕایەوە... تێگەییشتین ئیشی خۆیەتی. بە نیازە، نیوەی قەیسەرییەکە بکات بە مەیدانی ئەسپسـواری بۆ خۆی. سـووتاندوویەتی و داوایشی کردوە هەر دووکانێک وەقفە، بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسـەڵاتی میرنشـین. بە کورتی و کرمانجی، شەڕ دەفرۆشێت و ڕازی نییە بەم حاڵەی ئێمە. ئـەو هەتیـوە کوێـرەی کردوە بە گورز بە دەسـتی خۆیـەوە، بە دڵی خۆی دەیوەشێنێت. دە ئیتر بخۆن، حورمەتی میری گەورەتان نەگرت، بەرگریتان لە شارەکە نەکرد. ئەوە پاداشتەکەیەتی.

باوکم زوو تێگەییشت. لە ڕێگای گەڕانەوەمان بۆ ماڵ، پێی گوتم:

-کوڕم تێ بگە. میری پێشـوو چەند کەسـی بە دووکان و زەوی و خانوو خەڵات کردبێت، ئەم میرە بە بیانوێک لێی دەسـەنێتەوە. من و دایکت پیر بووین، بە نانە وشـکەیەکیش دەژین، تا زوە دەرسـەکانت لێرە تەواو بکە و لەم شـارە برۆ. ئەم شـارە بە کەڵکی ژیان نەماوە. ئەم کورتەبنەیە، تا دێت زیاتر قاچی ڕادەکێشێت. خەڵکی شارەکەیش ملـی خـۆی نەوی کـردوە بە سـەریان دا بچێت. ئەمـرۆ دووکانەکانی قەیسـەری دەگەڕێنێتەوە بۆ خۆی، سـبەی خانوەکان دەگەڕێنێتەوە، یان دەبێت بچین ببینە دەسماڵباشـیی کۆشـکەکەی، یا دەبێت ببینە فەیـازە کوێـر. بە خوا ئێمە ئەمانەمان پێ ناکرێت. من نانێک بۆ خۆم و دایکـە پیرەکـەت پەیـدا دەکەم، لـەم دونیایە بەس تـۆم هەیت، با تۆیشـم لە دەسـت نەچێت، تا زوە لێرە برۆ. ماوەیەکی تر، بیانوو بە

Scanned by CamScanner

گەنجەکان دەگرێت. چاوچنۆکیی ئەم سەلکە پیازە، لە حەد تێپەڕیوە.
بێ شەرمە چی خوێڕی و موێڕی توران و مورانە، لە دەوری خۆی کۆی کردوونەتەوە. حەرەم سەرایەکی داناوە، لە سەر ژیانی خەڵک، شەو تا بەیانی لەگەڵ فاحیشەکان دا، دەخەوێت. لەوانەیە سبەی دە ڕۆڵ بخاتەوە و شارەکە وێران بکەن، باشترە خەمێکی خۆمان بخۆین. خەمی من و دایکت، بەس تۆیت. تۆزێک خۆت گورج بکەوە، ئیتر ناچمەوە بە لای ئەو دووکانە دا. عەرەبانەکەی بابای جوولەکە زۆر بێمنەتترە، لە نانی میرێکی هەتیوچە. سەرم بۆ خوا نەبێت، بۆ کەس شۆڕ ناکەم. تا هێزم تێدا بێت ئیش دەکەم، کە هێزم تێدا نەما، بە ئاسوودەییەوە دەچمە قەبرەکەم.
- پرسیم، ئەی نەنە پوونە؟
- ڕۆڵە نەنە پوونە، بە قەد چۆلەکەیەک دەخوا. قابیلە نەتوانین بەخێوی بکەین. خوا ڕەحمی پێ بکات، هەفتەیەکە وڕێنە دەکات. دەترسم، بمرێت. دوێنێ ئێوارە دەیگوت: "کوڕم ئەلیاس بانگم دەکات." خوا بکات، لەم کاتەدا نەمرێت. لە لایەک ماڵمان سووتاوە، ئەویش بمرێت، ئیتر بێ کەس دەمێنینەوە.
دڵم زۆر تەنگ بوو. دونیا لە بەر چاوم بچووک بچووک بووبوەوە... چۆن دەبێت من بڕۆم... چۆن دەبێت ژیان کتوپڕ خراپ ببێت... گوناهمان چییە بەڵایەکی وا ڕووی لەم شارە کردوە، خەڵک بە دەستییەوە بەستەزمان بوە. وا من چووم، ئەی دایکم، ئەی باوکم، ئەی دێوانە و دەلال و سۆنەی جوولەکە، هۆگری ئەمانە بووم... ئەی نەنە پوونە... قوربانی بم، چەندم خۆش دەوێت... بۆ کوێ بچم.
گەیشتینەوە ماڵ... شەکەت و ماندوو و دڵتەنگ... بە نابەدڵی پارویێک نانم خوارد. چوومە هۆدەکەی سەرەوە، هێشتا نەنە لە خەو هەڵنەسابوو، بێ خەبەر لەم شتانە کەوتبوو. لێی نزیک بوومەوە، بە چ حاڵێک هەناسەی دەدا. لێفەکەم لە سەری لا برد. دەستم خستە سەر

دڵـی کزکز لێی دەدا. قسـەکەی باوکم، لە گوێـم دا دەنگی دەدایەوە، ڕاسـت دەکات دەمرێت. دوو جار ڕام وەشـاند، چاوە کز و لاوازەکانی کردەوە، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، دەموچاوی پڕ بوو لە لۆچ.

- نەنە گیان، هەڵناسی نان بخۆیت؟
- نا، تەبیعەتم نایبات.
- نابێت هەڵسە، نەخۆش دەکەوێت.
- نا، کوڕم نەخۆش ناکەوم. باپیرت بانگم دەکات.
- ئەم قسانە چین؟ خۆشیم بەم قسانە نایەت، هەڵسە شتێک بخۆ، ئێستا دەچم شتێکت بۆ دێنم.

چوومـە خـوارەوە، بـە دایکم و باوکـم گوت، حاڵی بـاش نییە، با خەمێکی بخۆین. دایکم پەڕۆیەکی تەڕ کرد و منیش قاپێک ماسـت و قاشوقێکی تەختەی بچووکم لەگەڵ خۆم برد و چووینە سەرەوە.

کەمێـک ئەم دیو ئەو دیومان کرد، هەوڵێکی زۆرمان دا، نەی توانی ماسـتەکە بخوات... ڕووخسارە سپی و لۆچاوییەکەی، تا دەهات زیاتر دەبوو... سەرپۆشـە سـپییەکەی ئاڵا بوو لە ملە چرچەکەی... قوەتی دەدایـە بەر خۆی چاوی بکاتەوە، نەی دەتوانی. تا چێشـتەنگاو بڕی کرد، ئیتر گیانی دەرچوو.

چ ڕۆژێکی شـووم بوو. لە لایەک دووکان سـووتا و، لە لایەک نەنکم مرد. ژنانی گەڕەک کۆبوونەوە و لە دەستشـۆرییەکەی لای حەوزەکە، ئاویـان گـەرم کرد و شـۆردیان و کفنودفنیان کرد. یـەک دوو پیاوی دراوسـێ و مەلا شـەش پەنجە هاتن... خسـتمانە ناو دارەمەیتێک و بردمان بۆ سـەر قەبران. لەگەڵ باوکم و دوو قەبرهەڵکەن، قەبرێکمان هەڵکەند و تا عەسر ناشتمان.

دڵـم پـڕ لە گریان، هەسـتم دەکرد، نەگبەتی دەوری داوم. هۆشـم لە جێی خۆی وەسـتابوو، نەم دەزانی بیر لە چی بکەمەوە. سـووتانی دووکانەکە، ڕۆیشتنی خۆم لەم شارە، مردنی نەنکم، جێهێشتنی ئازیزانم.

کاس بوویووم... تەواو کاس بوویووم. هێندەیش ماندوو بووم، ئاواتم بۆ تۆزێک خەو دەبرد. چارە نییە، سێ ڕۆژی ڕەبەق لە خانەقا ماینەوە، تا پرسـەی نەنکم تەواو بوو. بە هاتنی خەڵک بۆ پرسـەکە سەبووریم نەدەهات. هۆشـم لای کەس نەبوو، هۆشـم لای قسـەکانی باوکم بوو. چۆن دەبێت ئەم شـارە جـێ بهێڵم. ڕووخسـاری خەڵکەکە خەماوی بـوو. من و باوکم تەنیا نەبووین، خەڵکیش ترسـێک نیشـتبوە سـەر ڕووخسـاریان... شارەکە پڕ جەنجاڵەکەی جاران نەبوو، بوو بوە شارێک لێی بترسیت.

# فەیازە کوێر

کـە بانخان لەگەڵ سـوپای تورک گەڕایـەوە، کۆمەڵێک دەموچاوی تـازەی وەگەڵ خۆی هێنا. یەکێـک لەو دەموچاوە تازانە، فەیازە کوێر بوو. میری گزگل کاتی خۆی بەرپرسی زیندانەوانەکان بوو، لەگەڵ بوو بە میر، فەیازە کوێری خستە شوێنە کۆنەکەی خۆی.

باڵایەکـی بـەرز و دوو قاچی زلی پێوە بوو. بەردەوام کراسـێکی لە بەر دەکرد تا نزیک ناوکی قۆپچەکانی دەکردەوە و قۆڵی کراسەکەی تا سەر مەچەکی هەڵدەکرد. دەستەکانی هەموو جێ کوتان بوو، دونیایەک نووسـین لە سـەر دەسـتی بوو. دوو گوێچکەی زل و لووت و دەمێکی بچووکـی پێـوە بوو. لووت و دەمـی لەگەڵ گوێچکـەی نەدەهاتنەوە. چەقۆیەکی بچووکی دەگرد بە دەسـتێکییەوە و سێوێکی سووریش بە دەسـتەکەی ترییەوە. یەک دوو سەر زلی دەخستە دوای خۆیە و باڵی فش دەکردەوە لەم سەری بازاڕەوە بۆ ئەو سەری بازاڕ دەهاتوو دەچوو. بە عالەمی ئاشکرا شەڕی بە خەڵک دەفرۆشت.

لـە بەردەم هەر دووکانێک بوەسـتابایە، خاوەنەکـەی ڕەنگی پێوە نەدەما، دەیزانی خەریکی تەشـقەڵەیە پێـی. بە فیزەوە چەقۆکەی لە سێوەکە دەدا و قاژێکی لێ دەکردەوە و دەیخستە دەمی، دەگوت دونیا ئەو بەڕێوەی دەبا. چاوە کوێرەکەی و پەنجە قرتاوەکانی، هێندەی تر ترسناکیان کردبوو. نە کەس خۆی لێ دەدا و نە کەس کارێکی دەکرد تووشـی ببێت بە تووشییەوە. خۆی کردبوو بە سەگی هاری شارەکە. کۆمەڵێک شەقاوەی فشەکەر لە ناو شارەکە بوون، کە فەیاز دەردەکەوت،

هەر یەکەیان خۆی بە کونێک دا دەکرد، کە ئەویش دەڕۆیشت لەو سەر جادەیە، حیلکەحیحلکیان بوو خەڵکیان بێزار دەکرد.

دیار نەبوو کێ شکاتی کردبوو، ئێوارەیەک پێش مەغریب، بۆیان پەیدا بوو، بە چەقۆ و کوتەک تێیان کەوت، تا خەڵک فریا کەوت، یەک دوانێکیان داپاچی. گیانیانی پڕ کردبوو لە خوێن. ترسینۆکانە کەسیان نەیان دەوێرا تەنانەت دەستیش بکاتەوە یان ڕا بکا، خەڵک نەبوایە وەک خەیار بە چەقۆ پاکی دەکردن، کە شێتییەکەی دەنیشتەوە، بە نووکی چەقۆکە، چاوە کوێرەکەی دەخوراند.

بە قسەی خۆی:

باوکی دایکی دیار نین و کەس نازانێت کێن. بە منداڵی لە یەکێک لە گەورەکانی سەر سنوور دۆزراوەتەوە. ئاغایەک بردوویەتی لای خۆی کردوویەتی بە خزمەتکاری ماڵەکەی تا گەورە بوە. بە هەرزەکاری ئیشی قۆڕی زۆری کردوە. ئاغایش هەموو جارێک ئیشە قۆڕەکانی، باش تەمێی کردوە. ساڵێک لە لە وەرزی هاوین دا، کە جوتیارەکان دەچن بۆ سەر کێڵگەکانیان، فرسەت لە ماڵە جوتیارێک دێنی و دەچێتە سەریان. دیارە کە ژنی جوتیارەکە زۆر جوان بوە، تەماحی تێ کردوە... دەچێتە ژوورەوە و پەلاماری ژنە دەدات... ژنەیش نایکات بە نامەردی، سیخێکی داخ، کە لە ناو ئاگردانەکە بوە، دەردەهێنێت و دەیکات بە چاوی دا. چاوی دەتەقێت و ئاوە سپییەکە بە ڕووخساری دا دێتە خوارەوە. ژنە دەبینێت بەم شکڵە ناشیرین و ترسناکەوە چاویشی تەقیوە، هەتا پێ دەکرێت ڕا دەکات بۆ لای پیاوەکەی لە کێڵگەکە. حیکایەتی هەڵکوتانە سەری و کوێرکردنی فەیاز بۆ پیاوەکەی دەگێڕێتەوە. پێکەوە لە ترسی ئاغا لەوێوە گوند بە جێ دەهێڵن و لە سنوور دەچن بەو دیو دا، ئیتر ناگەڕێنەوە، تا ئاغا دەمرێت.

کاتێک بڵاو دەبێتەوە، ژنەی جوتیار چاوی خزمەتکارەکەی ئاغای کوێر کردوە، ئاغا کەر دەبێت، فەرمان بە پیاوەکانی دەدات، بچن

ماڵەکە بسووتێن و لە دەغڵەکەیش بەرهەمی ئەو ساڵەی چی بوە بیهێننەوە و بیخەنە خەزنەی ماڵەوە. تا ماوەیەکی زۆر، حەکیمێک بە هەنگوین و ترشەسماق خەریکی چاککردنەوەی برینەکەی دەبێت. بۆ ئەوەی برینەکەی تەشەنە نەکات و نەبێتە وەرەم، بەیانییان پڕی دەکات لە هەنگوین و ئێواران لای دەبات و بە ئاوی ترشەسماق دەیشوات. نزیکەی شەش مانگ بەم حاڵەوە بەردەوام دەبن، تا برینە قووڵەکە پڕ ببێتەوە و شوێنەکەی زۆر دیار نەبێت. بە جۆرێ تیمار کرابوو، شوێنی چاوەکە پڕ بووبوو لە گۆشت، تا باش لێی ورد نەبوویتایەتەوە، نەت دەزانی پێشووتر چاوی تێدا بوە. کە باش دەبێتەوە، دیسانەوە دەست دەکاتەوە بە چەتوونی. ئاغایش بێ گوێدانە بەرەڵاییەکەی پشتی دەگرێت و ئازاری جوتیار و گوندییەکان دەدات لە سەری. تا وای لێ دێت ئاغایش دەگەزێت.

زستانێک ئاغا دەچێت بۆ ڕاو. بەس فەیاز و ژنەی ئاغا و یەک دوو خزمەتکاری تر لە ماڵ دەبن. فەیاز شەوێکی درەنگ، لە بەردەم هەیوانەکە دەبێت. سوچی دەرگاکەی خانم لە سەر لا کراوەتەوە. چاوی تێ دەبڕێت دەبینێ، خانم بە دەم دا کەوتوە و کراسەکەی هەڵکراوە سمتە خڕ و سپییەکەی کەوتوەتە دەرەوە. بێ ئەم لا و ئەو لا هەڵدەستێت، دەچێتە ژوورەکە و دەرگاکە پێوە دەدات. یەواشێک خۆی ڕووت دەکاتەوە و خۆی دەنووسێنت بە ژنەی ئاغاوە. ژنەیش لە خەو دایە، هۆشی لای ئەوە نییە ئاغا لە ماڵ نییە. هەر چی لەوە ئاغایە، بۆی دەوەستێت تا کاتی هانکەهانکەکە. کە گوێ ڕادەدێرێت هانکەهانکەکەی هی ئاغا نییە، لا دەکاتەوە دەبینێت فەیازە کوێرە، تا هێزی تێدا دەبێت دەکێشێت بە بناگوێ دا و بە شەق و زللە و جنێوی پیس پیس لە ژوورەکە دەیکاتە دەرەوە.

دوای گەڕانەوەی ئاغا، ئاغا ژن چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئاغا شێت دەبێت، تەورێک دێنێت چووکی ببڕێت. خزمەتکارەکان تکای لێ دەکەن

شنی وا نەکات. ئاغا نەرم دەبێت لە باتی چووکی دەستی دەخاتە سەر کۆنەرەیەک و بە یەک تەور سێ پەنجەی لێ دەکاتەوە. سوێند دەخوات هەر حەکیمێک تیماری بکات، دەستی ئەویش دەبڕێتەوە.

فەیازە کوێر چاری نامێنێت، دەچێت لە ئاگردانەکەی هەیوانەکە دەستی دەکات بە ناو خۆڵەمێشەکە دا دەری ناهێنێتەوە، تا خوێنەکەی بوەستێت. ڕۆژانەیش بە خوێ و ئاو دەیشوات تا برینەکە باش دەبێتەوە. ئەم داخە دەنیشێتە سەر دڵی و فرسەت لە ئاغا دێنێت، شەوێک ئەسپەکە زین دەکات و دادەنیشێت تا دەمە و بەیان ئاغا بێتە دەرەوە. کە دێتە دەرەوە لە سەر یەک شەش حەوت خەنجەر دەکا بە ورگ و شانی ئاغا دا و بۆی دەردەچێت. ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشت بۆ قوستەنیتنیە نەگەڕایەوە. لەگەڵ کوشتنی ئاغا دا دێکەی بێ زاڵم کرد و جوتیارە و ژنەکەیش گەڕانەوە شوێنی خۆیان و خۆیشی لە ترسی خزمانی ئاغا، خۆی شاربەدەر کرد.

لە قوستەنتینیە هەوڵ دەدات بچێتە ناو سوپای سوڵتانەوە، لەبەر چاوە کوێر و پەنجە کۆڵەکانی وەری ناگرن. ناچار لەگەڵ چەند قاچاخچییەکی فڕاندنی ژنە جوانەکان و فرۆشتنیان لە بازاڕەکان ڕێک دەکەوێت. ماوەیەکی زۆر خەریکی قاچاخچێتی و کڕین و فرۆشتنی ژنان دەبێت. پاش ماوەیەک لەتەک گروپێک تلیاکفرۆشی ئەفغانی و سەمەرقەندی ڕێک دەکەوێت، تیلیاک بۆ حەکیمەکان دەبات، تا وەک دەوا بۆ نەخۆشەکانیان بە کاری بهێنن. وردە وردە خۆیشی فێری تلیاک کێشان دەبێت و لە سەر جادەکان دەخەوێت. بە ڕۆژ دەچێتە چاخانەیەک نزیک کاروانسەرای شار. کتوپڕ نیوەڕۆیەک لە هەمان چایخانە لە تەنیشت بانخان دادەنیشێت. ئەوکاتەی بانخان چوبوو بۆ قوستەنیتنیە سوپاسی تورک بێنێتە سەر براکەی، لەو چایخانەیە یەکتر دەناسن و دەیکاتە هاوەڵی خۆی. پێی دەڵێت:

-کوێرەی بەر چاو ڕەش. تۆ بۆ من باشی. دەچم بۆ مەملەکەتێک

Scanned by CamScanner

پڕە لە گورگ. گورگەکان بە گورگ دەترسێنرێ،ن نەک بە شێر. تۆ لە شـێرەکان دەترسیت، ئیشی جوامێرانە لە تۆ نایەت. وەرە لەگەڵ من، دەتکەم بە خاوەنی زۆر شت، وەلێ بۆت نییە لە ژێر فەرمانم دەربچیت. بێ فەرمانیم بکەیت، نە چاوت دەردەهێنم نە پەنجەت دەبڕم. ملت لە بـن دا هەڵدەکەنم. فەیـازە کوێریش بەم قەولە ڕازی دەبێت و وەگەلی دەکەوێت. لە ڕێگا لە هەر شـوێنێک سـوپای دەوار هەڵدەدات، بانخان فەیاز ڕادەسپێرێت لەو دەوروبەرە، سێ چوار بەرخ پەیدا بکات. ئەویش خۆ ئاسا دەکەوێتە گەڕان و چاو دەگێڕێت، لە کوێ حەیوانێک بەر چاوی بکەوێت، تێیان دەکەوێت سـێ چوارێکـی قەڵەوی باش هەڵدەبژێرێت، گوایە نزیک سەر سنوور شوانێک ڕازی نەبوە بەرخەکانی ببات، داویەتیە بەر چەقۆ و کوشتوویەتی، پاشان لە باتی سێ چوارێک بیست بەرخی هێناوە و ئەوانی تری بە شوانەی کوژراوە جێ هێشتوە.

هەرچـی کاری نامەردانەیە لێی دەهات... پەروەردەی خراپ بوو... کەس لێی ڕازی نەبوو... میریش هێنابووی تا سووکایەتی بەو کەسانە بکات، پێچەوانەی میر دەجووڵێنەوە. کردبووی بە سەردەستەی یەکێک لە دەروازەکانی شار و سەردەستەی زیندانەکەی کۆشک. میر ئیشارەی بۆ هەر کەسـێک بکردایە دەکەوتە بەر ڕەحمەتی بێ ڕەحمییەکەی. وا دەگێڕنەوە، زیندانەکەی شـتی زۆر خراپی تێدا بوە. خۆیشی یەک دوو سـەر زلی کۆسـەی لەگەڵ دا بوو، تۆبە خودایە، دەیانگوت: سـواری یەکتـر دەبن. ورگە زلەکەی کە شـۆڕ بووبووەوە بە سـەر ڕانەکانی دا، قەبارەی لە پێش چاو گەورەتر کردبوو. شەوان یان لە مەیخانەکەی لای کاروانسـەراکە دەیخواردەوە، یان لە زیندانەکە. کاتێک مەسـت دەبوو، وەک شـێتێک هەڵی دەکوتییە سـەر زیندانییەکان، تـا ماندوو دەبوو لێ دەدان. وەی بە حاڵی ئەو کەسـەی دەکەوێتە بەر دەسـت کەسێک پەروەردەی سـەقەتە. وەی بە حاڵی ئەو زیندانییەی زیندانەوانەکەی، مرۆڤێکی بێ ڕەچەڵەکە.

چی نیشی قۆڕی میر بوو، بە فەیازە کوێر تەواوی دەکردن. خانمی میری گەورە و شازادەکەی، بەم کوێرە فێری فاحیشەیی کران. بازرگانە بە شکۆکان لە ڕێگەی فەیازەوە سەرانەیان لێ دەسەنرا و هەڕەشەی بردنی کچەکانیان لێ دەکرا.

لە پشت کۆشکەکەی میرەوە دەیان نهێنیی پۆخڵ هەبوون، باس نەدەکران. وەختێک ئەم کوێرە مەست دەبوو، قسە لە دەمی نەدەوەستا. چی کردبوو، چییان پێ کردبوو، لە ناو مەیخانەکان باسی دەکرد و مەستەکانیش بۆ بەیانییەکەی لە ناو بازاڕ و کۆڵانەکان بۆ خەڵکیان دەگێڕایەوە. قسەکانی دەماودەم دەهاتنە ناو ماڵانەوە. ماوەیەک فێر بوو بوو، دەچوە حەمامی سپی، لەوێ خۆی دەشووشت و پاشان دەچوە کەبابخانەکان، تێر کەبابی دەخوارد. دوای تێربوونی، چی جنێوی پیس بوو لە دەمی دەهاتە خوارەوە. نە پارەی دەدا نە باکیشی بە دەمە پیسەکەی بوو. مامە شارۆ باشی پێکابوو، ئەمە سەردەمی پیاوی بە ئەدەب نییە. سەردەمی پیاوی دەستوەشێنە.

کە دەمی دەکردەوە، دەیگوت:

ژیان چەقۆیەکە، یەکێکی پێ نەبڕیت، خۆت دەبڕێت. پێش ئەوەی خۆم ببمرێت، یەکێکی پێ دەبڕم. سەیری پەنجەکانم بکەن، سەیری چاوم بکەن، سەیری کوتانەکانی سەر دەستم، ئەمانە هەمووی، نیشانەی زەمانەن. نیشانەی عەجوولییەکەمە. شەرم لە هیچ ناکەم، شەرم بۆ ژنانە نەک پیاوان. نەفرەت لە پیاوی شەرمن. تۆ کە شەرم دەکەیت، بۆ لە ماڵەوە دانانیشیت حاجەت بشۆیت.

لای دەکردەوە بۆ سەرپانەکەی پشتی و لێ دەپرسی، ئەرێ سەر پان وا نییە؟

- ئەشهەدو وایە، بە حەیاتم نانی سەرشۆڕیم نەخوارەوە، مەچەکی بەهێزم بۆ چییە، گەر نانی پێ پەیدا نەکەم.

دە تۆیش فشەفش مەکە، لەبەر خاتری من نەبێت، ملت لە بن

دا هەڵدەکەن. دوو ڕۆژە خۆتت بینیوە دەست دەوەشێنێت. خۆتت لێ نەگۆڕیت. بەو سەرە زلەیەوە، سەری دادەنەواند و جووکەی لێوە نەدەهات. کەسی دەست نەکەوتایە شەڕی لەگەڵ بکات، تێروپڕی لە دوو سەرپانەکەی لای خۆی دەدا. هەر دووکیان وەک تووتکە سەگ لە بەر دەستی دەقروزانەوە و دەستیان بەرز نەدەکردەوە. بازۆڵی هەر یەکیان دوو هێندەی فەیازە کوێر بوون.

داخی دەسرە ئاوریشمەکەی ملی، تەڕی دەکات و سووچێکی دەگرێت و دەیکێشێت بە سمتی ژنان، تا شەقەی بێت. دەڵێی ئەم شارە پیاوی تێدا نەماوە. بەم چاوانەی خۆم دەیان جار دیومە، شەقەی لە سمتی ژن هەڵساندوە، یەکێک نەی وێراوە بڵێ بۆ وا. شارەکەی بە تەواوی ناخۆش کردوە. بریا تۆزێک گەورە بوومایە، تا چاوەکەی تیریشی کوێر بکەمەوە. کە دەمبینی، قەلبم تێک دەچوو. تووکە زبر و ناشیرینەکانی سەر سنگی، بەم لا و لەو لا دا کەوتبوون و چیلکە دارێکی دەخستە ناو دەمی، کاوێژی پێ دەکرد، لەو فاحیشانە دەچوو، لەگەڵ کاروانسەراکان دا دەهاتنە شار.

نازانم لە کوێ ئەو قسە زلانە فێر بووبوو. جا بۆ نا کاکە، چی کون و قوژبینی دونیایە گەڕاوە. ڕۆژێک سواری خەڵک بوە، ڕۆژێک سواری بوون. لە هەر سواربوونێکدا شتێک فێر بووبێت، بەشی دە ساڵی تر قسەی پێیە. منداڵ و هەرزەکار نەبوون لێی نەترسن، بە تایبەت جوان و خۆیان گوتەنی لووسکەکان. تەشقەڵەی بە گەورە و بچووک دەکرد. یەک دوو جار پیاوان و مەلاکان چوونە شکاتی لای بانخان، سوودی نەبوو. زۆر بێ موبالاتانە جوابی دابوونەوە:

- جا سەرسەریی وا چییە، بیگرن دوو شەقی تێ هەڵ بدەن، بۆ باوک و باپیری، کە نیەتی، عاقڵ دەبێت.

گەرچی تێیان گەیاندبوو، حەز ناکەن دەم بخەنە دەمی و لە پشتی تۆ بەردەوامی بە کارە بەدەکانی دەدات. وەلێ گرینگیی بە قسەکانیان

ئەدابوو. بە نابەدڵی گەڕابوونەوە.

پاشان ماوەیەک، بانخان ناوی ئەو پیاو و مەلایانەی پێ دابوو، هاتوون بۆ شکاتی. وەک هاندانێک هانی دابوو، بچێت سووکایەتیان پێ بکات. بەیانییەکی زوو چووبوو بۆ مزگەوتی یەکێک لە مەلاکان، مینبەری مزگەوتەکەی ڕوو کردبوە ئاسمان و یەک گۆزە ئاوی کردبوە ناو مینبەرەکە، کاتێک مەلا بانگی دابوو، لە باتیی بڵێت ئەللاو ئەکبەر، گوتبووی: قولولولولولولو.

بەم شێوەیە، یەک لە دوای یەک، حەقی خۆیانی لێ کردنەوە، تا وای لێهات دەهاتە ناو قەیسەری، لەو سەری دەرگاکەوە بە خۆی و دوو ملپانەکەی پشتییەوە دەوەستا و هاواری دەکرد:

- ئەم شارە پیاوی چەقۆوەشێنی دەوێت. کێ چەقۆی پێ بێت و بتوانێت بیوەشێنێت، لەوانی تر سەنگینترە. میرەکەمان، میری چەقۆوەشێنەکانە. میری ئەدەب و پیاوی نازدار نییە. یەکێک بە خەنجەرەوە لە دایک بوو بێت، بە نوکی خەنجەر نەبێت نانی بۆ پەیدا نابێت. توند دەیکێشا بە سمتە خڕەکەی خۆی دا و دەیگوت:

- ئەو ڕۆژەی ئەمەیان بۆ هەڵدریم، یەک شەقم لە پیاوەتی دا. پیاو یا دەبێت وەک پڵنگەکان بژی گۆشتی ئەوی تر بخوات، یا دەبێت وەک کۆترەکان بژی گۆشتەکەی بخۆن. کێ بڕوام پێ دەکات بیکات، کێش بڕوام پێ ناکات جاڕ بە جەهەنەم. سەردەمی پیاوی بەڕێز بە سەر چوو. سەردەمی چقۆوەشێنانە. حەزم لە خەنجەر نییە، خەنجەر هی ئاغایەکە بۆ جوانی هەڵی دەگرێت، نەک بۆ وەشاندن. من نە ئاغام و نە مسکێن. من فەیازم، فەیاز. ناسراوم بە فەیازە کوێر، نانی خۆش لە کوێ بێت، لەوێ دەلەوەڕم.

هێندە بێ ئابڕوویش بوو، وەک سەگ دەوەری. وەو... وەو... وەو...
دوای قسە قۆڕەکانی ڕاهاتبوو، دەستی دەخستە سەر سنگی و دەچەمایەوە و بە دەم چەمانەوە دەیگوت:

- ڕێزم هەیە بۆ میرم. من لە ژێر سـێبەری میرم دا، چ خزمەتێکی بوێت بۆی دەکەم، تەنانەت گەر خۆشمی بوێت لە خزمەتی دام.

کـەس قسـەی هەیـە؟ ئـەرێ کەس قسـەی هەیـە. لەم سـەری قەیسـەرییەکەوە تا ئەو سەری، کشـومات دەبوو. پاشان دەڕۆیشت و ڕۆژێکی تر دەهاتەوە شـتێکی تری دەگوت لەمە خراپتر. حاڵی خەڵک بە دەست فەیازەوە بەم شێوەیە بوو.

بە قوربانی ئەو دەمەت بم، سۆنەی جوولەکە، خەڵک باش دەناسی، یەکەم جار چووبوە لای بانخان، فەیازی لە پشـت سـەرییەوە دیبوو، بنێشت دەجوێت، پێی گوتبوو:

- گـەورەم، ئـەم هەتیـوە زۆر بێ شـعوورە، لە عـەرەب دەچێت. عەرەبیـش کە لێی قەوما، یەکەم شـت بیفرۆشـێت، ژنەکەیەتی. ئەم هەتیوەیش لێی قەوما، یەکەم شت بیفرۆشێت، خۆیەتی ئینجا تۆ.

بانخان قسەکەی لە دڵ گرتبوو، بە لالووتەوە جوابی دابووەوە:

- وا نییە جوولەکە، وا نییە. تۆ خراپ تێگەییشتووی لەم پیاوە و لە عەرەبیش. لە بەردەم گەورەکان دا قسە فڕێ مەدە.

# عەرەبانەکەی باوکم

دوو ئەسپی شیکی ڕەش، عەرەبانەیەکی بە تەختە دروستکراوی سەردەمی قاجارەکان. شوێنێک لە پێشەوە و دوو شوێنیش لە پشتەوە، باوکم لە سەر شوێنکەی خۆی، بە قامچییەکەی دەستییەوە دانیشتبوو. تەقەی نالی ئەسپەکان، ئاوازێکی گورجیان خستە ناو کۆڵانەکەوە. تەواو دڵم کرایەوە، باوکم لە پشت ئەسپەکانەوە بینی. من دەڵێم سەد جار، تۆ بڵێ، هەزار جار لە ئیشەکەی پێشووی خۆشتر و ئیسراحەتر بوو. لێیشی دەهات بە مشکییەکەی سەری و قۆڵە هەڵکراوەکەیەوە، لە پشت ئەسپەکانەوە قامچییەکەی ڕاوەشێنێت و هۆ گیانیان لێ بکات.

یەکێ توورەکەیەکی، پڕ لە کا، لە ملی ئەسپەکان دا بوو، تا لە هەر جێیەک وەستان، سەری خۆیانی پێدا بکەن، شتێک بخەنە دەمیان بیکرمێنن. ئێوارەی پێشووتر باوکم باسی کرد، دەبێت سبەی بچێت ئەسپەکان بهێنێت، بەیانی زوو شەبەقی نەدابوو هێنانی. کە بەم حاڵە خۆشەوە کەوتە پێش چاوم، لە بەر دەرگا بانگی دایکم کرد.

- دایکە، دایکە. وەرە باوکم ببینە چ ئەسپسوارێکە.

دەستم دەهێنا بە لاملی ئەسپەکان دا، دایکم لە دەرگا دەرکەوت. وەی ماشەڵڵا، حەمە لێت دێت. لە چاو دوور بێت، سەد دووکان دێنێت. نە دەستت دەکوتیت، نە سەرت دەخەیتە ناو بۆنە ناخۆشەکەوە. نە ماندوویش دەبیت. بە مەیلی خۆت چی کووچە و کۆڵانە دەگەڕێیت و بەشی ژیانیشمان پەیدا دەکەیت. ڕەحمەت لەوەی چاوی لە فەقیرە. بەدەم ئەم قسانە و ڕوویەکی پڕ لە خۆشییەوە چوەوە ماڵ. باوکم ڕووی

تێ کردم، دەی کوڕم وەرە بتگەیەنمە بەر دەگای خانەقا. یەک قوونەم کردوو سوار بووم. یەکەم جارم بوو سوار بم، قرتەقرتی پێی ئەسپەکان و جوولەی تایە دارەکان بە شێوەیەکی خێرا سەرنجی ڕاکێشابووم. زەوی بە وردی و خێرا لە بەرچاوم دەڕۆیشت. تا گەییشتینە بەردەم خانەقا، هەستم بە فڕین دەکرد. لەوێ دابەزیم. هێندە جوان دەڕۆیشتن، تا لە پێچەکە لە بەر چاوم ون بوون تەماشام کردن.

دووکان سووتاندنەکەی خێرێکی پێوە بوو، باوکم لەم تەمەنە دا چاوی کز بوو، چەمانەوەکەیشی زیاتر دەردەکەوت، شانەکانی کووڕ بووبوون. دەترسام لەگەڵ ڕۆیشتنی من، کارێکی پێ نەکرێت. خوا ناردی ئیشێکی باشتر و خۆشتری بۆ دەستەبەر بوو. ژیان وەک ئەسپ وایە، چۆن قامچی لێ دەدەیت، وا دەڕوات. قامچی توندی لێ دەیت، لەوانەیە خێرا بڕوات و سمی بترازێت و قلْپت بکاتەوە. لە سەرخۆیش تەی بکەیت، بە هێمنی و جوانی دەتگەیەنێتە مەنزڵی خۆت.

بۆ ئێوارە گەییشتمەوە ماڵ. لەگەڵ دایکم لە هەیوانەکە دانیشتبوون. پاڵی دابوەوە و کەیفخۆش دیار بوو. نە ماندوو بوو، نە هاواری هیچ شوێنێکی دەکرد. بینینی بەم شێوەیە، وای لێ کردبووم، خەمی سەفەرەکەم نەخۆم. چوومە تەنیشتی دانیشتم:

- باوکە؟
- گیانی باوکە
- زۆرم نەماوە تەواوی بکەم، لەم هەفتەی دادێت، کۆمەڵێک ئیجازەی مەلایەتی وەردەگرن، منیش دوای ئاهەنگەکە، دەبێت سەفەر بکەم، بۆ شارێکی دوور لەو دیوی سنوور، لەوێ ئیجازەم دراوە بخوێنم و مەلایەتی تەواو بکەم. پێم خۆشە بچم و پێشم خۆش نییە بچم.
-یانی چی؟
- مەستم خراپ نییە. نامەوێت تۆ و دایکم و دۆستەکانم لەم شارە جێ بهێڵم، نایشمەوێت دەست لە خوێندنەکەم هەڵبگرم. غەریبی

گەلێک سەختە.

-گوێ بگرە کوڕم، لە دارای دونیا تۆم هەیت، ئێستا حاڵم زۆر باشە، خوا ماڵی ئەو جوولەکەیە ئاوەدان بکات، کەوا ماڵەکەی منی ڕووناک کردەوە. ئیشەکەم زۆر خۆش و بێ منەتانەیە. نانی تەقەی پێی ئەسپەکان دەخۆین. نە خەمی منت بێت، نە دایکت، قاتێ و قوتێ ماوینەتەوە. بە دڵێکی بێ خەوشەوە بڕۆ. خوێندنەکەت تەواو کرد، وەرەوە. خوا خۆی دەزانێت ئەم شارە چی بە سەر دێت، زاڵمەکان تەمەنیان درێژ نییە. گورگ تا هارتر بێت، زووتر دەمرێت. شوانی ژیر شوانێکە، مەڕەکانی دەپارێزێت لە گورگی هار. من باوکم و شوانم، یەک مەڕم هەیە، نایخەمە بەر دەست گورگ.

- نا مەبەستم نەبوو کە ناڕۆم، مەبەستم بوو دڵم بە بێ ئێوە ئۆقرە ناگرێت.

- ڕا دێیت کوڕم ڕا دێیت. بەشی ئێمە هەمیشە غەریبی بوە. ئەوە دوای ئەوە، کەسمان لە وڵاتی خۆی و لە ناو خزمانی خۆی نە ژیاوین. دایمەی خوا ئاوارەی شاران بووین. دەیشتوانیت لەوێوە خزمانمان بدۆزیتەوە و سەریان لێ بدەیت. هیچم ناوێت، وەلێ خودا ئەوەندە تەمەنم بدات، تۆ ببینم بە مەلایی دێتەوە ئەم شارە و ڕۆژێک گوێ لە دەنگت بگرم بانگ دەدەیت و لە پشتەوە نوێژ بکەم، ئیتر دوای ئەوە بیشمرم باکم نییە.

باوکم زۆر بە ئومێدەوە دەیڕوانییە من. لەوانەیە خەیاڵی وا بکات، دەبمە شوێنگرەوەی مەلای گەورە. نا من نابمە شوێنگرەوەی هیچ مەلایەک. سەرپشک بکرێم لە ڕێگای خۆم، ڕێگای دێوانەم پێ ڕاستترە لە ڕێگای مەلاکان. دێوانە ڕێگایەکی هەیە لە خوداکەی ناخم نزیکم دەکاتەوە و مەلاکان ڕێگایەکیان هەیە، لە خوداکەی ناخم دوورم دەخاتەوە. نامەوێت باوکم نائومێد بکەم، تا ماوە چی بوێت دەیکەم، کە ڕۆیشت منیش بە ڕێگای خۆم دەڕۆم.

Scanned by CamScanner

شـەوێکی خۆش بوو. گەلێ قسـەی خۆش و تەگبیرمان بۆ سەفەر و ژیانـی ئایینـدەی من کرد. هەسـتم بە هیچ نەکرد، تا چوومە سـەر جێگاکەم. کاتێک پاڵ کەوتم دڵتەنگییەک دای گرتم.

زۆر جـار دڵتەنگییەک ڕووت تێ دەکات، لەم دونیا گەورەیە دا ڕێت نابێتەوە. چەندێک بیـرم کردەوە، بنەوانی دڵتەنگییەکەم نەدۆزییەوە. دڵتەنگی بۆ سـەفەرەکەیە، دڵتەنگی بـۆ دووریی ماڵە، یان چاوڕەیش گیانـی نـاو خەونەکانم. دڵتەنگیـی دێوانە و ئازیزانـم، یان دڵتەنگیی کووچە و کۆڵانەکان. نەم دۆزییەوە و نەم دۆزییەوە. بەو حاڵە شڕەوە درەنگانێک خەوم لێ کەوت، سبەی بە حیلەی ئەسپەکانی حەوشەکەمان خەبەرم بوەوە. هەتا هاتمە خوارەوە، باوکم بە خۆی و عەرەبانەکەیەوە چووبوە سەر ئیش و منیش بەرەو خانەقا کەوتمە ڕێ.

Scanned by CamScanner

# ٤

درەنگ یان زوو،
دەبێ ئەم شارە جێ بهێڵین

Scanned by CamScanner

## ■ ڕۆژی شەشەم

ئێوارەکەی چوومە لای دەلال. تەگبیرمان کرد بۆ شەو، درەنگێک یەکێک لە ئەسپەکان بهێنم و پێکەوە بچین سەرێک لە دێوانە بدەین. کارەکە منداڵانە و مەترسیدار بوو، ئەمما نەم دەویست عاشقێک لە مەعشوقەکەی بکەم. لە ژوورەکە دانیشتبووین، خەریکی تەگبیری خۆمان بووین. جیرەی دەرگاکە هات، سۆنەی جوولەکە وەژوور کەوت. سڵاوێکی کرد و دەموچاوی دا بە یەک دا. لە جێی خۆمان هەستاینەوە و شوێنەکەی خۆمم بۆ چۆڵ کرد. دانەنیشت. بە دەموچاوە مۆنەکەیەوە گوتی:

- گوێم لێتان بوو، تەگبیری چی دەکەن. دوو گەنج بە بێ پرسی پیاوێکی بە ئەزموون تەگبیر بکەن، ماڵێک بە قوڕ دەنێن. ئێوە خەریکی چین؟ نازانن ئەم شارە نانوێت؟ نازانن چاوە پیسەکان هەمیشە کراونەتەوە. چاوێک دەنوێت، ڕۆژەکەی بە پاکی بردبێتە سەر. چاوی پیس ئیشی کرانەوەیە. نابێت کاری وا بکەن خۆیشتان و منیش وەقوڕنێن. کاکە دەلال لەم ماڵە بچیتە دەر، گەڕانەوەت نییە، تۆیش کوڕم ئیشم پێتە.

دەستی گرتم و لە ژوورەکە بردمییە دەرەوە. نەخشەکەمان تێک چوو. بۆ نەگبەتی نەچوومە لای دێوانە، بە مەبەستی دیداری ئەم دوو کەسە، دیدارەکەم دواخست بۆ شەو. کەچی لێمان تێک چوو.

جوان خۆی پێچایەوە و جلە عادەتییەکانی خۆی لە بەر کرد. هەستایە سەر پێ و گوتی:

- کوڕم وەرە لەگەڵم، منیش بە بێ پرس دوای کەوتم. بەرەو

دەرەوەی شار ڕۆیشت. لە نیوەی ڕێ پرسیم:
- بۆ کوێ.
- دەچینە سەر کارێزەکەی دەرەوەی شار. لەوێ کۆمەڵێک قسەت بۆ دەکەم.
ڕۆیشتین، ڕۆیشتین تا گەییشتینە سەر کارێزەکە. دوای کەمێک دانیشتن، ڕووی تێ کردم:
- تۆ خەریکی وێرانکردنی.
- مەبەستت چییە؟
- کوڕم بەس گوێ بگرە، بزانە چی دەڵێم.
"لە یەکەم ڕۆژەوە زانیوومە، گەنجێکی دڵت پاکە، چەند جار چوویتە دەرەوەی شار، خەڵکم ناردوە ئاگای لێت بێت. ئەم دەویست ئاگرەکە بتسووتێنێت، ڕوون بوو لام ئاگات لە چیرۆکە ڕاستەقینەکە نییە، بۆیە تۆم هێناوە بۆ ئێرە تا چیرۆکە ڕاستەقینەکەت بۆ باس بکەم. کار گەییشتوەتە ڕادەیەک، خەریکە دەست بە ئاگرێک دا دەکەیت، ماڵەکەی منیشی پێوە بسووتێنێت"
دڵم کەوتە لەرزە. ترسام. کاتێک دەترسم ڕەنگم زەرد دەبێت و هێزی ئەژنۆکانم نامێنێت. لەم قسە بە توێکڵانە سەرم سووڕمابوو:
- تێ ناگەم سۆنەی بەڕێز باسی چی دەکەیت. دێوانەیەک ئەوەندە مەترسیدارە، تۆ وا لە من بکەیت؟
- بەڵێ، کوڕم، مەترسیدارە. دێوانە، دێوانە نییە، دێوانەیان کرد.
- کێ؟
- تۆ بوەستە، با بۆت باس بکەم.
"خەڵکی ئەم شارە، ترسینۆکن. بەس پاروێکی چەوریان دەست بکەوێت، گوێ بە هیچی تر نادەن. دەبوایە گەورە و بچووکی ئەم شارە، لە خزمەتی دێوانەکەی تۆ بن. وەلێ، چی لە زەمانە بکەم، مرۆڤ کە شکۆی شکا، هیچی نامێنێت بۆی بجەنگێت"

Scanned by CamScanner

- قسـەکانت ترسـناک و بە توێکڵن. منت ترسـاندوە و ئەسـڵی بابەتەکەیشم پێ ناڵێیت.

- بـە چـاوان کـورم، بە چـاوان. تەنها خۆت بگـرە و گوێ بگرە، چیرۆکەکەت وەک خەیار بۆ پاک دەکەم و دەیدەمە دەسـتت. دێوانە، میر هوداره!

- چی، چی؟

- بەڵێ، دێوانە میر هوداره!

کە گوێم لەم قسەیە بوو، یەک پارچە گیانم عارەقێکی ساردی کرد. لە جێی سرپسرپبووم:

- یانیی چی میر هوداره؟

- کاتی خۆی، کە تێکشکا و ژن و منداڵەکەیان گرت و بەو دەردەیان برد، لای عەجەمەکان ئەم خەبەری بیستبوو. ماوەیەک خۆی گرتبوو و دوای ماوەیەک ڕووی لەم شارە کردەوە. بە قەولی خۆی یان ئەم جارە سـەری بانخان پان دەکاتەوە و حەقی خۆی لێ دەکاتەوە، یان وەک خاتوون و کچەکەی بە سـەر دارێکەوە هەڵی دەواسن. ئەو ئێوارەیەی هاتبووەوە ناو شـار، یەک دوو کـەس بینیبوویان و دڵنیا بووبوون کە ئەوە. خەبەریان بە بانخان دابوو، هاتوەتەوە ناو شار. ئەویش خۆی و کۆمەڵێک سیلکەدار لەگەڵ ئەو هەتیوە کوێرە، یەکە و ڕاست چووبوو بۆ سەر گۆڕی خاتوون و کچەکەی، گوتبووی:

لـە هـەر شـوێنێک بێـت، بـە شـوێن خاتوونەکـەی دەکەوێت و دەیدۆزێتـەوە، لـە دەوری گۆڕەکە بۆی دانیشـن، کە هات بیخەنە ناو قەفـەزەوە. چۆنی گوتبوو، وا دەرچوو. میر هودار بە پرسـوڕا گۆڕی خاتوون و کچەکەی دۆزیبوەوە. ویسـتبووی سەریان لێ بدات و داوای لێبووردنیـان لێ بکات کە بەو دەردەی بردن. کە گەییشـتبوە ئەوێ، گیرابوو. دەستەکانیان بەستبوەوە. بەو شەوە ڕووت ڕووتیان کردبوەوە و چەقاندبوویـان بەناو ئاو دا، بە شـووڵی دارین تا بووڕابوەوە لێیان

دابوو. بانخان بە فەیازە کوێری گوتبوو:
"نامەوێت بمرێت، بەڵام دەمەوێت بیکەیت بە عیبرەت بۆ شارەکە."
نامـەردە چی پێ گوترابوو وای کـرد. بردبوویانەوە بۆ زیندانەکەی خـوارەوە. لـەوێ تا یەک هەفتە لێدە و بکوتە. هێندە ئازاریان دابوو، گشت گیانی بووبوو بە برین، یەک تۆزێ مابوو بمرێت. پاش ماوەیەک لە زیندان، شـەش حەوت پیاوماقووڵی شـار لە لایەن بانخانەوە بانگ کراین. کەسمان نەمان دەزانی بۆ سەرانەیە، یان مەسەلە چییە. دوای نانخواردن، بە پێکەنینێکی بێ تامەوە، ڕووی تێکردین و گوتی:
"پێتـان خۆشـە تەیرێکی گـول ببینن؟ ئەو تەیـرەی پێتان وا بوو باشـترینە، لە قەفەز دایە. پەنجەیەکی بۆ هەتیوە کوێرەکە ڕاکێشـا و ڕای سپارد بمانباتە لای، ئەویش پێشمان کەوت و چووینە زیندانەکەی خوارەوە دەبینم، میر هودارە.
قژێکـی درێـژ و ڕیشـێکی درێـژ. هـەر چـی گیانیەتـی بریـن و شـینبوونەوەیە. ئەوەندە ئێش گەییشـتە دڵم، خەریک بوو بکەوم بە پشت دا، بە دیواری زیندانەکە خۆم گرتەوە. پیاوە ناماقوڵەکانیش لە باتی دڵگرانی، پێکەنینیان دەهات. لەم قسـە و لەو قسـە، خۆمم لێ نزیک کردەوە، بە چرپەوە پێم گوت:
"بـۆ ئـەوەی لە مردن ڕزگارت بێت، خۆت دێوانە بکە. دێوانە بوون ڕزگاربوونە لە ژیان و مردنیش."
بە چاوە شینبوەوەکانی تێی ڕوانیم، چاوی پڕ بوو لە سوپاسگوزاری. مـن بـووم گوتم خۆت دێوانەکە، من بووم ڕزگارم کرد لەو عەزابە. من بووم، نانم پێ دەدا و بەخێوم دەکرد، نازانم بۆ نەدەڕۆیشت، چەندین جار تکام لێ کرد بڕوا، نەدەڕۆیشت، دەیگوت:
دەبێت لەم شارە بمرم، هیچم نەماوە بۆی بژیم، ئیتر بۆ بڕۆم.
باش بوو بە قسـەی کردم، کتوپڕ هاوارێکی کرد و پەلاماری داین، یەک دوو لە پیاوە ناماقوڵەکان کەوتن بە پشـت دا، کوێرەی چەرچی

شەقێکی تێ هەڵ دا، خۆمم لێ توورە کرد:

بابە بۆ وازی لێ ناهێنن، شـێت بوە. کەس لە شـێتی داوە. تەواو عەقڵی لە دەست داوە، لێی بگەڕێن با نەیش مرێت. کوێرە سەیرێکی کردم و بـڕوای پێ کردم، کە شـێت بـوە! چووینەوە سـەرەوە، کە دانیشتین، قسەم کرد و باسی شێتبوونەکەیم بۆ بانخان گێڕایەوە. هەر چی لەوێش بوون، ئەشـهەدوویان کرد کە شـێت بوە. چ بانخان و چ کوێرە قسـەکەمیان پێ خۆش بوو. لەوێ ئەمری کرد، بەرەڵای شاری بکەن، با بکەوێتە دەست منداڵان. تا لەم شارە بوو، چی خراپە پێیان کـرد. بـازرگان و پیاوانی دەربار، تا خەڵاتێـک لای بانخان وەربگرن، گاڵتەیان پێ دەکرد و گاڵتەکەیان بۆ دەگێڕایەوە، ئەویش لە بەرامبەر ئەوە دا، سەرێکی بۆ دەلەقاندن گوایە شتێکی باشتان کردوە. خەڵک زۆر بێڕەحمن، لەبەر خاتری ورگی خۆیان، چی خراپە دەیکەن.

کاس بووبووم، بە قسەکانی. ئەو ماوە زۆرە بۆ کەس باسی نەکرد. بـۆ مـن ڕۆژێک لە ڕۆژان، ورد نەبوومەوە لە قسـەکانی. ڕۆژی نامەکە دەبوایە تێ بگەم. پێی گوتم:

- بۆنی نامەکە ئاشنایە پێم. خەتەکەی دەناسمەوە. بێ مێشک خۆم، بۆ دەرکم بەوە نەکرد، دێوانە نامەکەی دەلالی برای ناسییەوە. بۆیە گوتی:

- کوڕە خاسـە بێنە بۆ لام. ئـای بەدبەخت خۆم، بەس نەبوو نەم برد بۆ لای. بمبردایە یەکیان بدیبایە چی دەقەوما.

- باشە دەلال دەزانێت؟

- نا، نا، نازانێت. لەو خەیاڵە دا دەژیت، لە ناو عەجەمەکان دایە و ڕۆژێک دێت، بە خۆی و سوپایەکەوە بگەڕێتەوە و کۆتایی بەو تاڵییەی ژیانی بێت. بە ئومێدی ئەو ڕۆژە شار جێ ناهێڵێت.

- دەی خراپ دەکەیت سۆنەی بەڕێز، بۆ ڕاستییەکەی پێ ناڵێیت.

- کـوڕم تـۆ دڵت گەرمـە، دڵگەرمەکان بیر لە ئاییـندە ناکەنەوە.

Scanned by CamScanner

لێگەڕێ با ئەویش خەسار نەبێت. بیدۆزنەوە لە میر هودار خراپتری پێ دەکەن. براکەیان دڵنیا بوە لە میری گەورە، کە شێت بوە. ترسی تەنها لە برا بچووکەکەیەتی. خۆم چەندین جار گوێم لێبوە باسی کردوە، کە خەونی پێوە دەبینێت و بوەتە مۆتەکەی ژیانی. تا نەی دۆزێتەوە و نەی کاتە عیبرەت بە ئیسراحەت خەوی لێ ناکەوێت. نامەوێت بێچارە ببێت. بۆ منێکی جوولەکە، وەک یەکن، بەڵام ئایینەکەم ڕێگام پێ نادات، هەڵەی هەرزەکارانە بکەم. میوانێک لە ماڵەکەمە بە سەر چاو و بە سەر ڕۆح، میوانێک لە ماڵەکەم بێت باشترە، یان سبەی بە ویژدانێکی بیمارەوە ببینم، میوانەکەی ماڵم هەڵواسراوە، یا شێت بوە بە کۆڵانەکان دا. جا بیش زانە، دێوانە، دێوانە نییە. میرەکەی جارانە، لە باتیی دانیشتن لە سەر کورسیی میرنشین، لە سەر ڕۆحەکان دادەنیشێت. یەک بە یەکمان دەناسێت. ئاگای لە خشەی مارە. خۆی لەم دونیایە بێبەری کردوە، تا فرسەتێک بێتە پێش کاری خۆی بکات. قسەکانی لێرە و لەوێ باس دەکرێن. خەڵک زۆریەی، بە تایبەت پیاوە بە تەمەنەکان و کەسانی سەردەمی ئەو، باش باش دەزانن کێیە. وەلێ کەس ناوێرێت چیرۆکەکە بە باشی باس بکات. لە ترسی گوێی زۆر و چاوە پیسەکان، چ دێوانە خۆی لە خەڵک کردوە بە دێوانە، چ خەڵکەکە دێوانەیان لێ بوە بە دێوانە. بریا منیش وەک خەڵک بوومایە، چاوم داخستایە و سەرم بخستایەتە سەر لەوەڕەکەی خۆم. ئەمما من ناتوانم وەک خەڵک بم... مرۆڤەکان وەک یەک نین... ئازارێکی زۆر لە ناخم دایە... بە خۆشیکردنی چاکە بەرامبەر کەسانێک خراپەیان بەرامبەر دەکرێت، بە تەمای تەواوکردنی ژیانم. ناڵێم دەنگی من بەرزترە لە دەنگی خەڵک، وەلێ نایشتوانم وەک خەڵک بم. نۆرم بینوە و زۆرم چەشتوە. خەڵکی وام دیوە، تفم لە خۆم کردوە. خۆبادەران و خۆنوێنەکان، زۆرترن لە مێرولەکان. سەردەمی

خۆبـادەران و خۆنوێنانــە کورم. تۆزێک ژیر بە، دێوانە شـتێکی فێر کردوویت، منیش با شتێکت فێر بکەم.
چەندیـن شـەو هێناومەتــەوە ماڵ، خــۆی شـۆردوە و پێکەوە تا بەیانی قسـەمان کردوە. بەشـێکی ئەو شـتانەی داومەتە دەسـت تۆ بیانخوێنیتەوە، بە دەسـتی خۆی نووسیونی. نەخشەی زۆرمان داناوە بۆ گۆڕینی شارەکە، سوودی نەبوە. پیاوێکم شک نەبردوە جێی متمانە بێـت، نەخشـەکانی بـۆ باس بکەم، بۆیە نەخشـەکان لـە بەینی من و دێوانــە دا بــە با چــوون. متمانە نەماوە. سـەردەمێکیش متمانەی تێدا نەبێت، پیاوچاکیشی تێدا نامێنێت. ئەم میرە کورتەبنەیە، کاتی خۆیشـی کە بەرپرسـی زیندانەکان بوو، زۆر لە میری گەورە پاڕامەوە دووری بخاتەوە و ڕۆژێک دێت، دەبێتە بەڵا بە سـەرییەوە، بە قسـەی نەکـردم. ئەو کات لەگەڵ بێگانــەکان هاتەوە، چیم گوتبوو هاتە دی. نەیـازە کوێـری بێ دایـک وباک، لەگـەڵ بانخان فەرقـی نییە، یەک سرووشت و یەک تەبیعەتیان هەیە. بە خوێنڕشتن و کەرامەتشکاندنی خەڵک دڵیان ئاو دەخواتەوە.
ڕۆژێـک بە سـەر ژیانیان دا تێ ناپەڕێت، شـکۆی کەسـێکی تێدا نەشـکێنن. بە ئەسـتێرەکەی داود، دوای سـووتاندنی قەیسەرییەکە، ویسـتم ڕێگاکەی دێوانە بگرم و منیش هەمان شت بکەم، بەڵام لەبەر خاتوونەکەم نەم توانی. نەم توانی ببینم دەبێتە کەرەسـتەی دەستی پیاوانـی دەربـار. نەم توانی ئەو سـووکایەتییە ببینـم پێم دەکرێت. ئەگینا باشـترین ڕێگا بۆ ڕزگاربوون لەم خەڵکە، چوونە دەرەوەیە لە پێستی ژیری. ژیری بە کەڵکی چی دێت، لە ناو گەمژەکان دا. هەموو شـتم بۆ باس کردیت. تێگەییشـتیت چیرۆکەکە چۆنــە؟ ئەو میرەی شارێکی درووست کرد، خۆی بوو بە دێوانە. دونیا وایە کورم، لەوانەیە ڕۆژێـک ببیـت بە میر و ڕۆژێکی تر بێ کەس و بێ لانە لە کۆڵانێک دا بخەویت. هەستە با بچینەوە بۆ شار، تاقە قسەیەک پێم گوتوویت بە

کەسی مەڵێ. لێ بگەرێ چۆن ڕۆیشتوە با وا بڕوات.
لــە ڕێـی گەڕانەوەمان، لای حەمامە ســپییەکە خواحافیزم کرد، وا خۆم پیشان دا بەرەو ماڵ دەچم، لە پشت حەمامەکەوە پێچێکم لێ دا، ڕێک بۆ لای دێوانە... تا گەیشتمە لای تاریک بوو... هیچیشم لەگەڵ خۆم نەبرد. ئاگری ناو کووخەکە لە دوورەوە شەوقی دەدا. خۆم کرد بە کووخەکەی دا و دانیشتم، بە حەپەساوی کەمێک لێم ڕوانی. پاشان بە ئەسپایی گوتم:
- میرم، بۆ قسەت نەکرد؟! تۆیش دڵپاکیی منت فریو دا؟
زانی لە بنی هەمبانەکەم دا... بە هێمنییەوە وەڵامی دامەوە:
-گریمان زانیت، ئەوەتا ئێستا زانیت، میرێکی دێوانە لەم شـارەیە و لە شـارەکەیش ڕێی نەبوەوە و وەدەر نرا. چی دەبێت؟ ڕێزم زیاتر دەگریـت؟ مرۆڤ دەبێـت ڕێزی مرۆڤ بگرێت، نــەک ڕێزی پلەوپایە. دێوانەبوونەکــەم پێ خۆشـترە لە میریەتی. تاقــە خەونم ڕزگارکردنی مرۆڤەکانــە، لــە چنگی خراپە. گەر لەبــەر میرێتییەکە ڕێزم دەگریت، ڕێزگرتنــی وام ناوێــت، ڕێــزی خــۆم بگرە لەبــەر دێوانەبوونــم... نا ســوودم لە دڵپاکیت نەدیوە، کوڕی زیرەک، تۆ تاقانەترین کوڕی ئەم شــارەیت، حەزم کردوە لێم نزیک بیت. خۆشە مرۆڤ کاتێ ماڵئاوایی دەکات، ئومێدێـک پـاش خۆی جێ بهێڵێت، تــۆ بەس ئومێدی باوکە پینەچییەکەت نیت، ئومێدی منیشی."
- ئێی. خۆ دەمناسیت! چۆن دەمناسیت؟
- زەردەخەنەیەکـی کرد. نانـم بە گوێچکە نەخواردوە. بناغەی ئەو شارەی تۆی تێدا گەورە بوویت، بەم دەستانەی خۆم دام ناوە. ماڵێک خۆم درووستم کردبێت، چۆن ئەو کەسانە ناناسم تێی دا دەژین.
پرســیارێک دەکەم گەورەم، پێم خۆشــە جوابم بدەیتەوە، گەرچی پرسیارەکەم سەختیش بێت بۆت.
-پێش هەموو شت گوتمان من دێوانەم نەک گەورە، پێستی گەورەییم

Scanned by CamScanner

له خۆم داماڵی و پێستی دێوانەیەم لە بەر کرد. نامەوێت گەورە بم و دەمەوێت بە دێوانەیی بمرم. دەی پرسیارەکەیشت بکە.

- دەتوانی باسی هاتنەکەم بۆ بکەیت؟ بۆ هاتییەوە؟

ئاخێکی هەڵکێشا و هەستا چوار مشقی دانیشت... داری ناو ئاگرەکەی هەڵخزاند و گوتی:

- لە گشت شوێنێک، تەنانەت لە ناو فریشتەکانیش بێت، مادام سەر زەمینە جۆرێک سووکایەتی تێدایە، عەجەمەکان فرۆشتیانم. شەوی هەڵهاتنەکە تەنانەت پێم نەکرا خێزانەکەی خۆم و براکەیشم دەربکەم. بیستووتە و منداڵیش بووین ڕەنگە لە پێش چاوت بێت، بە چ دەردێک چوون. هەواڵم بیست، خراپیان بە سەر هاتوە، ئاگرێک لە ناخم دا کڵپەی سەند. مردنم پێ باشتر بوو لە سەرکزی لە ناو عەجەمان. وەک شێتێک شەوێک بە ڕێ کەوتم و چەند شەو ڕۆژێک بە پێ هاتم، تا گەییشتمەوە شار... درەنگانی شەو هاتمە شار... ترسێکی زۆرم هەبوو... یەک دوو کەسم بینی، سڵاویشم لێ نەکردن، نەبادا بمناسنەوە. کەچی منیان ناسیبوەوە. بۆ بەیانییەکەی لە بەردەم یەکێک لە مزگەوتەکان دانیشتم خۆم کرد بە درۆزەکەر. منداڵێک هات هەواڵی گۆڕی خاتوون و شازادەکەمم لێ پرسی، پێی گوتم. چیم دەست کەوتبوو لە درۆزەکردنەکە پێم دا و ڕۆیشتم بۆ سەر گۆڕەکەی، دیار بوو پێش من خەبەریان دابوو، لەوێ گیرام. چی خوا پێ ناخۆش بوو پێیان گوتم و پێیان کردم. بڕوام نەدەکرد برایەک هەبێت، وا بێڕەحمانە لەگەڵ براکەی خۆی بجووڵێتەوە. تکای زۆرم کرد، پێش ئازاردانم بۆ چەند ساتێک لێم بگەڕێن بۆنی گۆڕەکەی خاتوون بکەم. بە قەشمەرییەوە لێیان دەدام و سووکایەتییان بە گۆڕەکەی دەکرد" دوو فرمێسک زانە چاوی، لەم بەرەوە دڵم دەگووشرا، دەمەویست بگریم و خۆیشم بگرم، گریانەکە نەهێنمە دەرەوە. بۆ ڕانەکێشانی سەرنجی، خۆم مەشغوڵ کرد بە ئاگرەکەوە. ماوەیەک بێدەنگی

Scanned by CamScanner

دایپۆشـین، جگـە لـە قرچەقرچـی سـووتانی دارەکان، دەنگێک لە نێوانمان دا نەما. دەسـتم لە پرسیارکردن هەڵگرت، ڕێم بە خۆم نەدا لـەوە زیاتـر ئازاری بدەم. وا پێدەچوو، خۆی بیەوێت چیرۆکەکە باس بکات. دیسانەوە دەستی پێ کردەوە:

"زۆر ئازاریان دام... لە هۆش خۆم چووم... کاتێک بە خەبەر هاتم، لـە ناو زیندانێکی بچووکی بۆن ناخۆش دابووم. کوێرێکیان تێدا بوو، فەیازی ناو بوو، دەتگوت خوا بۆ لێدانی منی درووست کردوە. چێژی لەوە دەبینی پارچە گۆشت لە ڕانەکانم بکاتەوە. چێژی لەوە دەبینی، نالی ئەسپەکان سوور بکاتەوە و لە سەر پشتم دایان بنێت، تا سارد دەبنەوە. هاوار و ناڵە سوودی نەبوو. یەک هەفتەی تر لە بەر دەستان بوومایە، دەمردم و ئیسراحەتم دەکرد. نازانم بۆ بە قسەی سۆنەم کرد و خۆم شـێت کرد. دەبوایە لێ بگەڕێم بمکوژن. نەیشـیان دەکوشتم، ئازاریـان دەدام. دوای ئازاردانەکانیـان لێـم ورد دەبوونـەوە بزانن چ شوێنێکم شین نەبوەتەوە، شینی بکەنەوە. برینەکانی سەر گیانمایان هەڵدەکەند و پڕیان دەکرد لە ترشە سماق. گیانم خەریک بوو لە لووتم بێتە دەرەوە. کتوپڕ شـێتییەکەم سەری گرت. کە شێتییەکەم سەری گـرت و کەوتمـە ناو کـۆڵان و بازاڕەکان و بوومـە گاڵتەچیی منداڵان و خەڵـک. بیـرم لە مرۆڤ کردەوە، ئازاری مرۆڤ لە سـەر گیانی من نەبوایە، بیرم لێ نەدەکردەوە. مرۆڤ بیر لە مەسـەلەیەک دەکاتەوە، بـۆی گرینـگ بێت. منیش جگـە لە مرۆڤ، هیچی دیکـەم بۆ گرینگ نییـە... دەمەوێـت بزانم مرۆڤ بـۆ وا دەکات. دوای خۆم تەنها یەک کەس تێ بگەیەنم بەسە بۆ من. ئۆجاخم ڕوونە کوڕم تۆم هەیە."

گەلـێ کەیفم بـە خۆم هات. یانی، من گەیەنـەری پەیامەکەی میر هودارم. میرێکی گەورە لەم دونیایە بەس منی هەم. دە خۆشـبەخت خۆم، ئەم ئەرکەم لە سەر شانە.

– بیرم کەوتەوە، کوڕە خاسەکەت بۆ نەهێنا؟

Scanned by CamScanner

- نا، نایەوێت بێت. تەنها پێ خۆش بوو قسەکانی تۆ بخوێنێتەوە.
ترسینۆکە لەبەر دایک و باوکی ناوێرێت لە ماڵ بێتە دەر. لێی بگەڕێ خۆم قسـەکانتی پیشـان دەدەم. خۆم دەمزانی قسـەکانم درۆن، بە جۆرێک سـەیری دەکردم، بـە چاوەکانی پێم بڵێت، ڕاسـت ناکەیت. نزیکەی عیشـا تەواو بووم. باسـی ئازارەکانی بۆ کردم. درەنگ بوو، دەبا بڕۆم. هەڵسـام گەڕامەوە بەرەو شار. میری خۆم دۆزییەوە. دوو سبەی هەینی، دوا ڕۆژی منە. سبەی کە هەستام دەچم نانێکی باش و جلوبەرگێکی باشـی سـۆنەیش دێنم و بۆی دەبەم. ئاخر دیدارمانە. نامەوێت تا دێمەوە، هەر وا بە ئاسانی جێی بهێڵم. گەییشتمەوە ماڵ، باوکم وەک جاران نەخەوتبوو. لەگەڵ چوونە ژوورەوەم لە حەوشـەکە بانگی کردم.

- کوڕم وەرە!
- بەڵێ، باوکە.
- لە کوێ بوویت.

درۆی نەدەویست. بێ پێچ و بەنا گوتم:

-لای دێوانە.
- دەزانـم لای ئەو بوویت. دەمێکە ئـاگام لێتە هاتوچۆی دەکەین، ئەمما قسەم نەکردوە. تۆ دێوانە دەناسی؟
- بەڵێ، ئەمڕۆ ناسیم.
- زۆر باشە، کە وایە دانیشە، با پێت بڵێم.
-خەڵک تەنها لەبەر ئەوە ڕقیان لە فەیازە کوێر نییە، کە ناشیرین و سەرسـەری و بێ ئەسڵ و فەسڵە. لەبەر ئەوە ڕقیان لێیە، نایەوێت مرۆڤـەکان بمـرن، دەیەوێـت بێحورمەتیان بکات. کەسێک کە خۆی حورمەتـی نەمـا، حەز بـە بێحورمەتیی خەڵکیش دەکات. کەسێک خـۆی حورمەتی هەبێـت، تەنانەت بە حورمەتەوە دوژمنەکەیشـی لە ناو دەبات، بۆیە نامەوێت لەم شـارە بێت، نامەوێت بێحورمەت ببێت.

کەسانێک حوکمی ئەم شارە دەکەن، حورمەتیان نییە. لە بێحورمەتیی خۆیان دا، شارەکەیشیان بێحورمەت کردوە. جێگایەک حورمەتی تێدا نەما بۆ مرۆڤ، جێگای ژیان نییە. ژیان هێندە ناهێنێت سەری خۆتی بـۆ کـز بکەیت. پیاوی ورگ زلی زۆر دێن و دەچن، لە باتیی زلکردنی ورگیان، تۆزێک عەقڵ و حورمەتی خۆیان زل بکردایە، ژیان وا بۆگەن نەدەبوو، گەر دەتەوێت حورمەتی خۆت ڕا بگریت، بچۆ لە ناو خەڵکی بە حورمەت بژی کورم. ئەوەڵ و ئاخری قسەی من بۆ تۆ ئەمانەیە."

دەستم کردە ملی. ماچێکی ملە باریک و زبرەکەیم کرد. دوو جارە ئامۆژگاریم دەکات، قسـەکانی لە قسەکانی دێوانە باشترن. قوربانیی پینەچییەکـە بم، خۆ لە ژیرەکان ژیر تـرە. دڵنیام کردەوە، گەردێک لە سـەر دڵم نییە، ڕێی سـەفەرم پێ بگرێت. دەڕۆم و نایەمەوە، تا ئـەو کاتەی دەبمە چرایەک و بەردەمی خۆم ڕووناک دەکەمەوە. بەڵام پرسیم:

– باوکە، بۆچی پێت نەگوتم، دێوانە میر هودارە؟

"کـورم. کاتێک تۆ لە دایک بوویت، میرمان بوو. میرێکی باشـیش بوو، لەمەی ئێسـتا باشتر بوو. کاتێکیش چوە حوجرە، میرمان بوو. تۆم فێری ناو دیوەخانەکان نەکرد، بتبەم بتناسـێنم پێی و دەسـتی ماچ بکەیت. حەزم نەدەکرد دەستی ماچ بکەیت. گەر باش بیرت بێت، شەوی شەڕەکەیش هەڵهات، تۆ پێشووتر یەک جار بینیبووت، ئەویش بـە منداڵی. دەزانم شـەوی شـەڕەکەت لە بیرە و لەگـەڵ گێڕانەوەی شـتی تریش دێتەوە بیرت. کاتێک هەڵهات و گەڕایەوە، وەک شێتێک دەرکەوت، ڕاسـتی من شکم هەبوو ئەو بێت. نەدەچوە عەقڵمەوە میر هودار هاتبێتەوە و شـێت بووبێت. بە حەقی خۆشـی دەمزانی شـێت بێـت. تا پیاوماقووڵەکان پوختـەی چیرۆکەکەیان بۆ خەڵک گێڕایەوە و هەموو کەس زانی چۆن بە لێدان شـێتیان کردوە، کە شـێتیش بوو تۆ هاتوچۆت دەکرد جێی مەترسی نەبوو. تازە شێت شێتە، بۆیە پێم

Scanned by CamScanner

ئەوتی!"

باوکم ئەی دەزانی میر شـێت نییە و خۆی شـێت کردوە! بەە بەە، لە نهێنیی ناو دڵی جوولەکەکە، بە کەسـی نەگوتوە، کە شـێت نییە. وەڵلا ئافەرین بۆ تۆ پیاو.

Scanned by CamScanner

## ■ ڕۆژی حەوتەم

چاوم به شێنەیی له ماڵ دەرچووم... سەرێکم له ماڵی سۆنه دا... به دەلال کەوت... داوام کرد قاتێ جلم بەنێ بۆ دێوانه. جلەکانم دەپێچایەوه، دەلال هاته تەنیشم:

- منیش بێم؟

-بۆ کوێ، بەم ڕۆژه ڕووناکه. دانیشه.

- ده شەو بچۆ با پێکەوه بچین؟

دەبێت ئێستا بچم. چاوەڕێمه، کاتێکی تر پێکەوه دەچین. جلەکانم پێچایەوه و له بازاڕیش نان و کەبابێکی گەرمم بۆ کڕی. وەک جاران بەرەو کووخەکەی بە ڕێ کەوتم. دەتگوت یەکەم ڕۆژه، له سەر تاشەبەردەکه دانیشتبوو. لێی نزیک بوومەوه. تێشوەکەم دانا.

- چیت هێناوه؟

- ژەمێک خواردن و جلوبەرگ.

- بە پێکەنینەوه گوتی: میرەکان بەردەوام خەڵک بەخێویان دەکات. خۆیان هیچیان نییه، هەر چیشیان هەبێت هی خۆیان نییه هی خەڵکه. شێتەکانیش وەک میرەکانن، خەڵک بەخێویان دەکات. من هەر دووکیانم. دایه قاقای پێکەنین و هاته خوارەوه. جلەکانی دەرهێنا، پانتۆڵەکەی به دەستی بەرز کردەوه و کەواکەیشی دەرهێنا... زەریفن... عەیبیان نییه، بۆ میرێکی شێت!

-زۆر لای دانەنیشتم. پێم گوت:

- سەفەر دەکەم، دەچم بۆ شارێکی دوور بۆ خوێندن. لەوانەیه ماوەیەکی زۆر نەت بینمەوه. له خەیاڵم دا دەبیت. چییشم نووسیوەتەوه

Scanned by CamScanner

لای دایکم جێ دەهێڵم. گەردنم ئازا بکە.

نازانم پێی خۆش بوو یان نا، بەڵام بە ئاسانی قسەکان لە دەمییەوە دەهاتنە دەر.

-زۆرم پێ خۆشـــە بۆ خوێندن دەڕۆیت. گەر نەمردم، دەتبینمەوە، گەر مردیشـــم تۆ خۆش. گەردنت بۆ ئازا نەکەم؟ تۆ بە دەســت منەوە ماندوو بوویت. خۆزگە لەم شـــارە دوو کەســـی پاکـــی وەک تۆی تێدا بوایە. پیسیی خەڵک شارەکانی پیس کردوە. ئەمما بەردەوام دڵێکی پـــاک لەم دونیایە دا هەیە، تا دڵە پیســـەکان پـــاک بکاتەوە. تۆ دڵە پاکەکەی دونیایت، بە خۆشی بێت.

خۆم نەگرت، گریان لە قورگم ئاوسابوو. هەستام دەستم کردە ملی و ئەم لا و ئەو لایم ماچ کرد و بە بێ ســـەیرکردنی چاوەکانی، پشـــتم تێ کرد و بە دەم گریانەوە گەڕامەوە شـــار. هۆشـــم لای خۆم نەبوو، چارەیەک نەمابوو بۆم، دەبوایە بڕۆم. باشترین چارە بۆ کاتی سەفەر زوو جێهێشـــتنی ئازیزێکە، تا زیاتر لای بمێنیتەوە زیاتر دەبەستێریت بـەو شـــوێنەوە. گەڕامەوە ماڵ و ئێوارەکەی نانـــم پێ نەخورا. بانگی عیشای نەدابوو خەوتم.

# هەینی، ڕۆژە خۆشەکە

بەیانییەکەی خۆم گۆڕی. کەوا و سەڵتەیەک و کڵاوێکم نایە بان سەرم. لە هۆدەکەی خۆم هاتمە خوارەوە بۆ قاوەڵتی خواردن. دایکم و باوکم لە حەوشەکە دانیشتبوون. هاتمە هەیوانەکە باوکم گوتی:

- لێرە نان ناخۆین. لە دەرەوە نان دەخۆین. ڕۆژێکی پیرۆز و خۆشە. خۆمان چیمان خوارد نیوەڕۆکەی بۆ دایکیشت دەهێنینەوە.
- ئەها، قوربان، یانی داوەتی تۆین.
- بەڵێ، داوەتی منن. شەو لەگەڵ دایکت تەگبیری خۆمان کردوە. فەرموو بەڕێ بکەوە با ڕۆین.

چەند بەیانییەکی خۆش و سادە بوو. ڕۆژەکانی دوایی بۆ وا خۆشن. مرۆڤ بۆ بیەوێت شوێنێک جێ بهێڵێت، ڕۆژەکانی کۆتایی خۆش دەبن؟ لەبەر ئەوە نییە دڵت ببەسترێتەوە بەو شوێنەوە، ئەی لەبەر چییە؟ وا پێش ڕۆیشتن، سات لە دوای سات شتی خۆش دەبینی؟ خۆشییەکانی من لای چەند کەسێکن، لای هەموو کەس نین. پێکەنینم بە گاڵتە و پێکەنینی خەڵک نایەت. کەسێک زۆر لام ئازیز نەبێت، ناتوانێت دڵخۆشم بکات. ئەم ماڵە بچووکەی نیوەی تەمەنم تێدا بردوەتە سەر، زۆربەی خۆشییەکانی من لەم ماڵە دا بوون. چۆن دەتوانم جێی بهێڵم. لە ناو خۆم دا خەریکی شەڕی سەفەر و مانەوەم. جێیشی بهێڵم، لە ناوم دا دەمێنێتەوە، تا دێمەوە ناوی.

لە کۆڵان دوور کەوتینەوە، سەر شەقامەکان، تۆپەڵ تۆپەڵ سیلکەداری سوپا وەستابوون. چووینە خوارتر بە هەمان شێوە. دەمم

Scanned by CamScanner

بردە بناگوێی باوکم:

- دەڵێی شتێک ڕووی داوە؟

- خـوا نـەکات. خێرێکی گەورە دەکەم، بەس خودا نەمرۆم بە قەرز بداتێ، هیچ ڕوو نەدات، تا سبەی تۆ لەم شارە دەردەچیت، خوا نەکات هیچ ڕوو بدات.

تا زیاتر دەڕۆیشتین، زیاتر دەرکم بە ڕوودانی شتێک دەکرد. خەڵکەکە دوو دوو و سـێ سـێ، پێکەوە سـەریان بردبوە ناو یەک و قسـەیان دەکرد. بە ڕووخساریان دا دیار بوو، ڕووداوێک ڕووی داوە. گەیشتینە بـەردەم خانەقاکـە، قەرەباڵغ بوو. کۆمەڵێک فەقێ و مەلا لەو ناوە کۆ بووبوونەوە. چواردەوری خانەقا تا لووتکەی منارەکە بە پەڕۆی سەوز و سپی ڕازێنرابوەوە. لە ناو حەوشەکە، مەنجەڵی گەورە گەورە دانرابوون و کۆمەڵێـک فەقێ بە بەرد خەریکی درووسـتکردنی سـێکووچکەیەک بوون بۆیان. لە تەنیشت وانیشەوە، چەند ژنێک سەرقاڵی شووشتنەوەی سـاوەر بوون و گرووپێک سـوختەیش بامیەیان سـەروقنگ دەکرد. لە بن دارتوەکە، باوەشـێک نان هەڵدرابوە و سـەوزەیەکی زۆریش لە ناو حەوزەکە چەپک چەپک، بە سەر ئاوەکەوە پاڵ کەوتبوو.

مەلا شـەش پەنجـە و کۆمەڵێک فەقێ و مەلا بە ڕیز وەسـتابوون. ڕوومـان لەوان کرد و سـڵاومان لە حازریان کـرد. پاش بە خێر هاتن، باوکم گوتی:

- مامۆسـتا گیان، ڕۆژێکی زۆر موبارەک و خۆشـە، ئیشەڵڵا بە دڵی خۆش دەبێت.

- دەک سەلامەت بیت کاکە حەمە گیان... ئەشهەد و خۆشە... لەمە خۆشـتر چییە، لە ڕۆژێکی موبارەکی وا دا، پیسێکی کوێرمان لە کۆڵ بوەوە. ئێمە تێ نەگەیشتین باسی کێ دەکات. باوکم پرسی:

- مامۆستا گیان مەبەستت چییە؟

- بۆ کاکە حەمە نەت زانیوە، ئەو هەتیوە کوێرەیان کوشتوە؟

- کامە کوێر؟
- فەیازە کوێریان کوشتوە، جگە لەو کەس هەیە، کوێری بێ کەڵک بێت. ئەمشە و بە خەنجەر هەنجنهەنجیان کردوە؟
- نە بابە؟
- بەڵێ بە سەری شێخ.
- ئەی ناڵێن کێ کوشتوویەتی؟
- بەڵێ ڕوونە. ئەو هەتیوە بێ حەیا و حورمەتە، هەستاوە تێر خۆی مەست کردوە و چوە بۆ ناو قولەی سیلکەدارەکانی سوپا تورک. تۆبە خوایە، گوایە لووسکەومووسکەی لێیە، بچێت لەوێ بیانخاتە بان خۆی، یان خۆی بچێتە بانیان. ئێ تۆ خۆت دەزانی سوپا تورک، سوپایەکی موسـولمانن و ئەو شـتانەیان لێ ناوەشێتەوە. سوڵتانی گەورە قبووڵ ناکات لە ناو سـوپاکەی کوفـر بڵاو بێتەوە. پەلاماری سـیلکەدارێکی داوە. ئەوانیش نەیان کردوە بە نامەردی، لێی کۆبوونەتەوە بە خەنجەر پارەپارەیان کردوە.
- دەک دەستەکانیان خۆش بێت. بەڕاستی ئیشێکی باشیان کردوە، تۆیش پێت وا نییە مامۆستا؟
- کاکە حەمە، بە گیانی شـێخ، کوشـتنی ئەو زۆڵە زۆر دڵخۆشتری کـردووم لـەم ئاهەنگـە. تـۆ دەزانـی چـی بـەم شـارە دەکـرد و چ سووکایەتییەکی دەهێنا بە سەر خەڵکە داماوەکە دا. هێندە بێ ئابڕوو بوون، دەیانەویسـت لاشە پیسـەکەی بهێنە ناو ئەم خانەقا پیرۆزەوە بیشـۆن، ڕێگەم نەدا... نەم هێشـت... چۆن دەهێڵم لاشـەی وا بێتە شوێنێکی پیرۆزەوە، دە باشم نەکرد خەڵکینە؟

هەموان ئەشهەدوێکیان کرد و دەستخۆشییان لێ کرد. ڕاستییەکەیشی ئـەوە بوو، نەیـان هێنابوو لێرە بیشـۆن. دەمێک بوو ئـەم خانەقایە پەراوێز خرابوو لە لایەن بانخانەوە، بەڵام مەلا شەش پەنجە خۆی بەوە هەڵدەکێشا، نەی هێشتوە لاشەکەی لێرە بشۆن.

Scanned by CamScanner

- مامۆستایان، فەقێکان. هەر کەسێک لەم دونیایە دا بێحورمەتی بە خەڵک بکات، خوا بێ حورمەتی دەکات. سەیر بکەن بە چاوی خۆتان ببینن، چۆن سری فەیازە کوێری هەڵمالی. خوا زاڵمەکان لە ناو دەبات. دەستی کرد بە گوتاردان و قسە درێژەکانی. لە لایەک ئەوەندە خۆشحاڵ بووم کوێرە کوژراوە پێکەنین لە ڕووم دەچۆڕا، لە لایەک بەم خۆ هەڵکێشان و گوتارە هەزار بارانە نیگەران بووم. سەری زمان و بنی زمانی، بەستنەوەی شتەکان بوو بە خوداوە. خودای کردبوو بە بنێشتە خۆشی ناو دەمی و نەیشی دەناسی. گەر خودای بناسیبایە، بۆ کابرایەکی خراپەکار نەی دەکردە نموونەی قسەکانی. خەڵکینە سەیر بکەن، بردوویانە بۆ خانەقا تازەکە. با ببیەن، لاشە پیسەکەی بۆ ئەوێ باشە. با خەڵک بزانێت خانەقای پاک و پیس کامەیە. ئەمرۆ ئاهەنگەکەمان بوو بە سێ ئاهەنگ. خودا سڕی خانەقاکەی سەرەوەیشی هەڵمالی، هاکا منارەکەی بەدەما کەوت.

- باوکم بە هێمنییەوە، قسەکانی لێ وەرگرت. دەی مامۆستا سڵاواتی لێ بدە. خانەقا لە هەر جێک بێت قیبلەیە و شوێنی موسوڵمانانە. فەیچێکا با لەوێ بیشۆن و پاکی بکەنەوە، ڕووی هەبێت بە پاکییەوە بچێتە حزووری خودا.

-مەلا سوور هەڵگرا. زمانت بگرە کاکە حەمە. چۆن ڕووی دێت بچێتە حزووری خودا. کردەوەکانی ئەوەندە جوان نین، تا بە ڕوویەکی سوورەوە بچێتە حزووری خودا. خانەقایش هەر خانەقا نییە، هیچ شوێنێک بە بەرزکردنەوەی دوو منارە و گومەزییەک پیرۆز نابێت، بە مرۆڤە باشەکانی ناوی پیرۆز دەبێت.

قسەکانی باوکمی پێ ناخۆش بوو. بە نیاز بوو لەبەر شووشتنی فەیازە کوێر لە خانەقاکەی سەرەوە، پیرۆزییەکەی لێ بسەنێتەوە و لە بەر چاوی خەڵک ڕەشی بکات. لەگەڵ قسەیەک بە فەیاز، قسەیەکیشی بە خانەقاکەی سەرەوە دەگوت. باوکم هەستی کرد وەزعەکە بەرەو

گوتی:
تێکچوون دەچێت، بە نابەدڵییەوە گوتی:
- دەی مامۆستا گیان ناوی خودای لێ بێنە، دووعا دەکەم چی پیسە لە ناومان دا نەی هێڵێت. خەبەر و باسی میر چییە؟
وا بزانم چوەتەوە ناو قۆزاغەکەی خۆی. سیلکەدارەکان لێیان هاتوونەتە دەست، نابینی بە ناو شار دا بڵاو بوونەتەوە. سەردەستەکەیان چوەتە لای میر و پێی ڕاگەیاندوە، گەر تەرمی ئەو پیسوپۆخڵە بە جوانی بنێژن، شارەکەیش وێران دەکەین. میرییش لێیان پاڕاوەتەوە هیچ نەکەن و با وەک سەگێکی تۆپیو بیبەن بیکەن بە ژێر خۆڵەوە. جەماعەتەکەی فەیازە کوێریش، خۆیان خزاندوەتە ناو کۆشکەکەوە و ناوێرن بێنە دەرەوە. سوپا داوا دەکات، چی دەستە و تاقمی هەیە، لەم شارە بڕۆنە دەرەوە. ئەمانە زەواڵن بۆ زاڵم پەیدا بوون. خوای ئەم خەڵکە لە ناویان دەبات.
خەریک بوو لە داخی قسەکانی شەق ببەم. هەی دەست زل، بۆ ناڵێیت خودای خاتوون و شازادە. ئەو ڕۆژانەت بیر چوو لە پێشی پێشەوەی خەڵکەکە بوویت، بۆ بەردبارانکردن و نەفرەتلێکردنیان، گوایە فاحیشەن و شاریان پیس کردوە. دەموچاوم ڕەش هەڵگەڕابوو. کاتێکم زانی باوکم قۆڵی گرتم و بردمییە لاوە.
- هیچ مەڵێ، ئەمڕۆیە و تەواو. دەمی خۆت بگرە، سوێند بە خودا، مەلا دەسەڵاتی هەبێت، لە خراپەکان خراپترە. با ڕۆژەکەمان لێ تێک نەچێت و بە خێر بڕوات. خەوم دیوە شارەکە تێک دەچێت. خەوم دیوە دەسووتێت. نامەوێت ڕۆژە خۆشەکانم لە دەست بچن. ئەمڕۆ خۆشترین ڕۆژی منە. چی دەڵێن با بیڵێن. ئاشووبێک لە شارەکە هەڵی کردوە کەس کەسی قبووڵ نییە. باوەشیان بە دونیا کردوە، وا دەزانن نامرن. سەیر بکە کوێرە دوێنێ چی دەکرد و ئەمڕۆ چی پێ دەکەن. بێ غیرەتی وەک بانخان درووست نابێتەوە. لەبەر دەسەڵات و ورگە زلەکەی، خێزانەکەی خۆی بێ ئابڕوو کرد و خۆیشی بێ ئابڕوو

كرد. ئه‌م گوت كه‌ ئابڕوو نه‌ما، مرۆڤیش نامێنێت. پێم ئه‌گوتی، بڕۆ بۆ شوێنێك ئابڕووی تێدا بێت، با ئابڕوو بۆ خۆیشت بمێنێت. ئێره‌ كه‌ڵكی نه‌ماوه‌، با ئه‌مڕۆ خۆش بگووزه‌رێنن.

به‌ قسه‌م كرد، هیچم نه‌وت. گرێیك له‌ سه‌ر دڵم بوو بۆ مه‌لا، گرێكه‌م نه‌كرده‌وه‌ و له‌گه‌ڵ خۆم بردم.

پاش كه‌مێك چێشت لێ نرا و خوتبه‌ خوێنرایه‌وه‌. مه‌لا خوتبه‌كه‌ی ته‌واو كرد و ناوی ئیجازه‌پێده‌رانی خوێنده‌وه‌. یه‌كی قه‌باڵه‌یه‌كیان درایه‌ ده‌ست و مێزه‌رێكی سپی كرایه‌ سه‌ریان. خه‌ڵكی ناو خانه‌قاكه‌ به‌ جارێك سڵاواتیان دا. كاتی نانخواردن من و باوكم هه‌ستاین و بۆ ئاخر جار ده‌ستی فه‌قێیه‌كان و مه‌لام ماچ كرد. ماڵئاواییم له‌و شوێنه‌ كرد، پڕی كردم له‌ حیكایه‌ت. شوێنێك بوو، فێری زمانی كردم، ئازاری زۆری دام. شوێنێك نه‌ بیرم ده‌چێته‌وه‌ و نه‌ حه‌زیشم پێیه‌تی. مامۆستا ماندووبوو له‌گه‌ڵمان، وه‌لێ ته‌نها ئه‌و شته‌ كه‌مانه‌ی فێر كردین، خۆی فێریان بووبوو. هه‌ستم به‌ نیگه‌رانی نه‌كرد. جێهێشتنه‌كه‌ له‌ دڵم دا جێهێشتنێك بوو، شوێنی دانه‌نا.

له‌ ده‌رگای خانه‌قاكه‌ چووینه‌ ده‌ر. سواری ئه‌سپ و عه‌ره‌بانه‌كه‌ بووین و لێمان دا بۆ كه‌بابخانه‌كه‌. دانیشتین تێر نان و كه‌بابمان خوارد. چه‌ند دانه‌مان خواردبوو، ئه‌وه‌نده‌یشمان پێچایه‌وه‌ بۆ دایكم. له‌ ڕێگا دا. باوكم قوڕگی چه‌ور بووبوو، له‌ كۆڵانه‌ ته‌نگ و چۆڵه‌كان ده‌ستی كرد به‌ گۆرانیگوتن، تا لای ماڵ. نانه‌كه‌م دانا بۆ دایكم و چوومه‌ هۆده‌كه‌ی خۆم، تا خۆم كۆ بكه‌مه‌وه‌ بۆ سه‌فه‌ره‌كه‌م.

# دوا ڕۆژی من لە شارەکە

دەستنووسەکانم، خستە ناو سندووقچەیەکی بچووک لە سوچێکی هۆدەکە دام نان. تێشوەکەم پڕ کرد لە جل و دوو کتێبی بەلاغەتیشم لەگەڵیان دا پێچاوەیە، تا لە سەفەرەکەم دا لەگەڵم بن.

بیرتان نەچێت، باوکم و دایکم و خەڵکیش پێم دەڵێن: سلێمان. وەلێ خۆم حەز دەکەم بە قسەی باپیرم بکەم و ناوم ئایر بێت. بۆیە لە ئێستاوە بڕیارم داوە، لەم شارە دەربچم، ناوەکەی باپیرم بە کار بهێنم. نە دەبمە سلێمان پێغەمبەر و نە زمانی باڵندەکانیش دەزانم، کە وایە ئەو ناوە قورسە چییە کەوتوەتە سەر شانم. ناکرێت مرۆڤەکان ناوی قورسیان لێ بنرێت و داوا بکرێت لە ناوەکانیان بچن. ناوێک، ناسک و جوان، خۆشترە لە ناوێکی قورس و زل. ڕووخسارم زیاتر ئایری لێ دەهات، نەک ناوەکەی خۆم. دەمەوێت تاقانەترین کەس بم، ئارەزوەکەی باپیرم بەجێ بێنم، پێدەچێت باوکم زۆری پێ خۆش نەبێت، کارێکی وا بکەم، ئەمما کە باپیرم بیر هێنایەوە، قسە ناکات. لەم شارە با سلێمان بم، وەلێ لە شارەکانی تر، با خۆم بم. ژیان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر ڕەنگ و بۆنی دەگۆڕێت. سەفەرەکەم ڕوون نییە، نازانم دەچم و چیم بە سەر دێت. دەڵێن سەفەر چاو دەکاتەوە، دەچم چاوەکانم بکەمەوە. کاتی خۆی دەستم دایە نووسینەوەی شارەکە، ئەوەڵ جار نەم دەویست بەم شێوەیە بێت. خەیاڵم لای ئەم هەموو شتە نەبوو، تەنیا نیازم بوو چیرۆکەکانی نەنە ڕوونە و باپیرە بنووسمەوە. تەماشام کرد لەگەڵ چیرۆکەکانی ئەوان دا، چیرۆکی تریش هەیە.

Scanned by CamScanner

دەستم دایە نووسینەوەیان و بارێکی قورسم خستە سەر شانم. شەوان تا درەنگێک مێشکی خۆم دەگووشی، دوو دڵۆپ وشە بکەونە خوارەوە و بیانووسمەوە. دێوانە نەبوایە، نە من هۆشم بەرەو لای مرۆڤ دەچوو، نە ئەم چیرۆکانەیشم دەنووسییەوە. شار دەیان ڕەنگی تێدایە... لە خراپەوە بۆ باش... لە جوانەوە بۆ ناشیرین... لە ڕێزەوە بۆ بێ ڕێز... لە شکۆوە بۆ بێ شکۆ... چیت بوێت لە ناو مەنجەڵی شارەکان دا دەیدۆزیتەوە. مەرگی ئازیزان و ناسینی ئازیزێک، هەم دڵت هەڵدەکەنن، هەم دەتبەستنەوە. بەردەوام ئازیزێک لە دەست دەدەیت و ئازیزێکی تر دەناسیت. شار ناوەستێت، وەک ئاوی ڕووبارەکان دەڕوات. لەگەڵی بچیت دەتبات بۆ شوێنێک قەت ناتوانی بێیتەوە، لەگەڵی نەڕۆیت، جێ دەمێنیت، چاکترین ڕێگا، خوێندنەوەیەتی. لە تاقی پەنجەرەکەوە، بۆ دوا جار وەستام. تێر بەکامی دڵ سەیری کونج و کەللەبەرەکانی شارم کرد. تا گوێم لێ دیار بوو، تا هەوێندەر چاوانم پڕ کرد لە تەماشا. بە خەیاڵم دا هات، پێش ڕۆیشتنم نامەیەک جێ بهێڵم بۆ دەلال. لەم شارە دا تەنیا منی هەیە. منیش بێ قسەیەک جێی بهێڵم، ئەوپەڕی بێ ڕەحمییە.

دەستم کرد بە نووسینی نامەکە.

بیسم الله الرحمان الرحیم

سڵاوی یارانی ئازیزت لێ بێت.میرزادەی بەڕێز

دوا ڕۆژی من لەم شارە دا، ئەمڕۆیە. سبەی لە خەو هەستام، یەکەم شتێک دوای خۆم جێی بهێڵم شارەکەیە. دەچم بۆ خوێندن. لە پاڵ خوێندنەکەم دا، چاو دەگێڕم بۆ بینینی شارەکان و گوندەکان و مرۆڤەکان. دێوانەکەی من، نیوەی مرۆڤی پێ ناساندم، نیوەکەی تر گرینگە خۆم بیناسم. تۆ دۆستێکی ئازیزی منی، کەسێکی غەمگین و ئازاردارێت، هیواخوازم لەو قەفەزە بێیتە دەر و لەم شارە دوور بکەویتەوە. خۆت مەبەستە بە یادەوەرییەکانتەوە، با جێ نەمێنی. یادەوەرییە

جوانەکان و یادەوەرییە بە ئازارەکان، چ نین، جگە لە یادەوەری. ئەوی ڕۆیی، دەڕوات. حەدم نییە ئامۆژگاریت بکەم، بەڵام براکەم لەو قەفەزە دا ژیــان تەواو نابێت. بۆ بە دەســتی خۆت قەفەز هەڵدەبژێریت... بۆ نــادەی لە شــەقەی باڵ. چاوەڕێی کەس مەکــە، چاوەڕێی خۆت بکە. جارێکیان دێوانە پێی گوتم:

- خۆت بە، بە باڵەکانی خۆت بفڕە.

دە کە وایە بە قسەی بکەی. ڕاستە جوولەکان بە ئارەزووەوە خۆشن، بەڵام لە تۆ دەپرسم، ژیان لە ناو کێوەکان و دەشتەکان خۆشتر نییە، لە قەفەز؟ نازانم دڵت لە چی چوە؟ خەون مەبینە بە کەسەوە، خەون بــە خۆتەوە ببینە. کەســێک نەتوانێت بفڕێت، ناتوانێت بە باشــی لە باڵندەکان تێ بگات. لە سەر گومەزی خانەقاکە، پۆلێک کۆتری لێ بوو. بــەردەوام یەکێکیان پێش ئەوانی تر دەفڕی. لەگەڵ فڕینی یەکێکیان، باقیی تریش بە شــوێنی دا. لە فڕینی کۆترەکانەوە فێر بووم، دەبێت هەمیشە یەکێک لە پێشەوە بفڕێت، تا ئەوانی تر بە شوێنی دا بفڕن.

دەشــێت قسەکانم نەوعێک بن. خۆیشم ســەرم لە خۆم سووڕماوە. کاتێک دەنووسم، هەندێک قسە دێنە نێوان پەنجەکانمەوە پێشووتر نە کردوومن و نە بیستومن.

دەی نامەوێت عەزیەتت بدەم. ســەفەر ســەلامەت. خودا ئاگای لێت بێت.

باقی وەسلام.

برا بچووکی خۆت، ئایر.

نامەکەم پێچایەوە و لە سەر سەرینەکەم دام نا، نەبادا سبەی بیرم بچێت.

شەو تا درەنگانێک لەگەڵ دایکم و باوکم، باسی سەفەر و خوێندنمان کرد. ئامۆژگاریی زۆریان کردم لە ســەفەرەکەم چۆن بم. کەسیشــیان ســەفەری نەکردبــوو، ئامۆژگارییەکانیان لە ســەر تینووبــوون و کەم

قسەکردن و گوێگرتن و ڕێزگرتنی خەڵک بوو، یەکیان ئەم دیوی گرتبوو و ئەوی تریان ئەو دیووم. جارجار دڵم خۆش دەبوو، جارجاریش دڵتەنگ. شەوەکە نەدەڕۆیشت و دڵتەنگییەکەم لەگەڵ دایە، بەردەوام خورپەیەکی ناکام، سەر هەڵ دەدات. بە دەستییەوە گیرۆدە بووم، لە کۆڵم نابێتەوە. کات بوە هێندە سنگمی گووشیوە، هەستم کردوە لە سنگمەوە دێتە دەر. شەو چەند جارێ وام لێ هات. هەوڵم دەدا بە ڕووخسارمەوە دیار نەبێت و هەستم پێ بکەن. تومەز من زۆر باشم، ئاگر لە دڵی ئەوان دێت. درەنگانێ ڕۆیشتمە هۆدەکەم، لە کاتی چوونە سەرەوە، گوێم لە گریانیان بوو. دەنگی گریانەکەی دایکم زۆری بۆ هێنام و لە هۆدەکەم خۆم تێر گریام. سەفەرەکەم بۆ شوێنێکی خراپیش نەبوو، کەچی بەرگەی دوورییەکەم نەدەگرت. خۆزگە برایەک خوشکێکم هەبایە، تاقانەیی دەردە. تاقانەکان هی خودان. خودا خۆی تاقانەیە و تاقانەکانیش بۆ خۆی درووست دەکات، کە بردنییەوە کۆتایی بە جۆگەکەی ژیانیان دێت و لە بنەوە وشک دەبن. بەشی من تاقانەییە لەم ژیانە. بە دەم ئەم قسانەوە خەوم لێ کەوتبوو، سبەی بە دەنگی دایکم خەبەر هاتم.

چاوم کردەوە لە سەرم وەستابوو... ڕوویەکی گەشی سپی... سەرپۆشێکی سپی بە سەرییەوە و کراسێکی پیرۆزەییی گوڵی وردی لە بەر بوو... هێندە جوان بوو، بەیانییەکەی پڕ کرد لە دڵخۆشی. خێرا هەستام و کەلوپەلەکانم بردنە خوارەوە. نامەکەم دایە دەست باوکم، عەزیەت بکێشێت، بیداتە دەست سۆنەی جوولەکە. گەیشتە دەستی سۆنە، خۆی دەیگەیەنێتە شوێنی مەقسەد. نان و چایەکم خوارد. دەستم کردە ملی دایکم. بە دەم گریانەوە، ماچی ماڵئاواییم کرد. سوار عەرەبانەکەی باوکم بووم، تا دەروازەی بەشی ڕۆژهەڵات بردمی. لەودیو دەروازەکە دای بەزانم و باوەشی پێدا کردم، لە کاتی باوەشپێداکردن دا، توورەکەیەک زەڕی پێ دام. گوتی:

-چەنـد ڕۆژ لای من کارت کردەوە، شـتێکم بـۆ هەڵگرتوویت. ئەمە بەشی خۆتە، لەگەڵ خۆت ببیە و بزانە چۆن خەرجی دەکەیت. کاتێک زەڕەکـەم لێ وەرگـرت، بیرم لە قسـەکانی زووی کـردەوە. گەورەیی گـەر بـە دارایی بێت، من تـا دەمرم بە بچووکـی دەمێنمەوە، چونکە دەمەوێت بە شوێن پڕکردنی مێشکم دا بگەڕێم، نەک پڕکردنی گیرفانم. گەورەیی بە دەسەڵات بێت، بێ دەسەڵاتترین کەس دەبم، مەیلم بە لای بێ دەسـەڵاتی دا دەڕوا، کە وایە باوکم لە خەیاڵەکەی خۆی دەسـتی هەڵنەگرتوە، گەورەیی خوێندەوارییە. بۆ خۆیشم نەبێت بۆ خەونەکەی وی بێت، شەرتە گەورەیەکەی بۆ بهێنم، وەک هەتاو لێم ڕوونە گەورەی لە خوێندندا نییە.

دوا ماڵئاواییـم لەویـش کـرد. تا دوورتـر دەکەوتمەوە، شـارەکە بچووکتر دەبوەوە. ئەو شـارەی پڕ بوو لە چیرۆکی سەیروسـەمەرە بە جێم هێشـت. هەر یەک لە ئێمە ڕۆژێک شـارەکەی خۆی جێ دێڵێت. جێهێشتنی شارەکان بە ئارەزوو خۆشترە لە جێهێشتنێک بە ناچاری. خوێنـدن لە سـەفەرەکەی مـن بیانووێک بوو. ترس لە شـارەکە منی وەدەرنـا نـەک خوێندن. لە سـەر تەپۆڵکەیەک وەسـتام، جارێکی تر سەیریم کردەوە، لە سەر ئەو تەپۆڵکەیە بکەوتمایە بەو دیوا ئیتر نەم دەبینیوە و لە پێش چاوم ون دەبوو، بۆیە دەستێکم بۆ ڕاوەشاند و بە دەنگێکی بەرز گوتم:

-ماڵئاوا ئەی ئەو شارەی، بۆ کەس نابیتە کەس.

(( چاککردنی دونیا، ئاسنترە لە چاککردنی مرۆڤێک. ئەگەر تۆ نەگەڕێیتەوە بۆ ناو خۆت، ناتوانیت ئەوانی کە ببینیت. نابێت مرۆڤ وەک پەیکەر سەیر بکەیت. دەبێت مرۆڤ وەک ئاوێنەیەک سەیربکەیت خۆتی تێدا ببینیت. بزانە لە کوێی ئاوێنەکە خەوشێک هەیە، خەوشەکە چاک بکەوە، کە خەوشەکەت چاککردەوە، واتای ئەوەیە خەوشێکت لە خۆتدا چاککردوەتەوە. جێهێشتنی شارەکان و مرۆڤەکان، جێهشتنی ئاوێنەیەک و گەڕانەوەیە بۆ ناو ئاوێنەکە. کەسێک نەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی، ناشتوانێت دەرەوە ببینێت))

Roman

# Dêwaneiek lem şareie

Nebez Goran

Scanned by CamScanner